


# پیلان

گێڕانەوەی بەشێك لە مێژووی بەعس و چیرۆکە نهێنی یەکانی ژیانی سەدام

سالانی 1968 تا 1980

ئامادەکردنی

عەبدولقادر سالح

عەبدولقادر ساڵح

# پـیلان

## گێڕانەوەی بەشێك لە مێژوی بەعس وچیرۆكە نهێنی یەكانی ژیانی سەدام

### ساڵانـی ١٩٦٨ — ١٩٨٠

بسم الله الرحمن الرحيم


- **ناوی کتێب: پیلان** (گێڕانەوەی بەشێك لەمێژوی بەعس و چیرۆکە نهێنی یەکانی ژیانی سەدام).
- **ئامادەکردنی: عەبدولقادر ساڵح**
- **ژمارەی سپاردن: ١١٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتی یەکانی پێ دراوە.**
- **چاپخانە:**
- **تیراژ: ٥٠٠ دانە**
- **نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٩**

**ئەم بەرهەمە پێشکەشە.....**

**بە گیانی ئاسودەی سەرجەم قوربانیانی دەستی سەدام و رژێمی بەعس..**

## وتەیەکی پێویست

ڕەنگ بێت نوسینەوەی مێژوی دەسەڵاتی دوەمی بەعس لە ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە هەروا کارێکی ئاسان نەبێت , چونکە ئەو مێژوە تازە بە تازە لە یادەوەری هەندێك لەوانەی کە لە ناو روداوەکاندا ژیاون دەرِسکێ , کە ئەمەش ناکاتە ئەوەی وەك پێویست توانیبێتمان مێژویەکمان دەست کەوتبێت, لە هەمان کاتدا بە هۆی ئەو رەوشی سەرکوت کردن و ترس و تۆقاندنەی کە بەرێوە دەچوە لەو ماوە زەمەنی یەدا پێ ناچێت کەسێکی نزیکی دەسەلات توانبیتی راشکاونە و بێ ترس هەستابێت بە یاداشت کردنی ئەو روداوانەی کە لە دەوروبەری گوزەراون, چونکە دەسەلاتی سەدام گەر بیتو بچوکترین گومانی لەکەسێك هەبوایە ئەوا بە زوترین کات یان لە عیراق دوری دەخستەوە یان دەستگیری دەکرد و دەیخستە زیندانەوە یان دەیکوشت , هەربۆیە وەك پێویست وردەکاری روداوەکان لە نێوخۆی عیراقدا تۆمار نەکراون و ئەوەشی تۆمار کراوە تەنها ئەوانەن کە ماوەیەك لەگەل رژیمی سەدامدا بون و دواتر هەڵاتون و لە رێگەی دیداری تەلەفزیۆنی یان رۆژنامەیی یان نوسینەوەی یاداشتەکانیان ئەو مێژوەیان باس کردوە , دیارە ئەوەش بە زۆری دوای لە ناوچونی دەسەلاتی سەدام حوسێن بوە چونکە تا ئەوکاتەش ترسی ئەوە ئارادابوەلە هەندەران لە ناوبرێن لەسەر ئەو شتانەی لەسەر دەسەلاتی سەدام حوسێن باسیان دەکرد, لەبەر ئەوە دەکرێت لەم سەرەتاوە مێژوی عیراق بە تایبەت لەسەردەمی دەسەلاتی دوەمی بەعس وەك پێویست نەرِسکێ و کرچ و کاڵی پێوە دیار بێت..

ئەم هەولەی لەبەردەستدایە یەکێکە لەو هەوڵانەی کە دەیەویت چەند سەرەداوێك لەو مێژوە لە سەر زاری بەرپرسان و هاورِێیانی سەدامەوە بخاتە روو, دیاری وردەکاری ورداوەکانیش کە لیرەدا خروانەتە روو بەدەرە لە هەر جۆرە تەفسیرو خوێندنەوەیەك دەربارەی ئەو میژوە , خوێندنەوە بە جێ هێلراوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت باس و خواسی لەسەر بکەن ئیتر بە تویژینەوە بێت یاخود لێکۆڵینەوەی مێژویی , هەروەك

ئەوەش دەزانم کە یاداشت نوسینەوەی تەنها سەرچاوەی نوسینەوەی مێژوو نیە, بەڵکو دەکرێت یەکێك لە سەرچاوەکانی یاداشت بێت , واتە یاداشتی ئەوانەی لە نیو روداوەکاندا ژیاون, بەلام بە هەر حال لێرەدا من ویستومە چەند لاپەڕەیەك لەو میژوە بخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئازیزی کورد زمان بە تایبەت ئەوگەنج و لاوانەی ترس و تۆقاندنەکانی سەردەمی سەدام حوسێنیان نەبینیوە و ئاگاداری وردەکاری ئەو روداوانە نین کە لەسەردەمی سەدامدا بەسەر عێراقدا هاتوە.

لەم گیراوانەدا تەنها من قسە وباسەکانم وەك خۆی هێناوە خۆم دور گرتوە لە لایەنگری و ئاراستەیەکی دیاری کراو لە روداوەکاندا, هەروەك لە گێڕانەوەکاندا ئەوانە بەرپرسن لە راستی دروستی یان کە گێراویانەتەوە نەك بەندە, چونکە تەنها رێکخستن و پوخت کردنی روداوەکان و ئامادەکردن و کۆکردنەوەو وەرگێڕانم لە ئەستۆبوە نەك رۆچونە بە ناو راستی و دروستی روداوەکان, هەرچەند ئەو زانیارییەی گومانی لەسەر بوبێت بڵاوم نەکردۆتەوە و نەم هێناوەتە نێو کتێبەکەوە . لەگەڵ هیوای سەکەوتن بۆ هەممو لایەك ..

**عەبدولقادر سالح**

**سلێمانی /هاوینی ٢٠٠٨**

## بەشی یەکەم

# لە یاداشتەکانی جەواد هاشمەوە

## لە یاداشتەکانی (جەواد هاشم)[١]ەوە
## ڕێکەوتنامەی جەزائیر ١٩٧٥

ساڵی ١٩٧٤ بارگرژی و پێکدادانی کەم کەم لە سەر سنورەکانی نێوان عێراق و ئێران رویان دەدا, ئەو بارەش هێندە گەورە بوو کە وای کرد نەتەوە یەکگرتوەکان نێردەیەکی خۆی دیاری بکات بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانە و و کار بکات بۆ هێورکرنەوەی بارەکە , ئەو نێردەیەش توانی تا رادەیەك بارەکە هێمن بکاتەوە , هەرچەند کە نەیتوانی چارەسەری تەواوی قەیرانەکە بکات, بەڵام بوو بە مایەی دەست پێکردنی دانوستانی نهێنی لە نێوان هەر دوو لایەنی عێراقی و ئێرانی دا و ئەو دانوستانانەش بە شێوەیەکی فیعلی و نهێنی لە ئەستەنبوڵ سەرەتا بەرێوە چوو..

بەڵام جارێکی تر لە مانگی ئابی ١٩٧٤ ئەو بارگرژی و پێکدادانە لە سەر سنورەکان سەری هەڵدایەوە و بووبە مایەی گرفت و شکانەوەیەکی تر لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و بەغدادا, و رەوشەکەش بەو جۆرە درێژەی هەبوو تا مانگی کانونی یەکەمی

---

[١] دکتۆر جەواد هاشم لە ساڵی ١٩٣٨ لە کەربەلا لە دایك بوە, پاشان دەچێتە بەغداد و ساڵێ ١٩٥٥ قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات, لە هەمان ساڵدا رودەکاتە بەریتانیا و لەوێ لە رێگەی چەند کادێریکی پارتی بەعسەوە دەچێتە ریزەکانی ئەو پارتەوە, لەگەڵ ئەوەی کە لە کۆلیژی ڤیکتۆریا بۆ فێربونی زمانیش لەلەندەن خوێندویەتی , ساڵی ١٩٥٦ دەگەرێتەوە عیراق و لە کۆلیژی بازرگانی و ئابوری وەردەگیرێت و بەپلەی یەکەم تەواوی دەکات و لە سالی ١٩٦١ لە کۆلیژی لە ندەن بۆ ئابوری و زانستە سیاسیەکان وەردەگیرێت و پاش دوو سال بروانامەی ماستەر بەدەست دێنی و لە ساڵی ١٩٦٦ یشدا بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست دێنێ ..لەکابینەی دووەمی حکومەتی بەعس لە ٣٠ ی تەموزی ١٩٦٨ دەکرێتە وەزیری پلان دانان و پاش نزیکەی ٣ ساڵ لەو پۆستە وەلا دەخرێت و لە دوایدا و لە ١٤ ی ئایاری ١٩٧٢ و جارێکی تر دەکرێتەوە وەزیری پلان دانان , لە دوایدا و بە هۆی سیاسەتەکانی ئەو کاتەی سەدامەوە و پاش ئەوەی جارێك دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە عێراق بە جێ دەهڵێیت و لە هەندەران دەژی, و لە دوو توێ ی کتێبێکی دا بەناوی (مذكرات وزير عراقي مع البكر وصدام) یاداشتەکانی بلاّو دەکاتەوە, ئێمەش لە میانەی ئەو یاداشتانەدا و ئەو لاپەرە نهێنی یانەی کە ناوبراو باسی لێوە کردوە و بە چەند بەشێك لەو روداوانە دەخەینە بەردەستی خوێنەران بەتایبەت روداوەکانی سالاّنی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان.

هەمان ساڵ, کە هەردوو ولآت ڕێکەوتنەوە لە سەر دەست پێکردنەوەی دانوستانە نهێنی یەکانیان لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٥دا.

دانوستانەکان بەشێوەیەکی نهێنی دەستی پێکردەوە بەلآم نەیتوانی بارگرژییەکانی سەر سنوری نێوان هەردوو ولآت کەم بکاتەوە.هەروەك هەلۆێستی ئەو کاتەی ئێرانی نەگۆڕی لەسەر پشتگیری کردنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەکاتێکدا هەریەك لە سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراقی پێشتر لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێکەوتبون لەسەر پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد.

سەدام لە نێوان ئەو رەوشە پڕ لە بارگرژی و ئالۆزییەدا جگە لە دانوستانی ڕاستەوخۆ و شەخسی لەگەڵ شای ئێران هیچ ڕیگەیەکی تری پێ باش نەبوو . هەر ئەوەش لە مارسی ١٩٧٥ لە جەزائیر بە فیعلی ڕویدا کە بەناوبژیوانی (هەواری بومیدیەن) سەرۆکی ئەو کاتەی جەزائیر بەرێوە چوو..

سەدام حوسێن لە مارسی ١٩٧٥ بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆبونەوەی لوتکەی ولآتانی ئۆپێك بەسەرۆکایەتی وەفدێکی گەورە کە پێك هاتبون لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و ڕاوێژکاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە نێویشیاندا سەعدون حەمادی و عیزەت ئیبراهیم دوری و عەدنان حسین حەمدانی و سەعدون غێدان و تایە عەبدولکەریم و فەخری قەدوری و جەواد هاشم, سەردانی ولآتی جەزائیریان کرد.

دانوستانەکانی نێوان سەدام و شای ئێران لە ڤێلایەکی تایبەت دا بەرێوە چوو کەلە نێو کۆمەڵگەیەکی تەرخان کراودا بوو بۆ سەرۆکی ولاتانی بەشداربوی کۆبونەوەکە.دانوستانەکە لە نێوان هەریەك لە سەدام حوسێن و شای ئێران و هەواری بومدینی سەرۆکی جەزائیر بەشێوەیەکی شەخسی و بە تەنها بەرێوچوو و هیچ یەك لە وەفدی عێراقی بەشداری ئەو کۆبونەوەیەی نەکرد, پێش دانوستانەکان سەدام پێ ی وتین ئامادە بن هەرکات پێویستی کرد ئەوا بانگهێشتان دەکەم, ئێمەش لە باخچەی

کۆمەڵگەکەدا تا کاتژمێر چواری بەرەبەیانی چاوەڕیمان کرد بێ ئەوەی سەدام هیچ یەك لە ئێمە بانگ بکات بۆ بەشداری کردنی دانوستانەکان و هیچ راوێژێکی پێ نەکردین..

رۆژی دواتر لە هۆڵی کۆبونەوەکان سەرۆکی جەزائیری رایگەیاند کە هەریەك لە وەفدی عێراقی و ئێرانی گەیشتونەتە رێکەوتن و بەپێ ی ئەو رێکەوتنامە کشتگیرە سەرجەمی ناکۆکی یەکانی نێوان هەردوو لا کۆتایی پێ هاتوە, هەروەها سەرۆکی جەزائیری لە دریژەی راگەیاندنەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە بەپێ ی رێکەوتنامەکە حکومەتی ئێرانی هەموو هاوکارییەکانی بۆ بزوتنەوەی کوردی لە باکوری عیراق رادەگرێت , پاش کۆبونەوەکەش لە میانەی بەیانێکی رەسمی دا رێکەوتنامەکەی نیوان هەردوو لا لەسەر زاری (عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە) ی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی جەزائیرەوە خوێنرایەوە[1], هەندێك سەرچاوەی ئاگادار لەو کاتەدا ئەوەشیان ئاشکراکرد کە بەدەر لە رێکەوتنامەکە هەریەك لە سەدام و شای ئێران بەشێوەیەکی نهێنی لەسەر ئەوە رێك کەوتبون تا ئایەتوڵا خومەینی لەسەر خاکی عێراق دوور بخرێتەوە, بەشێوەیەکی فیعلیش ئەو هەنگاوە پاش ماوەیەك لەلایەن سەدامەوە هەڵگیراو ئایەتوڵا خومەینی لە خاکی عیراق دورخرایەوە.

ئەم گێرانەوەی جەواد هاشم بۆ چۆنیەتی ئەنجام دانی رێکەوتنامەی جەزائیر پاش ئەوە دێت کە سەدام حوسێن بەتەواوی توانیبوی کۆنترۆلی تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتی

---

[1] دەتوانین دەقی رێکەوتنامەکە لەم خالانەدا کورتی بکەینەوە :

١- سنورەکانی هەردو لا لەسەر بنەمای پرۆتۆکۆلی قوستەنتینیە ی ساڵی ١٩١٣ و وێنەی دانیشتنەکانی کۆمیسیۆنی دیاری کردنی سنور لە ساڵی ١٩١٤ دیار دەکرێت.
٢- سنوری ئاوی نێوان هەردولا لەسەر بنەمای هێڵی تالوگ دیاری دەکرێت.
٣- بەم کارانە هەردوو لا ئاسایش و متمانە بەیەك کردن لەدرێژایی سنورە هاوبەشەکانی نێوانیان بەرقەرار دەکەن,هەردوو لا بە هەمان شێوە پەیمان دەدەن کە لەسنورەکانیانەوە کۆنترۆلی تەواو بکەن و رێگە بگرن لە هەرجۆرە کارێکی خراپەکارانە دژ بە یەکتر.

هەردوولا رێکەوتن لەسەر ئەوەی ئەو بڕیارانەی سەرەوە نابێت بەش بەش بکرێت و بەشێوەی گشتی کاری پێ دەکرێت و پێشێل کردنی هەر بریارێکیان واتای پێشێل کاری رێکەوتنامەکەیە.

وڵات بکات و هیچ کەسێك نەبێت بتوانێت لـە روی دا بوەسـتێتەوە و قـسە لـە قـسەی دا بکات, ئەو قۆناغەی کە سەدام ئـەو رێکەوتنامـەی تێـدا ئیمـزا کـردو لەلایـەك دەیویـست لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چارەسەری قـەیرانی پەیوەندییـەکانی عـیراق لەگـەڵ ئێـران بکات و لەلایەکی تر لەسەر ئاستی ناوخۆی توانی بـە یـەکجار بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی گەلی کورد بتوێنێتەوە و هیچ ئەرزش و بەهایەك دانەنێت بۆ ئەو رێکەوتنامەی کە پێشتر و لە ساتە لاوازەکانی دەسەڵاتی بەعسدا لەگەل کوردا ئیمزا کرابوو..

لەهەمان کاتدا ئەنجام دانی دانوستان بەشێوەیەکی تەنها و بێ پرس و راویـژ کـردن بـە وەفدێکی گەورەیی عیراقی کە هاورێیەتی سـەدامیان کردبـووو خـۆی بـۆ خـۆی جێگـەی پرسیارە لەگەڵ ئەوەی لەو کاتەدا لە روی دەستور ییەوە سەدام کەسی یەکەمی عیراق نەبوە..

## چۆن بڕیاری موقاتەعە کردنی کەرەستە و شمەکی ئەمەریکیمان چارەسەکرد

پارتی بەعس پێش ئەوەی ببێتە سەردەسەلاَت کۆمەلێك دروشمی گەورەی بەرز کردبویەوە کە زیاتر مەبەست پێ ی سەرمەست کردنی ئەو گەنج و لاوانەبوو کە بە حەماسەتەوە هاتبونە نێو ریزەکانی ئەو پارتەوە , یەکێکیش لەو دروشمانەی کە بەعس بەرزی کردبویەوە بریتی بوو لە موقاتەعە کردنی کەرەستە و شمەکی ئەمەریکی و مامەڵە نەکردن پێوەی و نەکڕینی, ئەمەش لە روکارە ئاشکرا کەیدا دژایەتی کردنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بوو, بەلاَم لە راستی دا کاتێك دێتە سەر ئەمری واقیع دەردەکەوێت ئەو دروشمانەیان جگە لە گەمەیەك هیچی دیکە نیە.. دەربارەی ئەم مەسەلەیە جەواد هاشم لە یاداشتەکانی دا دەنوسێت:

لە کۆتاییەکانی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ رۆژێك ئەحمەد حەسەن بەکر کە سەرۆك کۆمار بوو, بانگی کردم بۆ نوسینگەکەی لە کۆشکی کۆماری بەلاَم دەبوو کۆبونەوەکەمان دوای کاتژمێر (٩) ی شەو بێت, منیش لەو کاتەدا سەردانی کۆشکی کۆماریم کرد و لەگەڵ بەکر پێکەوە کۆبوینەوە ,بێ ئەوەی هیچ کەسێکمان لەگەڵ بێت, لەگەڵ سەرۆك کۆمار هەندێك باس و خواسمان دەربارەی ئەو سەردانەی وەفدی عیراقی کرد بۆ هەریەك لە بەریتانیا و فەرەنسا کە دووهەفتە پێشتر ئەنجام درابوو, خۆشم ئەندامی وەفدەکە بووم, لەو بارەیەشەوە هەندێك پێشنیارم خستە روو بە تایبەت دەربارەی پەیوەندی نێوان فەرەنسا و عیراق و لەلایەن خۆشیەوە ئەحمەد حەسەن بەکر گرنگی بەرچاوی بە پێشنیارەکان دا, بە تایبەت کە تاوتوێ چۆنیەتی چارەسەری گرفتە داراییەکانی لە خۆ گرتبوو لەگەڵ کۆمپانیا فەرەنسی یەکاندا ,دواتر و پاش ماوەیەك لە بێ دەنگی بەکر چەند جارێك لاپەڕەکانی ئەو راپۆرتەی ئەم دیو ئەو دیو

کرد کە خستبومە بەردەستی و پاشان چاویلەکەکەی لابرد و لای کردەوە بەلای منـدا وتی:

من و سەدام حوسێن دەمانەوێت تاوتویٚ ی مەسەلەیەکی تر بکەیت ئەویش چۆنیەتی کۆتـایی هێنانـە بـەو موقاتەعـە بازرگـانی یـەی دژی ئەمـەریکا بڕیارمـان داوە, بـەلاّم بەجۆرێك بێت کە گرفت و هەلاّی لیٚ نەکەوێتەوە لەریزی ئەندامانی حیزبدا و کاردانەوەی خراپی نەبێت, چونکە تۆ دەزانیت کە گەنجە بەعسیەکان چـەند حەماسـەتیان هەیـە و هیچ کاروبارێکی سیاسی نێو دەولّەتی تێناگەن, لەبەر ئەوە دەمەوێت هەرچـیت کـردوە و بە شێوەیەکی هێمن ئەو مەسـەلە چارەسـەر بکـەیت, ئـیتر نـازانم تـۆ پێـشنیارت بـۆ مەسەلەیە هەیە یان نا...؟

بەلای منەوە داواکەی بەکر شتێکی کوت و پڕبوو, نـەمتوانی راسـتەوخۆ لـەو کاتـەدا هیچ پێشنیارێکی ئەو تـۆ بخەمـە روو, لـە هەمانکاتـدا مەسـەلەکە زیـاتر پەیوەنـدی بـە وەزیری ئابورییەوە هەبوو نەك وەزیری پلان دانان, کاتێکیش ئەم تێبینی یەم بە بەکر وت لەوەلاّمدا پێکەنی و وتی : پلان دانان پلان دانانی ولاّتە, پلانێکم بۆ ئەم مەسەلەیە بۆ دابڕێژە و لە دوایدا راپۆرتێکم لەبارەیەوە بدەریٚ بیٚ ئـەوەی کـەس پـیٚ ی بزانێـت , تەنانەت بە دەست خەتی خۆت بینوسە و پێویست بە چاپ کردن ناکات !

پاش دوو رۆژ یان سیٚ رۆژ راپۆرتێکم دایە بەکر و هەروەك خۆی وتی بەدەست خـەتی خۆم راپۆرتەکەم نوسیبوو بیٚ ئەوەی چاپی بکەم و تیایدا پێشنیاری ئەوەم کردبوو تـا لەلایـەن لیژنـەی بـالاّی تەموینـەوە ( کـە لـەدوایی دا بـوو بـە ئەنجومـەنی رێکخـستنی بازرگانی ) رێنمایی دەربـچێت و بـەپیٚ ی ئـەو رێنماییانـەش موقاتەعـەی کەرەسـەتە و شمەکی ئەمەریکی کۆتایی پیٚ بهێنین, بەلاّم لە پێناوی ئەوەی کە رێنماییەکان گرفـت و پـشێوی و نائـارامی عەقیـدەیی دروسـت نـەکات لـە نێـو ریزەکـانی حیزبـدا و دوایـی تۆمـەتبارمان بکـەن بـە بـەکرێگیرا و خیانـەت و سـیخوڕی , پێـشنیارم کردبـوو تـا رێنماییەکان بەم جۆرەی لای خوارەوە بلاوبکرێتەوە.

له سەر بنەمای بەرژوەندی گشتی و بە تێروانین لـە بـەردەوام بـونی ئەمـەریکا لەسـەر سیاسەتە دوژمنکارەکانی دژ بـە خواسـت و داواکـانی ئوممـەی عـەرەبی لیژنـەی بـالآی تەموین ئەم بڕیارەی لای خوارەوەی دا:

١- درێژە دان بە موقاتەعە کردنی کەرەستە و شمەکی ئەمەریکی .

٢- لە فلآن بەندی پۆلێن کردنی بازرگانی نێودەوڵەتی یەوە تا فلان بەنـد بـەدەر( ئیستیسنا) دەکرێت لە ئەحکامی بڕگەی یەکەم.

لە راسـتی دا بڕگـەی (٢) لـە رێنماییـەکان ٩٠٪ ی کەرەسـتە و شمـەکی ئەمـەریکی بـەدەر کردبـوو لـەو بڕیـاری موقاتەعەکردنـە , واتـە بڕیـاری موقاتەعەکردنەکـە نەیدەگرتنەوە. بـەم جـۆرەش رێنماییـەکان بـە ئیمـزای وەزیـری ئـابوری دەرکـرا و کادیرە حیزبیەکانیش بڕوایان وابوو کە بڕیاری موقاتەعەکردنی کەرەستە وشمـەکی ئەمەریکی هەر درێژەی هەیە بێ ئاگا لەوەی لە برگەی دووەمی بریارەکـەی لیژنـەی بالآی تەموینداا ٩٠٪ کەرەستە شمەکی ئەمەریکی رێگە پێدراوە بێتـە نـاو ولآتـەوەو مامەڵەی پێ بکرێت. لە کاتێکدا وا دەزانرا بەعس بەردەوامە لەسەر موقاتەعەکردنی کەرەستە و شمەکی ئەمەریکی .

# حەماد کەرە !

زۆرێك لە سەرکردەکانی پارتی بـەعس بـیرو رایـەکی شـۆڤینی و رەگـەز پەرسـتیان هەبوو, کە جگە لە نەتەوەیی عەرەبی چاویان بـە بـون و کاریگـەری هـیچ نەتـەوە گەلێکی تر هەڵ نەدەهات, بەڵام مامەڵە کردنیان لـەم بـوارەدا و گواسـتنەوەی ئـەو بیرو رایانە بۆ سەر زەمینەی واقیع پەیوەندی بە توانا و دەسەڵاتیانەوە هەبوو, لەم بارەیەوە جەواد هاشم دەڵێت:

رۆژێك ئەحمـەد حەسـەن بـەکر ی سـەرۆك کۆمـار داوای کـرد تـا لـە نوسـینگەکەی ئامادەبم, منیش بەرەو کۆشکی کۆماری بەڕێ کەوتم و کاتێك گەیـشتم پـێ یـان وتم چاوەڕی بکە سەرۆك سەرقاڵی وەرگرتنی پەڕاوی متمانە پێدانی بالیۆزی یەکێکە لە وڵاتانی بیانی , و پاش نیو کاتژمێری تـر چـاوی پێـت دەکـەوێت,پاشـان وتیـان لـە نوسینگەکەی حامـد جبـوری چـاوەڕێ بکـە کـەوەزیری دەوڵـەت بـوو بـۆ کاروبـاری سەرۆکایەتی کۆمار, کاتێك چومە نوسینگەکەی جبوری سەیرم کرد کە هەریەك لـە دکتۆر ئەحمەد عەبدولستار جـەواری وەزیـری پـەروەردە و فـەریق حـەماد شـەهاب تکریتی وەزیری بەرگری و ئەندامی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆرش دانیـشتون, لەو کاتەشـدا کـە مـن دانیـشتم هـەردوو کیـان سـەرقاڵی تـاوتوێ کردنـی کاروبـاری پارێزگاکان بوون و لەو بارەیەوە قسەیان دەکرد, لە میانەی قسەکانیاندا گـوێم لێ بوو شەهاب بە جەواری وت" هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی کـە کەوتوّتـە نێـوان مەحمودیە و باشوری عێراق هەموویان لە (عەجەم)ن و پێویستە خۆمانیان لێ رزگار بکەین تا خوێنی عەرەبی عێراقی بە پاکی بمێنێتەوە !

زۆر سەر سورما لە قسەکانی شەهاب و وتم : فەریق حـەماد مـن لـە شـاری (عـەین تەمر ) لە دایك بووم کە سەر بە کەربەلایە و حامد جبور یش لە شاری حلە لە دایـك

بوه و ئیتر ئایا ئەمە واتای ئەوەیە ئێمە عەجەمین یان تۆ مەبەستت شتێکی دیکەیە؟

شەهاب لە وەڵامەکەیدا کەمێك تێکچوو لەو کاتەشدا خێرا جەواری هاتە ناو مەسەلەکە و هەوڵی دا قسەکەی شەهاب راست بکاتەوە . بەڵام سودی نەبوو, زۆر بێزار و نیگەران بووم خێرا دەستم دایە پارچەیەك وەرەقەکە لە نوسینگەکەی حامد جبوری و بڕیاری دەست لە کارکێشانەوە ی خۆم لە پۆستی وەزیری پلانان دانان بە دوو دێر تێدا نوسی و راستەوخۆ بەرەو نوسینگەی سکرتێری سەرۆك کۆمار چوم و دوای کەمێ چاوەڕێ کردن, چومە ژورەوە, کاتێك رۆشتمە ژورەوە شوێنەواری توڕەیی و لەسەر دەم و چاوم دیاربوو, خێرا بەکر پێشم کەوت و وتی بۆ بەو جۆرە تێکچویت, منیش ئەوەی روی دابوو بۆم گێڕایەوە و پاشان نوسراوی دەست لە کارکێشانەوەکەم خستە بەردەستی , بەکریش نوسراوەکەی خوێندەوە و دەستی کرد بە پێکەنین و پاشان وتی تۆ شەهاب ناناسی؟ ئەو کەسێکی زۆر سادە و ساکارەو هیچ لە مەسەلە و کارو بارە سیاسیەکان تێ ناگات ! منیش وتم بەڵام ئەو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکرایەتی شۆرشە و گەر ئەوە بیرو ڕا و لۆژیکی ئەندامێکی بەرزترین دەسەڵاتی وڵات بێت , ئیتر ئایا عیراق چۆن پێش دەکەوێت , ئایا ئەو قسانەی حەماد شەهاب رەنگدانەوەی ئاڕاستەی دەسەڵات نیە.

لە وەڵامدا بەکر پێکەنینی و وتی دکتۆر ! حەماد شەهاب نوێنەرایەتی هیچ ئاراستەیەك ناکات حەماد کەرە کەر ! پاشان نوسراوی دەست لە کار کێشانەوەکەی دڕاند.

ئەو روداوە و گەلێك روداوی تر کە خۆم بینیم بەرای من ئاراستەیەکی رون و ئاشکرای تایەفی نیە بە قەدەر ئەوەی کە نیشان دەری نەزانی و ساویلکەیەی

هەندێك لەو ئاستە بەرزانەی سەرکردایەتی ولات بوو ,کە سەرۆکایەتی ولاتیان گرتبوە ئەستۆ.

شایانی باسە حەماد شەهاب تکریتی لە ساڵی ١٩٢٥ لەتکریت لە دایك بوە و پاش کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ کرا بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقی و لە دوایشدا وەزیری بەرگری عێراقی , پاشان لە ٢٠ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٣ لەوەی ناوی لێ نرا بە (پیلانگێڕییەکەی نازم گوزار ) کوژرا.

## جەزراوی وەزیرێکی نەفام !

تەها یاسن رەمەزان (تەها جـەزراوی ) کەسـایەتی یـەکی زۆر سـەیر و نـامۆ کـردار بوو, تێکەڵەیەك بوو لە نەزانی و سەرکەشـی و هەسـت کردنـی دەرونـی بەسـوکی و نزمی خۆی, ئاستی زانستی نەزانرابوو لەگەڵ ئەوەی دواین پلە و لێهاتنی بریتی بوو لە جێگری ئەفسەر ی سوپای عێراقی و بەپێچەوانەی سەدامەوە کە هەمیشە بـزەی لەسەر لێو بـوو جـەزراوی کەسـێکی عـەبوس بـوو تەنانـەت لـە بۆنـە و یادەخۆشـی یەکانیشدا خەندەی لەسەر لێو نەبوو, لەبەر ئەوەشی کاری حیزبی بەعس لەسـەر بنـەمای پـیلان و دزە کـردن بـەرێوە دەچـوو هـەر بۆیـەش جـەزاروی توانیبـوی بەپلەکانی حیزبی دا سەر بکەویت و کاتێکیش کودەتای ١٩٦٨ رویدا جەزراوی بـوو بە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پـارتی بـەعس و ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆرش, لـە دوایـشدا بـو بـەوەزیری پیـشەسازی و وەزارەتەکـەی کردبـوە ئیمپراتۆریەتێك و بەردەوام پێرێك دەستەی پارێزەری لەگەڵ دا بوو ..

لەبەر ئەوەی کە جەزراوی خۆی خاوەنی بڕوانامە نەبوو, هـەر بۆیـە رقێکـی زۆری هەبوو لە خاوەن بڕوانامەکان بوو, بە تایبەت ئەوانەی کـە وەزیـر بـوون, ئەمـەش وای کرد بەردەوام سەرقاڵی راپۆرت نوسین بێت بۆ سەرۆك کۆمار بەتایبەت لەسـەر وەزارەتەکانی ئابوری و پـلان دانـان, لـە یـەکێك لـەو راپۆرتانەیدا دکتـۆر فـەخری قەدوری وەزیری ئابوری و سەرجەم بەرێوە بەرە گشتی یەکانی بە کۆنە پەرست و پیلان گێڕ دژ بە راپەرین و ئاراستەی شۆرشی بەعس دابویە قەڵەم, لە هەمان کاتدا و لە راپۆرتەکەیدا باسی لەوە کردبوو کە چۆن وەزارەتی ئابوری سستە لە پێدانی مۆڵـەتی هـاوردە کـردن بـۆ ئـەو کەسـانەی لـەبواری کـەرتی پیـشەسازی تایبـەتـدا کاردەکەن. هێنـدە راپـۆرت و قـسەو باسـەکانی جـەزراوی لەسـەر وەزیـری ئـابوری

زۆربو ناچار بەکر هیچ رێگەچارەیەکی نەدۆزییەوە جگە لەوەی کە داوای ئەنجام دانی کۆبونەویەکی بەرفراوانی بکات لە کۆشکی کۆماری و بەسەرۆکایەتی خۆی ئامادەبونی هەریەك لە دکتۆر قەدوری وسەرجەم بەرێوەبەرە گشتی یەکان ئەمە سەرەرای ئامادەبونی جەزراوی و راوێژکارەکانی وەزارەتی پیشەسازی..

لەسەرەتای کۆبونەوەکەدا جەزراوی دەستی کرد بە قسە کردن و باسی لەوە کرد کە چۆن وەزیری ئابوری و بەرێوە بەرە گشتی یەکان سستیان نواندوە لە پێدانی مۆلەتی هاوردەکردنی کەرەستە و پێداویستی بۆ کەرتی پیشە سازی ئەوەش وای کردوەکە وەبەر هێنان لەکەرتی تایبەت دوابکەوێت و بەو هۆیەشەوە متمانە بە شۆرش و سەرکردایەتی بەعس کەم بوەتەوەو پاشان جەزاروی روی کردەوە بەرێوەبەرە گشتی یەکانی وەزارەتی ئابوری تاوانبار کردن بە کۆنەپەرست و تایەفی وبەو جۆرەش قسەکانی کۆتایی پێ هێنا.

دواتر بەکر روی کردە وەزیری ئابوری و وتی" وەڵامت چی یە لەسەر قسەکانی جەزراوی ؟

وەزیری ئابوری بە هێواشی جانتاکەی کردەوە برێکی زۆر نوسراوی دەرهێنا کە لە نێوان وەزارەتەکەی و وەزیری پیشە سازیدا هاتوچۆی پێکرابوو, لە دوایدا بە هێواشی دێر بە دێر دەستی کرد بە خوێندنەوە و هەرکە دێرێکی تەواو دەکرد هێندەش جەزراوی دەهاتەوە یەك و ئارەقی دەرشت و سەری دادەخست , بەکورتی ئەوەی وەزیری ئابوری باسی کرد و خوێندییەوە نیشان دەری ئەوەبوو کە تۆمەتەکانی جەزراوی بێ بناغەن ودورن لە راستی یەوە , پاشان بەکر روی کرد جەزاروی و وتی وەڵامت چی یە ؟بەڵام جەزراوی بێ وەڵام بوو, لە دوایی دا بەکر وتی هاورێ تەها ئێستا مەسەلەکە رون بویەوە وەزارەتەکەی تۆ بەرپرسە نەك وەزارەتی ئابوری , دوای ئەوەی کۆبونەوەکە کۆتایی هات هەموو لا هۆلی کۆبونەوەکەیان بەجێ هیشت جگە لە قەدوری نەبێت کە بەکر پێ ی وتبوو

بمێنێتەوە , پاشان دەستی گرتبوو لەگەڵ خۆی بردبوی بۆ نوسینگەی کە لە نهۆمی زەوینی کۆشك دا بوو, هەندیك قسەو باسی لەگەڵ قەدوری کردبوو هەولی دابوو تا ناکۆکی یەکانی نێوانیان کەم بکاتەوە و وتبوو دلگران مەبە جەزراوی وەزیرێکی نەفامە و زۆر لە کاروباری دەولەتداری تێ ناگات ..

دوای رۆژێك لەو کۆبونەوەیە قەدوری سەردانی کردم پێ ی وتم لەبەر هۆکاری تەندروستی دەیەویت سەردانی ماڵ و منالەکەی بکات لە ئەلمانیای رۆژئاوایی و بە فیعلیش دوای چەند رۆژێك سەردانەکەی کرد و منیش پۆستی وەزیری ئابوریم بە وەکالەت گرتە ئەستۆ تا ئەو کاتەی قەدوری دەگەرێتەوە . بەلأم پاش دوو هەفتەش نامەیەکم لە قەدورییەوە پێ گەیشت و تیایدا داوای لێ کردبووم تا بەکر ئاگادار بکەمەوە لەوەی کە لەبەر هۆکاری خێزانی و تەندروستی دەستی کێشاوەتەوە لە پۆستی وەزیری ئابوری و ناتوانێت بگەرێتەوە ولأت, منیش لەلایەن خۆمەوە بەکر م ئاگادار کردەوە لەناوەرۆکی دەست لە کارکێشانەوەکەی قەدوری و ئەویش وتی باکەس ئەم مەسەلەیە نەزانێت تا ئەو کاتەی لەگەل هاورێیانی سەرکردایەتی باسی دەکەم, بەلأم بارەکە بەو شێوەیە بەردەوام بوو, من دابەش بوو بوم بەسەر هەردوو وەزارەتەکەدا و مەسەلەی دەست لە کارکێشانەوەکەش لەگەڵ هاورێیان باسی لێوە نەکرا..

شایانی باسە ئەو کۆبونەوە بەرفراوانەی کە بۆ لێکۆلینەوە لەتۆمەتەکانی جەزراوی دژ بە قەدوری سازکرا یەکەم کۆبونەوە نەبوو, بەلکو لیژنەی لێکۆلینەوەی تر پێك هێنرابوو بۆ هەمان مەبەست لەسەر ئەو تۆمەتانەی کە جەزراوی بەردەوام دژبە قەدوری بەرزی دەکردەوە یەکەم لیژنە بەسەرۆکایەتی سەدام و بەکر و دووەمیش بە سەرۆکایەتی عەبدولخالق سامەرائی کە ئاکامی هەردوو لیژنەکە لەبەرژەوەندی دکتۆر فەخری قەدوری کۆتایی هاتبوو.

# جەزراوی گرێ ی خاوەن بڕوانامەکان

بەرەبـــەیانی رۆژی ٢٥ ی کـــانونی دووەمـــی ١٩٧١ بـــوو لـــەو رۆژەدا وادەی کۆبونەوەیەکم هەبوو لەگـەڵ سـەرۆك کۆمـار ئەحمـەد حەسـەن بـەکر بەمەبەسـتی تاوتویێ کردنی هەندێ پرۆژەی بواری گەشەپێدان و هەروەها بەرێ کردنـی هەنـدێك مامەڵەی دواکەوتوو لە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار و لە نێویـشیاندا بەرزکردنـەوەی پلەی (دکتۆر عەدنان حسین عەونی) بۆ پۆستی بەرێوەبەری دەستەی مواسەفات و پێوانەکاری سەر بە ئەنجومەنی پلان دانان, جێ ی باسە رۆتینی ئیداری لەو کاتەدا گەیشتبوە ئاستێك کە بۆ بەرزکردنـەوەی بەرێوەبـەرە گشتی یـەکان پێویـستی بـە دەرکردنی مەرسومی کۆماری دەکرد, ئەوەش کارێکی زۆر نەشیاو ناماقوڵ بوو کـە بۆ مامەڵەیەکی لەو چەشنە مەرسومی کۆماری دەربکرێت, بـەپێ ی ئـەو سیـستمە دەبوا بەڕیوەبەری گشتی نوسراوی بەرز بکردایەتـەوە بـۆ وەزیـرو ئـەویش لەلایـەن خۆیـەوە نوسـراوی بەرزبکردایەتـەوە بـۆ سـەرۆکایەتی دیـوانی سـەرۆك کۆمـار و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمـاریش نوسـراوی بکردایـە بـۆ سـەرۆك کۆمـار و و بەوجۆرە و پاشـان بـە هـەمان ئالیەتـدا دەهاتـەوە خـوارەوە. لـە کۆبونـەوەی ئـەو رۆژەمدا لەگەڵ بەکر باسی ئەوەم کرد کە پێـشتر مامەڵـەی بەرزکردنـەوەی (دکتـۆر عـەدنان حـسین عـەونی) م رەوانـە کـردوە بـۆ دیـوانی سـەرۆکایەتی کۆمـار کەچـی وەڵامی نەبوە و دواخـراوە, بـەکر مەسـەلەکەی بـەلاوە سـەیر بـوو هـەر بۆیـە خێـرا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پەیوەندی کرد بە (یەحیا یاسین) تا مەرسومێکی کۆمـاری لەو بارەیـەوە دەربکـات , ئـیتر دوای ئـەوە ویـستم بـەکر بـەجێ بهـێڵم بـەلاّم وتـی خشتەیەکم بۆ دابڕێژە دەربارەی پرۆژەکانی شارەوانی لە تکریت و وادەی کاتـژمێر

(٩) رۆژی داهاتوی بۆ دیاری کردم تا ئەو پرۆژانەی بۆ بگەڕێنمەوە و چاوم پێ ی بکەوێتەوە .

له دوايدا بەرەو نوسينگەكەی خۆم له وەزارەتی پلان دانان بەرێ كەوتم و كاتيش له كاتژمێر (١) ی پاش نيوەرۆ نزيك دەبويەوە, دوای نيو كاتژمێر لە گەيشتنم سكرتێرەكەم هات و پێ ی راگەياندم كە (توعمە بەندەر عانی) سەرۆكی تێبينەرەكانی وەزارەتی پلان دانان بۆ كارێكی گرنگ و نهێنی و خێرا دەيەوێت چاوی پێم بكەوێت. دوای ئەوەی توعمە هاتە ژورەوە وتی (تاهير تۆفيق عانی) سكرتێری حيزبی سەرۆك كۆمار تەلەفۆنی بۆ كردوم و پرسياری لێ كردوم دەربارەی ئاراستەی سياسی دكتۆر عەدنان حسين عەونی بەڕێوەبەری گشتی دەستەی مواسەفات و پێوانەكارييەكان لەبەر ئەوەی وەزيری پلان دانان داوای بەرزكردنەوەی پلەكەی كردوە ! منيش بەهێمنی سەيرێكيم كرد و وتم تۆ پەيوەنديت بەو مەسەلەوە چی يە, و پەيوەنديت بە تاهير تۆقيق عانی يە چی يە بۆپرسيارت لی نەكراوە دەربارەی توانا و لێهاتنەكانی عەونی؟ بۆ هەر دەبێت لەسەر ئاراستە سياسيەكەی پرسيارت لی بكرێت؟ برۆ بەلای كارەكانتەوە.

پاشان تەلەفۆنەكەم هەڵگرت و لەسەر هێلی تەلە فۆنی راستەوخۆ داوای بەكرم كرد بەلأم وەلأم نەبوو, و دواتر پەيوەنديم كردبە (عەقيد شەفيق دەراجی) رازگری نهێنی ئەنجومەنی سەكردايەتی شۆرش و پێ ی راگەياندم كە بەكر چوەتەوە ماڵەوە , لەگەڵ ئەوەی وادەكەی سبەينی سەعات (٩)ی نێوان من و بەكری لێ دووپات كردمەوە كەلە يادم نەچێت .

تا دەهات تورەبونەكەم زياتر دەبوو, پرسيارم لە خۆم دەكرد چۆن دەبێت سكرتێری حيزبی سەرۆك كۆمار تەلەفۆن بكات بۆ كارمەندێكی وەزارەتی پلان دانان تا پرسياری مەسەلەيەكی تايبەتی نێوان من و سەرۆكايەتی كۆماری لێ بكات ئەويش مەسەلەيەكی زۆر ئاسان بەرزكردنەوەی بەڕێوەبەرێكی گشتی! خۆتەنها

پێش نیو کاتژمێر بەکر فەرمانی دابوو تا ئەو کارە بکرێت..! ئایا تاهیر عانی لە خۆیەوە ئەو کارەی کردوە بێ ئاگاداری بەکر , یان خەریکە مەسەلەی دەوڵەتداری بە پێوەرە حیزبییەکان دەپێورێت , بە تێپەڕبونی دەقیقەش تا دەهات زیاتر تورە دەبوم.

دواتر گەڕامەوە ماڵەوە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو , تەلەفۆنم بۆ سەدام حوسێن کرد و روداوەکەم بۆ باس کرد, راشکاوانە پێم وت گەر متمانەی حیزب و سەرکردایەتی بە سەرۆکی تیبینەرانی وەزارەتی پلان دانان زیاترە لە وەزیری ئەو وەزارەتە دەربارەی مەسەلەیەکی ئاوا سادە و ساکار ئیتر بۆچی ئەو کارمەندە ناکەن بەوەزیر ؟, هەروەها وتم ئەو هەڵس و کەوتەی تاهیر عانی یان لە نەزانی و نەفامی یەوە سەرچاوەی گرتوە یاخود هەڵسوکەوتێکی مەبەست دارە , بەلآم مەبەستەکەی لای من رون نیە.لە بەرامبەردا سەدام زۆر موجامەلەی کردم و رەخنە لە هەڵسوکەوتەکەی عانی گرت و وتی بەشێوەیەکی شەخسی خۆم لەو مەسەلەیە دەڕوانم و لێپرسینەوەش لە تاهیر عانی دەکەم.

هەمان رۆژ وەك نەریتی ئاسایی خۆم کاتژمێر شەشی ئێوارە چومەوە بۆ وەزارەت بەمەبەستی بەڕێ کردنی مامەڵەکانی وەزارەت و لە دەوروبەری کاتژمێر هەشتی شەو بەکر تەلەفۆنی بۆ کردم و پرسیاری لە هەندێك مەسەلە کرد و دواتر وتی کۆبونەوەکەی سبەینێ سەعات (٩)ت لە یاد نەچێت, بەو جۆرەش هەموو شتێك ئاسایی بەرێوەچوو گەڕامەوە ماڵەوە و خۆم سەرقاڵ کرد بە ئامادەکاری ئەو پرۆژانەی شارەوانی کە بەکر داوای کردبوو تا بۆ کۆبونەوەکەی سبەینێ ئامادەی بکەم, لەو کاتەشدا تەلەفزیۆنی بەغداد پالەوانێتی بۆکسینی نێوان موحەمەد عەلی کلای و نەیارەکەی پەخش دەکرد, و منیش بریارم دا سەیری بکەم و ماوەی (١٠) خولەك تێ نەپەڕی بوو, لە پڕ پەخشکردنی یارییەکە راوەستێنراو بێژەرێك لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بەدیار کەوت و ئاگاداری دا کە پاش ماوەیەکی

کەم بەیانێکی گرنگ بڵاودەکرێتەوە.. (١٠ ) خولەك تێ پەڕی و منیش سەرقاڵی سەیر کردنی یارییەکە بووم و حەماسەت گرتبومی و حەزم دەکرد کلای بیباتەوە, جارێکی تر بێژەرەکە دەرکەوتەوە و دوو مەرسومی کۆماری بە دەنگێکی حەماسی خوێندەوە کە ئەمە ناوەرۆکەکەی بوو:

دەرکردنی مەرسومێکی کۆماری بە ئیعفا کردنی دکتۆر جەواد هاشم لە پۆستی وەزیری پلان دانان و دیاری کردنی عەبدولکەریم شێخلی (وەزیری دەرەوە) وەك وەزیری پلان دانان بە وەکالەت.

دەرکردنی مەرسومێکی کۆماری تر بە ئیعفا کردنی دکتۆر فەخری قەدوری لە پۆستی وەزیری ئابوری و دیاری کردنی تەها یاسین رەمەزان بۆ ئەو پۆستە بەوەکالەت.

پاشان سرودێکی نیشتمانی پەخش کرا !!

بەراستی مەرسومەکانم بەلاوە زۆر شتێکی کوت و پڕ بوو چونکە پێش دوو کاتژمێر بەکر لە تەلەفۆنەکەیداجەختی لەسەر کۆبونەوەکەی سبەینێ کردبویەوە , نەك هێندە ئەوەشم زۆر بەلاوە سەیر بوو کە بێژەرەکە زۆر بە حەماسەتەوە دەیخوێندەوە . پاش نیو کاتژمێر بەرەو وەزارەت رۆیشتم و سەرجەم ئەوراقەکانم کۆکردەوە ولە دەوروبەری کاتژمێر یانزەی شەو گەڕامەوە.

لە سەعات (٩,٣٠) ی رۆژی دواتر عەقید شەفیق دەراجی تەلەفۆنی بۆ کردم و پرسیاری ئەوەی کرد بۆ لە وادەی کۆبونەوەکە دواکەوتوم, منیش وتم ئەی گوێت لەو مەرسومە کۆمارییەوە نەبوو کە ئەم شەو خوێنرایەوە ؟ وتی نەخێر !! زۆرم لا سەیر بوو ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بێ ئاگایە لەوەها مەرسومێك. بەلام دەراجی وای دەزانی من گاڵتەی لەگەڵ دەکەم, تا دڵنیام کردەوە لەراستی مەسەلەکە و وتم ئیتر هیچ بیانویەك نیە بۆ کۆبونەوەم لەگەل بەکر..

پاش نزیکەی مانگێك لە ئیعفا کردنم و لە ئاهەنگێك دا چاوم کەوت بە (شەفیق کەمال)ی ئەندامی یەدەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعس و باس و خواسی زۆرمان کرد, ئەویش لەلایەن خۆیەوە باسی ئەو کۆبونەوەی کرد کە بڕیاری ئیعفا کردنی من و قەدوری تیا درابوو, لەو بارەوە وتی : لەو کۆبونەویەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرقاڵی تاوتوێ کردنی ئەو مەسەلانە بوو کە خرابونە نێو خشتەی کارەکانییەوە, لە کاتژمێر (١٠) ی شەو تەها یاسین ڕەمەزان جارێکی تر سکاڵای خۆی کردبویەوە لە دەستی ئەو گرفت و کۆسپانەی کە (دکتۆرەکان)ی بواری ئابوری وەك جەواد هاشم و فەخری قەدوری دروستی دەکەن لە بەردەم ڕەوڕەوەی شۆڕشدا و ئەوانی بەوە تاوانبار کردبوو کە بیری ڕۆژئاوایی و ئیستیعمارییان هەیە.

هەربۆیەش پێدەچێت بەکر زۆر لەو قسانەی جەزراوی تووڕە بوبێت هەربۆیەش پێ ی دەڵێت هاوڕێ تەها ! حیزب ژمارەیەکی کەم خاوەن بڕوانامەی دکتۆرای هەیە ئایا تۆ دەتەوێت خۆمانیان لێ ڕزگار بکەین؟ گەر ئەوە تێڕوانینی حیزبە ئەوا با بکرێت, هەر لەو کاتەشدا بەکر زۆر بە تووڕەییەوە تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت و تەلەفۆن دەکات بۆ بەڕێوەبەری ئێستگەی تەلەفزیۆن و دوو مەرسومەکەی بۆ دەخوێنێتەوە تا بڵاوی بکاتەوە..

بەو شێوەیە و هەروا بە ئاسانی جەزراوی دەوروبەری تۆمەتبار دەکرد و بەکر تووڕە دەبوو, دوو وەزیریش دەست بەجێ ئیعفا دەکران.

## سزای ئێشکچی!

حەسەن خەفاف کارمەندێکی ئاسایی بوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین , لە هەمانکاتدا لەماڵەوەش عەیادەیەکی تایبەتی بە دان سازی هەبوو هەربۆیەش پێ یان دەوت دکتۆر, خەفاف کوڕی پورم بوو هەروەها هاوسەری ( سەعدەیە سالح جەبر )ی کچی ساڵح جەبری سەرۆك وەزیرانی عێراقی سەردەمی پاشایەتی بوو, سەرەڕای ئەو لێك نزیکی و خزمایەتی یەش کە هەمان بوو بەڵام لە روی فیکر و سیاسیەوە زۆر لێك دوور بوین .ماوەی چەند ساڵێکیش بوو کە نەم دیبوو..

ڕۆژێك لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٩ لە نوسینگەکەی خۆم لە وەزارەتی پلان دانان سەردانی کردم, لە قسەکانی دا ترس و نیگەرانی و دوودڵی دیار بوو, بەڵام کاتێك لەمەسەلەکە تێگەیشتم ئیتر حاڵەتەکەم بەلاوە ئاسایی بوو.. کەمێك بەلای راست و چەپدا سەیرێکی کرد و بەترسێکەوە وتی دەمەوێت ویژدانم ئاسودە بکەم, دەمەوێت پێت بلێم پیلانێك لە ئارادایە کە لەلایەن ژمارەیەك ئەفسەر و سیاسی یەوە کاری لەسەر دەکرێت بەمەستی سەرنگوم کردنی دەسەلاتی بەعس لە عێراق! پاشان کەمێك بێ دەنگ بوو و دواتر جگەرەیەکی داگیرساند و و درێژەی بەقسەکانی دا وتی " کۆبونەکانی ئەو گروپە لە ماڵەکەی من لە گەڕەکی مەنسور ئەنجامدراوە, هەریەك لە عەقیدی خانەنشین کراو (عەبدولغەنێ راوی) وعەقیدی خانەنشین ( ساڵح مەهدی سامەرائی ) و نەقیب فازڵ ناهی و ... یاوەری ئەحمەد حەسەن بەکر و موقەدەم فازڵ بەراك ئامادەبون. دواتر کەمێك بێ دەنگ بوو , ئینجا دەستی کرد بە گریان و وتی گەر ئەو کەسانە ئیستا بزانن من ئەم قسانە بۆ تۆ دەکەم ئەوا تۆڵە لە خۆم و خێزانەکەم

دەکەنەوە , هەروەها وتی پیلانەکە بە هاوکاری باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغداد ساز دەکرێت وئەوان پەیمانی دابین کردنی چەك و پارەیان داوە ..

بەراستی ئەو زانیارییانەی خەفاف بەتەواوی ترساندمی و وای لێ کردم دوای ئەوەی خەفاف نوسینگەکەی بەجێ هێشتم خێرا بەرەو لای ئەحمەد حەسەن بەکر بڕۆم و زانیارییەکانی پێ رابگەیەنم ,و ئەویش لەوەڵامدا وتی ئەوە مەسەلەیەکی پیلان گێڕییەو پەیوەندی بە هاوڕێ ئەبو عودەیەوە هەیە, خێرا برۆ مەسەلەکەی لەگەڵ باس بکە.پاشان لەگەڵم هات تا ژورەکەی سەدام حوسێن و کاتێك چومە ژوەرەوە سەیرم کرد سەدام لەسەر جێگەی نوستنەکەی راکشاوە و سەری بەخاولی پێچاوە و دوای دانیشتن سەرجەم زانیاریەکانم بۆ گێرایەوە, ئەویش زۆر بە هێمنی گوێ ی گرتبوو دوای تەوای بونی قسەکانم وتی تکایە سوپاسی دکتۆر حەسەن خەفاف بکە و لە مێزەکەشی بڕی (٢٠٠) دیناری دەرهێنا و وتی بیدە بە خەفاف و داوای لێ بکە بەردەوام بێت لە هاوکاری کردنی لەگەڵ ئەبو رەعد (سەعدون شاکر)ی بەرێوەبەری نوسینگەی پەیوەندییە گشتی یەکان کە لەو کاتەدا دەزگای هەواڵگری بوو, تا پێکەوە ئامێری تۆمار کردنی دەنگ لە ماڵەکەیدا جێگیر بکەن بۆ تۆمار کردنی قسەی ئامادەبوان..

رۆژی دواتر (خەفاف) م لە نوسینگەکەی خۆم بینی و بڕە پارەکەم پێدا و پێزانینی سەدامم بۆ دوپات کردەوە و لەگەڵ دوپات کردنەوەی داواکارییەکانی سەدام بە زەرورەتی هاوکاری کردن بۆ دانانی ئامێرەکانی تۆمار کردنی دەنگ لە ماڵەکەیدا. لەبەرامبەریشدا وەڵامدانەوەی حەسەن خەفاف زۆر باش بوو, رۆژی دواتر لە ماڵەکەی خۆی سەردانم کرد بۆ دڵنیابون لە دانانی ئامێرەکانی تۆمار کردنی دەنگ. لەو کاتەدا پێم وابوو کە خزمەتێکی گەورەی حیزب و شۆڕشم کردوە و بەو هاکارییەشی خەفاف توانیویەتی ئاسایشی خۆی دەستبەر بکات وگیانی سەلامەت بێت.

لـە کۆتـایی مـانگی کـانونی یەکـەمی ١٩٦٩ شـەفیق دەڕاجـی سـکرتێری گـشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئاگاداری کردمـەوە کـە سـەرۆك کۆمـار دەیـەوێت لەبری دکتـۆر ئەحمـەد عەبدولـستار جـەواری وەزیـری پـەروەردە بـە سـەرۆکایەتی وەفـدێکی پـەروەردەیی وبـۆ بەشـداری کـردن لـە کـۆنگرەی ئیقلیمـی سـێ یـەمی وەزیرانی پەورەردە و پلان دانان کە لە ماوەی نێوان ١٢ی کانونی دووەمـی ١٩٧٠ تا ٢٠ ی هەمان مانگ دەبەسترێت , سـەردانی ولآتـی مـەغریب بکـەم ! کـاتێکیش داوای لێبوردنم کرد لە گرتنە ئەستۆی ئەو ئەرکە چـونکە پـێش دوو رۆژ وەفدەکـە بەسەرۆکایەتی جەواری پێك هێنرابو لەگەڵ ئەوەی گونجاو نیە ئەو گۆڕانـە بکرێـت, هەروەها کۆنگرەکە پەروەردەیی یە و پەیوەندی بەمنەوە نیە, بەلأم دەراجـی وتـی ئەوەبڕیاری بەکرەو بڕیاری کۆتایی یە و گۆڕانی تیا ناکرێت.

ناچار رۆژی پێـنج شـەممە ٨ ی کـانونی دوەمـی ١٩٧٠ بەغـدادم بەسـەرۆکایەتی وەفـدێك بـەرەو ولأتـی مـەغریب بـەجێ هێـشت , بەمەبەسـتی بەشـداری کردنـی کۆنگرەکە و کاتێکیش کۆنگرەکە تەواو بوو لە رێی گەرانەوەم لە مەغریبەوە کە لـە پاریسەوە گەراینەوە دکتۆر محمد مشاتی باڵیۆزی عێراق لە فەرەنسا پێـشوازی لێ کردین , کاتێك لە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا گوێمان لە هەواڵەکانی کاتـژمێر ١٢ ی رادێـوی ی بەغـداد گرتبـوو . بێژەرەکـە بـەیانێکی دەخوێنـدەوە ئـەوەی ئاشـکرا کـرد کـە وەجبـەی دووەمـی پیلانەکـەی عەبدولغـەنی راوی لـە سـێدارە دراون, هێنـدەش هەواڵەکەم بەلاوە قورس بوو کە ناوی (حەسن خەفاف) ی پورزام لە نێو لە سێدارە دراوانی وەجبەی دووەمدا بوو, ئیتر کەوتمە پرسـیار لـە خـۆکردن تـۆ بڵـێ ی چـی رویدابێت؟ ئایا گۆڕانی تر لـە دۆسـیەکەدا رویـداوە؟ ئایـا حەسـەن خـەفاف دژ بـە دەسەلأت هەڵگەراوەتەوە؟ پرسیاری زۆرم بە مێشکداهات بەلأم بـێ وەلأم, بۆچـی ئەم سەردانە کتوپڕەیان بۆ سازکردم؟ ئایا مەبەستیان بووە کە مـن تـەدەخول لـە فەرمانی لە سێدارەدانی خەفاف نەکەم؟ لەبەر ئەوە دەمویست هەرچۆن بوە زوتـر

بگەڕێمەوە بۆ بەغدادو سەردانەکەی پاریسم لێ ببـو بـە دێوەزمەیـەك و هـەوڵم دەدا بەزوی خۆمی لێ دەرباز بکەم.

بە گەیشتنەوەم بۆ بەغداد خێرا سەردانی سـەدام حوسـێنم کـرد و ئـەویش باسـی سـەرکەوتنی هەوڵـەکانیانی بـۆ کـردم لـە ئاشـکرا کردنـی ئـەو پیلانـەدا و چـۆن توانیویانە دەست بگرن بە سەر ٣٠٠٠ چەکدا. کاتێکیش پرسیارم کرد بۆ خەفاف لە سێدارە دراوە,سەدام زۆر بە ئاسایی وتی ئەوە (هەڵەیەك) ! بوو نەمتوانی لە کاتی خۆیدا پیٚ ی بزانم! . بەو جۆرەش سەدام بە هەڵە خەفاف ی لەسێدارەدرا, هەرچیم کرد نەمتوانی بڕوا بەقسەکانی سەدام بکەم, چونکە مەسەلەکە جێگەی گومـان بـوو , بەلأم ویستم ئەو گومانە بڕەوێنمەوە پرسیاری چارەنوسـی کوڕەکـانی خـەفاف م کرد لە سەدام بـە تایبـەت کـوڕێکی بـە نـاوی عـەباس کـە ئەنـدامی حیزبـی بـەعس وئەفـسەری هیزەکـانی چـەکی ئاسمـانی بـوو, سـەدامیش دڵنیـایی کردمـەوە لـە چارەنوسیان ..

پاش چوار مانگ لـەو روداوە (عـەباس خـەفاف )ی فرۆکـەوان و ئەنـدامی حیزبـی بەعس لە هێزەکـانی چـەکی ئاسمـانی یـەوە گوازرایـەوە بـۆ وەزارەتـی چاکسازی کشتوکاڵی و تا لەبەشی قەڵاچۆکۆدنی مێروە زیان بەخشەکان دەوام بکات کە هیچ پەیوەندییەکی بە چەکی ئاسمانی یەوە نـەبو و تـەنها فرۆکـەی بـچوك و سـادەیان بەکار دەهێنا بۆ قەلأچۆ کردنی میروە زیان بەخشەکان.

دواتریش بۆم دەرکەوت کە بەکر وسەدام هەردوکیان زانیارییان لەسـەر پیلانەکـەی راوی هەبوو,و هەریەك لە فازڵ بەراك و فازڵ ناهی لەلایەن ئەوانەوە خزێنرابویە نێو ئەو گروپەوە بەمەبەسـتی وەرگرتنـی زانیـاری و دانـانی ئامێرەکـانی تۆمـار کردنـی دەنگیش لەلایەن خەفافەوە یارمەتی دابوون لە ئاشـکرا کردنـی پیلانەکـە و دەسـت کەوتنی بەڵگە لەسەریان , هەروەك دواتر ئەوەش ئاشکرابوو کـە ئێـرانیش دەسـتی هەبوە لە ئامادەکردنی ئەو پیلانەدا.

ئەو دادگایەش دواتر دانرا بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنوسی بەشداربوانی پیلانەکەی راوی بەسەرۆکایەتی تەها یاسین رەمەزان بوو کە لە ٢١ ی کانونی دووەمی ١٩٧٠ حوکمی لە سێدارەدانی دەکرد دەرهەق بە ١٨ کەسایەتی سەربازی و ٤ کەسایەتی مەدەنی , لە رۆژی دواتریشدا سزاکان جیٚ بەجیٚ کران, لە کۆتایشیدا سەرجەمی ئەوانەی لە پای ئەو پیلانەوە لە سێدارەدران گەیشتە ٣٤ کەس , تەها جەزراویش زۆر بە شانازییەوە باسی لەوە دەکرد ئەو ئەرکەی پیٚ ی سپێرابوو چۆن بەباشی و سەرکەوتویی ئەنجامی داوە..

## خوێنی فەرەنسی

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ زەرورەتی سەفرێکمان بۆ دروست بوو تا سەردانی فەرەنسا بکەین و نامەیەکی ئەحمەد حەسەن بەکر ی سەرۆك کۆمار بگەیەنینە (جەنراڵ دیگۆل) ی سەرۆکی فەرەنسا, دوای ئەوەی وەزارەتی دەرەوە سەردانەکەی رێکخست و باڵیۆزی فەرەنساش لە بەغداد وەڵامەکەی داینەوە , وەفدێك پێك هات بۆ ئەنجام دانی ئەو سەردانە کە پێك هاتبون لە (دکتۆر جەواد هاشم وەزیری پلان دانان و سەرۆکی وەفدەکە و خالد مەکی هاشمی وەزیری پیشە سازی و عەقید شەفیق دەڕاجی رازگری نهێنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و ئەندازیار سەباح کەچەچی بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی پیشەسازی لە وەزارەتی پلان دانان و ئەندازیار عەبدولوەهاب باباجان بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی دیزایین و دامەزراندنی پیشەسازی لە وەزارەتی پیشەسازی), لە هەفتەی دووەمی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٨ بەغدادمان بەرەو فەرەنسا بەجێ هێشت, لە گەڵ خۆشماندا نامەیەکی ئەحمەد حەسەن بەکر مان پێ بوو بۆ جەنراڵ دیگۆڵ..

ئێوارەی رۆژی دواتر گەیشتینە پاریس و لەگەڵ هەڵسورێنەری کاروباری عێراق لە باڵیۆزخانەی عێراق لە پاریس سەردانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسامان کردو پاش کۆبونەوە لەگەڵیدا نامەکەی سەرۆك کۆمارم تەسلیم کرد چونکە لەو کاتە دا دیگۆل بە هۆی توش بونی بە ئەنفلۆنزا باری تەندروستی تەواو نەبوو, کۆبونەوەکەمان ماوەی سەعاتێکی خایاند و تیایدا باسی هەڵویستی حکومەتی نوێ ی عێراقم کرد لە بواری بەردەوام بونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا و بەرز کردنەوەی ئاستی ئاڵوگۆری بازرگانی و رۆشنبیری لە نێوان هەردولا دا , هەروەها ئەوەشم دووپات کردەوە کە عێراق دەیەوێت گرفتە داراییەکانی لەگەڵ فەرەنسا یەکلا بکاتەوە .

دوای کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکەمان لەگەڵیدا, وەزیری دەرەوەی فەرەنسا هەستایە سەرپێ تا بەڕێمان بکات بەڵام هێندە توند دەستی خستبوە سەر دەسکی کورسیەکەی لە پڕێکدا دەسکی کورسیەکە شکا و وەزیر کەوت بە ئەرزدا و سەری دای بە  بە قەراغی مێزی نوسینگەکەیدا لە ئەنجامدا بە سەختی سەری شکاوخوێن فیچقەی کرد و رژایە سەرنامەکەی بەکر کە بۆ دیگۆلی رەوانە کردبوو, وەزیری دەرەوەی فەرەنسا هەستایەوە سەرپێ ی وتی  دیگۆل لە راستی ئەم خوێنە ئاگادار دەکەمەوە کە ئەوە خوێنی فەرنسی یە !

پاش دیدارەکە گەڕامەوە ئەو ئوتێلەی کە حکومەتی فەرەنسا بۆی دابین کردبوین و لەوێ هەریەك لە هاشمی و دەڕاجی  چاوەڕێیان دەکردم. کاتژمێر لە دەوروبەری (٩) ی شەو نزیك دەبویەوە, بڕیارماندا ماوەیەك بە شەقامەکانی پاریسدا پیاسەیەك بکەین, سەرەتا بەرەو قاوەخانەیەك بەڕێ کەوتین کە کەوتبویە سەر شەقامی ئیلیزێ, پاش ئەوەی دوو کاتژمێر قسە و باسمان کرد گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکەمان , لە شەقامی پشتەوەی میوانخانەکە  ئۆتۆمبیلێکی بچوك راوەستابوو, کە کوڕ و کچێکی گەنجی تیدابوو, پێکەوە یەکتریان ماچ دەکرد, لەوکاتەشدا خالد مەکی کەمێك راوەستا و سەیرێکی کردن و هەندێك قسەی کرد,  خالد لە قسەکانی تەواو نەبو بو کەچی کوڕە گەنجەکە روی تێ کردین و هەندێك قسەی کرد بە زمانی فەرەنسی کە ئێمە هیچی لێ تێ نەگەیشتین, بەڵام وابزانم لەوە توڕە بوو کەئێمە بەو جۆرە سەیرمان کردوون, دواتر بۆ ماوەیەکی کەم ئۆتۆمبیلەکامان بەجێ هێشت و پاش کەمێك کوڕە گەنجەکە هاتە دەرەوە لە ئۆتۆمبیلەکەی و بە ئاماژە تێ ی گەیاندین کە ئۆتۆمبیلەکەی پەکی کەوتوە لەسەرمادا و دەیەوێت پاڵی پێوە بنێین, ئێمەش بە دەم داواکەیەوە رۆیشتین و هەرسێکمان بۆ ماوەیەکی دورو درێژ پاڵمان بە ئۆتۆمبیلەکەوە نا و کوڕە گەنجەکەش لەلایەك بەدەستێکی  کچەکەی هاوڕێ ی گرتبوە باوەشی و بەدەستەکەی ترشی دەیویست ئۆتۆمبیلەکە ئیش پێ بکات, لەو کاتەدا سەرقاڵی پاڵ نانی ئۆتۆمبیلەکە

بوین, شەفیق دەڕاجی سەیرێکی کردین وتی:بڵێ ی ئەو گەنجە نەفرەت لێکراوە بزانێت ئەوەی پاڵی پێوە دەنێت سێ بەرپرسی گەورەی دەولەتی عێراقین" هاشمیش وەڵامی دایەوە وتی " وەڵاهی بزانییایە ئەوانەی پاڵ بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە دەنێن بەعسین ئەوا هەر بەخێرایی هەڵ دەهات و ئۆتۆمبیل و کچەکەشی بەجێ دەهێشت" بەهەرحاڵ گەنجەکە پێش ئەوەی لەوە بپرسێ کێ پاڵ بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە دەنێت و شناسنامەکەیان بزانێت ئۆتۆمبیلەکەی کەوتە ئیش و بە خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی لێ خوڕی و کچەکەشی لە باوەش گرتبوو! !

## بارزانی و ئینسکلۆپیدیای بەریتانی

له كاتێكدا لەسەردانی فەرەنسا بوین له مانگی دیسەمبەری ١٩٦٨ , لەلایـەن وەزارەتـی دەرەوەی عێراقەوە بروسكەیەكمان پێ گەیشت تا سەردانی بەریتانیاش بكەین, چـونكە حكومەتی بەریتانی بـەرەسمی بانگهێـشتی وەفـدی عێراقـی كردبـو, هەرچـەند وەزیـری دەرەوەی عێراقی پێشتر ئاگاداری نەكردبوینەوە لـە وەهـا سـەردانێك و نـەك هێنـدەش بەڵكو سروشتی ئەو ئەركەشمان نەدەزانی كه دەبـوو لەبـەریتانیا پـێ ی هەسـتین, هـەر بۆیه پەیوەندیم كرد به باڵیۆزی عیراقەوە له بەریتانیا و لەوبارەیەوە پرسـیارم لێ كـرد و ئـەویش لـە وەڵامـدا وتـی داوەت نامەكـە لـە (مایكـل سـتیوارت) ی وەزیـری دەرەوەی بەریتانیاوە بوەو زۆر پەله بوە.

رۆژی ١٥ ی مانگی كانونی یەكەمی ١٩٦٨ گەیشتینە لەندەن و حكومەتی بەریتانی لـە ئـۆتێلی ( سـاڤۆی) میوانـداری كـردین, (كـازم خەلـەف) ی بـاڵیۆزی عـیراق لەبـەریتانیا ئێوارەی هەمان رۆژ پێ ی راگەیاندم كه سەردانەكە لەسەر داوای حكومەتی بەریتانی یە و ئەوان ئارەزویان كردوە تا چاویان بكەوێت به بەرپرسانی تازەیحكومەتی عێراقی .

رۆژی دواتر كاتژمێر (١٠) ی سەر لەبەیانی لەگـەڵ هەریـەك لـە خالـد مـەكی و شـەفیق دەراجی و كازم خەلەف ئەندامانی وەفدەكە سەردانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیامان كرد و لەلایەن وەزیری دەرەوەی بەریتانیاوە له نوسینگەكەی خـۆی پیـشوازی كـراین , پێدەچـێت وەزیـری درەوەی بـەریتانیا ئاگـاداری و زانیـاری تـەواوی هـەبوبێت بەسـەر رابردوی ئەندامانی وەفدەكـەدا , بـەلام لـە میانـەی گفتوگۆكانـدا هـیچ ئاماژەیـەكی لـەو بارەیەوە نەدركاند.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا باسی له پەیوەندی نێـوان هـەردوو وڵـات كـرد و ئامـاژەی بەوەدا كه حكومـەتی بـەریتانی دەیـەوێت پەیوەندییـەكانی لەگـەڵ عـیراق پتـەو بێـت و

بەشێوەی ئاماژەش باسی لەوەکرد تا ئەوکەڵێنانەی کاتی خۆی سیاسەتەکانی عەبدولکەریم قاسم دروستی کردبون لە پەیوەندی نێوان هەردولادا چاك بکرێتەوە , ئیتر زۆر قسە باسی لەو جۆرە لە نێوانماندا ئاڵوگۆڕ کرا.

پێش تەواوبونی کۆبونەوەکە وەزیری دەرەوەی بەریتانی پرسیاری لێ کردین گەرشتێکی تر مابێت جێگەی پرسیارو سەرنج لێ دان بێت تا باس بکرێت یان گەر تێبینی یەکی پێویست هەبێت تا بیگەیەنێتە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا , منیش لەلایەن خۆمەوە وەك سەرۆکی وەفدەکە وتم هیچ تێبینی و سەرنجێکی ئەوتۆمان نیە و لەگەڵ ئەوەی پەیمانم پێدا تا سەرجەم تێبینی وسەرنجەکانی بگەیەنمە سەرکردایەتی عێراقی و بە تایبەت سەرۆك کۆمار بەمەبەستی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندی نێوان هەردولا.

لەو کاتەدا خالد مەکی هاشمی هاتە نێو قسەو باسەکانەوە و وتی من رەخنەیەکم هەیە و دەمەوێت بۆمان تۆمار بکەیت, ئەویش پەیوەندی هەیە بەمەوسوعەی مەعاریفی بەریتانی (ئینسکلۆپیدا) هوە, لەو مەسوعەدا شتێکی تێدایە دەربارەی کوردەکانی عێراق و بە تایبەت دەربارەی پێشەوای بزوتنەوەی کورد مەلا موستەفا بارزانی و داواو خواستەکانی کورد لە دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ خۆیان کە درێژکراوەی کۆماری مەهاباد بێت, هەروەها هاشمی درێژەی بەقسەکانی دا و وتی لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی دا مەلا موستەفا بەپێشەوایەکی شۆڕشگێر وەسف دەکات کە ئەوەش لایەنگری ئەو مەوسوعەیە لە کوردەکانی عێراق و هەلویستی دژ بە عێراقە ! !

لەبەرامبەردا وەزیری دەرەوەی بەریتانی زۆر بەساردییەکەوە وتی "ئینسکلۆپیدیای بەریتانی مەوسوعەیەکی تایبەت بە مەعاریف و زانیارییە و حکومەتی بەریتانی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا نیە بۆ لابردن و زیاد کردنی هیچ وشەیەك تیایدا , چونکە بەریتانیا ولاتێکی دیموکراتی یە و پابەندە بەبنەماکانی دیموکراتی یەوە ئەوەش وادەکات دەست لەو جۆرە کاروبارانە وەرنەدات ".

هاشمی دیار بووقەناعەتی بە قسەکانی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا نەکردبوو هەربۆیە قسەکانی پێ بڕی و وتی " حکومەتی بەریتانیا و تەنانەت وەزارەتی راگەیاندنیش ناتوانن دەستکاری ئەو زانیارییە بکەن کە تایبەتە بەکورد؟ ! !

لە وەڵامدا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا وتی " نەخێر ناتوانین دەست وەربدەینە کاروباری دامەزراوەیەکی مێژوویی وەك ئەوەی ئینسکلۆپیدیا دەردەکات , هەروەهاحکومەتی بەریتانیا وەزارەتی راگەیاندنی نیە هەروەك لە وڵاتانی وەك ئێوەدا هەیە , راگەیاندن لە بەریتانیا چاودێرە بەسەر حکومەتەوە و کەناڵەکانی راگەیاندن بە تەلەفزیۆن و رادیۆ رۆژنامە زمانی کۆمەڵگان لەسەر حکومەت نەك بە پێچەوانەوە.

هاشمی لەبەر خۆیەوە بە عەرەبی وتی (بەراستی مەسەلەیەکی سەیرە !) لەو کاتەشدا کازم خەلەف ی باڵیۆزی عێراق لە بەریتانیا بە لیاقەتە دیپلۆماسیەکەی هاتە نێو مەسەلەکەوە و رزگاری کردین لەو کەندەڵانەی کە هاشمی وەفدەکەی تێ خستبوو.

دوای گەڕانەوەمان بۆ ئوتێلەکە هێشتا هاشمی هەر قەناعەتی نەکردبوو, لەبەر خۆیەوە سەیری کازم خەلەف ی دەکرد و دەیوت " تۆ بڵێ ی ئەوە راست بێت حکومەتێکی وەك بەریتانیا , بەو هەموو دەسەڵات و لێهاتنەی هەیەتی کە وڵاتیکی زەبەلاح و ئیستعمارییە, لەبەر خاتری حیزبی سەرکردە و شۆڕش نەتوانێت زانیاریەکی بچوك لەو مەوسوعەیەدا بگۆریت؟ !

لەراستی دا ناهەقی ناگرم , چونکە هاشمی (زابت روکن) بوو لە سوپادا, لەگەڵ ئەوەی کەسێکی دڵساف و ساویلکەش بوو, لە هەمان کاتدا زۆر زوو تورە دەبوو, میزاجێکی سەیر و دانەمەزراوی هەبوو, دەبوا کەسێکی بەئارام و دیپلۆماسی لەگەڵدا بوایە لەو جۆرە شوێنانەدا چونکە زۆر جار تێکی دەدا. !

# وەزیری دەرەوە
# لەگەڵ وەستانی جێ بەجێ کردن

رۆژ: یانزەی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ بوو کاتژمێریش لە دەروبەری یانزەی پێش نیوەرۆ نزیک دەبویەوە, لەوکاتەدا زۆر سەرقاڵی دانوستان بووم لەگەڵ نێردەیەکی بانکی نێودەوڵەتی, لە پڕ زەنگی تەلەفۆنەکەم لێ ی دا, لەسەرەتادا تەلەفۆنەکەم هەڵنەگرت و وەلامم نەدایەوە, بەلاّم زەنگەکە هەر بەردەوام بوو, ناچار تەلەفۆنەکەم هەڵگرت, دواتر زانیم ئەوەی لەسە خەتی تەلەفۆنە (شەفیق دەڕاجی ) رازگری نهێنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشە, و داوای لێ کردم بۆ کارێکی گرنگ سەردانی کۆشکی کۆماری بکەم..

کۆبونەوەکەم لەگەڵ نێردەکەی بانکی نێودەوڵەتی دا کۆتایی پێ هێنا و بەرەو کۆشکی کۆماری بەڕێ کەوتم, کاتێک دەڕاجیم بینی لەیەکەم قسەدا پێ ی وتم بەخێربێیت وەزیری تازەی دەرەوە ! !

- چی دەڵێیت شەفیق؟

پرسیارم لێ دەکرد و لە هەمان کاتدا دەمویست خۆشحاڵی خۆم لەو هەواڵە بشارمەوە و نەیخەمە روو, لە ناخی خۆمدا دەم وت :خۆ گەربێتوو ئەو هەواڵە راست بێت ئەوا چارەسەرێکی بەشێکی زۆری ئەو فشارە دەکات کە ماوەیەکە پێوەی دەناڵێنم وەك وەزیری پلان دانان لەگەڵ هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەوەزیرەکان.

دەڕاجی شتەکانی زۆر نەشاردەوە و تێ ی گەیاندم کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئێوارەی دوێنێ کۆبونەوەیەکی دوورودرێژی ئەنجام داوە کە تا بەیانی ئەمرۆ درێژەی هەبوە و ژمارەیەك بڕیاری تیدا دراوە کە زۆر گرنگن و هەروەها بڕیار دراوە

گۆرانکاری وەزاریش ئەنجام بدرێت , بۆ ئەوەی ئەوانە ئەو گۆرانە وەزارییە دەیان گرێتەوە توشی موفاجەئە نەبن بڕیارە پێش وەخت ئاگادار بکرێن , چونکە زۆرێك لە وەزیرەکان بە گۆڕانی پۆستەکانیان توشی موفاجەئە دەبنەوە. هەروەها دەڕاجی وتی ئەوبڕیارانە وادەکات کە سەر لەنوێ دیسپلینی دەوڵەت بکرێت و رێك بخرێتەوە ودەسەلأتی وەزیرەکان بەشێوەیەکی ئاشکراتر دیاری دەکرێت لەگەڵ دەسەلأتی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامەکانی .

پاش وەگرتنی پشویەکی کەم لە نوسینگەکەی دەراجی , گەڕامەوە وەزارەتی پلان دانان و کاتیش بەرەو (١) ی پاش نیوەرۆ دەرۆشت و دەوامی رەسمی جگە لە یەك سەعات هیچی تری نەمابوو, هەربۆیەش بەپەلە لەگەڵ گەورە کارمەندانی وەزارەت کۆبونەوەیەکم سازکرد و پێم راگەیاندن کە بەم زوانە من لە شوێنێکی تر دەست بەکار دەبم , بەلأم شوێنی کاری نوێم پێ نەوتن کە وەزارەتی دەرەوە بوو.

لە دوایدا دەستم کرد بە کۆکردنەوەی ئەو ئەوراقانەی کەلەسەر مێزەکەم هەبون لەگەڵ تەواو کردنی ئەو مامەلأنەی لەبەردەسمدا بوو. دوای کاتژمێر (٢) ی پاش نیوەرۆش زەنگی تەلەفۆنەکەم لێ ی دا کاتێك هەڵ گرت سەیرم کرد کە( یەحیا یاسین) ی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارە و بەرپرسی دارشتنی مەرسومەکانی کۆمارییە.. وتی دکتۆر لە سەعات (٨) ی ئەمشەو چەند مەرسومێکی کۆماری بلاودەکرێنەوە کە پۆستی هەندێك لە وەزیرەکان دەگۆڕڕێت و پۆستەکەی تۆش دەگۆڕێت, هەربۆیش سەرۆك کۆمار پێ ی وتم تا ئاگادارت بکەمەوە تا نەبێت بە موفاجەئە بۆت..

منیش لەلایەن خۆمەوە سوپاسم کرد لەسەر هەواڵەکە و باسم لەوە نەکرد کە قسەم لەگەڵ شەفیق دەراجی کردوە.

لە نوسینگەی خۆم لە وەزارەتی پلان دانان تا کاتژمێر چواری پاش نیوەرۆ مامەوە و سەرجەم کارەکانم تەواو کرد و پاشان بەرەو ماڵ گەڕامەوە تا چاوەڕێ ی راگەیاندنی

مەرسومە کۆمارییەکانی لە کاتژمێر هەشتی شەوبم, کە بڕیارە ببم بە وەزیری دەرەوە.
من بڕوام وابوو کە پۆستی وەزارەتی دەرەوە هەنگاوی یەکەمە بەرەو بالیۆزخانە , چونکە پێشتر عەبدولکەریم شێخلی وەزیری دەرەوەبوو و پاشان بوو بە نوینەری عێراق لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و (مورتەزا سەعید عەبدولباقی)ش بوو بە بالیۆز لە ئیسپانیا.

لە سەعات هەشتی شەو مەرسومەکان خوێنرانەوە کە گۆڕانکاری گەورە کرابوو لە پۆستە وەزارییەکاندا بەلاّم ناوی من لە نێو وەزیرە تازەکاندا نەبوو, بەڵکو لە پۆستی وەزیری پلان دانان ئیعفا کرابوم و کرابووم بە ئەندامی ئەنجومەنی پلان دانان لەگەڵ هێشتنەوەی پۆستەکەی ترم کە راوێژکاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووم (نوسینگەی کاروباری ئابوری) , هەروەها نەکرام بە وەزیری دەرەوە هەروەك دەڕاجی پیێ ی راگەیاندبوم و وەك بالیۆزیش دانەنرام هەروەك لەگەڵ سەدام حوسێن پێشتر لەسەر ئەوە رێکەوتبوین.

پاش دوو هەفتە لەوەرگرتنی پۆستی تازە, چاوم کەوت بە شەفیق دەراجی و ئەوەی بۆ باس کردم کە مەسەلەکە چۆن رویداوە,دەڕاجی وتی بەکر پێشنیاری کردبووم بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە و پۆستی وەزارەتی پلان دانانیش بە وەکالەت بدرێت بە دکتۆر سەعدون حەمادی لەگەڵ مانەوەی لەپۆستی وەزیری نەوت و سەرۆکی کۆمپانیای نیشتمانی نەوت, سەدامیش لەسەر ئەو پێشنیاری رازی بووبو, بەلاّم لە کۆبونەوەیەکی دوو قۆڵی نێوان سەدام و بەکر مەسەلەکە دەگۆڕێت , ئەوەش لەبەر هەندێك هاوکێشەی ئالۆزی نێوان بەکر و سەدام کە زیاتر جۆرێك لە ململانیێ و کەم کردنەوەی هەژمونی یەکتربوە لەبوارە گرنگەکانی وەك نەوتدا.

# وڵاتانی کەنداو و
# ئەرکە حیزبی و موخابەرایەتی یەکان!

لەگەڵ ئەو ئیزدیواجیەتەی کە لە نێوان بیرکردنەوە لە روانگەی حیزبییەوە لەگەڵ وێناکردنی کرداری سیاسەتە عەرەبییەکانەوە هەیبوو, سەرکردایەتی بەعس هەر لەیەکەم رۆژەکانی سەرەتای دەسەلأتییەوە گرنگی یەکی بەرچاوی دابوو بە وڵاتانی کەنداو, تەنانەت زۆر جار بەشێوەیەکی هەرەمەکی هەوڵی دەدا تا پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ وڵاتانی کەنداو دابمەزرێنێ,دیارە ئەمەش شان بەشانی کارکردن لەسەر بنیات نانی شانە حیزبییەکان بە شێوەیەکی نهێنی لەو وڵاتانەداو لەرێگەی کردنەوەی سەنتەری بازرگانی و لقەکانی بانکی رافیدەینەوە کە ئیدارەکەی دەدرایە دەست کادێرە حیزبی یە پێشکەوتوەکان کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییان هەبوو بە نوسینگەی پەیوەندیە گشتی یەکان (دواتر بوو بە دەزگای هەواڵگری ) و نوسینگەی کاروباری عەرەبی پەیوەست بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە.

لە هەمان کاتدا سپاردنی بەرپرسیارێتی ئەو سەنتەر و لقانە و نوسینگەکانی هێڵی ئاسمانی عێراقی هاوکات بوو لەگەڵ ئەرکە حیزبی و موخابەرایەتی یەکاندا, و لە نێو ئەو ئەرکانەشدا ئاسانکاری نواندن بۆ کردەوەی تیرۆر کردن و چاندنی بۆمب...

بەحوکمی مانەوەم لە ئەبو زەبی لە نێوان سالأنی ١٩٧٧ تا١٩٨٢ وردەکاری کۆمەڵێك لەو کارانەم هاتە بەردەست و هەڵوێستەم لەسەرکردن, لەم بوارەشدا چەند نمونەیەکم لە یادە کەچۆن دەزگای موخابەراتی عێراقی هەوڵی ئەم جۆرە کارانەی دەدا, بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٠هەوڵی چاندنی بۆمب لە شاری ئەبو زەبی ئەوەش لە رێگەی بەرێوەبەری سەنتەری بازرگانی عێراقی و بەرێوەبەری هێڵی ئاسمانی عێراقی و بەرپرسی موخابەرات لە بالیۆزخانەی عێراق لە ئەبو زەبی, لە کاتێکیشدا ئەو گروپە بە

ناوی داوەتەوە لە ماڵی یەکێکیاندا کۆدەبنەوە و دەست بە ئامادەکردنی بۆمبەکە دەکەن , بۆمبەکە دەتەقێتەوە ودەنگێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی کوژرانی بەرپرسی موخابەراتی بالیۆزخانەی عێراق لە ئەبو زەبی و بریندار بونی ئەوانەی لەگەڵیدا بوون, لەو کاتەشدا حکومەتی عێراقی لە میانەی بەیاننامەیەکی دا دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل و ئێرانی تاوانبار کرد بە رێکخستنی ئەو روداوە.

لە روداوێکی تردا لە ئیمارەتی شاریقە دەزگای موخابەراتی عێراقی پیاوێکی خاوەن کاری عێراقی بەناوی (تارق عەبدولرەزاق قەدوری ) بە کارهێنا بۆ دەست کەوتنی ڤیزا بۆ بەکرێگیراوێکی عێراقی تا سەردانی ئەو ئیمارەتە بکات بەمەبەستی ئەنجام دانی کارێکی تیرۆر کردن کەپێ ی سپێرابوو..

قەدوری هاورێ ی سەردەمی خوێندنی زانکۆییم بوو کاتێك لە کۆلیژی بازرگانی و ئابوری لە بەغداد دەمخوێند , لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر دۆست و هاورێ ی بەرچاوی هەبوو لە شاری بەغداد و یەکێکیش لەوانە (عەبدولکەریم شێخلی ) وەزیری دەرەوەی عێراق و(سەعدون شاکر)بەرپرسی دەزگای هەواڵگری و پاشان وەزیری ناوخۆ و(بەرزان تکریتی )بەرپرسی دەستەی پارێزەری سەدام و پاشان سەرۆکی دەزگای هەواڵگری , لە گەڵ ئەوەی قەدوری خۆی بازرگانێکی لێهاتوو بوو, لە هەمان کاتدا هەوڵی دابوو تا سود لەو پەیوەندییانەی خۆی وەربگرێت کە لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا هەیبوو, کە لە دوایدا هەندێك گرفتی بۆ دروست کردو لەسەر ئەوەش زیندانی کرابوو, دوای سالێکیش لە ئازاد کرانی لە زیندان عێراقی بەجێ هێشتبوو تا لەئیمارەتی شاریقە بژی وسەرقاڵی کاری بازرگانی خۆی بێت, هەروەك پەیوەندییەکانی لەگەل ژمارەیەك لەو بەرپرسە عێراقییانەدا هێشتبویەوە.

بە هەر حاڵ ئەو کەسەی کە پیاوی دەزگای هەواڵگری عێراق بوو قەدوری هەستابوو بەوەرگرتنی ڤیزای هاتنە ناوەوە بۆ ئەو ئیمارەتە و ماوەیەك لە ماڵی قەدوری مابویەوە بە بیانوی ئەوەی دەیەویت فێری بازرگانی ببێت تا لە دوایدا بتوانێت هەستێ

بـە کـاری هـاوردەکردن و هـەناردەکردن. لـە نیـوەرۆی رۆژێکـی هـەینی دا قـەدوری دەیگەیەنێتە مزگەوتێکی شاری (دوبەی) بەمەبەستی ئـەنجام دانـی نوێـژی هـەینی تـا دوای نوێـژی هـەینی بگەرێتـەوە مـاڵی قـەدوری , بـەڵام بەکرێگیراوەکـەی دەزگـای موخابـەراتی عێراقـی پـێش ئـەوەی نوێژەکـەی خـۆی تـەواو بکـات نەیهێشتبوو ئـەو کەسایەتی یە ئاینی یە عێراقیی یەش کەهاتبوو بـۆ تـیرۆر کردنـی تـا نوێژەکـەی تـەواو بکات و هەڵدەسـتێ تەقـەی لێ دەکـات و چـەند گولەیـەکی پێـوە دەنێـت و لـە ئاکامـدا دەست بەجێ گیان لە دەست دەدا و پاش روداوەکەش راسـتەوخۆ لەلایـەن هێزەکـانی پۆلیـسەوە دەسـتگیر دەکرێـت و دواتـر تاوانبارەکـە دان دەنێـت بـەوەدا کەسـەر بـە دەزگای موخابەراتی عێراقی یەو لە ماڵی (تارق قەدوری )ماوەتەوە , هەربۆیش لەگـەڵ ئەودا تاریق قەدوریش دەستگیر دەکرێـت و دەخرێنـە زیندانـەوە بەمەبەسـتی دادگـایی کردنیان.

لە دوایدا من لەلایەن (شێخ خەلیفە بن زاید)ی شازادەی ئیمـارەتی ئـەبو زەبـی یـەوە هەوڵم دا تا قەدوری ئازاد بکەم و دوای ئەوەی قەدوری دڵنیایی کردمـەوە لـەوەی ئـەو ئاگاداری ئەو کەسە نەبوە و نەیزانیوە بۆ کارێکی لەو چەشنە هاتوەو دیار بوو کـارێکی لەو چەشنەش زیاتر مەبەست پـێ ی قـەدوری بـووە تـا رزگاریـان ببێـت لێـی, دوای ئەوە شێخ خەلیفە بن زاید رازی بوو تا ئازادی بکات بەو مەرجەی لە ماوەی سێ رۆژدا ئەو ولاتە بەجێ بهێڵێ, دواتر رەوانەی عێراق کرایەوە.

دوای چـەند هەفتەیـەك لـە گەیـشتی بـۆ بەغـداد ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش بڕیاری دا بەبەخشینی ئۆتۆمبیلەکەی و کەرەستەی ناوماڵەکەی لە رەسمـی گـومرکی و دواتـر بانگهێـشت کرابـوو بـۆ ئێـوارە خوانێـك لەگـەڵ ژمارەیـەك بەرپرسـی عێراقـی بەمەبەستی رێزلێ نانی , پاش تەواو بونی ئێـوارە خوانەکـە بەچـەند کاتـژمێرێك تـاریق قـەدوری بـاری تەندروسـتی تێـك دەچـێت و دوای گەیانـدنی بـۆ نەخۆشـخانە بـە هـۆی

تەقینی قورحەی ریخۆڵەیەوە گیان لە دەست دەدا لـە کاتێکدا پێشتر قـەدوری باسـی لەوە نەکردبوو کەوەها نەخۆشی یەکی هەبێت و شتی وای نەبوە ! !

بەم جۆرە پەیوەندی عێراق لەگەڵ وڵاتانی کەنـداو لـەو بازنـەدا دەسـوڕایەوە, لەسـەر ئاستی رەسمی پەیوەندی برایەتی کە هاوڕێ بوو لەگەڵ پرۆسەی تەقاندنەوەی بۆمـب و تیرۆرکردن و دروست کردنی شانەی نهێنی حیزبی و موخابەراتی لەو وڵاتانەدا.

## بانگهێشتی مەرگ

دکتۆر فەوزی قەیسی لە ساڵی ١٩٧٧ وەزیری دارایی بوو, پەیوەندییەکی پتەوم هەبوو لەگەڵیدا چونکە هاوڕێ ی ساڵانی خوێندنی زانکۆم بوو لە کۆلیژی بازرگانی و ئابوری , کاتێك دکتۆر فەوزی سەرنجی دابوو کە خۆشحاڵ نیم بەو کارەی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئەستۆمدا بوو, پێشنیاری وەزیفەیەکی بۆ کردم لە دەرەوەی وڵات کە ئەویش بریتی بوو لە پۆستی (سەرۆکی سندوقی دراوی عەرەبی) لە ئەبو زەبی .سەرەتا لەبەر چەند هۆکارێك دوو دڵ بوم لە وەرگرتنی ئەو پۆستە بەڵام دکتۆر قەیسی هەوڵی دا تا قەناعەتم پێ بهێنێ بۆ وەرگرتنی پۆستەکە, و ئامۆژگاری کردم تا عێراق بەجێ بهێڵم و دور بکەومەوە بەهۆی ئەو پەیوەندییە خراپەی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی بە تایبەت (تەها جەزراوی و و حیکمەت عەزاوی وەزیری ئابوری) هەم بوو, هەربۆیەش بیرۆکەکەی (دکتۆر فەوزی قەیسی ) م قبوڵ کردو دوای ئەوەی کاندیدی کردم بۆ ئەو ئەو پۆستە, ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش رازی بون.

پێش ئەوەی رۆژی ٦ ی ئایاری ١٩٧٧ بەغداد بەجێ بهێڵم و پەیوەندی بکەم بە کارەکەمەوە سەردانی (سەدام حوسێن) م کرد بەمەبەستیماڵئاوایی لێ کردنی و گوێ گرتن لە ئامۆژگاری و سەرنجەکانی سەبارەت بە کارە تازەکەم, پوختەی قسەکانی سەدام ئەوەبوو کە بە شێوەیەکی زۆر گەورەو لە خۆبایی مامەڵە لەگەڵ بەرپرسانی ئیماراتی بکەم بە جۆرێك کە رەنگدنەوەی گەورەیی و پایەبڵندی عێراق بێت, بێ ئەوەی باس لەوە بکات کە بەرپرسانی ئیماراتی برای ئێمەن.

دوای زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر سەردانەکەمدا بۆ ئیمارات, رۆژی ١٧ ی تەموزی ١٩٧٩ رادیۆی ئیمارات هەواڵێکی ترسناکی خوێندەوە دەربارەی گۆڕانکاری گەورە لە سەرکردایەتی عێراقی دا, ئەحمەد حەسەن بەکر لەبەر هۆکاری تەندروستی دەستی

کێشاوەتەوە لە پۆستی سەرۆك كۆمار و سەدام بوەتە سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزیران و ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لەگەڵ زنجیرەیەك لە گۆرانکاری و دامەزراندنی تـر . لـە رۆژی ٢٩ ی ئـەو مانگەدا و لە سەعات (١٠) ی سەر لەبەیانی دا کاتێك لە نوسینگەکەی خۆم لە سندوقی دراوی عەرەبی دانیشتبوم, سکرتێرەکەم هاتە ژورەوەو وتی کەسـێك لـە باڵیۆزخانـەی عێراق لە ئەبو زەبی هاتوە و دەیەوێت بـۆ کـارێکی بەپەلـە چـاوی پێـت بکـەوێت. ئـەو کەسەش جگە لەبەرپرسی موخابەراتی بالیۆزخانەی عێراق کەسی تـر نـەبوو, ئاگـادای کردمەوە کە بروسکەیەکم بۆ هـاتوە و سـەرۆك کۆمـار بانگهێـشتی وڵاتـی کردومەتـەوە بەمەبەستی هەندێك راوێژ کردنی تا بیەت بـە کاروبـاری ئـابوری و لەبەرامبـەردا منـیش سوپاسم کرد و وتم خۆم تەلەفۆن دەکەم بۆ سەرۆك تا بزانم حەقیقەتی مەسەلەکە چی یە؟

دوای ئەوە ماوەیەك کەوتمە بیر کردنەوە لەوەی تۆ بڵێی ئەم داوەت کردنە لە ناکـاوە بـۆ چـی بێت؟بەراسـتی بروسـکەکە هـی سـەرۆك کۆمـارە یـان لەسـەرۆکی دەزگـای موخابەراتی یەوە هاتوە ؟ خۆگەر سەرۆك کۆمار داوای گرانەوەی کردوم بۆ لـە ریگـەی وەزارەتی دەرەوەوە بروسکەکەم پێ نەگەیشتوە تـا بـاڵیۆزی عـیراق ئاگـادارم بکـات؟ لەم بارەوە پرسیاری زۆرم بۆ دروست بوو. هەستم کرد مەسەلەکە شتێکی نا سروشتی یە, هەربۆیە پەیوەندیم کرد بە کۆشکی کۆمارییەوە تا قسە لەگەڵ سـەدام بکـەم بـەڵام وتیان سەرۆك کۆمار لێرەنیە, دواتر تەلەفۆنەکەم تەحویل کرد بۆ بەرزان تکریتی کە لە تەواوی خۆشی و کامەرانی دابوو, کاتێکیش باسم لە بروسکەکە کرد وتم کاتم زۆر کەمـە و ئیلتیزاماتم زۆرە, بەرزان بە موجامەلە کردنەوە وتی " کاتی پێویستی خۆت وەربگرە بۆ گەڕانەوە" بەڵام لەگەڵ ئـەو موجامەلـەی بەرزانیـشدا هێـشتا هـەر دوو دڵ و نیـەران بووم, چونکە ئەو جۆرە مامەڵە کردنەی بەرزان مامەڵەیەکی موخابەراتی بوو .

چەند هەفتەیەك لە هاتنی بروسکەکە تێ نەپەڕی بوو, ئاژانسەکانی هـەواڵ هـەواڵی زنجیر تەسفیاتەکانی بەغدادیان گواستەوە کـە ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی سـەرکردایەتی هەرێمایـەتی پـارتی بـەعس لـە سـێدارە دراون لـە نێویـشیاندا (عـەدنان حەمـدان) و هاورێکانی بە تۆمەتی پیلان گێڕان لە دژی سەدام حوسێن. کاتێك ئەو هەواڵانەم بیست لە لەندەن بوم و سوپاسی خوام کرد کە لە بەغداد نـەبووم بـۆ وەڵامدانـەوەی داواکـەی سەرۆك کۆمار, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تادەهات زیاتر نیگەران دەبوم, لەنێو ئەو فەزوا و جەنجاڵی یەی ناخمدا بڕیـارم دا پەیوەنـدی بکـەم بـە دکتـۆر فـەوزی قەیـسی وەزیـری دارایی یەوە, کە لەو کاتـەدا بەمەبەسـتی چارەسـەرکردن لـە پـاریس بـوو, بـۆ ئـەوەی راویژی پیێ بکەم و بزانم بگەرێمەوە بەغداد یان نا , هەروەها بـزانم هەڵویـستی سـەرۆك دەربارەی من چی یە؟

لە وەڵامدا دکتۆر قەیسی وتی " ئەوانە شەڕێکت توش دەکەن, گەر شتێك لە خـۆت شـك نابـەیت یـان ناترسـیت لـە خـۆت ئـەوا باشـتر وایـە بگەرێیتـەوە بەغـداد, چـونکە نەچونت بۆ بەغداد دەبێتە هەڵویستی دژ بـە دەسـەڵاتی تـازە و ئـەوانیش دەتـوانن لـە پۆستی سەرۆکی سندوقی دراوی عەرەبی لات بەرن ئیتر یان ئەوەتا دەبێت بگەرێیتەوە بۆ عێراق یـان داوای مـافی پەنابـەری لـەولاتێکی تـر بکـەیت " پـاش ماوەیـەك دکتـۆر قەیسی لە پاریس گیانی سپارد دواتر منیش لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ١٩٧٩ گەڕامـەوە بۆ ئەبو زەبی , چەند رۆژێك تێ نەپەڕی بوو بەسەر گەڕانەوەمدا بەرپرسی موخابەراتی باڵیۆزخانەی عێراق لە ئەبو زەبی وەك سروشتی خۆی سەردانی کردمـەوە بـێ ئـەوەی پێـشتر وادەی دانیـشتم هـەبێت لەگـەڵی دا و پرسـیاری ئـەوەی لێ کـردم کـە ئـاخۆ گەڕاومەتەوەبۆ بەغداد یان نا؟, هەر بۆیـەش ئـەوە وای لێ کـردم رۆژی ١٨ ی تـشرینی یەکەم دیاری بکەم بۆ گەڕانەوەم بۆ بەغداد.وەك گرتنە بەری رێوشوێنێکی خۆپارێزیش لەسەردانەکەم بۆ بەغداد وەفدێکم پێکهێنا لە ئەندامانی سندوقی عەرەبی بەمەبەستی هاورێیـەتی کـردنم. لـە نـاخی خۆمـدا وتم زۆر ئاسـان نیـە دەسـتگیر بکـرێم کاتێـك مـن

کەسـەرۆکی وەفـدێکی ڕەسمـی بم, یـان لانـی کـەم گـەر دەسـتگیر بکـرێم بـە ئاسـانی گرتنەکەم ناشارێتەوە.

ڕۆژی ١٨ ی مانگی لەگەڵ وەفدەکە گەیشتمە فرۆکەخانەی ئەبو زەبـی وسـەیرم کـرد باڵێوزی عێراق و بەرپرسی موخابەراتی بالیۆزخانەی عیراق لـەوێ چـاوەڕێم دەکـەن تـا دڵنیابن لەوەی کە بەڕاسـتی سـەردانی بەغـداد دەکـەم و بـۆ هـیچ لایـەکی تـر سـەفەر ناکەم. لە کاتێکدا لـە هـۆلی چـاوەڕوانی کـردن بـوم تەلـەفۆنیکم بـۆ هـات لـە عومـەری کوڕمەوە وتی:" خەوم پێتەوە بینیوە بەگەیشتنت بۆ بەغداد ئـەوا سـەدام حوسـین بـە فیشەك دەت کوژێت " هەربۆیە عومەر زۆر لێم پاڕایەوە تا ئەو سەفەرە نەکەم وریایی زۆری پێدام, بەراستی دەیلێم گەر بێتو لەبەر ئابڕو شەرمی خۆم نەبوایە و ئەو وەفدەم لەگەڵ نەبوایە ئەوا سەفەرەکەم هەڵ دەوەشاندەوە , بەلاٌم لەگەڵ ئەوەشـدا کوڕەکـەم دڵنیا کردەوە و پاشان خوا حافیزیم کرد .

بە گەیشتنم بۆ فرۆکەخانەی بەغـداد هەریـەك لـە (سـامر ڕەزوقـی) وەزیـری دارایـی و (حەسەن نەجەفی) پارێزگاری بـانکی ناوەنـدی عێراقـی و سـێ کـوری گـەنجی سمێـڵ گەورە کە نەم دەناسین پێشوازییان لێ کردین, کاتێـك گەیـشتینە نـاو هـۆڵی پیـشوازی کردن یەکیك لە گەنجەکان لێم نزیك بویەوە وتی: دکتـۆر بـە فـەرمانی مامۆسـتا بـەرزان ئۆتۆمبیلیکی تایبەت دانراوە بۆمیوانداری کردنت ئەمە جگە ئۆتۆمبیلی وەزیری دارایی .لەرێگەدا ویستم دەربارەی هۆکاری بانگ کردنەوەکە لە ڕەزوقـی پرسـیار بکـەم بـەڵام ئەو وتی زانیاریم لانیە و نازانم بۆ چی یە.دوای گەیشتنم بەوەزیری دارایم گـوت: ئـەمرۆ پێـنج شـەممەیە ڕۆژی شـەممە سـەردانت دەکـەم و هـەر لەویـشەوە تەلـەفۆنم کـرد بـۆ بەرزان تـا سوپاسـی پێـشوازی و دابـین کردنـی ئۆتۆمبیلـەکانی لێ بکـەم و بـزانم کـەی وادەی بینینی سەدامی بۆ وەرگرتوم چونکە بەپەلەم دەبێت بگەڕیمەوە بۆ ئـەبو زەبـی چونکە کۆبونەوەی سندوقی دراوی عەرەبیم هەیە.

ئەویش بە جۆریك لە داوای لێبوردنەوە وتـی: دکتـۆر پێویـستە مانـەوەت لێـرە درێـژە بکێشێت تا کاروبارە داواکراوەکان کۆتایی دێت ! !

لەوێدا کەوتمە گومانـەوە چـی کـارێکی داواکـراو هەیـە تاتـەواوی بکـەم.بـەلاّم بـەرزان قسەکانی تەواو کرد وەلاّمی نەبوو.

هەروەك نەریتی کـار پێکـراویش بـەرەو کۆشـکی کۆمـاری بـەڕێ کـەوتم تـا ئیمـزا لـە تۆماری سەردانەکاندا بکەم و لەگەڵ ئەوەی بەخۆمم دەوتت دەبێت چەند بەپرسی تری عێراقی ئەم تۆمارەیان ئیمزاکردبێت و دواتر لە داو و بۆسەکانی موخابەراتدا لەسـێدارە درابن یان زیندانی کرابن؟

هەروەها چاوم کەوت بە حامید حەمادی سکرتێری شەخسی سەدام حسێن و هەنـدێك لەو دیارییانەم پێـدا وەك سـەعاتی دەسـتی و چـەند بۆینبـاخێکی جـۆری ( لیونـارد ) , پاشان پرسیارم لێ کـرد دەربـارەی وادەی چـاوپێکەوتنەکەم لەگـەڵ سـەرۆك کۆمـاردا. بەلاّم حەمادی قسەکانی منی بەلاوە سەیر بوو, وتی سەرۆك هیچ وادەیـەکی بـۆ دیـاری نەکردویت, لە ماوەی دە رۆژی داهاتوشدا سەرقاڵی ئیش و کارە و هیچ زانیارییەکم نیە دەربارەی ئەوەی کەسەدام بۆ راوێژکردن منی بانگهێشتی بەغداد کردبێتەوە ! !

منیش جەختم لەوە کردەوە کە هاتنەوەی من بۆ بەغداد لەسەر بنەمای بروسکەیەکی سـەرۆك بـوە کـە بەرپرسـی موخابـەراتی بالیۆزخانـەی عـێراق لـە ئـەبوزەبی پـێ ی گەیاندووم.

حامد: وتی کام سەرۆك لەوەدچێ سەرۆکی دەزگای موخابەراتی مەبەست بووبێت ! !

ئیتر زیاتر لەوە دلنیابووم کـە پیلانێـك لـە ئارادایـە , نیـوەرۆی هـەمان رۆژ کۆشـکی کۆماریم بەجێ هێشت بەرەو لای وەزیری دارایـی و پارێزگـاری بـانکی ناوەنـدی عێـراق رۆشتم کە وەفدەکە لای ئەوان میوان بوون, رۆژی دواتر جارێکی تر پەیوەندیم کردەوە بە بەرزانەوە تا قسەی لەگەڵ بکەم بەلاّم دەستم نەکەوت ووتیان دواتر خۆی تەلەفۆنت بۆ دەکات, دیاربوو کە نایەوێت قسەم لەگەڵ بکات.

**زیندانی ژماره حەوت**

کاتـژمێر (٣) ی پـاش نیـوەڕۆی هـەمان ڕۆژ دوو کارمەنـدی دەزگـای موخابـەرات لـەو ئۆتێلەی تیایدا دابەزیبوم سەردانیان کردم و داوایان لێ کردم بـەرەو جێگەیـەکی نادیـار لە گەڵیاندا بڕۆم, هەوڵم دا خۆم لە دەستیان قوتار بکەم, بـەڵام ئـەوان دەمانـچەیان لێ دەرهێنام و لێشاوێك جنێویان پێدام و وتیان باشتر وایە لەگـەڵمان بێیـت , بـەوجۆرە و بە ناچاری لەگەڵیان ڕۆیشتم بێ ئەوەی بتوانم هیچ کەسێك ئاگادار بکەمەوە لەوەی بۆم هاتۆتە پێشەوە یان پێ یان بڵێم من ڕۆشتووم.

ئەفسەرکەی دەزگای موخابەرات بە ئۆتۆمبیلەکـەی خـۆی بردمیـە خانویـەکی پـشت (سینەما نەسـر)ەوە , کـە لـە ناوەڕاسـتی شـاری بەغـدادا بـوو, پێدەچـوو ئـەو خـانوە وێستگەیەك بوو بێت بـۆ ئـەوەی بم گوازنـەوە بـۆ جێگەیـەکی تـر, هـەر لەوێـشدا تونـد چـاویان بەسـتم و ئەوکەسەشـی فـەرمانی بەسـەردا دەکـردم وتـی تـۆ لەمـەودا نـاوت (حەسەن عەبدولرەزا)یە, و دەبێت لە هەرجێگەیەکدا پرسیاریان لێ کردی ئەو ناوە بلێ و نـاوی ڕاسـتەقینەی خـۆت بـەهیچ پاسـەوان و بەرپرسـێکی تـر نـەڵێیت, یـەکێك لـە پاسەوانەکان پاش ماوەیەکی زۆر لە سەرکەوتن و دابـەزین و ڕاسـت و چـەپ کـە چـەند دەقیقەیەکی پێ چوو, دواتر چاوی کردمەوە کاتێك سەیرم کرد خـۆم لەبەرامبـەر ژوری زیندانێکـدا بینیـەوە کـە ژوری ژمـارە (٧) بـوو, دەرگاکـە کرایـەوە خرامـە ژورەوە و پاشان دەرگاکە داخرا. دیارە ئاساییە کە بەدەوری خۆمدا سەیرێکی ئەو جیهانە نوێیـە بکەم کە منی تێدا فڕێ دراوە, دیاربوو زیندانەکە پێك دەهات لە ژورێك بەروبەری چـوار مەتری چوار گۆشە, بێ پەنجەرە و ڕاخەر و بۆنی میز مرۆڤی کاس و گێژ دەکرد جگە لە گڵۆپێکی لاوازی فلۆرنست کە لە سەقفەکەدا دانرابوو ,هیچ ڕوناکی تر نەبوو .

پاش نیو کاتـژمێر جـارێکی تـر دەرگاکـە کرایـەوە وپاسـەوانەکە بیجامەیـەکی خـەوی پێـدام و ئـەو جـل وبەرگـەی پـێم بـوو لێ ی وەرگـرتم, لەگـەڵ جانتـا و سـەعاتەکەی دەستیـشم و پـاش نیـو کاتـژمێر ی تـر جـارێکی تـر دەرگاکـە کرایـەوە دەرگاوانەکـە

جێگەیـەکی نوسـتنی بـۆ هێنـام کـە ئیـسفەنج بـوو لەگـەڵ قاپێـك کـە ئـاوی تێـدابو و کاتێکیش خواردنی بۆ هێنام داوای لێبوردنم لێ کرد و وەرم نەگرت.ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچوە چاوەکانم, لە خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی ترسـناکدادەژیام, چـەندەها بـیر و خەیاڵی جۆراجۆر دەهات بە مێشکمدا.

لەبەیانی دواتردا (چا) یان بۆ هێنام بەڵام وەرم نەگرت لەترسـی ئـەوەی نـەك مـادەی بێهۆشکاری تێ کرابێت یان هاوشێوەی ئەوە, دواتر جلە کانیان بۆ هێنام لەبەرم کرد و وتیان تەلەفۆن بکە بۆ خێزانەکەت بۆ دڵنیایی وهەروەها لەسەر داوای ئەوان تەلـەفۆنم کرد بۆ دکتۆر ( ساحب زەهەب) کە ئەندامی وەفدەکەی هاوڕێم بوو تـا بـچێتە شـوێنی کارەکەی و چاوەڕێ ی من نەکات , پاشان بەرەو بارەگای دەزگای موخابەراتی گشتی راپێچ کرام, کە بینایەك بـوو بـەناوی (الحیـاة) لـە کـەرادەی مەریـەم نزیـك لـە کۆشـکی کۆماری .

ئەوەی جێگەی سەرسورمان بـوو پێـشتر مـن رەزامەنـدیم دابـوو لەسـەر کڕینـی ئـەو بینایە لەسەر بودجەی پلانی ئابوری تا بکرێتە بارەگای موخابەرات , لەگـەڵ ئـەوەی وەزارەتی پلان دانان سەر پەرشتی دامەزراندنی شت ومەکەکانی نـاوی کردبـوو لەگـەل رێکخستنی دا .

برامە نوسینگەکەی بەرزان تکریتی سەرۆکی دەزگای موخابەرات و تاهیر تۆفیق عانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمایـەتی و وەزیـری پیـشە سـازی لـەوێ ئامـادە بوو,

بەرزان بە چەند دەستەواژەیەکی موجامەلاتی دەستی کرد بە قسەکردن و وتی چـەند پرسیارێکم هەیە دەمەوێت بە شێوەیەکی رون و راشکاوانە وەڵامم بدەیتەوە.

- لە کۆبونـەوە تایبەتەکانتـدا دەربـارەی رەوشـی عێـراق و ئاراسـتەکانی دەوڵـەت و حیزب و تواناو لیهاتنـە حیزبـی و رەسمییـەکان بـەرارود بـە لێهـاتوی خـۆت چـیت وتوە؟

- بیرت دێت چیت وتوه دەربارەی شێوازی هەڵبژاردنی بەرپرسەکان و پێدانی بەرپرسیاریتی حیزبی و رەسمی و چۆنیەتی مل کەچ بونیان بۆ پێوانە تایەفی یەکان؟
- دەربارەی خراپی پلان و نەبونی گرنگی لێکۆلینەوەی ئابوری بۆ پرۆژەکان کە لە ولأتدا ئەنجام دەدرێت و هەروەها کەمی شارەزایی بەرپرسان لە بواری ئابوری وپلان دانان لە عیراقدا قسەم بۆ بکە و ئەوەش رون بکەرەوە مەبەستت لەو کەسانەکێ بوە؟
- تۆ باست لە وەرگرتنی عمولە کردوە کە وەرگیراوە لەبەرەنجامی نەبونی وردەکاری لە ئیحالە کردنی پرۆژە پیشەسازییەکاندا؟

چوار پرسیار وەك پرسیاری قوتابخانە دواناوەندییەکان , کە گەربێتوو دەلالەت بێت لە هەرشتێك دەلالەت بوو لە ئاسۆی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی ئەو کەسەی داینـاوە, بەجۆرێك کە پرسیاری چوارەم بە کەم و کورتی هاتبوو. دەبێت هەر چوار پرسیار وەلأم بدەمەوە بێ تەرك کردن.بەلأم دیاربوو ئەوەی پرسیارەکانی دارشتبوو تاهیر تۆفیق عانی بوو کە لەوێدا راوەستابوو,

بەرزان زۆر هێمن لەسەر خۆبوو لە قسەکانی دا و تا ئەوپەری ئاستیش موجامەلەی دەکرد و وتنی قسەی نەشیاو سوکی بەجێ هێشت بۆ هاورێ (عانی ) کەیەکەم جار بەوە تۆمەتباری کردم هەولم داوە بارەگای لیژنەی ئابوری رۆژئاوایی ئاسیا(ئیکوا) ی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان بگوازمەوە بۆ بەغداد , لەگەڵ ئەوەی کە ئەو رێکخراوە سەنتەری سیخورِی کردنی ئەمەریکی یە , بەلأم کاتێك پێم وت ئەوەی ویستی بارەگای ئەو ریکخراوە بگوازرێتەوەبۆ بەغداد سەدام حوسێن بوو, لەو کاتەشدا عانی خێرا کەوتە وەسف و ستایشی سەدام حوسێن و رەنگی دەم و چاوی گۆرِا.

بەپەلە بەرزان هاتە نێو قسەکانەوە وتی من نامەوێت ئێستا راستەوخۆ وەلأمم بدەیتەوە بەلْکو دەتوانیت بەنوسراو وەلأمم بدەیتەوە..

**رزگار بون و به جیّ هیّشتنی ولاّت**

وام زانــی دەم بەنــە زینــدانی ژمــارە (٧) ,لەگــەلّ ئــەوەی وەرەقــەی پرســیارەکانم لەگیرفاندا بوو, بـەلاّم پاسـەوانەکە بردمیـە ژورێکـی تـر کـە کەرەسـتە و شـت و مـەکی تێدابوو, مامەڵە کردنەکانیش باشتر بوو لەگەڵمدا وخواردن و جگەرەم بۆ هێنـرا لەگـەلّ وەرەقە و قەڵەم تـا وەلاّمـەکان بنوسمـەوە. لـە یـەك لاپـەڕەدا سـەرجەمی وەلاّمـەکانم نوسی و ئەوەم رەت کردەوە کەلە کۆبونەوەکاندا شتی لەو جۆرەم وتبیّ.

ماوەیەکی کەم تیّ پەڕی , تا دەرگاکە کرایەوە و کەسێك خـۆی کـرد بـەژوردا کـە بـە هەر بەخێرایی ناسیمەوە, وتی دکتۆر دەمناسی ؟ من بووم وەك شـۆفیر لـە وەزارەتـی پلان دانان کارم دەکرد, بەلام ئێستا سوپا بـۆ خـوا ئـەرك وکـاری تـر ئـەنجام دەدەم, ئەرکی پاراستنی شۆڕش و نیشتمان لە خیانەتکاران و تاوانباران ! !

بـە پارچـە قوماشـێکی رەش تونـد چـاوی بەسـتم و ماوەیـەك بـەرێگادا بردمـی کـە سەرکەوتن و دابەزینی تێدا بوو تا گەیاندمییە ژورێکی تر و پاشان لێکۆڵینەوە لەگەڵمدا دەستی پێکرد بیّ ئەوەی چاوم بکەنەوە.

ئەودەنگانەی کە لەژورەکەی تەنیشتمەوە دەهاتە بەرگوێم بەس بوو بۆ ئەوەی ترس و تۆقین لە دڵمدا زیـاتر بـبیّ, لـەو کاتـەدا دەنگـی ئەشـکەنجە و سـزادانم دەبیـست, نـەم دەزانی مەبەست چی بوو لە بیستنی ئەو دەنگانە ئایا بۆ ئـەوە بـوو کـەترس لـە دڵمـدا بچێنن؟ یان هەر بە فیعلی کەسێکیان ئەشکەنجەو سزا دەدا.

ئەوکەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەلّ کردم خـۆی بـەوە ناسـاند کـە پلـەی سـەربازییەکەی (مەقەدەم) ە, و وتـی فـەرمانم پـیّ یـە لـە سـەرۆکەوە تـا سـزات نـەدەم, لەبـەر ئـەوە دەمەویّت وەلاّمەکانت دەربارەی ئەو پرسیارانە بـزانم کـە پێـشتر لێـت کرابـوو. پاشـان دەستی کرد بە پرسیاری تر وتی:

پەیوەندیت چۆن بوو لەگەلّ سەرۆك کاتێك کرایت بە وەزیری پلان دانان؟

زۆرباش بوو.

کێ دوای تۆ بوو بە وەزیری پلان دانان؟

عەدنان حەمدانی.

مەبەستت تاوانبار عەدنان حەمدانی یە؟

بەڵێ

پلانی ئابوری لە ماوەیەدا چۆن بوو کە تۆ وەزیری پلان دانان بویت؟

پلان دانان زۆر باش .

نەخێر پلانەکانتان (تێکشکا و شکست خواردوو بوو) بەلاّم حیکمەتی سەرۆك توانی وڵات لە کەڵبەی ئێوە رزگار بکات کە لە قوتابخانە ئینگلیزی و ئەمەریکی یەکاندا خوێندبوتان, وانیە؟

نەخێر, پلان دانان باش بوو, کۆنگرەی هەرێمایەتی پارتی بەعس لە بڕیارەکانی ئەو کاتەی دا ستایشی کردبوو

نا, نا, سەرکردایەتی هەرێمایەتی لەو کاتەدا سەرکردایەتی یەکی بەکرێگیراوبوو, وەك غانم جەلیل و عەدنان حەمدانی و محمد عایش , هەموشیان لە سێدارە دران , هەموویان بەسزای خیانەتی خۆیان گەیشتن ,ئایا وانیە؟

پرسیارەکان بەو جۆرە درێژەی هەبوو, لێکۆلەرەوەکە بەشێوەیەکی گشتی رەخنەی لە دەزگای پلان دانان دەگرت. بەو جۆرە نزیکەی لێکۆڵینەوەکە سەعاتێك درێژەی کێشا و پاشان بەرەو ژورەکەی پێشووم راپێچ کرام و ژوری ژمارە (٧) و سەرجەمی ئیمتیازەکانی ژورەکەی ترم لێ وەرگیرایەوە. کاتێك چومە ناو ژورەکەوە پاسەوانەکە وتی "لێرەبە تا ئەو کاتەی بۆگەن دەکەیت و دەمریت".

رۆژی چوار شەممە ٢٤ ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩ بوو, سەعات لە دەروبەری پێنج ی ئیوارە نزیك دەبویەوە, دەرگای زیندانەکەم کرایەوە و بەرپرسێکی ئەمنی پایە بەرز لەبەردەممدا راوەستا و وەك عەقیدی بەرپرسی زیندانەکە خۆی ناساندو بە ئەدەب و گرنگی پێدانێکەوە وتی : تکایە خۆت ئامادەبکە بۆ دیدارێکی گرنگی بەرپرسێکی

گەورە. پاشان داوای لیّ کردم تا جلەکانم لەبەر بکەم, بەلام ئامێری ریش تاشینی ئەوتۆ لەبەردەستدا نەبوو شتێکی کۆن بوو کە دەمی (جولێت) تێدابوو, تەنها نیو (دەم) هەبوو, وەرم گرت و کەمێك سابونی (رەقی) م دەست کەوت و دەستم کرد بە ریش تاشین و لە چەند جێگەیەکەوە دەم و چاوی خۆمم بریندار کردو دواتر گەرێنرامەوە بۆ ئەو زیندانەی کە هێشتا دەرگاکەی دانەخرابوو.

لە سەعات هەشتی ئێوارە بە ئۆتۆمبیلێکی جۆری مارسیدس بەرەو بارەگای سەرۆکایەتی موخابەرات برام, بردمیانە نوسینگەکەی بەرزان تکریتی یەوە پیشوازی لیّ کردم وباوەشی پێدا کردم و وتی گرتنەکەت بەفەرمانی من نەبوە بەڵکو بەفەرمانی سەرۆك بوەو تۆ پەیوەندی خۆت لەگەل سەرۆك دەزانی چۆنە و هەڵویستی بەرامبەر تۆ چۆن بوەو هەڵویستەکانی ئەوت بیر نایەت کاتێك جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو, بیرت دێت کە چۆن عەبای بۆ رادەخستیت لە رۆژە دواییەکانی دەسەلآتی بەکردا کە دژ بە تۆ قسە دەکرا و پیلانت لەدژ دەگێرردرا ؟, بەلام دکتۆر دڵنیابە ئێمە بیّ گومانین لەو قسانەی کە تۆ دژ بە ئێمە لە ئەبو زەبی کردوتە, بەلآم سەرۆك فەرمانی داوە ئازاد بکرێیت و ئەو رابردوە لە یاد بکرێت.

لە نێوان هەست کردن بە خۆشی و رەت کردنەوەی تۆمەتەکاندا وتم " ئەبو محمد من هەرگیز بەکرێگیراوی ئیستیعمارو خائین نەبووم هەروەك تاهیر عانی بەوە تۆمەتباری کردم بەوە" لەو کاتەدا بەرزان هەستا ماچی کردم وتی:" ئەو گەوجێتی و بیّ ئەدەبی یەی کەلە تاهیر عانی یەو دەرچوو تەعبیرە لە رای شەخسی خۆی , داواکارام لە سەرمان حساب نەکەیت و بە هێزێکی گەورەوە بگەرێیتەوە بۆ ئەبو زەبی و دڵنیابەش لەوەی کە ئێمە وەك پشتگیر و پاڵپشتت دەمێنینەوەو گەر دەتەوێت چەند رۆژێکی تریش لێرە بمێنێتەوە دەتوانم وادەی دیدارێکت لەگەل سەرۆك کۆمار بۆ وەربگرم."

چـەند قـسەیەك لـە زارم هاتـە دەرێ بـێ ئـەوەی بـیری لێ بكەمـەوە,وتم " دەبێـت بگەڕێمەوە بۆ ئەبو زەبی چونكە رۆژی شەممەی داهاتوو كۆبونەوەی ئیدارەی سندوقی دراوی عەربیم هەیە و من زۆر رێز و تەقدیرم هەیە بە جەنابی سەرۆك .

بەرزان گەیاندمیە مەسعەدەكە و لەویشەوە جارێكی تر گەڕێنرامەوە بۆ زیندانەكـەم و بەلاّم لەم جارەیاندا لە دەروازەیەكی ترەوە, بەرپرسی ئەمنی زیندانەكە بە جۆرێـك لـە خۆشحالی و موجامەلە قسەی لەگەلّ كردم و پاشان جانتاكـەی تەسـلیم كردمـەوە و لـە سەعات (١٠,٣٠) دا زیندانەكەم بەجێ هێشت و بە ئۆتۆمبیلێك گەیشتمەوە مالّی مامم و لەوێش خێـزان و كـەس و كـارم چـاوەرێیان دەكـردم بـەلاّم زۆر دلّنیـا نـەبوون لەسـەر چارەنوسم,دەترسان لەوەی (جەماعەت) رۆژی دواتر رای خۆیان بگۆڕن و هەربۆیـەش بڕیارم دا لە مالّیكی تر شەوبمێنمەوە .

سـەرلەبەیانی رۆژی دواتـر پێـنج شـەممە ٢٥ ی ئۆكتۆبـەری ١٩٧٩ بەغـدادم بـەجێ هێشت بەرەو ئەبو زەبی و لەفرۆكەكەشەوە سەیرێكی شاری بەغدادم كرد بۆ دوا جار و دلّم پڕ بوو لە ناسۆری و ئازار بۆ ولاّتێك چارەنوسی كەوتۆتـە دەسـت كۆمـەلّێك نـەفام كە رۆژ دوای رۆژیش نەفامییان زیاتر دەبێت.

كاتێك گەڕامەوە بیرم لەوە كردەوە دەبێت كـێ بوبێـت هـەوالّی لـە مـن دابێـت و ئـەو زانیاریانەی گەیاندبێتەوە بەسەركردایەتی عێراقی؟ زۆر بیرم كردەوە نـەم دەزانـی كـێ یە؟ بەلام پاش لێكۆلینەوەیەكی دورو درێژ و تاتوێ كـردن دلّنیـابووم ئـەوەی هـەوالّ و زانیارییەكانی گواستۆتەوە بۆ سەركردایەتی عێراقی (عەبدولاّ قەوین) ی نوێنەری ولاّتـی سعودیە لە ئەنجومەنی ئیدارەی سندوقی عەرەبی بوو .

# تاليب شبيب و
# كردنەوەی باليۆزخانەی عێراق لە مەكسيك

تاليـب حـسين شـبيب يـەكێك بـوو لـە دامەزرێنـەرانی پـارتی بـەعس و ئەنـدامی ئەنجومـەنی نيـشتمانی سـەركردايەتی شـۆڕش بـوو لەسـاڵی ١٩٦٣ , پەيوەندييـەكانی لەگەڵ سەدام حوسين زياتر پەيوەندييەكی پەراوێزی و لاواز بوو بە پێچەوانەی ئەحمەد حەسەن بەكرەوە كـە پەيوەندييـەكانی نێوانيـان بـەهێز بـوو, ئـەوەش وای كردبـوو تـا بيكاتە باليۆزی عێراق لە ڕێكخـراوی نەتـەوە يـەكگرتوەكان و پاشـان توركيـا و دواتـر ئەڵمانيای ڕۆژئاوايی ,دوای ئەوەش ساڵی ١٩٧٦ گوازرايەوە بۆ بەغداد تا كانديد بكرێت وەك بـاڵيۆزی عێـراق لـە مەكسيك ئەمـەش ڕاسـتەوخۆ پـاش دامەزرانـدنی پەيوەنـدی ديپلۆماسی عێراق بوو لە گەڵيدا.

لە شوباتی ساڵی ١٩٧٧ ڕەزامەنـدی وڵاتـی مەكسيك لـە سـەر كانديـد كردنـی تاليـب شبيب وەك يەكەم باڵيۆزی عێراق لەو وڵاتە گەيشتەوە بەغداد, بەڵام هەر بە گەيـشتنی ڕەزامەندينامەی وڵاتی مەكسيك دەسـت بـەجێ بـەبڕيارێكی ئەنجومـەنی سـەركردايەتی شۆڕش تاليب خانەنشين كرا.

وەك ڕێز و وەفايەك بۆ ئەو پەيوەندييەی كە لە نێوانماندا هەبوو, هەوڵمدا لای سـەدام لە مەسەلەكە بكۆڵمەوە و بزانم هۆكاری خانەنشين كردنی ناوبراو چی بـوە, دەمويـست هەوڵ بدەم بڕياری خانەنشين كردنەكە هەڵبوەشێنمەوە چونكە ئەو جۆرە هەڵوێست و هەنگاوانە لەگەڵ داب و نەريتی ديبلۆماسی دا يەك ناگرێتەوە.

پێش ئەوەی بچمە نێـو نوسـينگەكەی سـەدام حوسـێنەوە چـاوم بـە بـەرزان تكريتـی زڕبرای سەدام كەوت كەلەو كاتەدا بەرپرسی دەستەی پارێزگـاری سـەدام حـسين بـوو, پرسيارم لێ كرد دەربارەی هۆكاری خانەنشين كردنی شبيب و ئايا شتێك لەو بارەيـەوە

دەزانێت, هەروەها باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئەو بڕیارە ئیحراجی دیبلۆماسی بۆ عێراق دروست دەکات لەگەڵ وڵاتی مەکسیکدا.

بەڵام هەر بە خێرایی لە وەڵامەکەی بەرزان توشی موفاجەئە بوم ,کاتێك بەرزان زۆر بەساردییەکەوە وتی " تالیب شبیب بەکرێگیراوی ئەمەریکی یەو لە کاری بەکرێگیراوێتی دا نقوم بوە, شایانی ئەو پۆستە نیە,بەڵکو تەنانەت شایستەی ئەوەش نیە کە بمێنێتەوە لە ژیاندا !!

بەپەلە گەڕامەوەماڵەوە و تەلەفۆنم بۆ تالیب شبیب کرد و وتم ئێوارەی ئەمرۆ بەپەلە سەرادنێکم بکە.

لە کاتی خۆیدا تالیب گەیشت و پاش کەمێك پشو دان مەسەلەکەم بۆ باس کرد کە خانەنشین کراوە و کاندیدەکەی وەك بالیۆزی عێراق لە مەکسیك هەڵوەشێنراوەتەوە , بەڵام باسی گفتوگۆکەی نێوان خۆم و بەرزانم بۆ نەکرد دەربارەی خۆی , بەڵام ئامۆژگاریم کرد تا بەخێرایی عێراق بەجێ بهێڵێ.

ئەوەبوو لە نیسانی ساڵی ١٩٧٧ بەبیانوی بەشداری کردن لە کۆبونەوەی یەکێك لە لیژنەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە سیفەتی شەخسی , عێراقی بەجێ هێشت و لەوێ مایەوە, پاش ئەوەش هەرگیز نەگەڕایەوە عێراق , تا ئەوەی ساڵی ١٩٩٨ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دوایی کرد.

شایانی باسە تالیب شبیب ئەندازیار و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەعسی عێراقی بوە لە ساڵی ١٩٦٣ دا, دواتر کرا بە وەزیری دەرەوەی عێراق پاش کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ و پاشان لە تشرینی دوەمی هەمان ساڵ لە پۆستەکەی لادرا, دوای سەرکەوتنی کودەتای دووەمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ وەك باڵیۆزی عێراق لە (بۆن) دامەزرا و دواتر لە پۆستەکەی لابرا و لە ساڵی ١٩٧٧ ژیانی بە هاتو چۆکردنی نێوان ئەمەریکا و سوریا وبەریتانیا بەسەر برد تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٨ لە لەندن کۆچی دوایی کرد.

# سەردانی لیبیا و
# ریسواییەکەی موخابەرات!

سەرجەمی سەردانە رەسمی یەکانی سەدام حوسێن بۆ دەرەوەی ولآت بە فرۆکەی تایبەت ئەنجام دەدرا کە تەواو ساز و ئامادە دەکرا لەلایەن هێڵی ئاسمانی عێراقی یەوە و دەزگای موخابەراتی عێراقیش لەلایەن خۆیەوە سەرپەرشتی کاروباری دەستەی پارێزگاری وکاروبارە ئەمنی یەکانی دەکرد, بە جۆرێك کە ژمارەی ئەو کارمەندانەی موخابەرت بۆ ئەم مەبەستە کاریان دەکرد لە هەر سەردانێکدا نزیکەی چل بۆ پەنجا کەس دەبون, سەرجەمی کەل و پەلی گەشتیار و هاورێیانی وەفدی سەرۆکیان دەپشکنی و لە کاتی نیشتنەوەی فرۆکەکەش لە هەر فرۆکەخانەیەك ئەوا ئەم کارمەندانە دادەبەزین و لە هەموو لایەکەوە لە پشت و پێشەوە و لە ژێر فرۆکەکە و تەنانەت قادرمەکەش بلآو دەبونەوە و ئەو ناوچەیان دەتەنی .

لە ئازاری ١٩٧٥ لە کاتێکدا بەرەو جەزائیر بەرێ دەکەوتین بەمەبەستی بەشداری کردنی کۆنگرەی لوتکەی ولآتانی ئەندامی نێو (رێکخراوی ئۆپیك), ئەو کۆنگرە بوو رێکەوتنامەی جەزائیری تێدا ئیمزا کرا لە نێوان سەدام شای ئێراندا..

سەدام حوسێن بڕیاری دا شەوێك لە (تەرابلوسی رۆژئاوا) میوانی (موعەمەر قەزافی) سەرۆکی لیبیا بێت, لەبەرەبەیانی رۆژی دواتر بەرێ کەوتین بەرەو فرۆکەخانە و بە نێو تیلە و گۆشەنیگای چاوی کارمەندانی موخابەرات سواری فرۆکەکەمان بوین, هەر هێندەی دەرگاکەی فرۆکەکە داخراو دەنگی بزوینەری فرۆکەکە هات, کاتێکمان زانی یەکێك لەو پزیشکانەی (سەلوان بابان) هاورێیەتی وەفدەکەی دەکرد بانگی بەرپرسی موخابەراتی کرد و هەواڵی پێدا کە کەسێکی رەش پێست لە کورسی یەکەی تەنیشتی دا دانیشتوە و نایناسێ.. لە پڕێکدا فرۆکەکە وەستا و بزوێنەرەکانی کوژێنرانەوە.

بێ بونی پێشەكی یەك لە پرسیار كردن وتەنان بێ چاوەڕانی كردنی وەڵام,كارمەندانی موخابەرات پەلاماری ئەو(زنجی یە ) یان داو تێر و پڕ تێ یان هەڵدا , پیاوەكەش هـاوار و دادو فیغانی دەكرد و سكاڵای ئەو مامەڵە خراپـەی دەكـرد كـە لەبەرامبەریـدا ئـەنجام درا و بڕوای وابوو كە ئەو میوانانە هیچ بنەما و ئوسـوڵێكی میوانـداری و سـەفەر كـردن نازانن.

پاش ئەوەی كە پرسیار و لێكۆڵینەوەی لەگەڵ كرا دەركەوت گەشتیارێكی نایجیرییە و فیزای ئیتاڵیای وەرگرتوە بەمەبەسـتی سـەردانی ئـەو وڵاتـە و لەبـەر ئـەوەی ڕەنگـی فرۆكە ئیتالی یەكەش سەوز بوە و هاوشێوەی فرۆكەكەی ئێمە بـووە هـەر بۆیـە هـاتبوو ڕاستەوخۆ لە نێو فرۆكەكەی ئێمەدا دانیشتبوو كە لـە تەنیـشت فرۆكـە ئیتـاڵی یەكـەوە ڕاوەستێنرابوو بەمەبەستی ئەنجام دانی گەشـتەكەی, دیـارە ئەمـەش لـە پـێش چـاوی هـەموو ئـەو كارمەندانـەی دەزگـای موخابـەرات كـە چـاودێری ڕەوشـەكەیان دەكـرد و بەناوچەكەدا بڵاوەیان كردبوو! !

دواتر گەشتیارەكە دابەزی كە نەفرەتی لەو ساتە دەكـرد بڕیـاری سـەفەری ئیتاڵیـای دابوو, بـەڵام بەرپرسـی دەسـتەی كارمەنـدانی سـەر بـە دەزگـای موخابـەرات گومـانی هەبوو لەوەی كە (زنجی یەكە) هەستا بێت بە دانانی تەقەمەنی لە نێو فرۆكەكەدا, لـەو بارەیەشەوە كەوت گومان و دوو دڵی یەوە , هـەر بۆیـەش پێـشنیاری كـرد سـەرجەمی سەرنشینانی فرۆكەكە دابەزنە خوارێ لە نێویشیاندا سەدام حوسێن.

لە فرۆكەكە دابەزین و سەرجەمی جانتا و ئەو پێداویستی یانەی پێمان بـوو هێنامانـە خوارێ, بە وردی فرۆكەكە پشكنرا بێ ئەوەی سەرە پەنجەیەك دینامیت یان تەقەمەنی بدۆزنەوە , بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەدام وتی پێویستە فرۆكەكە هەستێ و چەند جارێك بەسـەر فرۆكەخانـەی لیبیـا دا بـسورێتەوە دەبێـت بەرپرسـی دەزگـای موخابـەراتی گەشتەكەشی تێدا بێت, یـان ئـەوەتا لـە ئاسمانـدا دەتەقێتـەوە یـاخود بەسـەلامەتەوە دەنیشیتەوە !

ناچارله فرۆکه خانەکه چاوەڕێمان کردو سـەدامیش لـە گـەڵمان بـوو, فرۆکەکـەش بـە تیمـی فرۆکـەوانی یەکـەی و (تـاهیر ئەحمـەد ئـەمین) بەرپرسـی موخابـەراتی فرۆکەکـە هەستا و چەند جارێك بەسەر فرۆکەخانەکەدا سوڕایەوە.

فرۆکەکـە هـیچ گرفتێکـی نـەبوو لەگـەڵ ئـەوەی کـە تەقینەوەشـی تێـدا دانـەنرابوو, پاشانیش بەسەلامەتی نیشتەوە و دواتر هەموومان سواری فرۆکەکە بـوین لـە کاتێکـدا نەشوەی سەرکەوتن و باڵادەستیش بە ناو چاوی کارمەندانی موخابەراتەوە دیار بوو..

شایانی باسە (تاهیر ئەحمەد ئـەمین) کـە جێگـری بەڕێوەبـەری دەزگـای موخابـەرات بوو, دوای ئەو سەردانە گوازرایـەوە بـۆ وەزیفەیـەکی نـوێ کـە بەڕێوەبـەری گـشتی بـۆ خزمـــەتگوزاری ســـەیرانگا و گەشــتو گــوزاری بــوو, دواتــر لــە ســاڵی ١٩٧٩ ســزای لەسێدارەدانی بەسەر جێ بەجێ کرا لەگەڵ ئـەو گروپـەی کـە تۆمـەتبارکران بـە پـیلان گێڕی و دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ وڵاتی حکومەتی سوریا دژ بە سەدام حوسێن .

# درۆینەی هاوڕێیان و
# پێشبینی یەکەی عەمماش

هەرچەند لە روە ئاشکراکەیدا شتێکی ئەو تۆ لە ئارادا نەبوو دەربارەی ململانێ ی نێوان بەکر و سەدامدا, بەڵام لە پشتەوەی روداوەکاندا جۆرێك لە ململانێ ی توند لە نێوان هەردولادا بەرێوە دەچوو, کە سەرەنجام بە لاخستنی لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار کۆتایی هات.لە هەمان کاتدا ئەوەش بەدیار دەکەوێت سەدام حوسین هەر لەسەرەتاوە بەرنامەی ئەوەی دارشتبوو تا لە کۆتایی قۆناغەکەدا خۆی بمێنێتەوە و کەسێك نەبێت لەبەرامبەریدا بلێت نەخێر.

لەم بەشەی یادەوەرییەکانی جەواد هاشمدا لە سەر چارەنوسی چەند هاورێیەکی بەعسی دەوەستین کە وەلاخران و گۆرەپانەکەیان لێ پاك کرایەوە.

یەکەم: **حەردان عەبدولغەفار تکریتی** لە شاری تکریت و لە ساڵی ١٩٢٦ لە دایك بوە , لە نێوان شوباتی ساڵی ١٩٦٣ تا مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ فەرماندەی هێزە ئاسمانی یەکان بوە, پاش سەرکەوتنی کودەتای تەموزی ١٩٦٨ پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری عێراقی لە ئەستۆدا بوو, لەگەڵ ئەوەی پلەی سەربازییەکەشی (فریق اول طیار رکن) و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو..

پاش روداوەکانی ئەیلولی ١٩٧٠ لە ئوردون وململانێ ی نێوان شای ئوردون شاحسین و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی و خۆگرتنەوەی یەکە سەربازییەکانی عیراق لە ئوردون لە پارێزگاری کردن لە فەلەستنیی یەکان هەلێکی باشی دا بەدەست سەرکردایەتی بەعسەوە تا لە حەردان و لایەنگرانی رزگاری ببێت, ئەوەش لەژێر بیانوی لۆمەکردن و شکستهێنان لەوەی نەیانتوانیوە بەرگری لە فەلەستنیی یەکان

بکەن لەبەرامبەر حکومەتی ئوردونی دا, لە کاتێکدا و لە سەردەمەدا ئەوە لە ئارادا بوو کە جوڵە نەکردنی سوپای عێراقی بۆ یارمەتی دانی ئەو فەلەستنیی یانە لەسەر داوا و فەرمانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس بوە, لەو بەرەنجامەشەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش رۆژی ٩ ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ بریاری ئیعفا کردنی حەردان تکریتی لەسەرجەم پۆستەکانی دا و وەك باڵیۆزی عێراق دەست نیشانی کرد, ئەو بڕیارەش لە کاتێکدا دەرچوو کە حەردان بەسەرۆکایەتی وەفدێکی رەسمی عێراق لە وڵاتی ئیسپانیا بوو, لەبەرامبەریشدا حەردان بریارەکەی جێ بەجێ نەکرد و گەڕایەوە فرۆکەخانەی بەغداد و دواتر بە فرۆکەیەك رەوانەی جەزائیر کرا و لەوێشەوە بەرەو کویت .. لە ٣٠ مارسی ١٩٧١ کاتێك حەردان لەگەڵ (مدحت ئیبراهیم جمعە) ی باڵیۆزی عێراق لە کویت بەرەو نەخۆشخانە دەچوو بەمەبەستی ئەنجام دانی پشکنینی پزیشکی چوار چەکدار لەبەردەم نەخۆشخانەکە چاوەرێیان دەکرد و لەگەڵ گەیشتنی پێنج فیشەکی ئاراستە دەکەن و دەست بەجێ دەیکوژن, دواتر دەرکەوت کە کارەکە رێکخراو بوە لەلایەن دەزگا موخابەراتی یەکانی عێراقەوە..

**دوەم: ساڵح مەهدی عەماش** لە بەغداد و ساڵی ١٩٢٢ لە دایك بوە, لە نێوان شوباتی ١٩٦٣ تا تشرینی دووەمی هەمان ساڵ وەزیری بەرگری بوە, لە پاش سەرکەوتنی کودەتای ١٩٦٨ پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ لە ئەستۆ دەگرێت لەگەڵ ئەوەی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوە پلەی سەربازییەکەشی (فریق اول رکن) بوە.

لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧١ هەریەك لە عەماش و عەبدولکریم شێخلی لەسەرجەم پۆستەکانییان ئیعفا کران و وەك باڵیۆزی عیراق دیاری کران.لەو کاتەدا بیرورای گشتی وابوو کە ئیعفا کردنی ئەودوو کەسە بە رێکەوتنێکی نێوان بەکر و سەدام بووە و وادەردەکەوت کە سەدام ویستبێتی عەمماش لە پۆستەکەی ئیعفا بکات لەبەرامبەر ئەوەی کە بەکر دەیویست شێخلی لە پۆستەکانی ئیعفا بکرێت.

له کاتی بیستنی ئەوهەواڵە لە یانەی مەنسور بووم لەگەڵ (مـەدلول نـاجی میحنـە) ی ئەنـدامی سـەرکردایەتی لقـی بەغـداد ی بـەعس , زۆر هەواڵەکـەم بـەلاوە سـەیر بـوو, پرسیارم لە میحنە کرد تۆ بڵێیت  ئەوە سـەرەتای دەرکـەوتنی نـاکۆکی نێـوان بـەکر و سەدام بێت چونکە عەمماش لەسـەر بـەکر و شـێخلی لەسـەر سـەدام حـساب دەکران؟ میحنە لە وەڵامدا وتی تۆ ئەوە بەراسـت دەزانـی کـە بـەکر و سـەدام نـاکۆکی بکەوێتـە نێوانیانەوە, ئەوانە رێك و پێکەوە گونجـاون و تەواوکـەری یـەکترن.بـەڵام وەلاخـستنی عەماش و شیخلی ئەوە تەسفیەی قۆناغ بەندییە و هی دیکەشی د بە دوادا دێت.

قسەکانی (میحنە)م بەلاوە ترسناك بوو, بە تایبەت رەخنە گرتنی بەو جۆرە لە بـەکر و سەدام.

بـەهۆی ئـەو پەیوەندییـەی لـە نێـوان مـن و عەماشـدا هـەبوو, لـە ماڵەکـەی خـۆی سەردانیم کرد, ئەویش وەك بڵێیت دەترسا لە مالەکەی خۆیدا قسە بکـات بـاڵی گـرتم و بردمیە باخچەی حەوشەکەی و کەوتمە پرسیار کردن دەربارەی هۆکاری ئیعفا کردنی , ئەویش کە لە حاڵەتیکی زۆر تورەدا بوو, وتی ئەوە موناوەرەیەکی  سەدامە بۆ ئـەوەی تەنها خۆی بمێنێتەوە لە دەسەلاًتدا, بەراشکاوانە پێت دەڵێم دکتۆر جەواد **گـەر بێتـوو سەدام بە تەنها خۆی لـە دەسـەلاًتدا بمێنێتـەوە ئـەوا جۆگـەی خـوێن هەڵدەسـتێت!** بەراستی ئەو کەسێکی خوێن مژە و جگە لەوەی کە سەرۆکی دەستەیەکی چەتەگەرییە هیچی دیکە نیە, پاش چەند مانگێکی کە دەگەرێمەوە عێراق و دەبمە سەرۆك وەزیـران ئەمەش رێکەوتنی نێوان من و بەکرە.

کاتێکیش مالەکەی عەماشم بەجێ هێشت جارێکی تر لێ ی دوپات کردمەوە  وتی ئەو نهێنی یەت با لابێت و بیپارێزە **گەر بێتوو سەدام بە تەنها خۆی فەرمانڕەوایەتی عێراق بکات ئەوا جۆگەی خوێن هەڵدەستێت.**

دواتر عـەمماش بەغـدادی بـەجێ هێـشت  و بـەرەو مۆسـکۆ بەرێکـەوت وەك بـاڵیۆزی عێراق لـەو ولاًتـە, پاشـان وەك بـالیۆز لـە پـاریس و دواتـر لـە فینلەنـداو تـا دوایـی بـە

نەخۆشی دڵ و لە هەل و مەرجێکی گوماناویدا گیانی لە دەستدا( هەرچەند سەلاح عەمەر عەلی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە یادەوەرییەکانی دا دەڵێت عەماش ژەهر خوارد کرا لەلایەن دەزگا موخابەراتی یەکانی بەعسەوە.)

سێ یەم : **عەبدولکەریم شێخلی** , ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعس و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٨ لە هەمان ساڵ کرا بە وەزیری دەرەوە و پاشان لە ئەیلولی ١٩٧١ لە پۆستەکانی ئیعفا کرا و وەك باڵیۆزی هەمیشەیی عیراق لە نەتەوە یەکگروزەکان دیاری کرا.

پاش چەندین ساڵ لە خزمەتی بواری دیبلۆماسی بانگهێشتی بەغداد کرایەوە بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆبونەوەی باڵیۆزانی عێراق و دواتر دەستگیر کرا و سزای هەشت ساڵ زیندانی بەسەردا درا, دوای ئەوەی لە زیندان هاتە دەرەوە رۆژی ٨ ی نیسانی ١٩٨٠ لە کاتێکدا لە ئۆتۆمبیلەکەی دادەبەزێت بەمەبەستی تەسلیم کردنی وەسڵی کارەبا لە ناوچەی ئەعزەمیە , فیشەکێك دەنرێت بەسەرییەوە و بەو هۆیەشەوە گیانی لەدەستدا و تاوانکارانیش وەك سەرجەم هەوڵەکانی تری تیرۆر کردنیان هەڵاتن و کەس نەیتوانی دەستگیریان بکات..

شایانی باسە (مەدلول ناجی میحنە) کە پێشتر باسکرا, دەکرێتە باڵیۆزی عێراق لە چەند وڵاتێکی عەرەبی کە دواترینیان وڵاتی ئوردون دەبێت, سەدام بانگهێشتی وڵاتی دەکاتەوە بەمەبەستی راوێژ کردن , بەڵام بێ سەرو شوێن کرا, هاوسەرەکەی لای شای ئوردون شا حوسێن کاتێك کە لە سەردانی عیراق بوو هەوڵی دابوو تا چارەنوسی هاوسەرەکەی بزانێت و لای سەدام هەولێکی بۆ بدات, پاش دوو رۆژ شا حوسێن بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە دەکات و ئامۆژگاری دەکات کە دەست هەڵبگرێت لە گەڕان و پرسیار کرد و پشکنین بەدوای هاوسەرکەیدا.

چوارەم: **عەبدولخالق سامەرائی** لە ساڵی ١٩٣٥ لە شاری سامەڕا لە دایك بوە, لە ساڵی ١٩٦٤ ەوە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعسی عێراق بوە, دواتر وەك

ئەنـدامی سـەرکردایەتی نەتەوایـەتی حیزبـی بـەعس لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٦٥ هەڵدەبـژێرێت , لـە مـانگی تـشرینی دووەمـی ١٩٦٩ دەبێتـە ئەنـدامی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆڕش .

لە پای پیلانەکەی نازم گوزار لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٣ دەستگیر دەکرێت, بە تۆمەتی تێوەگلان لەو پیلانە ودواتر سزای زیندانی هەمیشەیی درا بەسەرد ئەمەش دوای پاش ئەوەی سزاکەی لە سێدارەدانەوە بۆ سوك كرا, و لە ژێرزەمینی بارەگای موخابەراتی گشتی خرایەوە زیندانی ئینفیرادییەوە, تا ئەوەی لە مانگی ئابی ١٩٧٩ لەسەر داواکاری عەلی حەسەن مەجید ی ناسراو بە عەلی کیمیاوی لە زیندان دەرهێنرا و بەتۆمەتی پیلان گێڕی لە دژی سەدام لە کاتێکدا کەلە زیندانی ئینفرادیدا بوو لەگەڵ گروپەکەی حەمدانی و غانم عەبدولجەلیل لە سێدارە درا.

پێنجەم: **مورتەزا سەعید عەبدولباقی حەدیسی** لە شاری حەدیسە ساڵی ١٩٣٠ لە دایك بوە, لە تەموزی ساڵی ١٩٦٨ تا حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٤ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوە, لە مارسی ١٩٧٠ ەوە پۆستی وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی وەردەگرێت تا ئۆکتۆبەری ١٩٧١ و دواتر وەك وەزیری دەرەوە دادەنرێت تا حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٤, پاشان لەسەر جەم پۆستەکانی ئیعفا دەکرێت و دەکرێتە باڵیۆزی عێراق لە مۆسکۆ و دواتر لە ئیسپانیا , لەتەموزی ساڵی ١٩٧٩ بانگ دەکرێتەوە بۆ بەغداد بەمەبەستی راوێژ کردن , بەلأم دەستگیر دەکرێت بە تۆمەتی پیلان گیری و سزای زیندانی دەدرێت بەسەریدا و پاشان لە زیندانەکەیدا لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠ دەکوژرێت.

شەشەم: **فوئاد رکابی** سکرتیری حیزبی بەعس لە ساڵانی پەنجاکاندا لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری ناسرییە لە دایك بوە , دواتر کۆلیژی ئەندازیاری تەواو دەکات , یەکێکە لە دامەزرینەرانی حیزبی بەعسی عێراق , دەکرێتە وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە حکومەتی دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی سالی ١٩٥٨ , ساڵی ١٩٦٢ واز لە حیزب دەهێنێ و دواتر

له ساڵ ١٩٦٨ دەستگیر دەكرێت و دەخرێتە زیندانەوە, پاشان لە ساڵی ١٩٧١ یەكێك لە بەكرێگیراوەكانی موخابەراتی عیراقی لە نێو زیندان بە چەقۆ دەیكوژێت.

حەوتەم: **سەعدون غێدان** لەشاری بەغداد و ساڵی ١٩٢٩ لە دایك بوەو فەرماندەی هێزەكانی گاردی كۆماری بوە تا ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨, دواتر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش, لە نیسانی ١٩٧٠ دەبێتە وەزیری ناوخۆ تا مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ , پاشان دەكرێتە وەزیری گەیاندن تا ساڵی ١٩٧٩ , دواتر بوەتە جێگری سەرۆك وەزیران ,ئەندامی ئەو دادگا تایبەتە بوو كە پێكهێنرا بۆ دادگایی كردنی (پیلانەكە) ی حەمدانی لە ئابی ١٩٧٩, دواتر لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢ لەسەرجەم پۆستەكانی ئیعفا كرا و ساڵی ١٩٨٥ دەمرێت.

# سەدام
# سەرکەوتن بەسەر تەرمی (هاوڕێیان) دا

بۆ یەکەم جار ناوی (سەدام حوسێن تکریتی)م لە مـانگی حـوزەیرانی ١٩٦٨ دا بیـست کاتێك لە کۆمەڵەی ئابور پناسانی عێراقی دانیشتبووم و سەرقاڵی گفتۆکردن بوم لەگەڵ هاوڕێیەکمدا لەسەر کاروبارە سیاسیەکان و ڕێوشـوێنەکانی خۆمـاڵی کردنـی نـەوت لـە ساڵی ١٩٦٤, بە هاورێکـەمم وت ڕەوشـی سیاسـی وڵات ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە بـەم نزیکانە حیزبی بەعس کودەتایـەك دەکـات و دەسـەڵات دەگرێتـە دەسـت, ئـیتر بۆچـی ئەوەندە ڕەخنەیان لێ دەگریت, وپاشان ئاماژەم کرد بۆ دیوارەکـەی پـشتەوەمان وتم" گەربێتوو لەم دیوارە بدەیت ئەوا دەڵێت بەعس بەرێوەیە".

دواتر هاورێکەم لایەکی بەلای مندا کردەوە و وتی " من هەرگیز نـەهاوکاری دەکـەم و نەبەڕاستی دەزانم حیزبێك سەدام تکریتی سەرۆکایەتی بکات! !

– ئەو تکریتی یە کێ یە؟

لەگەڵ هاوڕێکەم زۆرم وت و قسەم کـرد کـە حیزبـی بـەعس ئەحمـەد حەسـەن بـەکر و عەماش و کەسانی تر سەر کردایەتی دەکەن , ئەوانەش سەدامیان لە نێودا نیە.

بەڵام هاورێکەم هەر قەناعەتی نەبوو, لـە ئێـوارە ی ڕۆژی ٣٠ ی تـەموزی ١٩٦٨ بـەکر لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیۆنی بەغـداد بـەدیار کـەوت کاتێـك بـەیانێکی دەخوێنـدەوە دەربارەی پرۆسەی تەسفیە کردنی (عەبدولرەزاق نایف) و لە پـشتییەوە سـێ چـەکدار راوەستابوون, لەیەکەم سەیرکردندا یەکێکیانم ناسی ئەویش (نـەقیب ئیـبراهیم دلێمـی) بوو, کە پێش کودەتای ١٧ ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ دەمبینی هاتوچۆی مـاڵی بـەکری دەکرد, ئەفسەری دوەمیش لە دوایدا ناسیم کە (زیاب عەلکاوی) بوو, ئەوەی سێ یەم

گەنجێکی جل و بەرگ خاکی بوو کە رەشاشێکی بەدەستەوە بوو بێ ئەوەی پلەی سەربازی لەسەر شان بێت.

رۆژی دواتر بانگهێشت کرام بەمەبەستی تەکلیفم کردنم وەك وەزیری پلان دانان, لەو کاتەشدا بەکر بە گەنجێکی ناساندم , واتە هەر ئەو گەنجەی کە لە پشتی بەکرەوە راوەستابوو کاتێك شەوی رابردوو بەیاننامەکەی دەخوێندەوە, هێشتا هەر هەمان جل وبەرگی لەبەردابوو, بەڵام چەکەکەی پێ نەبوو, سەدام دەست پێشخەری کرد و وتی شتی زۆرم دەربارەی تۆ بیستوە و هەروەها دەربارەی ئەو هەوڵ و کۆششانەی داوەتە بەمەبەستی دامەزراندنی هاورێیان لە ساڵی ١٩٦٧, هیواداریشم لە رۆژانی داهاتوشدا زیاتر یەك ببینین و ئاشنای یەکتر ببین, کاتێکیش پرسیاری وەزیفەکەی و شوێنی کارەکەیم لێ کرد , ئەویش زۆر بە ئەدەبێکەوە وتی لە کۆشکی کۆماری کاردەکەم لە ژورەکەی تەنیشت ژورەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر و ئیشارەتی بە دەرگایەکی ناو ژورەکەی بەکر کرد و وتی لەوێدایە.

پاش چەند رۆژێك لە وەزارەتی دارایی کە بە وەکالەت بەرێوەم دەبرد سەردانی کردم, سەردانەکەی بێ وادە بوو, لە نوسینگەی سکرتێری وەزیر ماوەیەکی زۆر دانیشتبوو بێ ئەوەی لە چاوەڕێ کردن بێ زار ببێت.

پاش ئەوەی هاتە ژورەوە وتی سەردانەکەم زیاتر سەردانێکی موجامەلاتە و بۆ پیرۆزبایی کردنە ..

رۆژان تێ پەڕین و (سەدام حوسێن) یش مومارەسەی ئەرکەکانی رۆژانەی خۆی دەکرد لە نێو ئەو ژورە موتەزایعەی لە کۆشکی کۆماریدا بۆ خۆی دیاری, لە هەمان کاتدا سەدام ئۆتۆمبیلی کەشخە و مۆدیل بەرزی (مارسیدس) ی بەکار نەدەهێنا, بەڵکو ئۆتۆمبیلی جۆری (بیجۆ) ی بچوکی بەکاردەهێنا, خۆی وەڵامی تەلەفۆنی دەدایەوە, پێشوازی لەوانە دەکرد کە دەیانویست ببینن, بێ دیاری کردنی وادەی پێش وەخت و بێ پشکنین , نوسینگەکەی زۆر موتەوازیع بوو, ئامێری ئەلەکترۆنی و تۆمار کردنی

دەنگی تێدا نەبوو, تەنها ریکۆردەرێکی لێ بوو لە جۆری (فلێپس) کـە بـەکاری دەهێنـا بۆ گوێگرتن لە گۆرانی میللی.

لە هەندێك جاردا ناچار دەبووم ئەو ژوری دەست شۆرە بەکار بهێنم, کە تایبەت بـوو بە ژورەکەی سەدام , سەرنجم دەدا زۆر سادەیە لەگەڵ ئەوەی بێ سەرو بـەر و شـپرز بوو, سابونی (رەقی) تێدا دانرابوو, خاولی یەکانی لێرەو لـەوێ کـەوتبون و ماوەیـەکی زۆر بەسەر بەکارهێنیاندا تێ پەری بوو, بێ ئەوەی شۆردرابێت و بە پیسی دانرابوون.

سەدام لە مانگە سەرەتاییەکاندا جل و بەرگی مـەدەنی لەبـەر دەکـرد, بـەڵام هەسـتم بەوە کردبوو کە دەیەوێت بە جـل و بـەرگی نوێـوە دەربکـەوێت. لەیادمـە جارێـك ئـەو کراسەی لەبەرم کردبوو زۆر سەرنجی راکێشاو پرسیاری کرد لە کوێ دەسـتم کـەوتوە؟ کاتێك باسم کرد کە بەرگ دروویەك هەیە لە بەیروت چـیم بوێـت بـۆم دەدروێـت , داوای لێکردم چەند کراسێکی بۆ بهێنم. کاتێك پرسیاری پێوانەکەیم لێ کرد, وتـی مانـای چـی یە؟ نەیدەزانی!!

بـەم جـۆرە لـە سـاڵەکانی یەکەمـدا کاتێـك لـە زۆربـەی سـەردانەکانی دەرەوەی ولات دەگەڕامەوە جل و بەرگی زۆرم وەك دیاری بۆ دەهێنا بەتایبەت کراس و بۆینباخ.. تـا ئەوەی سەرچاوەیەکی تری دەسـت کـەوت و ئـەو سەرچـاوەیە زیـاتر لـەمن دەیتـوانی داواکانی بۆ جێ بەجێ بکات, لەم بارەیەشەوە رۆژێك وتم" ئەبو عودەی سـەیر دەکـەم ئەو شتانە لەبەر ناکەی کەمن بۆم هێناوی؟" بە پێکەنینێکەوە وتی" ئەو بۆینباخانـەی تۆ بۆت دەهێنام تەقلیدی بوون, بۆ کەسانی پیر دەگونجـا, ئێـستا بۆینبـاخی جـوان و گوڵدار هەیە (وابزانم مەبەستی مارکەی لیۆنارد بوو)

## سەدام وەك جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

دوای ئەوەی سەدام وەك جێگری سەرۆکی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش دەسـت بەکاربوو, گواستیەوە بۆ نوسینگەیەکی تر لـە نێـو بارەگـای ئەنجومـەنی نیـشتمانی دا

که پێشتر ئەو ژورەی سەدام کردبویـە نوسـینگەی خـۆی لەلایـەن سـەرۆك وەزیرانـەوە بەکار دەهێنرا.

ئەنجومـەنی نیـشتمانی دوو دەرگـای هـەبوو, دەرگـای پێـشەوەو و دەرگـای دواوە, لەسەرەتادا هەموومان دەرگای سەرەکی (پێشەوە) مان بە کار دەهێنا, کاتێـك سـەدام گواستیەوە بۆ بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی , ئەو دەرگایەی تایبەت کرد بە خۆیـەوە کـەس نەیـدەتوانی لـەو دەرگایـەوە هـاتو چـۆ بکـات, دەبـوا وەزیـر و ئەنـدامانی نوسینگەکانی راویـژکاری و ئەنـدامانی سـەرکردایەتی و بـاڵیۆز و میوانـانی دەوڵـەت لـە دەرگای پشتەوە بچونایەتە ناو بارەگای ئەنجومەنی نیـشتمانی یـەوە, لەگـەڵ ئـەوەی چونە ژوەرەوە لە دەرگای پشتەوە بە ژورێکی پاسەوانێتی زۆر توندا تـێ دەپـەری کـە کۆمەڵێك پاسەوانی دەم و چاو گرژ و مۆن و عەبوسی تێدا بوو.

قەدەغەکردنی چونە ژورەوە تەنها دەرگای سەرەکی (پێشەوە)ی نەگرتـەوە, بـەڵکو درێژ بویەوە بۆ دەروازی سەرەکی و پاشان ئەو شەقامانەی دەهاتنەوە سـەر دەروزای سەرەکی بیناکە و دواتر ئەو گۆرەپانەی کە نزیك بوو لەو شەقامە سـەرەکییەوە, دوای ئەوەش کامێرای دانا کە بە تیـشکی ژێـر سـور کـاری دەکـرد و ژورێکـیش لـە بارەگـای ئەنجومەنی نیشتمانی تایبەت کرابوو بە شاشـەی ئـەو کامێرایانـەی کـە لـە بارەگاکـەدا دانرابوون.

رۆژان و مانگ تێ پەڕی لەو میانەیەشدا پرۆسەی تەسفیە کردنی سـەرکردەکان لـە ژێـر دروشمی ( رەخنەی ناوخۆیی ) دەستی پێکرد.

لەو ماوەیەشدا حەردان تکریتی تیرۆر کـراو و سـاڵح مەهـدی عـەماش لـە پۆسـتەکانی ئیعفـا کـرا, و سـەدامیش بـوو بـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی پـلان دانـان و نوسـینگە راویژکارییـەکانی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش. هـەروەها دەزگـای موخابـەراتی گـشتی جێگـەی فەرمانگـەی پەیوەندییـە گـشی یـەکانی گرتـەوە, وردە وردە سـەدام جڵـەوەکانی دەسـەلأتی لـەلای خـۆی کـۆدەکردەوە ئـەوەش بـەزۆری لـە رێگـەی

نوسینگەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوەبوو, لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی بوو بوو بە ناوەندی راستەقینەی دەرکردنی بریارە ستراتیژییەکان.. بەڵام لەبەرامبەردا بریارەکانی وەك ناردنی فەرمانبەر بۆ دەرەوەی عێراق (ئیفاد) و زیاد کردنی موچەی بەرێوەبەرە گشتی یەکان ومەسەلەکانی هاوپێوەند بە کاری میللی و راپۆرتە حیزبی یەکان دەربارەی (چالاکی سێکسی ) هەندێك لە هاورێیان ئەوا لەسەر مێزی کۆشکی کۆماری گفتوگۆ دەکران تا بەکر ئاگادار بێت لێ یان و بریاری سزادانی ئەنجام دەرانی بدات.

**سەدام وەك سەرۆکی ئەنجومەنی پلا ن دانان**

کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی پلان دانان بلندگۆیەك بوو بۆ سەدام, کادێرە حیزبی یە پێشکەوتوەکانی بۆ بانگ دەکرا تا گوێ لە قسە و رێنمونی یەکانی بگرن و تێ بگەن کە ئیدارەی دەوڵەت پێویستی بەشتی تر هەیە جیاواز لەوەی حیزب پێویستی پێ یەتی.. بەهۆی ئەوەی سەدام سەرۆکی ئەنجومەنی پلان دانان بوو, هیچ لە ئەندامەکانی دوانەدەکەوتن, ئیتر ئایا وەزیر بونایە یان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش, زۆر جار سەرنجی ئەوەم دابوو ئەو وەزیرانەی کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوون وەك تەها جەزراوی و عیزەت موستەفا گفتوگۆی زۆری قسەکانی سەدامیان نەدەکرد, تەنانەت لەو مەسەلانەشی خرابونە نێو خشتەی کاروبارەکانی ئەنجومەنەوە و پەیوەندییان بە وەزارەتەکانیانەوە هەبوو, لە کاتێکدا سەدام بە ئەنقەست و بەمەبەستی ئیحراج کردنیان پرسیاری تەکنیکی لێ دەکردن تا ئاستی نەفامی و نەزانی ئەو وەزیرانە نیشان بدات لەسەر ئەو مەسەلانەی گفتوگۆی دەکەن, بیسەلمێنێت توانایان لە توانای خۆی کەمترە هەموو ئەمانەش کاتێك روی دەدا کە کادیرە حیزبی یەکان بە وردی گوێیان دەگرت.

بەم جۆرە سەدام جڵەوەکانی دەسەڵاتی لە دەستی خۆیدا کۆکردەوە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ بە تەنها خۆی مایەوە لە دەسەڵاتدا و هەموو هاورێیانی رێگەی وەلاخست.

به كۆتایی هاتنی كۆبونەوەكانی كۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەمی پارتی بەعس لە ١٢ی كانونی دووەمی ١٩٧٤ و هەڵبژاردنی سەدام حوسێن وەك جێگری رازگری سەركردایەتی هەرێمایەتی, بەو جۆرە كێرڤی هێشتنەوەی جڵەوی دەسەڵات لە دەستی بەكر بەرەو كەم بونەوە رۆشت و خۆی یەكلا كردەوە بۆ كاروباری خێزانداری خۆی بە تایبەت دوای نەخۆش كەوتنی هاوسەرەكەی و پاشان مردنی كە ئەوەش كاریگەری زۆری هەبوو لە سەر خراپ بونی باری تەندروسی بەكر و كەم كەم دوری خستەوە لە وەزیرەكان و كۆبونەوەكانی سەركردایەتی.

بەو جۆرەش خۆری دەسەلاَتی بەكر بەرەو ئاوابون دەرۆشت و ئەستێرەی دەسەلاَتی سەدامیش رۆژ دوای رۆژ پرشنگدار تر دەبوو. بە هاتنی ساڵی ١٩٧٧ وەزیرەكان زیاتر بەسەدام حوسێنەوە پەیوەست بون هەروەك ئەوەی چاوپێكەوتنیشی زیاتر قورس و دژوارتر دەبوو, دواتر سەدام دەستی كرد بە فراوان كردنی بیرۆكەی تەلەفۆنی راستەوخۆ و هەروەها دیاری كردنی رۆژێك لە هەفتەیەكدا بۆ بینینی هاولاَتیان وگوێ گرتن لە سكالاَ و داواكانیان و چارەسەر كردنی كێشە و گرفتەكانیان, بەو جۆرەش سەدام بویە سەردێر و مانشێتی رۆژنامەكان ,لە كاتێكدا هاورێكانیشی سەرقاڵی لاسایی كردنەوەی بون لە رۆشتن و جل و بەرگ و قسە كردندا.

پاش وەرگرتنی دەسەلاَت بەشێوەیەكی رەسمی لە رۆژی ١٧ ی تەموزی ١٩٧٩ و پاشان تەسفیەكردنی گروپێكی گەورە لە ئەندامانی سەركردایەتی هەرێمایەتی و ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش, دەزگاكانی راگەیاندنی عێراقی نازناوەكانی (القائد الفارس) و (القائد الضرورة) یان بۆ بەكار دەهێنا, فەزایەك لە پیرۆز كردن و گەورە كردن و زیاتر بونی ژمارەی ئەو گۆرانی یانەی بەسەری دا دەوترا دروست بوو..

سەدام بەوانەشەوە نەوەستا بەڵكو پشتی بە كۆمەلێك لە نوسەران و رۆژنامەنوسانی رۆژئاوایی و بیانی بەست تا نوسین و بابەتی جۆراوجۆری لەسەر بلاَوبكەنەوە لە رۆژنامە عەرەبی و بیانی یەكاند بە تایبەتی ئەمەریكی یەكان.

هەموو ئەمانەش لە کاتێکدا بوو کە خودی سەدام و رژێمەکەی جۆرێك لە نهێنی بون و شاراوەییان بە کار دەهێنا لە کار و فرمانەکانیاندا و ترسێکی لە رادەبەدەریان بلأوکردبویەوە , وای لێ هاتبوو رۆژانە سزای لەسێدارەدان دەرهەق بە هاولأتیان جێ بەجێ دەکرا, کادێرە کانی بەعس هیچ رۆڵێکیان نەبو جگە لە جێ بەجێ کردنی ئارەزو خواستەکانی سەدام و بنەماڵە و کەسە نزیکەکانی , ئەندامانی حیزبی بەعس بونە زنجیرەی ئەو ئەلقانەی کە هەموو پێکەوە دەزگای ئەمنی و موخابەراتییان پێك دەهێنا ,دیارە ئەوەش لەبەرەنجامی ترسەوە بوو نەك حەز ویست و ئارەزوی خۆیان.

لەنێو ئەم کەشە پڕ لە ترس و تۆقینەدا سەدام سەردانی بۆ وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت و ماڵی هاولأتیانی دەرەوەی بەغداد زیاتر دەکرد, لە هەموو سەردانێکی دا سەدام رێنوینی و ئاراستەی بەرپرسەکانی دەکرد و هانی زیاتر خزمەت کردنی هاولأتیانی دەدان, هەروەها سزای ئەوانەی دەدا کە راپۆرتە حیزبی یەکان بە فەرمانبەری کەم تەرخەم وەسفی دەکردن هەروەك لەبەرامبەر کۆمەلێك پزیشکدا گرتیە بەر و بڕیاری فەسڵ کردنی ماوەی ساڵێکی بۆ دەرکردن بە هۆی ئەوەی چەند دەقیقەیەك لە گەیشتن بۆ نەخۆشخانە دواکەوتبون .. نەك هێندەش دەرکردنی تەوبیخ تەنها پزیشك و کارمەندانی بچوکی نەدەگرتەوە, بەڵکو گەیشتە وەزیر و بریکاری وەزارەتەکان.

رۆژێك سەدام تەلەفۆن دەکات بۆ وەزارەتی دەرەوە و داوای (حامد جبوری) وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە دەکات , پێ ی دەڵێن لەوێ نیە, پاشان داوا دەکات قسە لەگەڵ (محمد سەعید سەحاف)بکات و پێ ی دەڵێن ئەویش نەهاتوە و لێرە نیە, دوای نیو کاتژمێر جارێکی تر سەدام تەلەفۆن دەکاتەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە و داوای هەریەك لە جبوری و سەحاف دەکات بەلأم دیسانەوەپێ ی دەڵێن لەوێ نین! !

ماوەی سەعاتێك بەسەر ئەو تەلەفۆنەدا تێ پەڕنەبوو, تا ئەوەی رادیۆی بەغداد پەخشی بەرنامەکانی خۆی راگرت و مەرسومێکی کۆماری خوێندەوە کە تیایدا بریار

درابوو بە ئیعفا کردنی (حامید جبوری و موحەمەد سەعیدسەحاف) لە پۆستەکانیان بەهۆی نارێك و پێکی لە دەوام کردندا هەروەك لە مەرسومەکەدا هاتبوە.

ئێوارەی هەمان رۆژ سەدام لەوە ئاگادار کرایەوە کە ئامادەنەبونی هەریەك لە جبوری و سەحاف بە هۆی ئەوەوە بوو لە فرۆکەخانە بون بەمەبەستی بەرێ کردنی بەرپرسانی تر ی حکومی کە نەریتی دیپلۆماسی ئەوەی دەخواست ئامادەبن.

سەرەرای کەڵەکەبونی حاڵەتەکانی بێ سەروشوێن کردن و کوشتنی بەخۆڕایی, بێ دەنگی یەکی سەرنج راکێش جیهانی داگرتبوو, ئەو وڵاتانەی پشتگیری سەدامیان دەکرد و چەکیان پێ دەدا هیچ یەك لەو حاڵەتانە رای نەدەچڵەکاندن, گومانیشم لەوە نیە کە ئیدارەی ئەمەریکا لە یارمەتی دانی حکومەتی عێراقی دا ئەو بوارە مرۆییەی پشت گوێ خستبوو. ئەوەی زیاتر ئەم گومانەم پشت راست دەکاتەوە راپۆرتێکی (ئیلیزا بێس جۆنز) ی بەرپرسی ژوری چاودێری کردنی بەرژوەندییەکانی ئەمەریکابوو لە بەغداد کە لە مانگی ئابی ١٩٨٠ بەرزی کرۆدبوە بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی و باس لەوە دەکات کە سیاسەتەکانی سەدام لە نزیك بونەوەی جەماوەر کاریگەری خۆی هەبوە بە تایبەت لەلای چینی جوتیاران و زەحمەتکێشان, بەلأم پێ ناچێت شیعە و کورد و رۆشنبیران وچینی پیشەکاران و تەکنیکی یەکان وەلائیان بۆ سەدام هەبێت, لەبەر ئەوە دەزگا موخابەراتی یەکان بە شێوەیەکی هێمن و لەسەر خۆ و نهێنی جوڵە دەکەن تا لە رەگو ریشەوە دەریان بهێنن و رزگاریان ببێت لەئەگەری هەر ترس و نائارامی یەك کە دروستی بکەن..

لەبەشێکی تری راپۆرتەکەدا وریایی دەدا لە ئەگەرەکانی مەترسی ژەنراڵەکان و ئامۆژگاری ئەوە دەکات تا سەدام گرنگی زیاتر بدات بەو چینە و چالاکی یەکانیان, ئەمە سەرەرای وریایی دان لەمەترسی راستەقینە کەبریتی یە لە تیرۆرکردنی سەدام یان کودەتایەك لە نێو کۆشکدا دژ بە سەدام حوسێن بکرێت.

دوای ئەو وریایی دانە , راپۆرتەکە دڵنیایی دەداتە ئیدارەی ئەمەریکی و ئاماژە بە توانا و لێهاتنی موخابەراتی عێراقی لەلایەك و ئازایەتی و لێهاتویی سەدام لەلایەکی تر دەکات کە بەسە بۆ ئەوەی دەسەلات بگیرێت بەسەر هەر جۆرە شۆڕشێکی میللی لە عێراقدا کە دژ بە سەدام سەرهەڵبدات هەروەها ئاماژە دان بە سیاسەتی سەدام لە دەسەلات گرتن بەسەر نەیارەکانی دا کەلەم بوارەدا توانایەکی بەرچاوی هەیە .

**کۆبونەوەیەکی تایبەت**

**رۆژ:** دوو شەممە ١٦ ی تەموزی ١٩٧٩.

**کات:** دەوربەری کاتژمێر(١٠) ی سەر لەبەیانی.

**شوێن:** ماڵی خەیرولا تولفاح

**ئامادەبوان:** ئەحمەد حەسەن بەکر, سەدام حوسێن, عەدنان خەیرولا, هەیسەم کوڕە گەورەی بەکر, خەیرولا تولفاح.

**مەبەست و کرۆکی کۆبونەوە:** دەست لە کارکێشانەوەی بەکر و دامالینی لەسەرجەم پۆستەکانی و شوێن گرتنەوەی لەلایەن سەدامەوە.

**ئامادەکار و هەڵسوڕێنەری کۆبونەوەکە** : خەیرولا تولفاحی خەزور و خاڵی سەدام حوسێن ئەوەش لەسەر پیلان و داواکاری سەدام.

سەرەتا بەکر رەخنەی لەو رێگەیە گرت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی دا و رازی نەبوو لەسەر ئەوەی سەدام حوسێن و عەدنان خەیرولا و خەیرولا تولفاح پێشنیاریان کرد,لەو بەرەنجامەشەوە رەوشەکە تێك دەچێت, هەیسەم دەمانچەکەی دەرهێناو فیشەکێکی تەقاند کە بە سوکی بەر عەدنان خەیرولا دەکەوێت .

لەو کاتەدا خەیرولا تولفاح دێتە نێو مەسەلەکە و بەکریش بێ دەنگ دەمێنێتەوە و دەست لە کارکێشانەوەی خۆی رەت دەکاتەوە, بەڵام لە دواجاردا ناچار دەبێت مل کەچ بکات بۆ داواکارییەکانیان ئەمەش دوای ئەوەی کە سەدام تێ ی دەگەیەنێت کە

هیچ پشتگیر و یارمەتی دەرێکی لە نێو سوپا و دەزگای موخابەراتی و گاردی کۆماری دا نەماوە,هەموو ئەو دەزگایانەش ئەوانە بون کە لە لایەنگرانی بەکر پاك کرابونەوە.

دواتر بەکر رازی بوو لەسەر ئیمزای ئەو وتارەی کە پێشتر بۆی ئامادە کرابوو تا بەشێوەیەکی شەخسی لە کاتژمێری هەشتی ئێوارەی هەمان رۆژدا لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدادەوە بیخوێنێتەوە .

سەرکردایەتی هەرێمایەتی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش عەسری هەمان رۆژ کۆبونەوەیەکی گرێ دا بەمەبەستی تاتویێ کردنی ئارەزو خواستی بەکر لە دەستکێشانەوە لە سەرجەم پۆستەکانی لە بەرژوەندی سەدام, بەڵام ئەندامانی سەرکردایەتی ئاگاداری وەها رووداوێك نەبوون کە لە ماڵی خەیروڵا تولفاح پێشتر بۆ بەکر هاتبوە پێشەوە, لەبەر ئەوە هەندێکیان کەوتنە بەرگری کردن لەبەکر و پێ یان باش بوو تا بەکر بەردەوام بێت لەسەر درێژە دان بە ئەرکەکانی تەنانەت گەربێتوو تا کۆتایی هاتنی هەنگاوەکانی یەکێتی نێوان سوریا و عێراق بێت کە هەنگاوی لەلایەن بەکرەوە بۆ هەڵگیرا بوو بەمەبەستی کەم کردنەوەی دەسەڵات و هەژمونی سەدام حوسێن, لەو کاتەشدا (هاوڕێیان) گەرم بووبوون لە قسەو باسەکانیان لەلایەن خۆشیانەوە بەکر و سەدام سەرقاڵی نوسینی پێشنیار و قسەوباسەکانی (هاوڕێیانی سەرکردایەتی) بوون.

هەوڵ و پێداگری ئەندامانی سەرکردایەتی لەسەر مانەوەی بەکر لەپۆستەکەی نەیتوانی ببێتە شەفاعەتکاری مانەوەی بەکر و لەلایەن خۆشیەوە بەکر سور بوو لەسەر ئەوەی کە پۆستەکانی تەسلیم بکات بە سەدام (سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش, سەرۆك کۆمار, سەرۆك وەزیران, فەرمانەدەی گشتی هێزەچەکدارەکان, رازگیری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی وجێگری رازگری سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعس)

بەم جۆرە بەکر تەنازولی لە پۆستەکانی خۆی کرد لەبەرژوەندی سەدام حوسێن و رازی بوو بەوەی کە سەدام حوسێن سەرجەمی بەرپرسیارێتی یەکانی ولاتیکی وەك عێراق لە ئەستۆ بگرێت, دواتر کۆبونەوەکەش کۆتایی هات.

بەکر و سەدام باوەشیان بەیەکدا کرد و هۆڵی کۆبونەوەکانی نهۆمی دووەمی کۆشکی کۆمارییان بەجێ هێشت و سەدام بەرەو نوسینگەکەی خۆی لە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی بەرێ کەوت و هەموو ئەو وەرەقانەشی لەگەڵ خۆی برد کە تێبینی و وردەکاری قسەی سەرجەم ئەندامانی سەرکردایەتی تیدا تۆمار کرابو بە تایبەت ئەوانەی زۆر سور بون لەسەر مانەوەی بەکر لە پۆستەکەیدا.

عەدنان حەمدانی زۆر ترین کەسێك بوو کە پێداگری دەکردەوە لەسەر مانەوەی بەکر و بەرگری لێ دەکرد, ئەمەش سەرەرای ئەو هاورێیەتی یە بە هێزەی لەگەڵ سەدامدا هەیبوو, غانم عەبدولجەلیلیش وەك حەمدانی دەربارەی مانەوەی بەکر لە پۆستەکەی هەمان حەماسەتی هەیبوو, لە کاتێکدا هەریەك لە ( محمد مەحجوب و محمد عایش ) زۆر بەکوڵ گریان و سور بون لەسەر مانەوەی بەکر لە پۆستەکەی وەك (باوکی سەرکردە) بەڵام هەرچی ئەندامانی تری سەرکردایەتی بوو تەنها ستایشی بەکریان کرد لەسەر کارەکانی و هیوایان خواست لە ژیانی داهاتویدا خۆش بەخت بێت.

لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەی هەمان رۆژ بەکر وتارەکەی لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدادەوە خوێندەوە و تیایدا هەواڵی دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لەبەر هۆکاری تەندروستی راگەیاند ولە هەمان کاتدا جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی بەدرێژایی تەمەنی ئامادەبوە بۆ لە ئەستۆگرتنی هەر ئەرك و بەرپرسیارێتی یەك کە سەرکردایەتی پێ یان سپارد بێت. بەڵام لەماوەیەی دوایدا بە هۆی گرفتی تەندروستی یەوە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی باش ئەرکەکانی سەر شانی بەجێ بگەیەنێت ئەمەش وای لێ کردوە تا تەکلیفی سەدام حوسێن بکات بە لە ئەستۆ گرتنی ئەرکەکانی سەرشانی..

لـه دوایـشدا کۆمـەڵێك بڕیـار دەرچـوو لـه ئەنجومـەنی سـەکردایەتی شۆڕشـەوە لـه گرنگترینیان قبوڵ کردنی دەست لە کارکێشانەوەکەی بەکر و دیاری کردنی سەدام بـوو له جێگەکەیدا, لەگەڵ دیاری کردنـی (عیـزەت ئیـبراهیم دوری) وەك جێگـری سـەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شـۆڕش و لابـردن و گـۆڕینی چـەندین پۆسـتی تـری حکـومی لەوانه وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی دەزگای موخابەرات و زۆر پۆستی تر.

## پێکهاتەی یەکەم حکومەتی سەدام حوسێن

(سەدام حوسێن سەرۆك کۆمار و سەرۆکی وەزیـران, تـەها یاسـین رەمـەزان جـەزراوی جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیران, نەعیم حەداد جێگری سەرۆك وەزیران, تـاریق عـەزیز جێگری سەرۆك وەزیران, سەعدون غێدان جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری گەیانـدن, عـەدنان حـسین حەمـدانی جێگـری سـەرۆك وەزیـران و سـەرۆکی دیـوانی سـەرۆکایەتی کۆمار, عەدنان خەیروڵا جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیـری بـەرگری, دکتـۆر سـەعدون حەمادی وەزیری دەرەوە, محمد مـەحجوب دوری وەزیـری پـەروەردە, دکتـور مـونزیر ئیـبراهیم شـاوی وەزیـری داد, سـامر رەزوقـی وەزیـری دارایـی ,محمد فـازڵ حـەبوبی وەزیری ئیشغال و ئاوەدان کردنەوە, دکتۆر تەها ئیبراهیم عەبدوڵا وەزیری پلان دانان, دکتۆر ریاز ئیبراهیم حسین وەزیـری تەندروسـتی, تـاهیر تۆفیـق عـانی وەزیـری پیـشه سـازی , عیـسام عەبـد عـەلی وەزیـری خوێنـدنی بـالا و توێژینـەوەی زانـستی , تایـه عەبدولکەریم وەزیری نەوت, حەسەن عەلی عـامری وەزیـری بازرگـانی, کـەریم مـەحمود حسین وەزیری لاوان, عامر مەهدی وەزیری کـشتوکاڵ و چاکسازی کـشتوکاڵی, حامـد عەلوان جبوری وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە, لەتیف نـسەیف جاسـم وەزیـری رۆشـنبیری و راگەیانـدن, عەبـدولوەهاب مـەحمود عەبـدوڵا وەزیـری ئـاودێری , بـەکر مـەحمود رەسـول وەزیـری کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی, دکتۆرئەحمـەد عەبدولـستار جـەواری وەزیـری ئـەوقاف و خالـد عەبـد عوسمـان وەزیـری دەوڵـەت بـۆ کاروبـاری ئۆتۆنـۆمی, هاشـم حەسـەن وەزیـری دەوڵـەت, عوبیـدوڵا موسـتەفا بـارزانی وەزیـری

دەوڵەت, عەبدوڵا ئیسماعیل ئەحمەد وەزیری دەوڵەت, عەزیز رەشید وەزیری دەوڵەت, عەبدولفەتاح محمد ئەمین وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری حوکمی محەلی, سەعدون شاکر وەزیری ناوخۆ).

پاش پێکهێنانی کابینەی نوێ ی حکومەت سەدام وتارێکی ئاراستەی گەل کرد و کۆمەلێك قسە و پەیمانی بریقەداری تیدا راگەیاند

**( پیلانگێڕی ) سەرکردایەتی!**

تا شەوی یانزەی تەموزی ١٩٧٩ (موحیی عەبدولحسین مەشهەدی — شمەری) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو, لەگەڵ ئەوەی رازگری ئەنجومەنی ناوبراو بوو لە کاتێکدا ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسیش بوو, پێش چەند رۆژێکی کەم لە دەست لە کارکێشانەوەی بەکر, بریارێك دەرچوو بە (فصل) کردنی مەشهەدی لە حیزب و لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و رازگری نهێنی ئەنجومەنەکە بێ ئەوەی هۆکارەکان رون بکرێنەوە..

لە رۆژی ١٧ ی تەموز سەدام بە تەواوی دەسەلاّتی ولاّتی گرتە دەست و لە رۆژی ٢٢ ی هەمان مانگدا سەدام بانگهێشتی کادێرە پیشکەوتوەکانی حیزبی کرد بۆ بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانی بەمەبەستی کاری گرنگ.

کادێرە پیشکەوتوەکانی حیزب هەر بە خێرایی بەرەو هۆڵی کۆبونەوەکە بەرێ کەوتن بێ ئەوەی زانیاری پێش وەختیان هەبێت دەربارەی هۆکاری ئەو کۆبونەوە ناوادەیە.

سەدام لەسەر مێزی سەر سەکۆی هۆلەکە دانیشت و هۆڵەکەش بێ دەنگی و ترسێکی زۆر باڵی کێشابوو بەسەر هاورێیانی حیزبدا وئەوانەی لە پێشەوە دانیشتبون دەیان ویست بە هەرجۆرێك بوە ترسەکەیان بشارنەوە ..

پاش ماوەیەکی کەم سەدام باسی لە ئاشکرا کردنی پیلانێك کرد کە دژ بە دەسەلاّتەکەی لە ئارادابوە, پیلانێك کە یەکێك لە پیلان گێران بۆتان باس دەکات ئەویش (موحیی عەبدولحسین مەشهەدی) یە دوای ئەوەش ناوی ئەوانە دەخوێنرێتەوە

که بەشداری ئەو پیلانە بوون و ناوی هەرکەس لە ئامادەبونی تێدا بێت بـا هەستێتەوە سەرپێ و بوەستێ دواتر دروشمی ( امة عربية واحـدة ذات رسـالة خالـدة) لـە هۆلەکـەدا وترایەوە . لە کاتێکدا هـەر هێنـدەی سـەدام لـە خوێندنـەوەی کارەکـانی کۆبونەوەکـە تەواو بوو کەشێکی پڕ لە ترس و تـۆقین بەشدار بـوانی هۆلەکـەی گرتـەوە بـە تایبـەت ترس لە داهاتویەکی نادیار.

دواتر مەشهەدی لـە لای راسـتی سـەدام و لـە بـەردەم ئـەو مایکـەدا وەسـتا کـە بـۆی تەرخان کرابوو,و دەستی کرد بە گێڕانەوەی وردەکاری (پیلانەکە) لە رێگەی کۆمەڵێك وەرەقەی چاپ کراو کە بەدەستیەوە بو, وتی من و چـوار لـە ئەنـدامانی سـەرکردایەتی هەسـتاوین بـە دارشـتنی کودەتایـەك بـۆ سـەرنگوم کـردن و روخـانی دەسـەڵاتی فەرمانرەوای عێراقی , و پاشان ناوی هەنـدێك لـە بەشـداربوانی پیلانەکـەی راگەیانـد : عـەدنان حوسـێن حەمـدانی (شـیعی) و غـانم عەبدولجـەلیل (شـیعی) و محمـد عـایش (سوننی) و محمد مەحجوب (سوننی)..

هـەروەها مەشـهەدی (شـیعی) وتـی ئـەوان پەیوەنـدیان بـە دەوڵـەتێکی عەرەبییـەوە (مەبەستی سوریا بوو) کردوە و برێك چەك و یارمەتی دراراییان وەرگرتوە و پـەیمانیان پێ دراوە تا فیرقەیەکی سەربازی بۆ یارمەتی دانیان رەوانـە بکرێـت کـە جـل و بـەرگی سەربازی عیراقییان لەبـەردابێت بەمەبەسـتی سەرخـستن و کـۆنترۆل کردنـی بارەکـە و دەسەلاًت گرتن بەسـەر سـەدامدا, و پاشـان سـەرۆکایەتی عـیراق تەسـلیم دەکرێـت بـە (ئەبو سولەیمان) واتە حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا لە چوار چێوەی یەکێتی یەکدا ( کاتێـك بـەکر زانیبـوی سـەدام بـە تـەواوی خەریکـە کـۆنترۆڵی سـەرجەم دام و دەزگـا گرنگەکانی وڵات دەکات , هەوڵی دا لە رێگەی دامەزراندنی یەکێتی یەك لەگەڵ سوریادا کە حافز ئەسەد سەرۆکی یەکێتی یەکە بێت و بەکر جێگری بێت هەژمونی سـەدام کـەم بکاتەوە, بەڵام نەیتوانی لە کارەکەیدا سـەرکەوتوو بێـت چـونکە سـەدام بـە زویـی ئـەو هەوڵەی پەك خست لەبەر ئەوە دروست کردنی وەهـا سـیناریۆیەك کـە لایـەنگرای بـەکر

کاراکتەری سەرەکی بن تیایدا هەنگاوێکی گرنگ بوو تا هاورێیانی سەرکردایەتی و لایەنگری بەکری تێدا ببنە قوربانی و تەسفیە بکرێن ئەوەش هەلێکی زیاتر بوو بۆ مکۆم کردنی دەسەڵاتی سەدام)

دواتر مەشەهەدانی کە لە دان پێدانانەکانی تەواو بوو , سەدام دەستی کرد بە خوێندنەوەی ناوی ئەوانەی تێوە گلا بون لەو پیلانەدا و ئەوانەشی لە نیو هۆلەکەدا بوون و ناویان دەخوێنرایەوە یەك دوای یەك هۆڵەکەیان بەجێ دەهێشت کە لە دەروازەی هۆڵەکەدا کارمەندانی موخابەرات چاوەڕێیان دەکردن تا بەرەو چارەنوسێکی نادیار بیان بەن.

پاشان سەدام جگەرەیەکی (کوبی ) داگیرساند و پارچە دەسرێکی گرت بەدەستییەوە تا فرمێسکەکانی پێ بسرێت لەگەڵ ئەویشدا هەریەك لە تەها جەزراوی تاریق عەزیز گریان, دواتر ئامادەبوان تەواوی دەسەڵاتیان دا بەسەدام بۆ چارەسەر کردنی بارەکە و دەرهێنانی رەگ و ریشەی بەشداربوانی پیلانەکە لەوانەش دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بۆ دادگایی کردنی (هاوڕێیان)ی پیلان گێڕ و جێ بەجێ کردنی سزا بەسەریاندا.ئەوەبوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە رۆژی ٢٩ی تەموز بە بریارێك دادگایەکی تایبەتی بۆ دادگایی کردنی پیلان گێڕانی پیك هێنا بە (سەرۆکایەتی نەعیم حەداد و ئەندامێتی سەعدون غێدان و تایە عەبدولکەریم و حەسەن عەلی عامری و سەعدون شاکر و حیکمەت ئیبراهیم عەزاوی و عەبدولاّ فازڵ.

لەرۆژی ٧ی ئابی ١٩٧٩ رادیۆی بەغداد رایگەیاند کە دادگا دانیشتنەکانی خۆی لە رۆژی یەکی ئابەوە دەست پێ کرد تا حەوتی ئاب و بە وردی سەیری دۆسیەکەی کرد و پاش لێکۆلینەوە و تاوتوێ کردن کەدۆسیەی ٦٨ تۆمەتباری لە خۆدەگرت, بڕیاری دا بە لە سێدارەدانی ٢٢ لە تاوانبارن و زیندانی کردنی ٣٣ تاوانباری تر و تەبریە کردنی ١٣ تۆمەتباری تر و رۆژی ٨ ی مانگیش بڕیاری لە سێدارەدان جێ بەجێ

دەكرێت بەسەر تاوانبارانـدا بـێ ئـەوەی مـافی بـەرگری لـە خـۆكردن و پێداچـونەوەی حوكمەكان بدرێت بە تاوانباران.

لە نێو ئەندامانی سـەركردایەتی هەرێمایـەتی پـارتی بـەعس و ئەنـدامانی ئەنجومـەنی سەركردایەتی شۆڕش كە سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا جێ بەجێ كرا بریتی بون لـە ( محمد عایش, محمد مەحجوب, غانم عەبدولجـەلیل, مـوحیی عەبدولحسێن مەشـهەدی كە دان پێدانانەكانی شەفاعەتی بۆ نەكرد)

هەروەها ژمارییەكی تر لە سـەركردەكانی حیزبـی و سـەربازی لـە سـێدارەدران لەوانـە (لیوا روكن وەلید مەحمود سیرت ی فەرماندەی هێزەكـانی پارێزگـاری شـاری بەغـداد, بەدەن فازڵ سەرۆكی یـەكێتی گـشتی سـەندیكاكانی كرێكـارانی عێـراق و خالیـد عەبـد عوسمان وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری ئۆتۆنۆمی ) دواتـر (عەبـدولخالق سـامەرائی) لـە ژێـر زەمینەكـەی دەزگـای موخابـەرات دەرهێنـرا كـە لـە سـالی ١٩٧٣ ەوە لـە زینـدانی ئیفرادیدا دەسـت بەسـەر بـوو, یـەكێك بـوو لـە سـەركردە دیارەكـانی حیزبـی بـەعس و پاشان سزای لە سیدارەدان بەسەریدا جێ بەجی ٚ كرا.

پاشان لـە تـشرینی یەكـەمی ١٩٧٩ دا و پـاش تەسـفیەكردنی ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی سـەركردایەتی حیزبـی بـەعس و ئەنجومـەنی سـەكردایەتی شـۆڕش لـە (پیلانەكـەدا) , گۆرانكارییەكی وەزاری ئەنجام درا بەم جۆرەی لای خوارەوە:

ئیعفا كردنی عەدنان حسێن حەمدانی لە پۆستی جێگـری سـەرۆك وەزیـران و سـەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی كۆمار لەبەر ئەوەی سـزای لـە سـێدارەدانی بەسـەریدا جـێ بـەجێ كراوە.

ئیعفا كردنی محمـد مـەحجوب دوری لـە پۆسـتی وەزیـری پـەروەردە بـەهۆی ئـەوەی سـزای لـە سـیدارەدان بەسـەریدا جـێ بـەجێ كـراوە و لـەبری نـاوبراو عەبدولجـەبار عەبدولمەجید دەست بەكاردەبێت,

ئیعفا کردنی دکتۆر ئەحمەد عەبدولستار جەواری لە پۆستی وەزیری ئـەوقاف و دانـانی نوری فەیسەل شاهین لـە جێگەیـدا هـەروەك نـاوی وەزارەتـی ئـەوقاف گـۆڕا و کـرا بـە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی .

ئیعفا کردنی خالد عەبد عوسمان لە پۆستی وەزیـری دەوڵـەت بـۆ کاروبـاری ئۆتۆنـۆمی بەهۆی جێ بەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان بەسەریدا و دیـاری کردنـی عەبدولفـەتاح یاسین تکریتی تا لەبری ناوبراو لە پۆستەکەیدا دەست بەکار بێت.

# سەدام و
# کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە تونس

رۆژی ٢٠ ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ لە تونس کۆنگرەی دەیەمی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی بەسترا, من پێش ئەو رۆژە گەیشتبومە تونس بە فرۆکەکەی (شیخ زاید بن سلطان آل نهیان) بە سیفەتی سەرۆکی سندوقی دراوی عەرەبی ( عادەت وابوو سەرۆکی رێکخراوە عەرەبییەکان بەسیفەتی چاودێر بەشداری کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی عەرەبییان دەکرد). پاش گەیشتنمان بە ماوەیەکی کەم سەرۆکی دائیرەی تەشریفاتی تونسی ئاگاداری کردمەوە کە فڕۆکەکەی سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراق دوای کەمێکی تر دەگات , لەبەر ئەوە شیخ زاید بڕیاری دا کە لە فرۆکەخانەی تونس چاوەڕێ ی سەدام بکات بەمەبەستی بە خێرهێنانی.

دوای تێپەڕبونی ماوەیەکی کورت فرۆکەیەکی گەورە کە لە جۆری (ئەنتۆنۆف) ی روسی بوو لە فرۆکەخانەی تونس نیشتەوە کە لە, لە بەغدادەوە هاتبوو, هێشتا سەرۆکی عێراقی نەگەیشتبوو بەڵکو لە فرۆکەکەدا نزیکەی (١٥٠) سەربازو چەکدار و ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری وەك بەشێك لە تەشکیلاتی دەستەی پارێزەری سەدام گەیشتن.

چەکدارەکان بە نێو شوێنی نیشتنەوەی فرۆکەخانەکە و دەروازەکانی هاتنە ژورەوە و چونە دەرەوە دا بڵاوبونەوە و رێگەیان نەدەدا کەس بچێتە ناو فرۆکەخانەکەوە کە لە نێو ئەوانەشدا رێگەیان پێ نەدرا بچنە نێو فرۆکەخانەکەوە کوڕەکەی (حەبیب بورقێبە)ی سەرۆکی تونس بوو کە هاتبوە فرۆکەخانە بەمەبەستی پێشوازی کردن لە سەدام حوسێن.

دواتر فرۆکەیەکی تایبەت لە فرۆکە خانەکە نیشتەوە کە سەدام حوسێن و وەفدەکەی هاوڕێ ی هەڵگرتبوو, دوای گەیشتن سەدام بەرەوە هۆڵی شەرف بەرێکەوت و پاشان

بەخێرایی بەرەو شوێنی مانەوەی خۆی بە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیلی پاسەوانێتی و ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری کە پێشکەوتوترین کەرەستەو پێداویستی پزیشکی وشارەزاترین پزیشکی پسپۆری عێراقی لەگەڵ بوو بەرێکەوت.

سەدام بە وتارێکی سیاسی توند کۆنگرەکەی کردەوە و تیایدا داوای کرد تا نەوت وەك چەك بەکاربهێنن لەجەنگی تایبەت بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئوممەی عەرەبی , هەروەها داوای ئاسان کاری کرد لە بواری نەوت و دارایی دا بۆ ئەو وڵاتانەی کە لایەنگری پرۆژەی عەرەبی و رزگار کردنی خاکی فەلەستین دەکەن.

خشتەی کارەکانی کۆبونەوەکە ژمارەیەك پرسی لە خۆ گرتبوو, لە گرنگترینیان بارودۆخی رۆژهەلاّتی ناوەراست لە پاش هەردوو رێکەوتنامەی (کامپ دێڤید) ی نێوان میسر و ئیسرائیل و هەروەها رەوشی باشوری لوبنان و بەکارهێنانی نەوت وەك چەکێك لەو جەنگەدا , کەئەم جۆرە پرسانە ناکۆکی لە نێوان ئامادەبواندا لێ نەدەکەوتەوە, هەموولا پێشبینیان دەکرد کە کۆنگرەکە بەزوی کۆتایی بهێنی بەکاروبارەکانی , بەلاّم مەسەلەیەك هەبوو قەیرانی لێ دەکەوتەوە لە نێو هەندێك لە وڵاتانی عەرەبیدا , بەتایبەت پەیوەندی نێوان عێراق لەلایەك لەگەڵ هەریەك لە سوریاو لیبیا لەلایەکی ترەوە, ئەوەشی زیاتر قەیرانەکەی دروست کردبوو بریتی بوو لە ئامادەبونی وەفدێکی ئێرانی لە کۆنگرەکە کە هەریەك لە (عەباس مودەریسی و موحەمەد ساڵح) بوو کە وەك نوێنەری ئێران و بەسیفەتی چاودێر هاتبون.

هەریەك لە سوریا و لیبیا پشتگیری داواکاری بەشداری وەفدی ئێرانی یان لە کۆنگرەکەدا دەکرد, و پێداگرییان دەکرد لەسەر دانانی لە خشتەی کاروبارەکانی کۆنگرەکەدا تا رێگە بە وەفدی ئێرانی بدرێت بەشداری کۆنگرەکە بکات, بەلاّم عێراق سور بوو لەسەر رەت کردنەوەی و هەندێك وڵاتی تر پێ یان باش تاوتوێ ی داواکاریەکە بکرێت یان رێگەیان پێ بدرێت تا بەشداری کۆبونەوەکانی کۆنگرەکە بکەن,لەگەڵ ئەوەی هەندێکی تر دەیان وت ئەم پرسە لە خشتەی کاروبارەکانی

کۆنگرەدانیـە...دوای گفتوگـۆ و تـاوتویٚ کردنێکـی زۆر بـەڵام لـە کۆتـایی رێگـە نـەدرا وەفدی ئێرانـی بەسـیفەتی چـاودێر یـان هـەر سـیفەتێکی تـر بەشـداری کۆبونـەوەکانی کۆنگرەکە بکات.

### سەدام چاوی بە بالیۆزی بەریتانی دەکەوێت

رۆژی پێنج شـەممە ٣٠ ی تـشرینی یەکـەمی ١٩٨٠ وادەی پێـشکەش کردنـی پـەراوی متمانە پێدانی بالێۆزی بەریتانی بوو بـە سـەرۆکی عیراقـی سـەدام حوسـێن بەسـیفەتی سەرۆکی کۆمار, لەو کاتەشدا سەرەتای دەست پێکردنـی جـەنگی عێـراق ئێـران بـوو, سوپای عێراقی روبەرێکی بەرفراوانی لە خاکی ئێرانی داگیر کردبوو , سەدام لە لوتکەی سەرکەوتنە سەربازییەکانی دا بوو کە ناوی لیٚ نابوو (قادسیه صدام).

لەم کەشە پڕ لـە سـەرکەوتن و لێـوان لێـو لـە سرودی نیـشتمانی و سەرکەشـی و لـە خۆبایی بوون, سەدام پێشوازی لە بالیۆزی نـویٚ ی بـەریتانی کـرد لـە هـۆڵی پیـشوازی کردنەکانی کۆشکی کۆماری و دوای تەواو بـونی مەراسـیمی پێـشکەش کردنـی پـەڕاوی متمانـە لەلایـەن بـالیۆزی بـەریتانیاوە , لـەلای راسـتی سـەدامەوە بـالیۆزی بـەریتانی دانیشت و لە نێو ئەو وسەدامدا وەرگێڕێك هەبوو کە وەزیری دەرەوە ئامادەی کردبوو.

سـەدام سـەرەتا رەخنـە و نیگـەرانی خـۆی لـە هەڵویـستی رۆژنامەگـەری بـەریتانی راگەیانـد کـە بەئەنقەسـت هـەواڵی سـەرکەوتنەکانی (قادسـیە ی سـەدام) پـشت گـویٚ دەخەن و روماڵی ناکـەن, لەبـەر ئـەوە داوای لـە بـاڵیۆزی بـەریتانی کردتـا بـە خێرایـی ئاگاداری حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی بکاتەوە کە هەنگاوی پێویـست هـەڵبگرن بـۆ چارەسـەر کردنـی ئـەو مەسـەلەیە و رێنمـونی پەیوسـت دەربکـەن بـۆ دەزگاکـانی رۆژنامەگـەری ئـەو وڵاتــە تــا گرنگــی گــەورە بــدەن بــە (قادســیە) و ســەرکەوتنە سەربازییەکانی بەرەی رۆژهەڵاتی جەنگ.

سەدام بە زمانی عەرەبی قـسەی لەگـەڵ بـاڵیۆزی بـەریتانی دەکـرد, ئـەوەی لـە یـاد چـووبوو کـە رۆژنامەگـەری بـەریتانی ناکەوێتـە ژێـر دەسـەڵات و چـاودێری حکومـەتی

بەریتانی یەوە هەروەك ئەوەی لە عێراق بەیڕەو دەكرێت, وەرگێڕە عێراقی یەكە هەوڵی دا تا دەركی مەسەلەكە بكات وسەدام لەو ئیحراجییە رزگاری ببێت كە تیٚ ی كەوتوە, بەڵام ترس لەوچارەنوسەی كە دواتر چاوەڕێ ی دەكات گەربێتوو قسەكانی سەدام وەك خۆی وەرنەگێڕێت وای لێكرد تا قسەكانی سەدام وشە بە وشە بكات بە ئینگلیزی.

لەبەرامبەریشدا هەروەك وەرگێڕەكە نەیتوانی خۆی لە مەسەلەكە قوتار بكات, بەڵام بالیۆزی بەریتانی كە بە ئەدەب و دیپلۆماسیەتێكەوە دەستی بە قسە كرد و ئاماژەی بەو حەقیقەتە كرد كە میزاجی سەدامی تەڵخ كرد وتی حكومەتی" حكومەتی بەریتانیا موحافیزكاران بێت یان كرێكاران دەسەلأتیان نیە بەسەر رۆژنامەگەری و رۆژنامەنوساندا, رۆژنامەگەری دەسەلأتی چوارەمە و تەواو كاری ئەركی پەرلەمان و دەزگاكانی تری دەوڵەتە و چاودێرە بەسەر حكومەتەوە.

دوای ئەوە جۆرێك لە هێمنی و بیٚ دەنگی باڵی كێشا بەسەر هۆڵەكەدا و وەرگێرەكە بیٚ دەنگ بوو, وەزیری دەەوەی عێراقیش نەیتوانی ئەو ئیحراجیە بڕەوێنێتەوە كە خۆی و (گەورەكەی) تیٚ ی كەوتبون. لەترسی ئەوەی نەبادا چارەنوسە وەزیفی و سیاسیەكەی لە دەست بدات.

دوای سیٚ رۆژ باڵیۆزی بەریتانی و چاوی كەوتبو بە هاوتا ئەمەریكی یەكەی و بەوردی باسی قسەوباسەكانی نێوان خۆی و سەدام حوسێن ی بۆ كردبوو, سەرسورمانی خۆی لە دوو مەسەلە دەربڕی بوو كە سەدام تەرحی كردبوون, مەسەلەی داواكردن لە حكومەتی بەریتانی تا رێنمونی بدات بە رۆژنامەگەری بەریتانی تا هەواڵی سەركەوتنەكانی عێراق لە جەنگی عێراق ئێراندا زیاتر دەربخەن و مەسەلەی دوەمیش پێشنیارەكەی سەدام بوو بۆ ولأتانی زلهێزی وەك بەریتانیا تا كار بكەن لەسەربیرۆكەی وەستانی جەنگی عێراق و ئێران وكۆتایی پیٚ هێنانی ئەوەش بەپیٚ ئەو مەرجانەی كە عێراق دایناوە.

پێدەچێت قسەوباسەکانی سەدام لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا جێگەی گرنگی پێدانی بەرپرسە ئەمەریکی یەکە بوبێت ,هەر بۆیەش لەلایەن خۆیەوە ئەو بەرپرسە ئەمەریکی یە وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی بە بروسکەیەك لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لەو مەسەلەیە ئاگادار دەکاتەوە.

## بەشی دووەم

# سەدام و حیکایەتەکانی زەمەنێك لە ترس

## سەدام و حیکایەتەکانی زەمەنێك لە ترس[١]

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین مشتێك لە خەرواری ئەو چیرۆکە نهێنیی یانە بخەینە روو کە لەسەر زاری هاوڕێ و بەرپرس و کەسایەتی یە نزیکەکانی سەدام حوسێنەوە گێردراوەتەوە , ئەم روداو و چیرۆکانەی لێرەدا دەخرێنە روو دەکرێت بۆ یەکەم جار بێت بە زمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە هەروەك تا ئێستاش لە دوو تویّ ی کتێبێکی سەربەخۆدا چاپ نەکراوە , لە هەمان کاتدا ئەوانەی روداوەکان دەگێرنەوە مەرج نیە هەموویان نەیار و دوژمنی سەدام حوسێن بووبێتن تا گومان لەراستی و دروستی روداوەکان بکرێت , بەڵکو هەندێك لەوانە تا ئێستا هەر مەیل و ئارەزویان بە لای سەردەمی سەدامدا دەروات و ئەفسوس بۆ بەشێك لەو تەمەنە دەخۆن کە لەگەڵ سەدام دا بەسەریان بردووە, بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا گێڕانەوەی وەها روداوگەلێك بۆ نەوەی ئەمرۆ کە لەو سەردەمەدا نەژیاون یاخود لەبەر زۆرنهێنی روداوەکان و ئاشکرا نەبونیان بۆ یەکەم جار بڵاو دەکرێنەوە گرنگی خۆی هەیە, هەروەك دەکرێت دەرخەری بەشێك بێت لە کەسایەتی سەدام کە لە دوایدا ولاتی بەچ ئاقارێکدا برد, بە هەر حاڵ تەعلیق و خوێندنەوە لە پای ئەم گێڕانەوانە بەجێ دەهێڵین بۆ خوێنەران خۆیان.

---

[١] لە گێڕانەوەکانی ئەم کەسایەتی یانەیە (حازم جواد ئەندازیاری کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ و بەرپرسی یەکەمی حیزبی بەعسی عێراق و وەزیری ناوخۆ لەیەکەم حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ , ئیبراهیم داود ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری بەرگری عیراقی لە ١٧ی تەموز بۆ ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨, عەبدولرەزاق نایف ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و سەرۆك وەزیرانی عیراقی لە ١٧ ی تەموز تا ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ و حامد الجبوری وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی کۆمار و راگەیاندن و رۆشنبیری و دەرەوە لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێندا , سەلاح عومەر عەلی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و ئەندامی سەرکردایەتی هەریمایەتی حیزبی بەعس , جەواد هاشم وەزیری پلان دانان لە سالانی کۆتایی شەستەکان و ناوەراستی حەفتاکاندا...

# له قاسمەوە بۆ ركابی یەكگرتنەوەی لۆژیكی خوێن

### وێستگەی یەكەم تشرینی یەكەمی ١٩٥٩

له ٧ ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٥٩ ژمارەیەك له بەعسیەكان لـه هەوڵێكدا ویستیان (عەبدولكەریم قاسم) سەرۆكی دەسەڵاتی ئەوكاتەی عێراق له بەغداد تیرۆر بكەن بـەلام هەوڵەكـەیان شكستی هێنـا و ئـەنجام دەرانـیش هـەڵاتن, لـه نێـو ئەوانـەی كارەكـەیان ئەنجام دا و هەلات سەدام حوسـێن بـوو, سـەدام پـاش ئـەوەی برینـدار بـوو, تـوانی بـه خێرایی هەڵ بێـت و خـۆی بگەیەنێتـه ولاتـی سـوریا, هاوكـات لەگـەڵ ئـەویش دا زۆرێـك لەسەركردەكانی بەعس لەترسی گرتن و راوەدونان هەلاتن بەرەو ولاّتی سوریا, له عێراق و پێش هەلاتن فوئاد ركابی ( له پەنجاكاندا سكرتێری حیزبی بەعس بوو)سەرگەرم بـوو به هەواڵ پرسینی گەنجێكەوه به ناوی سەدام حوسێن كه بەشداری كارەكەی كردبوو و ئاخۆ دەبێت پاش ئەو پەلامارە چارەنوسی بـه كـوێ گەیـشتبێ؟ بـێ ئاگـا لـەوەی كـه خۆیشی دەبێ به یەكێك له قوربانیەكانی دەستی ئەو گەنجه , له سوریا ركابی دەسـتی دایه گەران و هـەواڵ پرسـین بـه دوای سـەدام حوسـێندا و پەیوەنـدی كـرد بـه دەزگـای هەوالگری سورییەوه و سەرەنجام بۆی دەركـەوت سـەدام توانیویـەتی خـۆی بگەیەنێتـه ئـەو ولاّتـه , ئەمـەش دوای ئـەوەی لەگـەڵ هاورێیـەكی دا بـه نـاوی (فاتـك صـافی) لـه ناوچەی عۆجه ماوەیەك خۆی حەشاردابووەو دواتر بەرەو سوریا بەرێ كەوتبوو.

ركابی به چیرۆكی گەیشتنی سەدام زۆر دڵخۆش دەبێت , هەربۆیەش به حـازم جـواد دەلێت "من دەمەوێت هاورێ سەدام رێز لێ بنێم" حازم جوادیش پێ ی دەلێت "ئێمـه خاوەنی هیچ شتێك نین چۆن دەتوانین رێزی لێ بنێین! " لەو كاتەشدا ركـابی دەلێـت " تاكه رێگەیەك بتوانین كه لێیەوه رێز له هاورێ سەدام بگرین بریتی یـه لـەوەی بیكەینـه

(ئەندامی کارا) لە ریزەکانی حیزبی بەعسدا " لە راستی دا پێشهاتێکی سەیر بوو, لە کاتی ئامادەکاری بۆ ئەنجام دانی پیلانی تیرۆر کردنی قاسم دا گەنجێك بە ناوی (یاسین سامەرائی) داوای لێبوردنی کرد لەوەی بەشداری ئەو کارە بکات , لە ترسی ئەوەشی کارەکە ئاشکرا نەبێت رکابی ئەو گەنجە رەوانەی سوریا دەکات و داوا لە دەزگای نهێنی دەکات بەدیلێك بۆ سامەرائی دابنێت. دەزگای ناوبراویش پیشنیار دەکات گەنجێك کە تازە پەیوەندی کردوە بە حیزبەوە بخرێتە جێگەی یاسین سامەرائی کە پیدەچێت زۆر ئازا و ئامادە و گەرم و گوڕ بێت (ئەویش سەدام حوسێن بوو ) , بەو جۆرەش سەدام دەخرێتە جێگەی سامەرائی و دەبێتە بەشداری تیمی تیرۆ کردنی قاسم کە لەو کاتەدا سەدام پلەی (نەسیر ) ی هەبوو .. فوئاد رکابی کاتێك ئەو رێزەی لە سەدام نا رێوشوێن و ئالیەتی حیزبی پێشیل کرد لە بەرزکردنەوەی پلەی ئەندامێتی سەدامدا, چونکە دەبوا سەدام دوو ساڵ یان زیاتر نەسیر بوایە ئەوکات وەك (ئەندامی کارا) قبول دەکرا, لەبەر ئەوەشی دەبوا هەرکاتێك ئەندامێك لە پلەی نەسیرەوە بەرز دەکرایەوە بۆ پلەی (ئەندامی کار) دوو ئەندامی تر پشتگیریيان بکرایەتەوە , هەربۆیش رکابی ناچار بوو بە حازم جواد بلێت" من سەدام دەپالیۆم و تۆش پشتگیری پیشنیارەکەم بکە" و ئەویش رازی دەبێت .. دواتر لە ژێر زەمینی ئەو شوققەی تیایدا دەژیان لە دیمەشق رکابی کۆبونەوەیەك دەکات بە هەریەك لە (حازم جواد و عەلی سالح سەعدی و میدحەت ئیبراهیم جومعە و عەبدولا رکابی ) و چەند بەرپرسێکی تری بەعس و لە وتەیەکی دا ستایشی رۆلی سەدام حسین دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە پێشنیاری کردوە ببێتە ئەندامی کارای بەعس و دوای رەزامەندی هەموان رکابی سویندی حیزبی دەخوێنیتەوە و سەدامیش بە دوایدا دەیلێتەوە , دواتر سەدام بە ناوی تەواوکردنی خوێندنەوە بەرەو وڵاتی میسر دەروات.

دوای ئەوەی کە لەلایەن دادگای باڵای سەربازیی سەردەمی (عەبدولکەریم قاسم)ەوە سزای لە سێدارەدان لە دژی فوئاد رکابی و عەبدولا رکابی سەدام حوسین و عەبدولکەریم شێخلی دەردەچێت , فوئاد رکابی ناتوانێت بگەڕێتەوە عێراق و هەر لەوێشەوە لە حیزبی بەعس جیادەبێتەوە و رەوتێکی عەرەبی ناسری پێك دێنی و لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی دا لەبەیروت واز هێنانی خۆی لە بەعس رادەگەیەنێت و تەنانەت هێرش دەکاتە سەربەعسیش, دوای کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە عێراق , بەڵام لەلایەن عەلی سالح سەعدییەوە رێگەی لێ دەگیرێت و سوکایەتی زۆری پێ دەکرێت و لەفرۆکەخانەی بەغداد دەستبەسەر دەکرێت و دواتر رەوانەی قاهیرە دەکریت, دوای کودەتای عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسیەکاندا جارێکی فوئاد رکابی دەگەڕێتەوە بۆ عیراق کە لەو کاتەدا پەیوەندی نێوان عیراق و میسر باش بوو, (بزوتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی ) بە هاوکاری یەکێتی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان دادەمەزرێنێ, تا ئەوەبوو دوای سەرکەوتنی کودەتای ١٧ ی تەموزی سالی ١٩٦٨ بە تۆمەتی پیلان گێڕی لە دژی دەسەڵاتی نوێ ( کە ئەوە بیانوییەك بوو بۆ لە ناوبردنی ئەوانەی کە سەدام و بەکر ترسیان لێ یان هەبوو) بەو جۆرەش لە ساڵی ١٩٦٩ دەخرێتە زیندان و سزای دوو ساڵ بەند کردنی بەسەردا دەدرێت. پێش چەند رۆژێك لە کۆتایی هاتنی ماوەی زیندانێتی لە گرتوخانەی باقوبە, سەدام ئەفسەرێکی موخابەرات رەوانەی ئەو گرتوخانەیە دەکات و دەخرێتە ژورەکەی فوئاد رکابی یەوە , کاتێك کە رکابی سەرقاڵی گۆرینی میلی رادیۆکەی دەستی دەبیت , ئەفسەرەکە چەقۆیەك لە ملی رکابی دەدات و غەڵتانی خوێنی دەکات, لەگەل ئەوەشدا رێنمایی دەردەچیت کە هیچ کەسێك نابێت بە هانای رکابی یەوە بچێت و یارمەتی بدات تەنانەت تیمی پزیشکیش , هەربۆیە بە هۆی زۆری خوێن بەربونەوە کە چەقۆکە لە بۆرییەکانی خوێنی درابوو, رکابی گیان لە دەست دەدات, حازم جەواد دەڵێت " کاتێك

كه بیستم ركابی كۆچی دوایی كردوه وامزانی جەڵتـه لێ ی داوه هەرچـەند لـه چـلەكانی تەمەنی دا بوو, بەڵام دوای ئەوەی سەردانی ماڵەوەیانم كـرد و تـەرمی (ركـابی) م بینـی سەیرم كرد كه شوێنەواری چـەقۆكه بـه مـل یـەوه دیـاربوو, دواتـریش ئـەو ئەفـسەرەی فوئاد ركابی بەوجۆره كوشت له وەزارەتی دەرەوەی عیراقی دامەزرا.

# سەدام خزمەتگوزارییەکانی دەخاتە روو!

حازم جـەواد: دەڵێـت بـۆ یەکـەم جـار لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٥٨ کاتێـك کـە دەسـەلاتی عەبدولکەریم دەسـتی دابویـەوە گرتنـی لایـەنگرانی عەبدولـسەلام عـارف و بەرپرسـانی بەعس, من لە زیندانی (سەرای) شـاری بەغـداد دەسـتگیر کرابـووم, لـەو کاتـەدا کـە لـە زیندان بووم گەنجێك و پیاوێك هێنرایە ناو زیندان , بەلام ئەوەی سەیر بوو کـە مەهـدی رفاعی تکریتی بەرێوەبەری زیندانەکە ئـەو دوو زینـدانی یـەی خـستە ژورێکـی دابـڕاو و تەئکیدیشی لە ئێمە کردەوە کە نابێت تێکەڵی ئەو دوو کەسە بکەین یان قسەیان لەگـەڵ بکەین ... پاش ماوەیەك و پرسیار و وەڵام بۆمان دەرکـەوت گەنجەکـە نـاوی (سـەدام حوسێن)ە و پیاوەکەش نـاوی (خـەیرولا تولفـاح) ە و سـەدام لەسـەر کوشـتنی (حـاجی سەعدون تکریتی) تۆمـەتبار کرابـوو کـە شـیوعی بـووە , خـەیرولا تولفـاحیش لەسـەر هاندانی سەدام بۆ کوشتنی ناوبراو تۆمـەتبار کرابـوو, حـازم جـەواد دەلێـت لـەو کاتـەدا شتێکی ئەو تۆ لە ئارادانـەبوو تـا لەسـەر گـەنجیکی لـەو جـۆرە بوەسـتم و هەڵویـستەی لەسەر بکەم ..

دوای ئەوەی نـاکۆکی دەکەوێتـە نیـو حیزبـی بـەعس و دەرکـەوتنی بـاڵی میانـەڕەو و توندرەو لەو حیزبەدا , سەدام هەوڵ دەدا سود لەو بارە وەربگرێـت و خـۆی بگەیەنێتـە جەرگەی دەسەلاتی پـارتی بـەعس, کاتێـك بـاڵی تونـدرەو بەسـەرۆکایەتی (عـەلی سـالح سەعدی) لە ململانێ ی سەختدا بون لەگەڵ باڵی میانەرەو بەسەرۆکایەتی حازم جـەواد, سەدام سەردانی نوسینگەی حازم جەواد دەکات و دەکەوێتە سەرزەنشتی کردنـی عـەلی سالح سەعدی و هاورێکانی و ئامادەیی خۆی نیشان دەدا بۆ ئەوەی سـنورێك دابنـێ بـۆ کاروچالاکی یەکانی ئەو باڵە و بە حازم دەلێت چارەسەر کردنی ئەم کێشە و گرفتانە بە کـۆنگرەی حیزبـی و رێوشـوینی رۆتینـی چارەسـەر ناکرێـت, بـەڵکو پێویـستی بەیـەکلا

کردنەوەی یەکجاری هەیە, حازم دەلێت پێشنیارەکەی سەدام زیاتر بەلای لە ناوبردنی عەلی سالح سەعدی دا دەڕۆشت, بەلاًم من هەر لەسەرەتاوە دژی ئەو بیرۆکە بوم و ئەوەم رەت کردەوە کە پەنابرێت بۆ ئەو جۆرە ریگە چارانە بەلاًم پاش وەلاًمەکەی من لەسەر دەم و چاوی سەدام نیشانەی بیٚ هیوایی دیاربوو.

پاش چەند هەفتەیەك لە پەرەگرتنی ململانیٚ نێوان هەردوو بالەکەی بەعس سەدام حوسێن بە توندی روبەروی بالّی عەلی سالح سەعدی دەوەستێتەوە و بە رەوتیکی توندرەو چەپ خواز ناوزەدیان دەکات و زۆر دژیان دەوەستیتەوە , لە کۆنگرەی نەتەوەیی پارتی بەعسیشدا سەدام وتارێك دەخوێنێتەوە بە توندی هێرش دەکاتە سەر (سەعدی) , کاتێکیش کە حەرەس قەومی یەکان یاخی بون رادەگەیەنن لە ١٣ ی تشرینی دوەم سەدام راستەوخۆ پەیوەندی دەکات بە کۆشکی کۆماری یەوە و بە حازم جەواد دەلێت تەنها ریگەم بدەن هەستم بە لە ناوبردنی ئەو یاخی بوانە, چونکە ئەم مەسەلە قابیلی موساوەمە کردن نیە, دیارە لەو کاتەشدا ژمارییەکی زۆر لە رێکخستنەکانی شاری بەغدادی لەبەردەستدا بوە , بەلام جەواد پیٚ ی دەلێت من رێگە نادەم لەم مەسەلەیەدا خوێنی کەس برێژریت , ئێمە تەنها خوێنی شیوعییەکانمان بەسە کە رشتومانە با خوینی بەعسیەکانیشی نەیەتەسەر, بەلام سەدام لەبەرامبەردا زۆر تورە دەبیت و ئەوەش دەکاتە خالّیکی لاواز لەسەر کەسایەتی حازم جەواد کە لە دوایدا و لەسەر داوای حەرەس قەومی یەکان و پیش کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسدا بەرەو لوبنان دەروات و عیراق بەجیٚ دەهلّێت... سەدام دەلّێت حازم جەواد لەبەر رشتنی خوینی ١٠ تا ١٥ کەس شۆرشی لە دەستدا , دواتر سەدام حوسێن لەگەل حەردان تکریتی وەزیری بەگری ئەوکاتەی عیراق و عەبدولسەلام عارف سەرۆك کۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکر و زۆریك لە ئەفسەرەکانی بەعس دەکەونە گیانی حەرەس قەومی یەکان و تەسفییەیان دەکەن ئەوەش لە چوارچێوەی جولانەوەی ١٨ی تشرینی دوەمی ١٩٦٣ و تیادایدا عەبدولسەلام عارف بەعسی بە تەواوی

ەدەسـەلات دورخـستەوە . لـە سـالّی ١٩٦٦ جـارێکی تـر *سـەدام و حـازم جـەواد* پێـك دەگەنەوە , لەم ساڵەدایە کە جەواد دەگەڕێتەوە عێراق و سەدام حوسێنیش لـە زینـدان هەڵدێت, رۆژێك سەدام لە دەرگای مالی حازم جەواد دەدات و دایکی حـازم بـە گـەرمی پێشوازی لێ دەکات و پاش ماوەیەك لە دانیشتن و گفتوگۆ کردن , سەدام داوا لـە حـازم جەواد دەکات تا بگەڕێتەوە بـۆ کـارکردن لـە نیـو ریزەکـانی بەعـسدا بـەلام حـازم رازی نابێت , حازم دەلّێت کاتیك بە نەخێر وەلامی سەدامم دایەوە هەسـتم کـرد لـەو کاتـەدا سەدام گۆرابوو, بە جۆرێك مامەلەی دەکرد وەك ئەوەی پرۆژەیەکی گەلاّلـە کردبێـت بـۆ سەرکردایەتی کردنی بەعس .. ئیتر دوای ئەوە جگە لەیەك جاری ترکە لـە سـالّی ١٩٦٨ دابوو حازم جەواد و سـەدام یـەکتریان نـەبینی و لـەو جارەشـدا حـازم جـەواد دەلّێـت: کاتێك بەمەبەستی ئـازاد کردنـی ئەفـسەرێك سـەردانی (سـەدام حـسین ) م کـرد کـە بـە ناهەق لە زیندان توندی کردبوو, لەبەرامبەر دا سەدام بە توندی گوشیمی بە سـنگییەوە و دوای ئەوەی داواکەی بۆ جێ بەجێ کردم, پیێ ی وتم ئامۆژگاریم بکە , منیش پێم وت: **" لە تەسفیە کردن و لە ناوبردن دور بکەوەرەو ئیتر ئایا لە ریزی بەعسیەکاندا بێت یان نەیارەکانیان"** پاش ئەوە لە سالّی ١٩٧٨ حازم جـەواد عێـراق بـەجێ دەهێلێـت بـەرەو بەریتانیا و لەوێ نیشتەجی دەبێت و جگە لەیەك جار کـە لـە ناوەراسـتی نەوەکانـدابوو گەرایەوە عیراق بەهۆی کۆچی دوایی دایکیـەوە ئـیتر بـە تـەواوی لـە لەنـدەن دەژی و پێشی وایە بەعس لە عیراقدا لە سالی ١٩٦٣ ەوە کۆتایی هاتوە ئەوەی لە١٧ ی تەموزی سالّی ١٩٦٨ لە عیراق روی دا پەیوەندی بە بەعسی راستەقینەوە نیە.

# ١٧ی تەمموز ئەو گورزەی لە کۆشکەوە هات

لـە سەرخـستنی کودەتـای ١٧ ی تـەموزی سـاڵی ١٩٦٨ دا دوو بـاڵی سـەرەکی رۆڵـی بنەرەتیان تیدا گێرا, باڵی نێوکۆشك کە بریتی بوون لە عەبدولرەزاق نـایف یاریـدەدەری سـەرۆکی دەزگـای هـەواڵگری سـەربازی و هەریـەك لـە ئیـبراهیم عەبـدلرەحمان داود فەرماندەی گاردی کۆماری و و سەعدون غێدان فەرماندەی کەتیبەی تانکەکانی کۆشکی کۆماری , باڵی دەرەوەی کۆشك کە پێك دەهـاتن لـە ئەحمـەد حەسـەن بـەکر و سـەدام حوسێن و سەلاح عومەر عەلی و حەردان تکریتی وسالح مەهدی عـەماش وعەبدولکـەریم شیخلی و تەها جەزراوی کە زۆرینەیان لەبەعسیەکان بوون. دەربارەی چۆنیەتی پێکەوە کۆبونەوەی ئەو دوو باڵە لە ئەنجام دانی ئەو کارەدا دوو خوێندنەوەی جیاواز هەیە .

**داود "من خاوەنی ١٧ تەمموز بووم بەڵام بەعس لیٚ ی دزیم!"**

ئیبراهیم عەبدولرەحمان داود فەرماندەی گاردی کۆماری کۆشك لە گیرانەوەیەکی دا بـۆ رۆژنامەی(ئەلحەیات )دەلێت" عەبدولرەحمان عارف سـەرۆك کۆمـار قورسـایی ئـەوتۆی نەمابوو تا پارێزگاری لیٚ بکرێت , زۆر نیگەران بووم لە هەل و مەرجەکە, هەر بۆیە خـۆم لـە نـاخی خۆمـەوە بریـارم دا لـە ١٧ ی تـەممووزدا ئـەو کـارە بکـەم لـەو کاتەشـدا عەبدولرەزاق نایف دەیزانی کـە مـن بـە نیـازم عەبـدلرەحمان عـارف لـە دەسـەڵات دوور بخەمەوە بەڵام کاتەکەی نەدەزانی" .

**کۆبونەوە بە کەبابەوە !**

لە دریژەی گێرانەوەکەیدا داود دەلێت " ئەڵقەیەکی پێنج کەسی بوین کە پێـك دەهـاتین لە من و عەبدورەزاق نایف و حەردان تکریتی و ئەحمەد حەسـەن بـەکر و سـالح مەهـدی عەماش و پێش یەك مانگ لە ئەنجام دانی کودەتا لە مالی مەولود موخلیس کۆبوینەوە , لە بیرمە کە (حەردان تکریتی ) مان نارد تا کەباب مان بۆ بهێنیٚ و لەو کاتەشدا بـەکر

دوو جار بە حەردانی وت کە بەشە کەبابەکەی ئەو هەندێك گوێزی لەگەڵ بێت, هەر لەو کۆبونەوەیەدا بەکر سوێندی لەسەر قورئان خوارد کە پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە نیە, لە حاڵەتی سەرکەوتنی کارەکەشدا پۆستەکان بەم جۆرە دابەش کران, ئامادەبوان رێکەوتن لەسەر ئەوەی من ببم بەسەرۆك کۆمار پاش ماوەیەك بیر کردنەوە وتم من تەمەنم ٣٦ ساڵە و هێشتا گەنجم و کەسێکی سەربازیم وەك ئەوەی سیاسی یەکی شارەزا بم هەربۆیەش لەبەرژەوەندی بەکر تەنازولم لەو پۆستە کرد بەو مەرجەی بەکر پۆستی فەرماندەی گشتی هیزە چەکدارەکان لە گەڵ پۆستی سەرۆك کۆماری دا وەرنەگرێت, کاتێکش پۆستی سەرۆك وەزیرانی یان بۆ پێشنیار کردم وتم گەر پۆستی سەرۆك کۆمار وەرنەگرم پۆستی سەرۆك وەزیرانیش وەرناگرم و دواتر لەسەر پۆستی وەزیری بەرگری و فەرماندەی گشتی هیزە چەکدارەکان رازی بووم ... پاش مشتومر و کۆبونەوە کە ماوەی دوو هەفتەی خایاند پۆستەکانی تر بەم جۆرە دابەش کران, عەبدلرەزاق نایف پۆستی سەرۆك وەزیران و سالح مەهدی عەماش پۆستی وەزیری ناوخۆ و حەردان تکریتی پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپا ..

**نهێنی ١٧ ی تەمموز**

من بەرواری ١٧ ی تەممورزم دیاری کرد بۆ ئەنجام دانی کارەکەمان , چونکە کوڕەکەم کە ناوی ئەرکان بوو لە رۆژی ١٧ ی ئەیلولدا لە دایك بووبوو ئەو رۆژەم بە پیرۆ زانی , شەوی ١٧ ی تەمموز چوار شەممە لەسەر پێنج شەممە بە جل و بەرگی مەدەنی یەوە بەرەو یانەی مەنسور کەوتمە رێ بە مەبەستی کۆبونەوەیەکی دوو قۆڵی لەگەل عەبدورەزاق نایف کە تا ئەو کاتەش وادەی کارەکەی نەدەزانی , کاتێك دوو بە دوو لەگەل نایف دانیشتبووم پێم وت دەمەوێت عەبدولرەحمان عارف لەسەر دەسەڵات لابەرم , تکا دەکەم بەکەس نەڵێت چونکە هیچ یەك لە بەکر و حەردان و عەماش ئاگاداری کاتەکەی نین, ئەوان دەزانن کە من دەمەوێت ئەو کار بکەم بەڵام کاتەکەی نازانن, کاتژمێر یەك و نیوی شەو بە (نایف) م وت دەرۆمەوە مالەوە و جل و بەرگی

سەربازی لەبەردەکەم , پاش کەمێك لە گەیشتنم بە ماڵ لە دەرگا درا و سەیر دەکەم عەبدورەزاق نایفە و دەڵێت هەریەك لە حەردان و بەکر و عەماش م ئاگادار کردوە لە کارەکە و دەیانەویت گەر بۆ دوو دەقیقەش بووبێت چاویان پێت بکەوێت, دواتر سەردانی ماڵی مەولود موخلیس مان کرد و بەکر پێشوازی لی کردم وتی " ئەبوو ئەرکان بە وردی حسابی کارەکەت کردوە ؟ وتم وەك جگەرە کێشانێك وایە و دڵنیا بە, دواتر لە ماڵی خۆیان دا داود جل و بەرگی سەربازی دەدات بە حەردان تا لە بەری بکات چونکە جلی مەدەنی لەبەردا بوە .. داود دەگێرێتەوە " لە دوایدا کاتیك گەیشتمە کۆشك سەرجەم ئەفسەرانی گاردی کۆماریم کۆکردەوە کۆنترۆلی کۆشکی کۆماریمان کرد ولەبەرەبەیانیشدا ئەفسەرێك کە ناوی ناوی (تاریق جبوری) ناردم بە دوای بەکردا سەردانی کۆشکی کۆماری بکات چونکە بەکر چاوەریێ ی تەواوبونی کارەکەی دەکرد , هەروەك داود ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە هیچ لە سەدام حوسین و سەلاح عومەر عەلی ئاگادار ئەو کارە نەبوون, دوای کۆنترۆل کردنی تەواوی بارەکە ئیبراهیم داود عەبدورەحمان عارف ئاگادار دەکاتەوە کە کودەتا روی داوە و ئەو هیچ دەسەلاتێکی نەماوە و پاشان فرۆکەی بۆ ئامادە دەکرێت تا عیراق بەجێ بهێلێت ,لە دریژەی گیرانەوەکەیدا ئیبراهیم داود "دەلێت ئەمە گێرانەوەی راستەقینەی ١٧ ی تەممووزە و لەو بەرەبەیانەدا کۆشکی کۆماری و ئیستگەکانم بە دەست بوو, تەحەدای سەدام و ئەوانی تریش دەکەم بەم گیرانەوەیەم , بەڵام دان بەوەدا دەنێم ئەوان منیان فریودا و ١٧ ی تەممووزیان لە من دزی هەروەك چۆن عەبدولکەریم قاسم ستەمی لە عەبدولسەلام عارف کرد کە خاوەنی راستەقینەی شۆرشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ بوو, بەو جۆرەش بەعس زوڵمیان لە من کرد,لە کۆتایی گێرانەوەکەی دا ئیبراهیم داود لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی کە لەو شەوەدا سەدام لەسەر پشتی یەکەم تانك چوەتە نێو کۆشکەوە ؟ ناوبراو دەلێت ئەو گیرانەوانە راست نین و من بەرپرسیارێتی ئاسایشی

کۆشکم لە ئەستۆدا بوە ومن کۆنترۆلم کرد و ئەحمەد حەسەن بەکریش دوای تـەواوبونی کارەکە بانگم کرد بۆ کۆشك..

## گێڕانەوەی باڵی دەرەوەی کۆشك

لـە گێڕانـەوەی بـاڵی دەرەوەی کۆشـکدا روداوەکـان جیـاوازتر خراونەتـە روو, سـەلاح عومـەر عـەلی وردەکـاری ١٧ ی تـەموز لەمیانـەی گفتوگۆیـەکی دا بـۆ کـەنالی ئاسمـانی ئەلجەزیرە و لەبەرنامەی (شاهد على العصر) دا بـە جـۆریکی تـر دەگێڕێتـەوە, نـاوبراو دەڵێت" ئێمە (مەبەستی بەعسی یەکانە) لە پێناو ئامادەکاری بۆ کودەتا لە نێـو یەکـە سـەربازییەکاندا کـاری ورد و ئامادەسـازیمان ئـەنجام دەدا ئـەوەش لەرێگـەی ئـەو ئەفسەرانەی کە بەعسی بوون, بە تایبەت ئەوانە لـە نـاو بەغـداد یـان دەوروبـەری بـون, هەریەك لەو ئەفسەرانە هەڵسەنگاندنمان بۆ دەکردن لـە روی دور و نزیکـی لـە حیزبـەوە پاشان کاتێك کە زانیاری تەواومان لەسەری دەست دەکـەوت قسەمان لەگـەڵ دەکـرد, لەسـەر ئـەم بنەمایـەش قـسەمان لەگـەل (سـەعدون غێـدان) کـە فەرمانـدەی کەتیبـەی تانکەکانی کۆشکی کۆماری بوو کرد و رەزامەندی نیشان دا کە لەگەڵمان کار بکـات بـۆ ئەو پرۆژەیـە , هـەر لـە رێگـەی ئەویـشەوە دەمـانزانی (ئیـبراهیم داود) کـە فەرمانـدەی گاردی کۆماری کۆشکە و پلەی سەربازی لە غێدان بەرز تـرە ئـارەزوی بەشـداری وەهـا کارێکی هەیە , لەسەر ئەو بنەمایەش قسەی لەگەڵ کرا, بەڵام سەرەرای ئەوەی کە داود بە کەسایەتی یەکی ئازا و لێهاتوو خاوەن هەستێکی نەتەوەیی و ئاینی ناسرابوو, بـەلام خاڵی لاوازی ئەوەبوو کە وەك کەسێکی را را دەردەکەوت و زیاتر لەلایەن (عەبـدولرەزاق نایف) ی یاریدەدەری بەرێوەبـەری دەزگـای هـەواڵگری سـەربازییەوە ئاراسـتە دەکـرا و کاریگەری زۆری لەسەری هەبوو, ئەوەش گرفتێکی سەرەکی بوو لەسـەر ئیـبراهیم داود, بـەلام بەهـەر حـاڵ لەلایـەن ئەحمـەد حەسـەن بـەکرەوە قـسەی لەگـەل کـرا, سـوێندی ئەوەشی خواردبوو لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە لەگەڵ کەس نـەکات , بـەڵام بـە داخـەوە داود پـاش بـەجێ هیـشتنی بـەکر راسـتەوخۆ دەروات بـۆ لای عەبـدولرەزاق نـایف و

وردەکاری مەسەلەکە ی بۆ باس دەکات کەئێمە دەیان نیشانەی پرسیارمان لەسەر نایف هەبوو, و نەمان دەویست هاوکاری لەگەڵ بکەین..

**نامەیەکی بەپەلە**

کاتژمێر هەشتی ئەو ئێوارەی کە خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ئەنجام دانی کارەکە , توشی سەرسورمان هاتین کاتێك ئەفسەرێك لە ناکاو تەقەی لە دەرگای مالی بەکردا, کاتێکیش ئەحمەد حەسەن بەکر دەرگاکەی لێ کردەوە سەیر دەکات یەکێکە لەو ئەفسەرانەی کە یاوەری نایفە و بێ ئەوەی نایف بزانێت ئەو ئەفسەرە یەکێك بووە لە ئەفسەرە بە عسیەکان و لەلایەن نایفەوە هاتبوو کاغەزێکی بەپەلەی هێنابوو کە ئەمە ناوەرۆکەکەی بوو: **من ئاگاداری ئەو پرۆەیەم ئێوە بەدەستانەوەیە و ئەمشەو ئەنجامی بدەن, من ئامادەم هاوکاریتان بکەم و پشت ببەستن بە خوا..** پاش گەیشتنی نامەکە هەستمان کرد ئێمە کەوتوینەتە ناو بۆسەیەکەوە , کۆبونەیەکمان ئەنجام دا و دەستمان کرد بە خوێندنەوەی نامەکە , رێگە چارە لەبەردەممان نەبوو, گەر پاشەکشە لە کارەکە بکەین نایف دەزانێت بۆ پاشەکشە دەکەین؟ ئەو کات یەکە بەیەکە وەك بەرخ لە مال دەرمان دێنێ و سەرمان دەبرێت, یان دەبێت وەك یاری قومار دەست پێ بکەین کە ئەوەش دوو ئەگەری لەبەردەمدا هەبوو یان لەسێدارەمان دەدات لەکاتی ئەنجام دانی کارەکەدا بەوەش کەلتوریکی شۆرشگێری لە دوای خۆمان بۆ ئەندامانی بەعس بەجێ دێڵین یان کارەکە سەردەکەوێت و دەگەینە ئامانجی خۆمان. پاش کۆبونەوەکە نامەیەك بەم ناوەرۆکە رەوانەی نایف کرا: **لەبەر هەستیاری پێگەی جەنابت لە نێو کۆشکدا خۆمان لادا لەوەی دەربارەی ئەم مەسەلەیە قسەت لەگەڵ بکەین, بەڵام بە سروشتی پەیوەندی تۆمان دەزانی لەگەڵ ئیبراهیم داود, هەر بۆیەش وامان دانابوو کە تۆ بەشیوەیەکی ناراستەوخۆلە رێگەی داودەوە بە کارەکە ئاگاداریت و لەم بۆنەیەشدا پێمان خۆشە پێت بڵێین سبەینێ کارەکە ئەنجام دەدەین و و گەر سەرکەوتوو بین ئەوا تۆ دەبیتە سەرۆك وەزیرانی داهاتوی عیراق.**

بەڵام کاتێك ئـەم بڕیارەمـان دا کـە بڕیـارێکی ناچـاری بـوو, ڕاسـتەوخۆ دوای ئـەوەش بڕیارمان دا دەبێت پاش سەرکەوتنی کارەکە لـە هـەر هـەل و مەرجێکدا دیتـە پـێش و گونجاو بێت خۆمان لەهەریـەك لـە نـایف و داود ڕزگـار بکـەین چـونکە داود خیانـەتی لێ کردبوین بەوەی سوێندی خواردبوو کە مەسەلەکە لای کەس نـەدرکێنێ کەچـی نـایف ی لە وردەکاری ئەو کارەکە ئاگادار کردبویەوە . هەربۆیـەش پـاش سـەرکەوتنی کودەتـای ١٧ی تەموز لە یەکەم کابینـەی وەزاریـدا عەبـدولرەزاق نـایف کرایـە سـەرۆك وەزیـران و ئیبراهیم داودیش کرایـە وەزیـری بـەرگری , بـەڵام لـە هـەلی ئـەوە دەگـەراین تـا بڕیـاری دوەمی پێش کودەتا جێ بەجێ بکەین..

### جێ بەجێ کردنی بڕیاری دوەم

لە دەوروبەری ٢٢ ی تەموزدا پاش ئەوەی ئەحمەد حەسـن بـەکر سـەرکردایەتی بـەعس رایان دەسپێرێ بە ئەنجام دانی قۆناغی دوەمی کارەکە, لە ماڵی سالح مەهـدی عـەماش و بێ ئامـادەبونی بـەکر و بـە دوور لـە چـاوی نـایف و داود کۆبونـەوە بەمەبەسـتی جـێ بەجێ کردنی بڕیاری دور خستنەوەی نایف و داود, کاروبارەکان بە جۆرێك رێکخـران تـا ئەو مەسەلەیە بـە ئاسـانی جـێ بـەجێ بکرێـت و لـە ڕۆژی ٢٩ ی تـەموز پـاش مـشتومڕ دەربارەی هەندیك کار ئیبراهیم داود وەزیری بەرگری ڕەوانەی ئوردون کرا وعەبدولرەزاق نـایف لـە نێـو کۆشـك مایـەوە,لـە ڕۆژی ٣٠ی تـەممزدا عەبـدولرەزاق نـایف کاتێـك لـە نوسینگەی بەکر دوای نـانی نیـوەڕۆ دادەنیـشن هەریـەك لـە سـەدام حوسـێن و سـەلاح عومەر عەلی بە چەکەوە دەچـنە ژورەوە قـۆل بەسـتی دەکـەن و لەریگـەی فرۆکەیـەکی تایبەتەوە ڕەوانەی مەنفا دەکرێت و لە ئوردونیش بە هەمان شێوە لەلایەن دەستەیەکی تایبەتـەوە بـە داود رادەگـەینرێت کـە ئیعفـا کـراوە لـە پۆسـتەکانی و ڕەوانـەی مـەنفا دەکرێت .

# سەدام و بەکر و
# خەنجەرێك لە پشتی عەماش

لەیەکێك لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا کە دوای سەرکەوتنی ١٧ تەموز بە ماوەیەکی کەم بەسترا بیرۆکەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش قسەو باسی لەسەر کرا, چونکە سەرۆك کۆمار دوو جێگری هەبوو بەلاّم سەرۆکی ئەنجومەنی ناوبراو جێگری نەبوو, هەرچەند زیاتر پۆستێکی پرۆتۆکۆلی بوو, بەلاّم لە کاتێکدا گەر بیتوو بەکر سەفەری دەرەوەی ولاّتی بکردایە, ئەوا ئەو جێگرە سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنەکەی دەکرد,هەربۆیە ئەم باسە زۆر جیگە ی گرنگی نەبوولا ئەندامانی ئەنجومەنەکە, هەروەك زیاتر مەسەلەیەکی شکلی بوو, بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا چەند کاندیدێك هەبوون بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کە دەرکەوتوو ترینیان سالّح مەهدی عەماش بوو..

پاش سێ یان چوار مانگ لە سەرکەوتنی کودەتای ١٧ ی تەمموز , ئەحمەد حەسەن بەکر پێشنیار دەکات دەسەلاّتی نوێ بەمەبەستی ناسینی خۆی بەولاتانی تر ژمارەیەك پەیام و نامە ئاراستەی ئەوولاّتانە بکات و بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکات کە ئەوەی نامەکان دەگەیەنێت با ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بێت, دواتر پاش تاوتوێ کردنی بیرۆکەکە و رەزامەندی نیشاندان لەسەری لەلایەن ئەنجومەنی ناوبراوەوە , بەکر دەلێت من پێشنیار دەکەم هاورێ (سالّح مەهدی عەماش) بێت کە وەزیری ناوخۆ و ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بووە تا نامەکان بە ناوی سەرۆك کۆمارەوە بگەیەنێتە ئەو ولاتانەی دیاری کراون تاسەردان بکرێن, لەهەریەك لەو ولاتانەش چەند رۆژێك بمێنێتەوە و لەگەل بەرپرسان کۆبێتەوە و چاوی بە دەزگاکانی راگەیاندن بکەوێت و

باسی دەسەلاتی تازەی عیراق بکات, بەم جۆرەش عەماش بە چەند نامەیەکەوە ڕەوانەی ولاتانی مەغریبی عەرەبی دەکرێت و بەغداد بەجێ دێلێت.

**کۆبونەوەیەکی بە پەلە و لە ناکاو!**

پاش سێ بۆ چوار ڕۆژ لە دەستپێکردنی سەردانەکان لەلایەن عەماش و بەجێ هێشتنی عیراق, ئەحمەد حەسەن بەکر داوای بەستنی کۆبونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەکات, دیارە کۆبونەوەی بەپەلەی لەو چەشنە واتای ڕودانی کارێکە کە نائاساییە, وەك ئەوەی پیلانگێڕییەك لەسەر دەولەت لە ئارادابێت, ئەوەبوو لەیەکێك لە هۆلەکانی کۆشکی کۆماری دا کۆبونەوەکە بە ئامادەبونی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەست پێ دەکات و بەکر لە کەشێکی تەمسیل کردنی زۆر ورد و لێهاتوانە باس لەوە دەکات کە زانیاری یەکلا کەرەوە و دلنیای لایە کە جێگەی موناقەشە نیە لەسەر ئەوەی سالح مەهدی عەماش دژ بە حیزب و شۆرش پیلان گێری دەکات و پەیوەندی کردوە بە هەندێك لەئەفسەرە بەعسیەکانەوە و سەرقالی ئەوەیە دژ بە دەسەلاتی تازە و لە ناوبردنی کارێك ئەنجام بدات, و هەربۆیە لە کۆبونەوەکەدا بەکر داوادەکات بریاری گونجاو لەبارەوەدەربکرێت, لەراستی دا بەشێکی زۆری بەشداربوان توشی شۆك دەبن لەوەها هەوالێك , پاش ماوەیەك لە تاتوێ کردن ئەندامانی بەشداری کۆبونەوەکە دەبن بە دوو بەشەوە , بەشێکیان کە پێك دەهاتن لە تەها جەزراوی و عیزەت دوری و کەمێکیش سەدام و دیارە ئەحمەد حەسەن بەکریش کە خاوەنی بیرۆکەکە بوو, لایەنەکەی تریش سەرجەمی ئەندامانی تری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بون و دەست بەجێ لایەنی یەکەم داوایان کرد کە دەبێت بریاری پێویست لەبارەی عەماشەوە بدرێت کە بریتی بوو لەوەی بێ دادگایی کردن لە سێدارە بدرێت و لەبەر ئەوەی کە بەکر زانیاری تەواوی لایە و سەرۆکی حیزب و سەرۆك کۆمارەو زانیارییەکانی بەسە بۆ ئەوەی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەربکرێت, لەبەرامبەردا بەشەکەی تر دەلێن ناگونجێت بەم جۆرە مامەلە بکرێت و گەربێتوو ڕازی

بین لەسەر ئەم شێوازە مامەلە کردنە , ئەوا بە تەنها تۆمەتبارکردنێك دەبێت لە سێدارە بدرێین, لەم بەرەنجامەشەوە گفتوگۆکان درێژەیان کێشا و بەکر یاری لە نیوان هەردوو لایەنەکەدا دەکرد, بەلام لەراستی دا هەلویستی دیاربوو کە چی مەبەستە. مەسەلەکە تا دەهات توند تر دەبوو, دەنگ بەزرتر دەبویەوە وسەدامیش زۆر بە وریایی و هێمنی مامەلەی دەکرد, پاش نیو کاتژمێر بەکردەلێت" هاورپیان من پێشنیار دەکەم ئەم مەسەلە دوابخرێت بۆ ئەوەی دواتر بتوانین بریاری لەسەر بدەین "و بەو جۆرەش کۆبونەوەکە کۆتایی دێت , دوای چوار رۆژ وادەی کۆبونەوەیەکی دیکە هاتە پێش, لە کۆبونەوەکەدا و دوای تاوتوی کردنی بابەتەکانی تایبەت بە کاروباری حیزب و حکومەت لە ناکاو مەسەلەی دیاری کردنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەلایەن بەکرەوە دەخرێتە بەرباس هەرچەند لە بەرنامەی کاری کۆبونەوەکەدا نەبووە, چونکە دواخرابوو لەبەر ئەوەی ریك نەکەوتنی لەسەر نەکرابوو, لە کۆبونەوەکەدا بەکر دەلێت" کێ خۆی کاندید دەکات بۆ ئەو پۆستە با بفەرموێت؟" بەلام هیچ یەك لە بەشداربون جورئەتی ئەوەیان نەبوو عەمماش کاندید بکەن, کە دەکەوتوو ترین کاندیدی ئەو پۆستە بوو چونکە ئەو دەبوا لەسیدارە بدرایە, لەو کاتەدا هەریەك لە تەها جەزراوی و عیزەت دوری دەستیان بەرز کردەوە و وتیان ئێمە هاوڕێ سەدام بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە کاندید دەکەین( کە تا کۆتایی دەسەلاتی سەدام ئەو دوو کەسە لەگەلی دا مانەوە)و بەو جۆرەش سەدام کرایە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەکە .

پاش ماوەیەك کە ئەرکەکانی تەواو کرد عەماش دەگەرێتەوە بەغداد و لە فرۆکە خانە لەلایەن سەلاح عومەر علی ئەندامی ئەنجومەنی ناوبراو پێشوازی لێ دەکرێت لە میانەی قسەو باسەکانیاندا سەلاح دەرگا لەسەر مەسەلە پیلانەکەی عەماش دەکاتەوە باسی وردەکاری ئەو مەسەلەیی لی دەپرسێ , ئەویش لە وەلامدا دەلێت" **لەراستی دا ئەوە پیلانی بەکر و سەدامە لە دژی من نەك بە پێچەوانەوە بشزانە کە ئەو مەسەلە کۆتایی پی هاتوە** "کت و مت وابوو لە کۆبونەوەی دواتری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشدا

که عەماش بەشداری تیا دەکات , ئیتر باس لە مەسەلەی پیلان گێرییەکەی عەماش نەکرا کە پیشتر بەکر باسی لێوە کردبوو, هەربۆیەش دەرکەوت کە ئەوەی روی دا پیلانێك بوو لەلایەن بەکر و سەدامەوە بەمەبەستی دور خستنەوەی عەماش لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و لە کۆتایشدا هەروا کەوتەوە .سەرەنجام لە ٢٨ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧١ صالح مەهدی عەمماش لەسەر پۆستەکانی ئیعفا دەکرێت و وەك باڵیۆزی عیراق لە یەکێتی سۆڤییەتی جاران رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت. تائەوەی لە ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی دەکات, کە هەندیك هەواڵ لەوکاتەدا ئاماژەیان بەوە دەکرد لەلایەن دەزگا ئەمنی یەکانی سەر بە سەدام حوسینەوە دەرمان خوارد کرابێت.. لەم بارەیەوە حامید جبوری دەڵێت: ئەوەی لەو کاتەدا بیستمان ئەوەبوو کە عەماش ژەهرخوارد کرابێت لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی دەزگای هەواڵگری عیراقییەوە لە وڵاتی فینلەندا, کە لە ریگەی ئێوارە خوانێکەوە ژەهری بۆ کرابویە نیو خواردنەکەی و دواتر بەو هۆیەشەوە گیانی لە دەستدا, تەنانەت دوای مردنیشی رێگە نەدرا بە دەسەڵاتدارانی فینلەندا تا هەستن بە توێکاری تەرمەکەی(تشریح) بۆ زانینی هۆکاری مردنەکەی, بەڵکو تەرمەکەی بە پەلە هێنرایەوە عێراق و لە مەراسیمکی گەورەدا بە خاك سپێردرا بێ ئەوەی سەدام بەشداری ئەو مەراسیمە بکات.

## سەدام  دەزگای ئەمنی بنیات دەنێت و پرۆسەی پاکتاو کردن دەست پێ دەکات

دوای ئەوەی کە سەدام حوسێن پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش وەردەگرێت, تا ئەو کاتەش هیچ پۆستیکی تری حکومی نابێت , جگە لە ئەندامێتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعس نەبێت, لەوە بەدوا بیرۆکەی دەزگای ئەمنی  و دامەزراندنی ئەو دەزگایە سەر هەڵ دەدا, بەڵام چۆن سەر هەڵ دەدا؟ سەلاح عومەر عەلی لە یاداشتەکانی دا دەڵێت" لە راستی دا ئێمە خاوەنی دەزگایەکی ئەمنی بوون کە بریتی بوو لە (ئەمنی عامە) جگە لەوە هیچ دەزگایەکی دیکەمان نەبوو, لەیەکێك لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشدا باس لەوە کرا کە ئەو دەزگا ئەمنی یە پەڵەیەکی رەشە لە مێژوی عێراقدا و پێویستە ئەم دەزگایە هەڵبوەشێتەوە و لەبری ئەوەدا دەزگایەکی پاك و مرۆیی دروست ببێت , لەسەرەتاشدا دەزگاکە کە دانرا ناوی لی نرا( فەرمانگەی پەیوەندییە گشتی یەکان) کە ناوی ئەمنی لێ کرابویەوە , لەو کۆبونەوەیەدا پیشنیاری ناوی سەلاح عومەری عەلی دەکرێت تا ببێتە سەرۆکی دەزگاکە بەڵام ناوبراو رەتی دەکاتەوە , دواتر عەبدولخالق سامەرائی تەکلیف دەکرێت بەڵام ئەویش رەتی دەکاتەوە , دواتر پێشنیار دەکرێت بۆ سەدام حوسێن و ئەویش دەست بەجێ قبوڵی دەکات, هەروەك سەلاح عومەر عەلی دەڵێت ئەوە یەکێك بوو لەو هەڵە کوشندانەی کە کردمان..

سەدام سەرەتا دەستی دایە دروست کردنی دەزگاکە بە ناوی پەیوەندییە گشتی یەکان و دواتر ناوەکەی گۆری بۆ دەزگای هەواڵگری(دائرە المخابرات)  و زۆر بە وردی کاری لەسەر ئەم دەزگایە دەکر د, سەرەتا دەزگاکە لەسەر شانی ئەو بەعسیانە بنیات نرا کە لەم بوارەدا شارەزاو لێهاتوو بون, دواتر زیاتر گرنگی پێ دراو کاری لەسەر کرا و

تا سەرەنجام لەدوای خۆماڵی کردنی نەوتـەوە بودجـەی کـراوە بـۆ ئـەم دەزگایـە دانـرا, سەدام لەم دامەزراندنی ئەم دەزگایەدا دەستی دایە پێـك هێنـانی رێکخراوێکـی ترسـناك کە وەك تۆڕی جاڵجاڵۆکە تەواوی کۆمـەڵگای تـەنی بـوو , تاگەیـشتە ئاسـتێك کـە هـیچ بەرپرسێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش یان وەزیـر هـیچ دەسـەڵاتێکی نـەبێت لـە گواسـتنەوەی کامەندێکـدا لـە فەرمانگەیەکـەوە بـۆ فەرمانگەیـەکی دیکـە مەگـەر تـەنها بەرەزامەنـدی دەزگـای هـەواڵگری نەبوایـە, نـەك هینـدەش نـەیان دەتـوانی کارمەنـدێك لەسەر کار لابەرن یان دای مەزرێنن دەبوا رەزامەندی دەزگای ناوبراوی لەسەر بوایە..

## نازم گوزار دێتە ناو دەزگای هەواڵگرییەوە

کاتێك سەدام نازم گوزاری وەك بەریوبەری ئاسایشی گشتی(مـدیر الامـن العامـە) هێنایـە پێشەوە , لەسەرەتادا روبەروی هەڵویستی توندی ئەوانەی دەوروبەری بویەوە , چونکە ناوبراو کەسێك بوو کە ناسرابوو بـە خوێنریـژ و بکـوژ وهـیچ سـۆزو بەزییـەك لـە دڵـی دا نەبوو, هەربۆیەش سەدام ناچار دەبێت کۆبونەوەیـەك لەگـەڵ کـادیرە بەعـسیەکان رێـك بخات بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندییان بەو مەسەلەوە هـەبوو, تـا بیانوەکـانی دانـانی گوزاریـان لـە پۆسـتی بەرێوەبـەری دەزگـای نـاوبراو بـۆ شـی بکاتـەوە, سـەدام زۆر پراگماتیکیانە پێ یان دەلێت هەموو ئەوەی ئێوە لەسەر گوزار دەیلێن تـەواوە و بـڕوام پـێ ی هەیـە, منـیش دەیناسـم, بـەلام ئێـستا ئێمـە لـە قۆنـاغی حکومەتـداری دایـن حکومەتمان بەدەستە و ئەم حکومەت و دەسەلاتە پێویستی بە دەزگای تایبەت هەیە بۆ پاراستنی کە دەبێت خاوەنی پسپۆری و لێهاتویی بێـت, لەبـەر ئـەوە دەبێـت کەسـانی گونجاو دیاری بکەین بۆ ئەو شوێنانە , گـزار دەتوانێـت ئـەم فەرمانگەیـە بـەرێوە ببـات مێشکی وەك کۆمپیوتەر وایە , ئایا ئێوە دەتـوانن کەسـێکی بـە توانـای وەك گـزارم بـۆ بدۆزنەوە تا لەبری ئەو دایبنێم, ئەم کەسە دەزانـێ کـێ دوژمنـی حیزبـە و کـێ دۆسـتی یەتی , ئێوە دەتانەویت کەسێکی وەك عەبدولخالق سامەرائی یـان سـەلاح عومـەر عـەلی بکەم بە بەرێوبەری ئەم دەزگایە؟ نازم کەسێکی گونجاوە بۆ ئەم کارە , بەم جـۆرەش

گزار بوو بە بەریوبەری دەزگای ئاسایشی گشتی عیراق کە هەموو جۆرە سیفاتێکی توندو تیژی زبری و دڵرەقی و خوێن ریژی هەڵگرتبوو..

لێرەشەوە سەدام لەتەنیشت پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دا زۆر بە وردی کار لەسەر ئەم دەزگایە دەکات و دەست دەداتە پاکتاوکردنی ئەوانەی کەئەگەری هەبوو ببنە گرفت یان کۆسپ لەبەردەم هەنگاوەکانی دا و لەم بوارەشدا جیاوازی نەدەکرد لە نیوان هاورێیانی نێو حیزب دا تا دوژمنەکانی دەرەوەی حیزب, تەنانەت هاورێ ی نزیك و هاو عەشیرەت و ناوچەی خۆی واتە ئەحمەد حەسەن بەکریش, هەموو ئەو کارانەشی لەرێگەی دروست کردن و هەڵبەستی پیلان و ئەگەری کودەتا وە ئەنجام دەدا و لەم بوارەدا چەندین سیناریۆی ریکخست تا توانی لە کۆتایی دا دەسەڵاتی تەواو بۆ خۆی پاوان بکات و ببێتە کەسی یەکەمی عیراق, لێەشەوە ژمارەیەك لەو کردەی ئەو پاکتاوکردن و تیرۆکردنانە دەخەینە روو کە سەدام ئەنجامی داون .

## یەکەم خوێنێك کودەتای سپی سور کرد

کاتێك کابینەی یەکەمی حکومەتی عێراقی لە دوای ١٧ ی تەموز پێك هات, دکتۆر( ناصر الحانی) وەك وەزیری دەرەوەی عیراقی دیاری کرا و دەست بەکاربوو, ئەلحانی کەسایەتی یەکی دیبلۆماسی بێ لایەن بوو, هیچ پەیوەندییەکی بە کێشمە کێشە سیاسیەکانەوە نەبوو, تا ئەوە بوو لە ٣٠ ی تەمموزدا کاتێك قۆناغی دوەمی کودەتاکە جێ بەجێ کرا, حانی لە پۆستەکەی ئیعفا[١] کرا, و دواتر کرایە راوێژکاری بەکر , بەڵام

[١] لە سەردەمی کۆمارییەوە لە عیراقدا دەستەواژەی دەست لە کار کێشانەوە(استقالە) بە کارنەدەهێنرا, بەڵکو لەبری ئەو دەستەواژەیە (اعفاو) کردن یان لەسەر کار لابردن بەکاردەهێنرا, کە لە حکومەتی دوای ١٧ ی تەموزی بەعسدا ئەم دەستەواژەیە بە تەواوی کاری لەسەر کرا, ئەوەش دەلالەت بوو لەسەر ئەوەی کە هیچ وەزیرێك کاتێك دەستی لە کاردەکێشاوە, جورئەتی ئەوەی نەبوو بەوجۆرە دەست لە کاربکێشتەوە,واتە بەئازادی خۆی دەست لە پۆستەکەی خۆی هەڵدەگرێت , بەلکو دەکرایە مەرسومێك وکەسەکە لە کار دەخرا یان ئیعفا دەکرا, هەر بۆیە لەسەردەمی کۆماری بەگشتی و دەسەلاتی بەعس بە تایبەتی دەست لە کارکێشانەوەی هیچ وەزیرێك بەدی ناکرێت بەڵکودەستەواژەی ئیعفاکردن لەبەرامبەریاندا بەکاردەهێنراوە, واتە ئیرادەی ئەنجام دانی کارەکە سەرۆك کۆمارە نەك وەزیری ئیعفا کراو.

ئەوە دیار نەبوو کە بۆچی لە پۆستی وەزیری دەرەوە لابراو دواتر کرایە راوێژکاری ئەحمەد حەسەن بکر!

بەکر لەبەردەم ئەلحانی دا وای خۆی نیشان دەدا کە هەڕەشەی لێ دەکرێت لەلایەن سەدام و گروپەکەی لە فەرمانگەی پەیوەندییە گشتی یەکان( نازم گوزار و عەلی رەزا و محمد فازل و سەعدون شاکر و تاهیر ئەمین و ..) کاتێکیش ئەلحانی سەردانی بەکری دەکرد لە ژورەکەیدا و دەربارەی مەسەلەیەکی دیاری کراو قسەیان دەکرد, خێرا بەکر دەیبردە باخچەی کۆشکەوەو پێ ی دەوت " دەترسم ئەو کوڕو کاڵە (مەبەستی سەدام و دارودەستەکەی بوون) گوێیان لێمان بێت و دواتر ئازارت بدەن, پێ دەچێت بەتەواوی ئەلحانی دڵنیا بوبێتەوە لە سەرۆك کۆمار... تا ئەوەی سەرەنجام سێ کەس لە نوسینگەی پەیوەندییە گشتی یەکان لە یەکێك لە شەوەکاندا ئەلحانی لە مالی خۆی دەدرێنن دوای رفاندن و کوشتنی تەرمەکەی لە تەنیشت(قناة الجیش) لە شاری بەغداد فرێ دەدەن, ئەم کارەش زەنگێکی ترسناك بوو بەلای خەڵکی بەغدادەوە نەك لەبەر جۆری دکتۆر ناسر ئەلحانی بەڵکو ئەوە سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی مومارەسەکانی ئەم دەسەڵاتە تازەیە چونکە لەبەیانی کودەتای ١٧ ی تەموزدا باسیان لەوە کردبوو کە کودەتایەکی سپی بوە و خوێنی تێدا نەرێژراوە , هەروەك ئەوەش ئاشکرا بوو کە ئەلحانی کەسێکی دیپلۆماسی بوو, پەیوەندی بە هیچ جۆرە کارێکی سیاسیی یەوە نەبوو تا بیر لە پیلان گێری بکاتەوە , , لە یاداشتەکانی دا حامید الجبوری کە لەو کاتەدا وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی کۆمار بوە دەلێت" بە هیچ جۆرێك لە کۆبونەوەی حکومەتدا باس لە کوشتنی ناوبراو نەکراو و پەردەپۆش کراو کەس نەیزانی لەسەر چی کوژرا." دوای کوشتنی ناسر ئەلحانی ئیتر زنجیری تەسفیە کردن و لە ناوبردن دەستی پێکرد لەلایەن سەدام حوسێنەوە دەستی پێکرد.

# نازم گوزار
# ئەو پیاوەی پێش زەمەن کەوت

عەقید نازم گوزار وەك لە پێشەوە باس كرا, مرۆڤێك بوو لێوان لێو لە قەسوەت و خوێنڕێژی , ئەو مرۆڤە بوو کە پڕاوپڕ لە رۆحی شەرنگێزی و قەسوەتی سەدام حوسێنەوە نزیك بوو, بەڵام نەیتوانی لە مامۆستاکەی زیرەکتر و دانا تر بێت, چونکە هەنگاوەکانی هەر بە خێرایی پێش زەمەنی خۆی کەوت و سەرەنجام بە مەرگی خۆی کۆتایی پێ هات.. لە پاش ساڵی ١٩٦٨ کە کودەتای بەعسیەکان سەرکەوت هەمیشە مەسەلەی (پیلانگێڕی و کودەتا) دەستەواژیەك بوو کە سەدام گورزی کەمەر شکێنی پێ دەدا لەوانەی بە نەیاری خۆی دەزانین و ئەگەری ئەوە هەبوو ببنە بەربەست لەبەردەم پیلانەکانی دا, لەم بوارەشدا زۆرێك لە پیلان و هەوڵی کودەتا لەلایەن سەدام حوسینەوە چنران یان لە واقیعدا هەبوون و لە هەرجارەشیاندا ژمارەیەك لە هاوڕییانی سەکردایەتی دەبونە قوربانی , بەڵام دەرکەوتوو تر لە هەموو ئەو پیلانگیرییانە, پیلانگێرییەکەی نازم گزار بووکە لە ساڵی ١٩٧٣ دا دەرکەوت و تیایدا سەدام توانی لەرێگەیەوە جێ پێ ی خۆی قایم بکات و هەنگاویش بۆ پەراوێزخستنی بەکر هەڵبگرێت.

لە حوزەیرانی سالی ١٩٧٣ ئەحمەد حەسەن بەکر بەسەردانێك بەرەو ولآتی یەکێتی سۆڤییەت بەرێ دەکەوێت و لە فرۆکەخانەش سەرجەم وەزیر و گەورە کاربەدەستانی حکومەتی عیراقی ماڵئاوایی لێ دەکەن, کاتێك کە بەکر وڵات بەجێ دەهێڵێت تان و پۆی کودەتایەك لە مۆدێلێکی نوێ دا لە ناو عێراقدا دەچنرێت, سەدام نازم گوزاری شاگردی بانگ دەکات و تێ ی دەگەنێت کە دەیەویت لە بەکر رزگاری ببێت, ئیتر پێویست بە وردەکاری تر ناکات چونکە گوزار لەم جۆرە کارانەدا شارەزا و لێهاتوو بوو, کاتێك گزار تەکلیف دەکرێت بەم کارە , بەخێرایی هەڵسوکەوت و مامەڵە ئاڵۆزەکانی

سەدام و بەکری بۆ دەردەکەوێت, هەروەك لەوەش دڵنیا دەبێت کە ئەم یارییە لە دەرەوەی لۆژیك و قبول کردنە, بەو واتایەی ئەوەی دەگوزەرێت ململانیّ ی دوو کەسایەتی یە لەسەر دەستگرتن بەسەر کورسی دەسەڵات و مەبدەئەکانی بەعسدا, هەربۆیەش بریار دەدا ئەم هەلە بقۆزێتەوە لە پێناوی تۆڵە سەندنەوە لە هەردوو کیان(بەکر و سەدام) و گەلی عیراقیش رزگار بکات لەو دوانە, لەسەر ئەمەش پیلانەکانی خۆی دادەڕێژێت ..

گوزار پیلانی ئەنجام دانی کارەکەی دارشت, لەسەر باڵەخانەی فرۆکەخانە چەند چەکدارێکی دەست و مشت راستی دانا و لە خوارەوەش ژمارەیەکی دیکە دیاری کرد, بەپێ ی پیلانەکەی نێوان سەدام وگوزار لە کاتی دابەزینی بەکر لە فرۆکەکەی تەقەی لێ بکرێت و بکوژرێت, بەڵام گزار لەوەش دور تر رۆیشتبوو لە پیلانەکەی خۆیدا, وای دارشتبوو لە گەلێ دابەزینی بەکر لە فرۆکەکەی و نزیك بونەوەی لە سەدام بۆ بەخێرهاتنەوە لەلایەن چەکدارەکانی ناو فرۆکە خانەکەوە هەردوو کیان بکوژرێن, دواتریش ئەوانەی سەر باڵەخانەکەش تەقە لەو چەکدارانە بکەن و ئەوانە بکوژن, بەو جۆرەش وردەکارییەکانی پیلانەکە ون دەبێت!

لە رۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٣ بەمەبەستی سەرخستنی پیلانەکەی, گوزار بەرنامەی دورخستنەوەی وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ دادەرێژێت, ئەوەی جێگەی سەرسورمانە لە کاتێکدا گزار بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو, کە ئاستی پۆستەکەی نزمترە لە پۆستی وەزیر, کەچی بەرپرسی حیزبیی هەریەك لە فەریق سەعدون غێدان وەزیری ناوخۆ و فەریق حمادە شەهاب تکریتی وەزیری بەرگری بوو, ئەو رۆژە بە سیفەتی بەرپرسی حیزبی, گوزار هەریەك لە شەهاب و غێدان داوەتیماڵی خۆی دەکات و پێ یان دەڵێت "کۆگایەکی تازەم کردۆتەوە کە پێشکەوتوو ترین کەرەستەکانی تایبەت بە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی تێدایە و ئێوەش بەو سیفەتەی کە وەزیری ناوخۆ و بەرگرین دەمەوێت پێکەوە سەردانی ئەو کۆگایە بکەین تا لەنزیکەوە ئاگاداری

بن و ببینن"و کۆگاکە دەکەوتـە بـاکوری بەغـداد لەسـەر یگـەی باقوبـە, هـەروەك گـزار هەمان کاری لەگەڵ هەریەك لە عەدنان شەریف شەهاب ی کوری خالّی حەمادەشـەهاب کە فەرماندەی گاردی کۆماری بوو, لەگەڵ مونزیر موتڵەگ سکرتێری شەخـسی ئەحمـەد حەسەن بـەکر بـوو کـرد , گـوزار ئـەم کارانـەی بـە هاوکـاری محمـد فازیـل کـە ئەنـدامی سەرکردایەتی هەریمایەتی پارتی بەعس و بەرپرسـی نوسـینگەی سـەربازی بـەعس بـوو ئەوەش لەبەر وەلائی شەخسی بۆ سەدام حوسێن ئەو پۆستانەی هـەبوو ( محمـد فازیـل لە ولاّتـی کویـت بەسـەرۆکایەتی تیمێکـی تـیرۆ کـردن هەسـتا بـە تـیرۆ کردنـی حـەردان تکریتی وەزیری بەرگری عیراقی پاش کودەتای ١٧–٣٠ی تـەموزی ١٩٦٨), دواتـر گـزار هەریەك لە وەزیری بەگری و ناوخۆ فەرماندەی گاردی کۆماری و ئـەو کەسـانەی تـر کـە لەگەلیدا بوون لەوجێگەیە دەست بەسەر دەکـات و چـاوەروانی کـاتی گەرانـەوەی بـەکر دەکات تا پیلانەکەی بە تەواوی ئەنجام بدات.

## دواکەوتنی بەکر گزار دەشلەژێنیّ!

دەبوا کاتژمێر (٥) ی سەر لە ئێوارەی رۆژی ١٩٧٣/٦/٣٠ بەکر بگەیشتبایەتەوە عێراق و لەلایەن بەرپرسانی عێراقییەوە پێشوزای لیّ بکرایە,بەلاّم ناوبراو دوادەکـەوێت, لەگـەڵ ئەوەشدا داوادەکرێت لەو وەزیر وئەو بەرپرسانەی تر کە هاتبون بۆ پێـشوازی بـەکر تـا بگەرِێنەوە سەر کاروبـاری خۆیـان یـان ماوەیـەکی دوردێـژتر چاوەروانی بکـەن چـونکە فرۆکەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر ماوەیەك دوادەکەوێت, لەگەل دواکـەوتنی بـەکر, نـازم گوزار هەست دەکات بەوەی کە پیلانەکەی ئاشکرا بوە , چـونکە هـیچ یـەك لـە وەزیـری بەرگری و ناوخۆ لە مەراسیمی پێشوزای بەکردا دیارنین, ئەوەش وادەکات کە دلّنیاببێت لەوەی بە پیلانەکەی زانراوە هەربۆیە لەگەل ئەو کەسانەی کە دەست بەسەری کردبوون بەرەو سنورەکانی رۆژهەلاتی عیراق بەئاراستەی ئیران هەلّدێت, لە کاتێکدا سەدام خۆی ئاگاداری مەسەلەکەبوو..

لەلایـــەن خۆیـــەوە حامـــد الجبـــوری وەزیـــری ڕاگەیانـــدنی ئەوکاتـــەی عـــیراق لـــە یادەوەرییەکانی دا دەڵێت" کاتێك پێ یان ڕاگەیاندین کە فرۆکەکەی بـەکر دوادەکـەوێت خێرا ئەو فەرشە سورە ڕاخرابوو بۆ پێشوزای بـەکر کۆکرایـەوە و پاسـەوانەکانی گـاردی کۆماری کشانە دواوە , بێ ئەوەی ئێمە بزانین چی ڕوی داوە , سەیرم کرد جموجوڵێکی نائاسـایی لـە فرۆکەخانـە بەڕێوەدەچـێت و سـەگی پۆلیـسی و دەزگـای هـەواڵگری بـە ناوچەکەدا بڵاوببونەوە بـێ ئـەوەی بـزانین مەسـەلەکە چـی یـە چـونکە نەتەقـە هـەبوو نەهیچ ڕوداویکی تر, لە هەمان ئەو شەوەشدا بەپێ ی ئاگـاداری نامەیـەکی ڕەسمـی پـێ یان ڕاگەیاندین دەبێت هەر بەرپرسێکی حکومی پەیوەنـدی بکـات بـە نـزیکترین بنکـەی حیزبی یەوە لە ماڵەکەی خۆی نەمێنێ, منیش ڕۆشتم بۆ ئەعزەمیە کە نزیکترین بنکـەی حیزبی لێ بوو لـە مـاڵی ئێمـە کـە بارەگـای لقـی حیزبـی بـەعس بـوو, دواتـر ئاگاداریـان کردینەوە کە پیلانێك لە ئارادایە بۆ لە ناوبردنی دەسەلاتی بەعس, لە یادمە لەو شەوەدا هاوڕێیەکی بەعسیمان لەگەڵ بوو بە ناوی (سەفا محمد عەلی) کە دوایی بوو بـە بـالیۆزی عـیراق پـێ ی وتـین:" هاوڕێیـان بنـوون دڵنیـابن هەرچـی بێـت هـاوڕێ (ابـو حـرب) کـە مەبەستی نازم گوزار بوو, یەکە بەیەکە لە ناویان دەبات! " بێ ئاگا لەوەی کە نازم گزار خۆی پیلاگێڕی سەرەکی یە لەم جارەیاندا , پاش نیو سەعات لە قسەکەی هاوڕێ سەفا تەبلیغێکی دیکـەمان پێگەیـشت تیایـدا داواکرابـوو تاوانبـار نـازم گـزار لـە هەرشـوێنێك دەستتان کەوت بە زیندویی بێت یان مردوویی دەستگیری بکەن".

### ئەحمەد حەسن بەکر بۆ دواکەوت؟

لە ماوەی ئەو سێ کاتژمێرەی کـە بـەکر دواکـەوت گـزار و تاقەمەکـەی دەشـڵەژێن و لـە فرۆکەخانــە دەکــشێنەوە دواتــر لــە کاتــژمێر (٧:٥٠) خولــەکی ئێــوارەی ڕۆژی ٣٠ی حوزەیران بـەکر دەگاتـەوە بەغـداد وبـێ هـیچ جـۆرە پرۆتۆکـۆل و مەراسـیمێك سـەدام پێشوزای لێ دەکات و لە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بەکر سەر دەخـات بـەرەو ئـەو جیگەیـەی

که وەزیرەکانی لێ بوو, پاشان وەزیرەکان یەك یەك پێشوازی دەکەن لەبەکر ودواتر فرۆکەخانه بەجێ دێلن.

دەربارەی دواکەوتنی بەکر , حامید الجبوری دەلێت" دیاره هاوکارییەکی بەرچاوو هەبووله نێوان دەزگای هەوالگری عیراقی و دەزگای (کەی جی بی) سۆڤییەتی دا, بە هۆی ئەوەشەوه دەزگای کەی جی بی ئاگاداری وردەکاری پیلانەکەی گزار بوون, هەر بۆیەش کاتێك فرۆکەکەی بەکر له وارسۆ وه بەرەو بەغداد هەڵدەستێت, ئاماژه دەدرێته (جیکۆڤ )ی سەرۆکی بولگاریا که داوابکات له ئەحمەد حەسەن بەکر تا فرۆکەکەی له سۆفیا بنیشێتەوه چونکه دەیەویت له فرۆکەخانه چاوی بکەوێت بە بەکر, دیاره ئەوەش بێ ئاگاداری و زانیاری سەدام بوو, لەو کاتەدا بەکر توشی موفاجەئه دەبێت له نیشتنەوەی فرۆکەکەی بەڵام پێ یان وتبوو کە بەمەبەستی وەرگرتنی بەنزین دابەزیون, لەم بارەیەشەوه یەحیا یاسین سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار کە هاورێیەتی بەکری کردبوو لەو گەشتەیدا بۆ حامید الجبوری دەگێرێتەوه و دەلێت دواتر( جیکۆڤ ) مان بینی, لەبەر ئەوەی له نیوان بەکر و جیکۆڤدا پەیوەندییەکی خۆشەویستی پتەو هەبوو, جیکۆڤ داوا لەبەکر دەکات تا پێکەوه بەمەبەستی هێور بونەوه و پشودان سەردانی دەریاچەی ڤارنا بکەن, بەڵام بەکر ئەوه بە توندی رەت دەکاتەوه , دواتر ناچار جیکۆڤ به زۆر بەکر دەبات و بەو جۆرەش ماوەی سێ کاتژمێر گەرانەوەکەی بەکرد دوادەکەوێت, دیاره ئەو کارەش بە هاوکاری نێوان دەزگای هەواڵگری کەی جی بی و دەزگای هەواڵگری بولگاری ئەنجام درا چونکه ئەو دەزگایانه پێ یان وابوو که دەزگای هەواڵگری ( سی ئای ئەی) ئەمەریکی هەوڵی هێنانه سەرکاری سەدام دەدات بۆ سەرۆکی عیراق و دورخستنەوەی بەکر له پۆستەکەی .

**چارەنوسی گوزار**

پاش هەڵاتنی گوزار بەرەو سنوری ئێرانی لەگەل ئەوانەی دەست بەسەری کردبوون, لەرێگەی ئەو دەزگای پەیوەندی کردنەی کە پێ ی بوو, گزار پەیامێك ئاراستەی

کۆشـکی کۆمـاری دەکـات و دەلێـت ئامـادەم خـۆم بـدەم بەدەسـتەوە و دەمـەوێت ڕێکەوتنێك لە نێوانماندا هەبێت ئەویش لە ماڵێ عەبدولخالق سامەرائی بێـت(ئـەوەش وای کرد کە سامەرائی بخریتـە زیندانـەوە بـۆ مـاوەی نزیکـەی حـەوت سـاڵ کـە هـیچ کـەس نەیبینی و دواتـر لـە پیلانگێرییەکـەی سـالی ١٩٧٩ لـە سـێدارە درا) بـەڵام ئـەم دەست پێشخەریەی گوزار ڕەت دەکرێتەوە . لەبەرامبەردا حکومەتی عێراقی دەست بەجێ هێـز ڕەوانەی ناوچەکە دەکات بـۆ مەبەسـتی دەسـتگیر کردنـی گـوزار , بەچـەندین فرۆکـەی کۆپتەرییش کە سەباح میرزا ی گەورە یـاوەری سـەدام فەرمانـدەیی دەکـردن گەیشتنە ناوچەکە, دیار بوو ئەو شەوە جوتیارەکانی ناوچەکە سەیریان کردبوو ژمارەیـەکی زۆری ئۆتۆمبیـل بـەرەو سـنوری ئێـران دەکـشێن و لـەو ناوچەیەشـدا کادێرەکـانی بـەعس کـە ئاگاداری مەسەلەکە بوون دڵنیا دەبن لەوەی کە ئەوەکاروانی ئۆتۆمبیلـەکانی گـوزارە, هەر بۆیە دەوریان دەگرن و تەقەلە نیوانیاندا دەست پێ دەکات , لـەو کاتەشـدا فرۆکـە کۆپتەرەکان دەگەنە جێ و ڕێگە لەوە دەگرن کە گوزار بگاتە ئیران. کاتێکیش کـە گـزار دڵنیا دەبیت مەسەلەکە کۆتـایی هـاتوە و دەسـتگیر دەکرێـت هەڵدەسـتێ بەکوشـتنی حەماد شەهاب و بریندارکردنی سەعدون غێدان کە برینەکەی زۆر سـەخت بـوە وا خـۆی نیشان دەدات کە مردوە و هەناسە لە خـۆی دەبڕێـت, پـاش دەسـتگیر کردنـی گـوزار و دەست پێوەندەکەی, بریندارەکان بەرەو نەخۆشخانەی ڕەشـیدی عەسـکەری دەبـرێن, هەرچەند شەهاب گیانی لەدەست دابوو بـەڵام غێـدان پـاش ماوەیـەکی زۆر مانـەوە لـە نەخۆشخانە دواتر نیوەی لەشی ئیفلیج دەبێت و دەکەوێتە نێو جێگە.

**دادگایی کردنی گوزار و دارو دەستەکەی**

ڕۆژی ١٩٧٣/٧/٢ رادیۆی بەغداد بلاوی کردەوە کە ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆرش بریاری پێکهێنانی دەسـتەیەکی لێکۆلینـەوەی داوە بـۆ لێکۆڵینـەوە و دادگـایی کردنـی نازم گوزار و دار ودەستەکەی کە دەستەی لێکۆلینەوەکە لـەم ئەندامانـە پێـك دەهـات: سـەعدون شـاکر(سـەرۆکی دەزگـای هـەوالگری) **سـەرۆك** و کـازم موسـلم( یاریـدەدەری

بەریوەبەری گشتی هەوالگری ) **ئەندام** و عەبدولسەمەد عەبدولحەمید( ئەفسەر لە دەزگای هەوالگری) **ئەندام**, سەرجەم دەسەلآتەکانی دادوەری لێکۆلینەوەیان پێ درا .. دادگا تایبەتەکەش لەم کەسانە پێك دەهاتن : عیزەت دوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش **سەرۆك** و تاهیر ئەحمەد ئەمین **ئەندام** , خەلیل ئیبراهیم عەزاوی **ئەندام** (کە دواتر تاهیر ئەحمەد ئەمین لە پیلانگێرییەکەی تەموزی ١٩٧٩ لە سێدارە درا) ئەم دادگایەش دەسەلآتی تایبەت و ئیستیسنائیان پێ درا دور لە یاساکانی دادگایی کردن و یاسای سزادانی عیراقی , پاش هەفتەیەك لەو بەرواره رۆژنامەکانی عیراق لە رۆژی ٧ی تەموز بلاویان کردەوە کە دادگای تایبەت دانیشتنی خۆی ئەنجام داوە, بڕیاری لە سێدارەدانی وەجبەی یەکەمی پیلان گێرانی داوە کە پێك دەهاتن لە ٣٣ کەس و لەسەر و هەموشیانەوە نازم گوزاری بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی و دوو ئەفسەری (مولازم) ٧ مفەوەزی ئاسایش و ٦ عەریف و جێگری عەریف و ٧ ئاسایش کە هەمان رۆژ لە سیدار دران... لە رۆژی ٨ ی تەموز دادگا درێژەی بە دانیشتنەکانی خۆیدا و وەجبەی دووەمی بە سزای لە سێدارەدان حوکم دا کە سەرجەمیان لە سیدارە دران لە رۆژی دەرچونی حوکمەکەدا جگە لە عەبدولخالق سامەرائی نەبێت کە حوکمەکەی بۆ گۆرا بە زیندانی هەمیشەیی لەگەل ئەنجام دانی کاری قورس و گران ئەوەش لەسەر داوای زۆرێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعس... لە یاداشتەکانی جەواد هاشم دەگێرێتەوە" کە عەبدلوەهاب کەیالی ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی بەعس پێ ی وتم : عەبدولخالق سامەرائی هیچ پەیوەندییەکی بەو جموجولەی گوزارەوە نەبوو, بەلآم بە هۆی ناکۆکی لەگەلّ بەکر و سەدام بەو چارەنوسە برا"

بەم جۆرەش پاش ئەو پیلانەی نازم گوزار سەدام خۆی لە پێگەیەکی بەهێزدا بینییەوەو بەکریش کەوتە نێو قەفەزەوە و هێدی هێدی ئەستێرەی سەدام بە تەواوی بەرەو دەرکەوتن دەهات, لە هەمان کاتدا لە ناوبردنی نازم گوزار و دار و دەستەکەی یەکێکی تربوو لەو ئەلقانەی کە ململانی دەسەلات لە عیراق بە دوای خۆیدا هێنای و لە

سەرە زلەکانی دەسـەلاتەوە دەسـتی پێکـرد, تـا ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٧٩ گـەورەترین ئەڵقەی بە خۆەوە بینی کە بە سەدان کادیری بەعس بونە قوربانی و سەدام بـە تـەواوی و بە تەنها خۆی جڵەوی فەرەمارنەوایەتی عیراقی گرتە دەست .

# عەبدولرەزاق نایف
# نێچیرێك لە نێو قەرەوڵی سەدامدا

لە ژیاندا نەما تا ببینیّ کە چۆن شوێن پیّ ی سەدام هەڵدەگرن و بەدوایدا دەگەڕێن, عێراق هێندە فراوان نەبوو, تا سەدام و نایف پێکەوە کۆ بکاتەوە, تەنانەت جیهانیش نەیتوانی لە پانتاییەکانی خۆیدا جێگەیان بۆ بکاتەوە, لە نێوانیاندا تۆڵەسەندنەوەیەکی شەخسی هەبوو, هەر لە چرکە ساتەکانی یەکەمەوە رقێکی دوو لایەنە لە نێوانیاندا هەبوو, سەدام حوسێن پێویستی بەکەس نەبوو تا ترسناکی ( نایف) ی بۆ شی بکاتەوە , لەبەر ئەوە بەچەکەکەی دەستی, پاڵی پێوە نا بەرەو مەنفا, دواتر سەدام لەوە پەشیمان بوو کە بۆ فیشەکەکانی ناوچەکەکەی لەسەریدا بەتاڵ نەکردەوە , کەواتە دەبێت لە مەنفا بیکوژێت, لەو ساتە بەدواشەوە نایف هەستی دەکرد گوللەکانی سەدام هەمیشە بەدواییەوەن و شوێن پیّ ی هەڵدەگرن و لە هەلێك دەگەرێن تا بگەنە سەر دڵی...

لەسەرەتادا دۆسیەی نایف لە دەستی دوو کەسدا بوو کە قەسوەت لە چاویاندا بلێسەی سەندبوو, خوێن لە پەنجەکانیانەوە چۆراوگەی بەستبوو, یەکەم ناوی سەدام حوسێن بوو, دوەمیش ناوی نازم گوزار بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی , دووەم لە ساڵی ١٩٧٣ پێش ئەنجام دانی ئەرکەکەی سەرشانی کوژرا, هەوڵی دا سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر بکوژێت, بەلام هەوڵەکە زوو ئاشکرا بوو, دواتر کەوتە نێوانی کەڵبە تیژەکانی یەکەم (سەدام حوسێن) , هەندێك دەڵێن هەر ئەوەی گوللەی دەمانچەکەی لەسەری گوزاردا بەتاڵ کردەوە هەمان ئەو کەسە بووکە لە مەنفا عەبدولرەزاق نایف ی کەمەندکێشی داوەتێکی لەندنی وکوپێك چای بەیانیان کرد, کە بە کوشتنی نایف کۆتایی هات.

نایف ی سەرۆك وەزیر, كە لە جەرگەی سوپاوە هاتبوو هێندە نەژیا تا دوژمنەكەی ببینیێ چۆن بوەتە نێچیریك و راودەكرێت و رژیمەكەش وردو خاش دەكرێت, لە سویسرا لە گوللەی سەدام هەلات, هەروەك لە ئەلمانیاش لێ ی هەلات, لە ئێرانیش كاتێك بۆنی گوللەی كرد لەوێش دور كەوتەوە, لە یەكەم جاردا لە لەندەن گوللەكان نایپێكن و بەر خێزانەكەی دەكەویێ, لە عەممان خۆی ون دەكات و دواتر لە تەموزی سالی ۱۹۷۸ لە لەندەن ئەو گوللانە كاری خۆیان دەكەن, كاتێكیش پۆلیسی بەریتانی گیرفانی نایف گەڕان كە پاش چەند سەعاتێكی تر گیان لەدەست دەدات , جەوازێكی ئوردونی تایبەت دەدۆزنەوە كە لێ ی نوسرابوو(دوله عبدالرزاق النایف).

لەو شەوەدا سەدام بزەیەك هاتە سەر لێوی , ئیتر راپۆرتەكانی ئاسایش لەمە بەدوا باس لەوە ناكەن كە نایف لەگەلێ شای ئێران كۆبوەتەوە, ئەوە ناگێڕنەوە كە لەگەلێ موستەفا بارزانی بینراوە , باس لەوەناكەن لە ئوتێل دیمەشق كە چاوی كەوتوە بە مەسعود بارزانی, **سەدام پێكەنی** : رۆژێك بوو سەدام تاریق عەزیزی بەوەفدێك نارد بۆ ئوردون, عەزیز نامەیەكی راشكاوانە و كورت و پوختی پێ بوو بۆ نایف "جموجولەكانت سەرئێشەی بۆ سەركردایەتی شۆڕش دروست كردوە ٤٠ ملیۆن دۆلار وربگرە و دەست هەلبگرە لە هەموو چالاكی یەكی دژ و نەیار" نایف ئەو داوایە قبول ناكات و جارێكی تر گوللەكانی سەدام بە دوای نایف دا دەگەڕێن تا پێ ی دەگەن.

**سەدام پێكەنی** : رێگەی بە نایف نەدا زیاتر لە ۱۳ رۆژ لە سەرۆكایەتی دا حكومەتدا بمێنێتەوە , لە كۆشك دەری كرد دوای ئەوەی هەڕەشەی ئەوەی لێ دەكات هەرجولەیەكی گوماناوی بكات دەبیتە هۆی لە ناوبردنی خۆی, لەو كاتەشدا هەریەك لە سەلاح عومەر عەلی بەرزانی زڕبرای سەدام بەشداری كارەكە دەكەن.

گێرانەوەی بەعسیەكان دەلێت نایف لە رێگەی فەریق ئیبراهیم داود ی فەرماندەی گاردی كۆمارییەوە بە كودەتای ۱۷ی تەموزی زانیبوو, هەربۆیەش سەركردایەتی بەعس ناچار بوو نایف وەك شەریكێك قبولێ بكات لە كودەتاكەیدا و پەیمانی دایە بیكاتە

سەرۆك وەزیر بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن و پیلانەکەیان شکست نەهێنێ , هەرلە تەنیشت ئەوەشدا بریاری ئەوەشیان دا لە نزیکترین هەل دا خۆیانی لێ رزگار بکەن, ئەوەبوو لە ٣٠ تەموزی هەمان ساڵ و مانگ نایف لە کۆشکی کۆمارییەوە راپێچی مەنفا کرا.

لەو فرۆکەیەدا کە سەدام حوسێن ناچاری کرد سەربکەوێت و بەرەو مەنفا بیبات, عەبدولرەزاق نایف هەوڵی دەدا جارێکی تر هەناسە بهێنێتەوە بەر خۆی, چیدی ئیتر سبەینێ ناچێتە سەرکارەکەی وەك سەرۆك وەزیرانی عیراق, ئیتر سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی حکومەتەکەی ناکات, ئیتر جەنابی سەرۆك وەزیران نیە, لەگەڵ دور کەوتنەوەی فرۆکەکە لەسەر ئاسمانی شاری بەغداد, نایف هەوڵی دەدا قەناعەت بە خۆی بکات ئەو گورزەی بەری کەوتوە کەمەرشکێن نیە, هەربۆیەش بیری بەلای ژن و منالەکانی دا رۆشت, هیچ رێگە چارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو, چونکە ئەو گەنجە ئەسمەرەی لەبەعسەوە هاتبوو, بواری ئەوەشی نەدا تا پرسیاریش بکات, تەنانەت بواری ئەوەشی پێ نەدا بە مال و منالەکەی بڵێ من ناگەرێمەوە بۆ ماڵەوە , ئەو ئێستا بوەتە سەرۆك وەزیرانی پێشوی عیراق و شەوی یەکەمی مەنفای لە (رباط) بەسەر دەبات.. سەدام هەرگیز باوەری بە دابەش کردنی چارەسەرەکان نەبوو, هەمیشە حەزی بە چارەسەری یەکلا کەرەوە و کۆتایی دەکرد, نەك دورخستنەوە و نەفی کردن, ئاسودە بوو کاتێك کە فەرمانی دەدا دڵی رکابەرەکەی لەلێدان بخات و جوڵەی نەمێنێ , بەڵام کات هێشتا زوە, کودەتای ١٧ ی تەمموز دوو هەفتە تەمەنی یەتی, هێشتا متمانەی بە سوپا نەبوو, وەگەرنا زۆر پێ ی خۆش دەبوو گوللەکانی نێو چەکەکەی لە سنگی نایفدا بەتاڵ بکاتەوە, چونکە شۆرش و کودەتای سپی هێشتا نەبوەتە سروشت و نەریتی عیراقییەکان, دەترسا لەوەی بە هۆی پەیوەندی و ئەو پێکهاتەی کەعەبدولرەزاق نایف ی یاریدەدەری بەرێوەبەری دەزگای هەواڵگری سەربازی لەگەڵ سەدان ئەفسەری سوپادا بناغەکەی دارشتبوو قەبولێ لە ناوبردنی نایف نەکەن, لێرەدا ئەم دوو کەسە هاوشێوەن, نایف پیاوی دوەمی دەزگای هەواڵگری سەربازی بوو, بەڵام

دەیتوانی كۆمەڵێك سەرەداو بگرێت بەدەستەوە كە لە سەدام یاخی ببێت یان هەر بەخەیالی دا نەیەت, , سەدامیش یاری (كەسایەتی دوەم)دەكات لە حیزب و دەوڵەت ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشدا..

له یەكەم چركەساتەوە كە لەبەغداد دەركرا, نایف لەگەڵ ناسۆرییەكان دەستەویەخە بویەوە, لە ئوتێل و شوققەكانی مەنفادا لەگەڵ وێنەكانی نیو یادەوەری دا ململانێ ی بوو, دۆڕانێكی گەورەیە, لاوێكی تەمەن ٣٥ سال كاتێك شەو دەنوێت(مقدم) ی سوپا بێت و كاتێكیش لە سبەینانێكدا خەبەری دەبێتەوە ببێتە سەرۆك وەزیر, (نایف) یش دیسان تینوی دەسەلات بوو, هەر لەو كاتەوەی لە كۆلیژی سەربازی دەرچوو خەونی پێوە دەبینی, دەیخواست بگاتە بالاترین كورسی یەكانی دەسەلات.. نایف لەگەڵ ناسۆرییەكانی دا دەژی , چەند قورسە و دژوارە لاوێك بە چەكەكەی دەستیەوە لێت بێتە پێشەوە و دەستت پێ هەڵبگرێت لە هەموو شتێك, پۆست و وێنە و خەونەكانت, رێگەت نەدات بگەرێیتەوە بۆ نوسینگە وماڵەكەت, رێگەت نەدات بگەرێیتەوە نیشتمان... ماوەی نزیكەی ٣٠ سالێك دەبێت عەبدولرەزاق نایف لە گۆرستانی (سەحاب) لەسەرێگەی عەمان بەغداد راكشاوە , لەگەڵ خۆیشی دا هەموو چیرۆك و نهێنی یەكانی بردە ژێرخاك. لەبەر ئەوە زۆر شت هەبوو نایف رونی بكاتەوە , بەلام راوچی یەكەی نە بواری ئاشكرا كردنی پێ دا و نە خۆیشی توانی پشویەك بدات بۆ نوسینەوەیان لە دوو توێ ی یادەوەرییەكانی دا.

له یەكێك لەو جانتا پڕ بەڵگە نامە و نوسراوانەی كە عەبدولرەزاق نایف لە دوای خۆی بەجێ ی هێشتبوو, لە لایەن رۆژنامەنوس غەسان شربل لە رۆژنامەی (الحیاة)ی ژمارەكانی ٢٠٠٣/١١/٣ و رۆژانی دوایی , شەن و كەو دەكرێت و كۆمەلێك راستی لێ وەچنگ دەكەوێت كە وەك یاداشت نایف نوسیویەتی.. نایف لەو نوسراوانەیدا كە بۆ یەكەم جارە بلاودەكریتەوە دەنوسێت" لەنێوان ٥ی ئەیلولی ١٩٦٨ تا ٧ی تەموزی ١٩٦٩ بە رەوشێكی زۆر خراپدا تێ دەپەریم, چونكە زانیاری باشم هەبوو لەسەر

هەندێك لەو گۆرانكارييانەی دوای رۆژی رەشی ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨ رویان دا , ئەو رۆژەی كە گروپە شەرەنگێزەكەی تكریت بەشێوەیەكی نا ئەخلاقی دەستیان گرت بەسەر دەسەلاتدا.

زۆر باش دەمزانی كە ئەحمەد حەسەن بەكرو چەتەكانی لە پێش هەموشیانەوە سەدام حسین تكریتی هەرگیز واز لەمن ناهێنن و دەبێت پیلان دابنێن بۆ لە ناوبردنم ئەوەش لە نزیكترین هەلدا كە بۆیان برەخسێ تا پشتی هەموو ئەو ئەگەرانە بشكێنن كە لە مێشكیاندا دەهات و دەچوو سەبارەت بەمن, ئەوان چاك حەقیقەتی ١٧ ی تەموزیان دەزانی كە نەخۆیان و نەكلكەكانیان هیچ رۆڵێكی ئەوتۆیان تیدا نەگێرا, هەروەك ئەوەشیان باش دەرك پێ دەكرد كە من چۆن وەك شەخس و وەك كادێری حیزبی دەیانناسم , ئەمە سەرەرای ئەوەی كە بەوردی پەیوەندییەكانیانم دەزانی لەگەل لایەنە حیزبیە یەكانی تردا بەشێوەیەكی گشتی لە ناو عیراق و دەرەوەی دا , كەسایەتی (عەبدولرەزاق نایف)ی ناو دەزگای هەوالگری عێراقی كە بەلای ئەوانەوە شناس و تایبەتمەندی دیاری هەیە, چۆن ئاسودە دەبن لەوەی كە لە ژیاندا بێت, لەبەر ئەوەی مانەوە و وجودی منیان بە مەترسی گەورە دادەنا لەسەر خۆیان چونكە زانیاری پێویستم لابوو دەربارەی حەقیقەت وێنای ئەوان كە دەمویست بیخەمە بەردەستی گەلی عێراق لە ناوخۆبیت یان دەرەوە.

## بەعسی تكریتی دەیەوێت تیرۆرم بكات

" بەعسی تكریتی چەندین جار هەولی تیرۆر كردنی منیان داوە و هەوڵەكانیشیان لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩ ەوە دەستی پێكردوە كاتێك لە جنێڤ دادەنیشتم" ئەمە گیرانەوەی خودی نایفە كاتێك لە نێو یادەوەرییەكانی دا باس لە هەولەكانی تیرۆ كردنی دەكات لەلایەن بەعسەوە , كاتێك كە عەبدولرەزاق نایف لە جنێڤ دەبێت ناتوانێت ئەو ولاتە بەجێ بهێلێت و هەلویستی حكومەتی ئەوكاتەی عیراق پشت گوێ بخات, چونكە لەلایەك مال و منالەكەی كە خاوەنی پێنج منالّ بوو هێشتا لە بەغداد دەبن , هەروەك

خۆی دەلێت هەرجۆرە جموجولێکم بکردایە بۆ دەرچون لە جنێڤ ئەوا ئەوانم توشی گرفت و کێشە دەکرد( چونکە جنێڤ بۆ نایف مەنفای زۆرەملیّ بوو) سەرەتایی ترین گرفتیش کە دژ بە مالەوەمان دەیان کرد برینی ئەو ٣٠٠ دینارە بوو کە وەك دەرمالّە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوە بۆ مال و منالەکەم دانرابوو, دیارە بە برینی ئەوەش مال و منالەکەم نەیان دەتوانی بژین..

## سویسرا و دەمانچە

هەربۆیە نایف ناچار دەبێت لە سویسرا بمێنیتەوە و بە ئاگا و وریابێت , لەگەل ئەوەشدا هەرچەند یاساکانی ولاتی سویسرا زۆر توند بوون, بەلاّم لەسەر بەرپرسیاریتی خۆی دەمانچەیەك هەلّدگرێت بیّ ئەوەی دسەلاتدارانی ئەو ولاتە ئاگادار بن بەو مەسەلەیە, لە کاتێکدا بەردەوام بەرپرسانی سویسری تیمی پاریزگارییان بە شیوەی نهێنی بۆ نایف دادەنا نەبادا هەولی تیرۆر کردنی بدرێت کەدیارە زانیویانە هەولی لەو جۆرە لە ئارادایە هەربۆیەش داوای لیّ دەکەن یان ولاتی سویرسرا بەجیّ بهێلێت یان داوای مافی پەنابەریتی بکات لەو ولاتە تا بیانویەك بیت بۆ پاراستنی نایف, چونکە دەسەلاتدارانی سویسری نایف لەوە ئاگادار دەکەنەوە کە پیلانی تیرۆرکردنی لە ئارادایە گەر ئەو داوای مافی پەنابەریتی نەکات , ئەوا ناتوانن بیپاریزن و لەسەری وەدەنگ بێن, بەلام نایف ناتوانێت وەلامی تەواو بداتەوە چونکە خیزان و مالّ و منالّەکە هیشتا لە عیراقدا بوون, تا ئەوەی خێزان و منالّەکانی لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٦٩ دەگەنە ولاتی سویسرا..

## دەبێت سویسرا بەجیّ بهێلیت.

پاش گەیشتنی خیزان و منالەکانی نایف بە چەند رۆژیك بۆ ولاتی سویسرا , یەکێك لە کەسە نزیکەکانی حەردان تکریتی وەزیری بەگری عیراقی ئەو کاتە بە تەلەفۆن ئاگاداری نایف دەکاتەوە کە پیویستە بەپەلە و بیّ دواکەوتن ولاتی سویسرا بەجیّ بهێلێت چونکە سەدام تیمێکی ناردوە بۆ تیرۆر کردنی , بەو جۆرەش نایف ولاّتی سویسرا بەجیّ

دەهڵێت وماوەی نزیکەی دە ساڵ ئاوارەی ولآتان دەبێت و لە هەمان کاتدا سەدام حوسێنیش بەردەوام تارمایی نایف لە پشتی هەموو جۆرە جموڵێکی دژ بە دەسەلآتەکانی دەبینیتەوە کە ئەوەش وای لیٚ دەکات مکوڕ بێت لەسەر لە ناوبردنی , تا سەرەنجام لە بەریتانیا گوللەی پیاوەکانی سەدام دەگەنە سەردڵی و کۆتایی پیٚ دێنن.

### ژوانگەیەکی خوێناوی

عەلی کوری عەبدولرەزاق نایف دەڵێت" ئیمە رۆژی ١ی تەموزی سالی ١٩٧٨ لە ئوردونەوە گەیشتینە لەندەن و باوکم ٧ی مانگ گەیشت , رۆژیکی خۆشمان لەگەل باوکم بەسەر برد, زۆر شوینی جۆراوجۆر لە شاری لەندەن گەڕاین, رۆژی دواتر باوکم نەبینی چونکە بەیانی زوو دەرچوو بوو شەویش درەنگ گەڕایەوە , لە رۆژی ٩ ی تەموز باوکم ماچی کردم و وتی من دەرۆمە دەرەوە شەو درەنگ دەگەریمەوە , کاتێکیش هەمان رۆژ کاتژمیر لە چواری ئەو رۆژە نزیك دەبویەوە لەو جێگەی لیٚ ی دادەنیشتین سەیری تەلەفزیۆنمان دەکردلە پڕێکدا تەلەفزیۆن پرۆگرامە کانی خۆ راگرت و هەوالێکی بەپەلەی خوێندەوە , لە ئوتێل( ئینتەر کۆنتیننال)کە هێزەکانی پۆلیس لەبەردەمی دا راوەستابوون, هەواڵەکەئاماژەی بەوەدا کە تەقە کراوە و لە ئاکامدا مستەر عەبدولرەزاق بەرکەوتوە , خێرا تەلەفۆنمان کرد بۆ پۆلیس پرسیاری تەواومان کرد و دەرکەوت ئەوەی بەرکەوتوە باوکمە, خێرا بەرەو نەخۆشخانە بەری کەوتین, من لەو کاتەدا تەمەنم دە سالان بوو, دەگریام و رۆژنامەنوسەکانیش وێنەیان دەگرتم."

### کیٚ نایف ی تیرۆ کرد؟

لە دریژەی گیرانەوەکەیدا کورەکەی نایف دەلێت" باوکم چوو بوو بۆسەردانی عەبدولحەمید خەربیت (بالیۆزی پێشوی عێراق )و بەرپرسێکی عیراقی چونکە ئیمە چەندین جار خەربیت مان دیبوو, وامان دەزانی پەیوەندی نیوان باوکم و حکومەتی عیراقی ریك دەخاتەوە , بەلآم کاتێك باوکم دەگاتە ئوتیلەکە سەیر دەکات خەربیت

لەوێ نیە کە پرسیار دەکات پێ دەڵێن رۆیشتوە , دواتر بەرپرسە عیراقییەکەلە ژورەکەی خۆی پیشوزای لە باوکم دەکات, کاتێك ئەو بەرپرسە عیراقی یە لەگەل باوکم لە ئوتیلەکە دادەبەزی بۆ خواحافیزی لی کردنی , لەو کاتەدا کەسێك بە ناوی (خالید ئەحمەد) کە (دواتر لەلایەن دەرگاوانی ئوتێلەکەوە دەگیرێت) ,لەبەردەم دەرگای ئوتیلەکە دەوەستێ و تەقە لە باوکم دەکات , بەرپرسە عیراقی یەکەش بە خێرایی شوێنەکە بەجێ دەهێڵێت و دەروات و ون دەبێت چونکە بە پاسپۆرت و ناوی خوازراوەوە هاتبو ئەو ولاتە,و بکوژەکەش حوکمی بیست و پێنج سالٚ زیندانی دەبێت. پاش رۆژیك لەو روداوە باوکم لە تەمەنی ٤٥ ساڵی دا گیان لە دەست دەدات" بەم جۆرەش سەدام لە کابوسی نایف رزگاری دەبێت.

# سەدام حوسێن و
# پێکهێنانی دەسەڵاتێك لە سێبەردا

## پێکهاتەی دەولەت و ئە نجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هەموو ئەو هەنگاوانەی سەدام هەڵی دەگرت دوای کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ بۆ دەسەلات گرتنی تەواو بەسەر سەرجەم جومگە گرنگەکانی دەسەلات و حکومەتداریدا , پێویستی بە وردەکاری و شارەزایی هەبوو تا دواتر سەرکەوتوانە جیێ بەجیێ ی بکات, ئەمەش لەگەلێ پێکەوە بەستنەوەی ئەو هەنگاوانە بە هەنگاوەکانی پێشوو تر و داهاتووە, ئەمەش بە وردبینی و بە دواداوچون و حساب کردن بۆ هەموو ئەگەر و روداوە کتوپڕەکان.

سەدام سەرەتا پلانێکی کشتگیری داڕشت بۆ فۆرمی ئەو کیانەی کە لەساڵی ١٩٦٨ ەوە هەنگاو بە هەنگاو دەیوست پێکی بهێنێ بەمەبەستی لەق کردنی بونیاتی ئیداری دەوڵەتی عیراقی و هێشتنەوەی گشت دەسەلاتەکان بەتەنها لە دەستی خۆیدا ئیتر ئایا لە ریگەی بەرپرسیارێتی یەکانی یەوە بێت وەك جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش یان ئەوکاتەی کە پێگەی یەکەم وەردەگرێت لە دەولەتدا(سەرۆك کۆمار) یان کاتێك گەیشتە پۆستی ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعس.

## نوسینگە راوێژکارییەکان

هەنگاوی یەکەمی سەدام لەم بوارەدا پێکهێنانی نوسینگە راوێژکارییەکان بوو ئەوەش لە چوارچێوەی ئەوەی ناسراوبوو بە بەرزترین دەسەڵاتی ولاَت (ئەنجومەنی سەکردایەتی شۆڕش), ئەم ئەنجومەنە پاش کەمتر لە سێ مانگ لە سەرکەوتنی کودەتا دەستی کرد بە دەرکردنی چەندین بریار بۆ پێکهێنانی ئەم نوسینگەی راوێژکارییانە بێ

ئەوەی ئەو بڕیارانە ئـەرك و پەیوەندییـەكانی ئـەم نوسـینگانە لەگـەڵ دەزگاكـانی تـری دەوڵەت دیاری بكات و یەكەم نوسینگەش كە پێكهـات (نوسـینگەی پەیوەندییـە گشتی یەكان) بوو, كە دواتر ئەم نوسینگەیە گۆرا بە (دەزگای هەواڵگری گشتی) و راسـتەوخۆ پەیوەست بوو بەشەخسی سەدامەوە, لەگەڵ ئەوەی ئەندامەكانیشی نەناسـراوبون لـەم بارەیەوە جەواد هاشم لە یادەوەرییەكانی دا دەلێت" ئێمە كە وەزیر بوین هیچ یەك لـە ئەندامانی ئەو نوسینگەیەمان نەدەناسی كە كێن و چی دەكەن! و هەرگیز لەسـەرەتادا بە بیری كەسـدا نـەدەهات كـە ئـەو نوسـینگەیە ببێتـە بـەردی بناغـەی دروسـت كردنـی دەزگای هەواڵگری گشتی " دواتـر لـە ٥ی تـشرینی یەكـەمی سـاڵی ١٩٦٨ ئەنجومـەنی سـەركردایەتی شـۆرش بریـاری دامەزرانـدنی چـوار نوسـینگەی تـری دا: نوسـینگەی كاروبـاری ئـابوری , نوسـینگەی كاروبـاری یاسـایی , نوسـینگەی كاروبـاری بـاكور, نوسینگەی كاروباری عەرەبی , لە بریاری دامەزرانـدنی ئـەو نوسینگانەشـدا هـاتبوو كـە ئەنـدامانی ئـەو نوسـینگانە پارێزگـاری لـە وەزیفـەی بنـەڕەتی خۆیـان دەكـەن و وەك (ئینتداب)لەو نوسینگانە كار دەكەن ئەمەسەرەرای ئەنجام دانی كاری وەزیفی خۆیـان.. ئـیتر ئەنجومـەنی سـەركردایەتی شـۆرش بـەردەوام بـوو لەسـەر پێكهێنـانی نوسـینگە راوێژكارییەكان و گۆرانی ئەندامانی ئەو نوسـینگانە تـاوای لێ هـات بـۆ هـەموو چـالاكی یەكی حیـزب و دەوڵـەت نوسـینگەیەك پێكهێنـرا و كـادێرە حیزبیـەكان دەكرانـە ئەنـدام تیایدا یان ئـەو كەسـانەی كـە حیزبـی نـەبوون بـەلام لـە هاورێیـانی سـەدام بـوون. بـەم جۆرەش نوسینگەكان تا دەهات ئەرك و كارەكانیـان بـەرفراوان دەبـون تـا وای لێ هـات بودجەی دارایی زەبەلاحی بۆ تەرخان كرا كـە پەیوەسـت بـوو بـە بودجـەی ئەنجومـەنی سەركردایەتی شۆرشـەوە هـەروەك سـكرتاریەت وكارمەندانیـشی بـۆ دیـاری كـرا... بـە چاوپۆشی لەوەی كە ئەو نوسینگانە بەشێوەیەكی رەسمی پەیوەندیان بـە ئەنجومـەنی سەركردایەتی شۆرشەوە هەبوو, بەڵام سەدام حوسێن سـەرۆكی فیعلـی ئـەو نوسـینگانە بـوو, داواكـاری وەزارەتـەكانی بـۆ رەوانـە دەكـرا بەمەبەسـتی تـاوتوێ كردنیـان و لـەو

سۆنگەشەوە میکانیزمی کاری حکومەت تاوتویٚ دەکرا, هەروەك ئەم نوسینگانە باشترین هۆکار بون بەدەست سەدام حوسێنەوە بۆ تیٚ پەراندنی ئەو یاسا و بریارانەی کە دەیویست لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەربچن, لە هەمان کاتدا ئەم نوسینگانە رۆلی گرنگیان گێرا لە هەماهەنگی کردن لە نێوان خۆیاندا بۆ لەباربردنی ئەو پێشنیارانەی کە هەندێك لە وەزیرەکان دەیان خستە روو..

هەرچەند ئەرکی ئەم نوسینگانە زیاتر ئەرکێکی راوێژکاری بوو بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش, بەلاّم لە راستی دا ئەرکەکەیان گۆرابوو بۆ هەژموون پەیدا کردن بەسەر ولاّتدا و پێدانی ئامۆژگاری و راسپاردەی کۆتایی لەسەر کاروبارەکانی دەولّەت بەتایبەت ئابوری لەلایەن سەدام حوسینەوە , وەزیرەکانیش خەریك بوو لەوە دەگەیشتن کە بە هێواشی کاروباری ولات لە بواری ئابوریدا پەیوەست دەبێت بە نوسینگەی کاروباری ئابورییەوە (بۆ نمونە) ئەمە لە کاتێکدا بوو ئەو کەسانەی لەو نوسینگە راویژکارییانە کارییان دەکرد زیاتر خۆیان بە گرنگ دەبینی چونکە نزیك بون لە سەدامەوە و هەموو کات راسپاردەیان لیوە وەردەگرت, تەنانەت نوسینگەی کاروباری یاسایی بەرزتربوو لە وەزارەتی داد و هیچ یاسا و سیستمێك دەرنەدەچوو گەربێتوو بەم نوسینگەیەدا تیٚ پەری نەکردایە.

لەگەلٚ ئەمانەشدا سەدام لە دیاری کردن و لابردنی کارمەند و بەرپرسانی ئەم نوسینگانەش دەخالەتی دەکرد و ئەوەی بەدلٚ نەبوایە لای دەبرد یان رێوشینی تری بۆ دەگرتە بەر , بۆ نمونە عەبدولفەتاح زەلّەت کە سەرۆکی یەکێك بوو لەو نوسینگانە زیاتر پەیوەندی لەگەل بەکر هەبوو وەك لە سەدام, و راپۆرت و راسپاردەکانی راستەوخۆ بۆ بەکر بەرزدەکردەوە, لەبەر ئەوە سەدام بەم کەسە خۆشحال نەبوو, هەربۆیە هەستا بە گۆرانکاری لە ئەندامێتی ئەو نوسینگەیەدا و چەند کەسێکی دامەزراند کە خۆی متمانەی پیٚ یان هەبوو وەك (دکتۆر سەعد عەلوش و دکتۆر ئیسماعیل میرزا ). بە کورتی دەتوانین بلێین سەدام حوسێن و ئەنجومەنی

سەرکردایەتی شۆرش بە پێکهێنانی ئەم نوسینگانە زۆرێك لە چەمکەکانی دەولەتدارییان گۆڕی, بۆ نمونـە نوسـینگەی کاروبـاری ئـابوری کـە راسـتەوخۆ بـە سـەدام حوسـێنەوە پەیوەست بوو سەرجەم مەسەلە گرنگەکانی تایبەت بە سیاسەتی دارایی و ئابوری ولاتی بۆ رەوانە دەکرا و بەوجۆرەش سەلاحیەت لە دەست وەزیرە تایبەتمەنـدەکانی دارایـی و ئابوری و پیـشەسازی بـانکی ناوەندیـدا نـەمابوو, هـەروەك چـۆن نوسـینگەی کاروبـاری یاسـایی دەسـەلاتی وەزارەتـی دادی نەهێـشتبوو لـە دەرکردنـی یاسـاکان و کاروبـارە یاساییەکاندا.

له ماوەی ئەو ١٠ ساڵەی کە سەدام حوسێن کاری بـەردەوامی لەسـەر کـرد, لـە سـاڵی ١٩٧٩ عێراق خۆی لەبەردەم دام و دەزگایەکی ئیداری نویٚ ی دەولّەتدا بینییـەوە , دام و دەزگایەکی فەوقی کە گرنگەکانیان پەیوەست بوون بە شەخسی سەدام حوسـێنەوە , بەڵام دەزگا کانی تر کە گرنگی یەکی ئەوتۆیان نەبوو ئەوە یـەکیك لـە ئەندامـەکانی نێـو ئـەو دەزگایانـە بـەردەوام سـەدامی ئاگـادار دەکـردەوە لـە وردەکـاری راپـۆرت و راسپاردەکانی .

نوسـینگەکانی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆرش گـۆڕان بـۆ کەرەسـتەیەکی کـار لـە شـێوازەکانی کـاری نهێنـی و جێگـەی شـێوازەکانی ئیـدارەی زانستی گرتـەوە , تـا لـە کۆتایی دا توانی دەولّەت هەلٚ لوشێت, پرۆتۆکۆلە رەسمیەکان لەق بکات و هەڕەشە لـە بونیات و ژێرخـانی زنجـیرەی وەزیفـی دەولـەت بکـات, هـیچ یـەك لـە وەزیرەکـان جگـە لەوانەی ئەندامی ئەو نوسینگانە بون نەیان دەزانی چی لـە دەولّەتـدا دەگوزەرێـت, یـان کاروباری وەزارەتەکانیان ئاراسـتەی کـیٚ بکـەن, ئەنجومـەنی وەزیـرانیش دوای ئـەوەی کۆبونەوە دەورییەکانی راگیرابوو هیچ وجودێکی فیعلی نەمابویەوە .

لـە تەنیـشتی ئـەم پێکهاتـە فـەوقی یـەدا حیـزبیش خـاوەنی چـەندین نوسـینگە و ئەنجومەنی تربوو, لەوانەش نوسینگەی پیشەییەکان کە سـەرجەم ئـەو پالێوراونـەی بـۆ رەوانە دەکرا بەشێوەیەکی نهێنی کە دادەمـەرزان لـە فەرمانگـە گرنگـەکانی دەولەتـدا ,

ئەوەش وای کردبوو زۆرجار وەزیرێك کەسێکی کاندید دەکردبۆ پۆستێك کەچی لە پرێکدا مەرسومێك دەردەچوو لە هەمان ئەو شوێنەدا کەسێکی تری دادەمەزراند کە ناوی هەر نەبیسترابوو, لەو کاتەدا دەبوا ئەو وەزیرە بێ دەنگەی بکردایە چونکە بڕیارەکانی سەرکردایەتی بڕیاری یەکلا کەرەوە بون, خۆ گەربێتوو وەزیرەکە پێداگری بکردایەتەوە لەسەر ئەو کەسەی کاندیدی کردوە بۆ ئەو پۆستە ئەوا زۆری پێ نەدەچوو لە تەلەفزیۆنی بەغدادەوە هەواڵی ئیعفا کرانی لە پۆستەکەی دەخوێنرایەوە ..

گەر بەوردی سەیری پێکهاتەی نوسینگە و ئەنجومەنەکان بکەین بە رونی ئەوە بەدی دەکرێت کە ئەو شێوازەی سەدام حوسێن گرتبویە بەر لە هەژمون پەیدا کردن بەسەر دام و دەزگاکانی دەولەتدا وای کردبوو تا نوسینگە هەر گرنگەکان پەیوەندی راستەوخۆیان بە خۆیەوە هەبێت کە بریتی بوون لە نوسینگەکانی ( ئەنجومەنی پلان دانان, دەزگای هەواڵگری گشتی, ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی , لیژنەی بە دوادا چونی کاروباری نەوت و جێ بەجێ کردنی ریکەوتنامەکان, نوسینگەی کاروباری ئابوری , نوسینگەی سەربازی , لیژنەی وزەی ناوکی , نوسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن, دەزگای توێژینەوەی زانستی , لیژنەی باڵای کاروباری باکور) لە کاتێکدا ئەحمەد حەسەن بەکر تەنها نوسینگەکانی ( ئەنجومەنی باڵای کاروباری کشتوکاڵی و نوسینگەی کاروباری یاسایی و دەستەی باڵای کاری میللی) بەدەست بوو.

لەم بەرەنجامەشەوە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێ بەجێ کردن لە دەست چوو, دەسەلاتی دادوەریش هەر لە هەفتە یەکەمەکانی سەرکەوتنی کودەتای ١٧ ی تەممووزەوە سەر بەخۆیی خۆی لە دەست داو دادگاکانی عیراق وەك پیویست رۆڵیان نەما لە ئیدارەکردنی دەسەڵاتی قەزای ولات و بەریوەبردنی کاروباری هاولاتیان و دادگای شۆرش و دادگا تایبەتەکان کە پابەندی هیچ یاسایەك نەبوون – ئەو هاولاتی یەی رەوانەی ئەو دادگایانە دەکرا مافی تێهەڵچونەوەی حوکم و رەخنە گرتنی نەبوو– لە زۆربەی کێشەکانیان دەروانی و دامەزراندنی دادوەرەکان لەسەر بنەمای

وەلائی حیزبی بوو نەك لەسەر توانستی یاسایی ,هەروەك ڕێوشـوینەکانی لێکۆلینـەوە ویاسای بنەماکانی دادوەری جینائی و دادگای مەدەنی بە هـۆی زۆری (ئیستـسنا)ەوە کە ئەنجومەنی سـەرکرداریەتی شـۆرش دەری دەکـرد کاروبارەکانیـان پـەکی کـەوتبوو, لەراستی دا ئیستیسنا ببو بە بنەما (قاعدة) و بنەماش ببو بە ئیستیسنا.

**١٩٧٤ سەرەتـاکانی مستی پۆلاینی سەدام**

سەدام هێواش هێواش دەستی گرت بەسەر دام و دەزگاکانی دەولەتدا بە تایبەت دوای ئەوەی توانی خۆی رزگار بکات لە (سالح مەهدی عەمماش) و دواتر خۆی سەر پەرشـتی راستەوخۆی بواری نەوتی دەکرد(خۆمالی کردنی نەوت).. لـە گـەل هـاتنی سـالی ١٩٧٤ کلیلەکانی سیاسەتی نەوتی کەوتە دەستی سـەدام حوسـێن کـە لـەم بوارەشـدا عـەدنان حسین حەمدانی (لە سالی ١٩٧٩ لەلایەن سەدامەوە لە سێدارە درا) یاریـدەدەری باشـی سەدام بـوو, پاشـانیش سـەدام کلیلـی بەلێندەرایـەتی پـرۆژە پیـشەسازییە گـەورەکانی کەوتـە دەسـت ئـەوەش وەك سـەرۆکی ئەنجومـەنی پـلان دانـان کـە هـەردوو دەزگـای وەزارەتی پلان دانان و ئاماری مەرکەزی یارمەتی دەری بوون, لە هەمان کاتدا دەزگـای هەوالگری گشتی لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی سەدام حوسـێندا بـوو کـە هەریـەك لـە سـەعدون شـاکر و بـەرزان تکریتـی یارمـەتی دەری بـون.. بەمەبەسـتی زیـاتر کردنـی دەسەلاتی لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و ڕام هێنـانی هـەول و کۆشـشی خـەلکی و بـیرو بۆچونیان لـە پینـاو خزمـەت کردنـی خـودی سـەدام ئـەوەش لـە ریگـە رێکخستنەکانی بەعـــسەوە , ســـەدام وەك موفاجەئەیـــەك رۆژی ٦ی ئۆکتۆبـــەری ١٩٧٤ بریـــارێکی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆرشـی دەرکـرد بـە ژمـارە ١٠٨٣ کـە راپـۆرتی سیاسـی کۆنگرەی هەریمایەتی هەشتەمی پارتی بەعس دەکاتە یاسا و دەبێت دسەلات و دەولەت لەسەری برۆن هەروەك دەبێتە پەیرەو و رێبەری کـارکردنی سـەرجەم دام و دەزگاکـانی دەولـەت دامـەزراوەکانی زانکـۆ و قوتابخانـەکان. دوای تـێ پـەربونی یـەك مـانگ لـە دەرچـونی ئـەو یاسـایە , سـەدام حوسـێن گۆرانکارییـەکی وەزاری کـرد و لایـەنگر و

دۆستانی خۆی کە وەلائی رەهایان هەبوو لە نێو وەزارەتەکان  دای نان  و ئەوانەشی گۆمانی لێ دەکردن دوری خستنەوە . لەلایەن خۆشیەوە و بەپێ بەڵگەنامەیەك کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٧ بلاوی کردۆتەوە باس لە راپۆتێك دەکات کە لە ١٩٧٤/١١/٣٠ رەوانەی ئەو وەزارەتەکراوە لە لایەن نوسینگەی چاودێری بەرژوەندییەکانی ئەمەریکا لە عیراق دەربارەی گەورترین گۆرانکاری وەزاری پاش سالی ١٩٦٨ لە عیراقدا, لە راپۆرتەکە دا هاتوە : **لە کۆتایی دا جەخت لەوە دەکەینەوە کە سەرجەم وەزارەتە سەرەکی یەکانی حکومەتی عیراقی ئێستا بەدەستی ئەو بەعسییانەوەیە کە لایەنگری سەدام حوسێنن ...!** دیارە لەو کاتەدا ئەمەریکی یەکان باش ئاگاداری هەولەکانی سەدام بون و بەپێ ی ئەو راپۆرتەش پێ دەچێت ئەمەریکا پشتگیری تەواوی سەدام حوسینی کردبێت چونکە لەبەشێکی دیکەی راپۆرتەکە هاتوە :**"پیویستە ئەو گۆرانکارییە وەزارییە بە هەنگاوێك بۆ تۆکمەیی و پیکەوە وابەستەیی دەسەلاتی بەعس دابنێین  و گواستنەوەی راستەقینەی دەسەلاتە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و یارمەتی دەرەی عیراقە لەسەر هەوڵەکانی بنیات نانەوەی ولات هەروەك گۆرانکارییەکە  بەردەوام بونی  راستەوخۆ و بەهێزی  دەسەلاّتی پارتی بەعسە بەسەر سەرجەم کاروبارەکانی ولاّتدا لەگەڵ ئەوەی سوربونی بەعسە لە هەمان کاتدا بەوەی ریگە نەدات بە بەشداری هیچ لایەنێکی دیکە لە حوکمدا  ئیتر ئایا شیوعییەکان بێت یان نەتەوەیی یەکان هەر تاقم و گروپیکی تر بێت..."**

شایانی باسە تا کاتی ئەو گۆرانکارییە ١٩٧٤  بەشداریەکی شەرمنانە هەبوو بۆ لایەنەکانی تری ناو عیراق لە حکومەتەکانی بەعسدا  وەك کورد و شیوعیەکان و نەتەوەییەکان بەلاّم  دواتر ئەوەش نەما.

# حەردان تکریتی
# گەمەیەکی بێ ئاکام

حەردان عەبدولغەفار تکریتی لە ساڵێ ١٩٢٦ لە شاری تکریت دایك بوە , فەرماندەی هێزی ئاسمانی عیراقی بوە لە نێوان شوباتی ١٩٦٣ تا تشرینی دوەمی هەمان ساڵ, لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی و وەزیری بەرگری و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش, تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ لەو پۆستانە ئیعفا دەکرێت و دەکرێتە جێگری سەرۆك کۆمار دواترلە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ لەسەرجەم پۆستەکانی ئیعفا دەکرێت و دەکرێتە بالیۆزی عێراق لە ئیسپانیاو تا ئەوەی لە لە ٣٠ مارسی ١٩٧١ لە کویت تیرۆر دەکرێت.بەڵام بابزانین بۆچی کەسایەتی یەکی وەك حەردان تکریتی بەو پۆستە و پایە گرنگانەی کە هەیبوو, لەگەڵ ئەوەی تکریتیش بوو لەلایەن سەدامەوە بەو چارەنوسە دەبرێت؟!

### سوێندی پیرۆز

لە یادداشتەکانی دا کە دوای تیرۆر کردنی خۆی بڵاوکراوەتەوە حەردان تکریتی دەنوسێت:دوای هەفتەیەك لە سەرکەوتنی کودەتای ١٧ ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ سەردانی ئەبو هەیسەم( ئەحمەد حەسەن بەکر) م کرد و بەراشکاوی پێم وت " من گومانم لەوە نیە کە ئێمە دەبێت هەوڵی زۆر بەخەرج بدەین تا درێژە بە مانەوەی خۆمان بدەین لەسەر دەسەلات, بەڵام ئەوەی گومانم بۆ دروست دەکات بریتی یە لەوەی کە چۆن هەریەك لە ئێمە بە شێوەیەکی دڵسۆزانە لەگەڵ یەکتر بمێنینەوە و کار بکەین, لەبەر ئەوە دەبێت گەرەنتی بەردەوام بونی هاورێیەتی ئێستمان بکەین .. لە وەڵامدا بەکر وتی " ئەی ئایا ئەوە بەس نیە کە هێزە چەکدارەکان هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی تۆدایە؟ وتم : ئەوەی من لێ ی دەترسم ئەوەیە کە هێزە چەکدارەکان من

سەرکەش بکات , تۆ باش دەزانیت کە سەردەمەکان لە گۆڕاندان. بەکر وتی : زۆر باشە گرفت نیە, ئایا تۆ رازیت لەسەر (سوێند) خواردن؟ وتم : رازیم بەڵام بە چی بڕوادەکەیت؟ وتی ئەی تۆ بەچی بڕوادەکەیت؟ وتم : ئەبو حەنیفە ! پێت چۆنە لای ئەو سوێند بخۆین؟ وتی : من زۆر باوەڕم بە ئەبو حەنیفە هەیە, بەڵام پێم وایە (ئەبو فەزڵی عەباس) کە لە شاری کەربەلا نێژراوە باشترە تا سوێندی لەلابخۆین, پێت چۆنە هەر ئەمشەو سەردانی بکەین و سوێندەکەمان بخۆین؟ وتم: زۆر باشە ! لە راستی دا ئەبو هەیسەمیش بە دوای گەرەنتی پاراستنی وەلائی هاوڕێیاندا دەگەڕا, ئەوەش دوای ئەوەی کە خیانەتمان بە دکتۆر عەبدولرەزاق نایف و ئیبراهیم داود و کرد لە دەسەلات دورمان خستنەوە , ئەوەبو لەسەعات هەشتی هەمان شەو سواری ئۆتۆمبیلێکی ئاسایی بوین بەرەو کەربەلا, هەر چوارمان (سەرۆك و من و یاوەرێك و شۆفیرەکەمان), بۆ ئەوەشی ئاشکرا نەبین , دارتەرمێکی بەتاڵمان خستە سەر ئۆتۆمبیلەکەمان بەو بیانوەی کە تەرمێکی ئاساییمان پیٚ یە دەمانەوێت لە نەجەف بینێژین, لەگەڵ ئەوەی جل و بەرگی ئاسایی عەگال و دزداشەمان لەبەر کردبوو, لەو کاتەدا گەیشتنیە کەربەلا خادمی رەوزەی عەباسی سەرقاڵی داخستنی دەرگاکانی مەزاری ئیمام عەباس بوو,لەبەر ئەوە هەوڵی زۆری دا تا رێگەمان نەدا بچینە ژورەوە , بەڵام بە هۆی پێداگری ئێمە و بیانوو هێنانەوە بەوەی کە خەڵکی شاری بەسرەین و دەمانەوێت بەرەو نەجەف بڕۆین بۆ ئەوەی ئەمشەو جەنازەکەمان بە خاك بسپێرین, ناچار دەرگاکانی بۆ خستینە سەرپشت و ئێمەش دارتەمە بەتاڵەکەمان لەبەردەستماندا دانا و دەستمان کرد بە سوێند خواردن, دیار بوو مەراسیمەکەی ئیمە پێچەوانەی مەراسیمی شیعەکان بوو لە بەریٚ کردنی جەنازەدا, ئەوەش وای کرد هەندێك لە خادمەکان گومانمان لیٚ بکەن , تا ئەوەی یەکێکیان هاتە پێشەوە لێمان و پیٚ ی وتین : شتێکتان دەوێت؟ وتمان: نەخێر .. دەمانەوێت تەنها سوێند بخۆین.. وتی : رێگەم دەدەن سوێندتان بدەم؟ وتمان: نەخێر خۆمان دەزانین , بەو جۆرە بەجیٚ ی هێشتین , لە پێشدا من سوێندم خوارد

بەوەی کە ــ هەرگیز خیانەت لە ئەبو هەیسەم نەکەم با هەموو دونیاشم بۆ پڕبکەن لە زێڕو زیو ــ لەبەرامبەریشدا ئەبوهەیسەم سوێندی خوارد بەوەی کە ــ هەرگیز خیانەتم لێ نەکات ــ ئیتر دوای ئەوە زۆر ئاسودە بووم کاتێك ((سوێندی پیرۆزمان خوارد))، زۆر بە ساویلکەیی گومانی ئەوەم بۆ دروست بوو کە توانیومە هاوڕێیەتی ئەبو هەیسەم بۆ هەتا هەتایی بۆخۆم مسۆگەر بکەم ، چونکە سوێند خواردنەکە فێڵێك نەبوو، لەسەر دەستی من ئەنجام درابوو، ئەوەی جێگەی سەر سورمان بوو کە سەرۆك پاش دوو هەفتە بە هەمان شێوە سوێندی دۆستایەتی لەگەڵ سەدام حوسێنیش خواردبوو، بەڵام پاش ئەوە بۆ دەبێت بەو جۆرە خیانەتم لێ بکرێت، خێزانەکەم بکوژرێت، لەسەر جەم پۆستەکانم ئیعفا بکرێم و دور بخرێمەوە. ئایا گەر من کارێکی خراپم ئەنجام دابێت ئەی دەبێت هاوسەرەکەم تاوانی چی بێت کە بە دوگیانی تیرۆر بکرێت!

**مەرگێك لە نێو فرۆکەدا**

دوای ئەوەی دورخرامەوە بۆ جەزائیر بە هاوسەرکەیان راگەیاندبوم کە دەبێت لە ماوەی سێ رۆژدا لە گەڵ هەر شەش منالەکەمدا پەیوەندی بە منەوە بکات، هەر بە خێرایش سەرجەم مامەڵەی سەفەر کردنیان بۆ ئامادە کردبوون و سواری فرۆکەیان کردبوون بەرەو جەزائیر، بەڵام لە فرۆکەخانە بە بیانوی کوتان لە دژی نەخۆشی کۆلێرا، خێزانم بە شێوەیەکی زۆرەملێ بە دەرمانێکی ژەهراوی دەکوتن، کە دوای دوو کاتژمێر لەو کوتانە خێزانم و کۆرپەکەی ناوسکی لە نێو فرۆکەکەدا دوایین هەناسە دەدەن و بە بەرچاوی هەر شەش منالەکانمەوە دەمرێت، منالەکانمان بە چاوی خۆیان مەرگی دایکیان بینی بوو، ئای چەند دیمەنێکی کاریگەر بو کاتێك لە فرۆکە خانەی جەزائیری نێودەولەتی چاوەروانی گەیشتنی هاوسەر و منالەکانم کرد، بەڵام لەبری هاوسەرەکەم تەرمەکەیم بەدەست گەیشت، تەرمێك بێ جولە و خامۆش و بێ گیان، هەر شەش منالەکەشم لە دەوری دایکیان شین و شەپۆریان دەکرد و دەگریان..

**بەکر حەردان تەکلیف دەکات بە کوشتنی سەدام**

حازم جەواد لە یادداشتەکانی دا بۆ رۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی دەڵێت: لەسەر چاوەیەکی متمانە پێکراوە شتێك باس دەکەم کە روی داوە لە نێوان بەکر و حەردان تکریتی دا: ئەو شەوەی کە کودەتای ١٧ ی تەمموز ئەنجام دەدرێت بەکر رودەکاتە حەردان تکریتی و پێ ی دەڵێت:حەردان ئەو کورە(سەدام) ناچێت بە عەقڵمدا , دەتوانین ئەمشەو خۆمان لێ رزگار بکەین؟ بەڵام حەردان داواکەی بەکر رەت دەکاتەوە , حەردان پێشتریش داوایەکی لەو جۆرەی عەبدولسەلام عارفی رەت کردبویەوە کە هەستێ بە کوشتنی میشل عەفلەق و ئەمین حافز و سەرجەم ئەندامانی شاندی نەتەوەیی کە رۆژی ١٨ی تشرینی دوەمی سالی ١٩٦٣ لە بەغداد بوون, ئەو کاتەی عەبدولسەلام عارف مەسەلەکەی لەگەڵ بەعسیەکان یەکلا کردەوە .. ئەو هاورێییەم کە ئەوەی بۆ گێرامەوە پێ ی وتم سەدام بەو مەسەلەی زانیبوو, ئەوەش یەکێك بوو لە هۆکارەکانی ناکۆکی نیوانی بەکر وسەدام ..

دەکرێت بپرسین چی وای کرد کە حەردان تکریتی ئیعفا بکرێت لە سەرجەم پۆستەکانی و دواتر دوای کوژرانی هاوسەرەکەی خۆیشی تیرۆر بکرێت؟ حەردان راستە وەزیری بەرگری و جێگری سەرۆك وەزیران و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو, بەڵام لە هەمان کاتدا حیزبی یەکی پێشکەوتوو نەبوو, لەگەڵ ئەوەی ئەندامی مەکتەبی سەربازی حیزبیش نەبوو کە عەدنان خەیرولا بەرپرسی بوو, هەروەها حەردان لە تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٦٣ کە حیزبی بەعس دورخرایەوە لە دەسەڵات بەشداری کردبوو, حەردان حەزی بە سەرکەشی سەربازی دەکرد, هەر بۆیەش سەرجەم جموجوڵەکانی لە ژێرچاودێری کردنی دەزگاکانی هەواڵگری و حیزبی دا بوو, لەبەر مەترسی ئەوەی کە نەبادا پەنا بەرێت بۆ سوپا بەمەبەستی ئەنجام دانی کودەتا, ئەوەش وای کرد لە ساڵی ١٩٧٠ لەسەر جەم پۆستەکانی تری ئیعفا کراو کرایە جیگری سەرۆك کۆمار..پێ دەچێت ترسی بەکر لە حەردان وای کردبێت کە پاش ماوەیەکی کەم

هەریەك لە سەدام و بەكر دەست بدەنە ئەنجام دانی كۆبونەوە لەگەڵ سەركردە سەربازییەكاندا و ئاماژە بدەنە ئەوەی كە حەردان دەیەویت لە حیزب هەڵگەڕیتەوە و كودەتا ئەنجام بدات, بەم جۆرەش حەردان كرایە ئامانج!

حامید جبوری دەڵێت: حەردان تكریتی لەسەدام زیاتر جەماوەری هەبوو لە نێو ریزەكانی سوپادا, چونكە سەدام هیچ پلە و پایەیەكی سەربازی نەبوو, لەبەر ئەوە لایەنگری لە نێو سوپادا نەبوو, حەردان خاوەنی رەوشتی بەرز و ئازایەتی بێ سنور و كەسایەتی یەكی خۆشەویست بوو, ئەوەش مەترسی راستەوخۆی بۆ سەر پێگەی سەدام حوسێن دروست كردبوو, بە تایبەت لە نێو ریزی هێزە چەكدارەكاندا كە لایەنگرییان لە حەردان دەكرد, پێم وایە ئەمە هۆكاری سەرەكی بووبێ لە تیرۆ كردنی حەردان دا.

**چۆن حەردان دورخرایەوە ؟**

حەردان تكریتی بۆ ئەنجام دانی ئەركێك رەوانەی دەرەوەی وڵات كرا, لە كاتی مانەوەی لە دەرەوەی وڵات لە(بەیروت) بوو, ئاگادار كرایەوەكە ئەو ناتوانێت بگەرێتەوە بۆ عێراق وبابەشێوەیەكی كاتی لە لوبنان بمێنێتەوە تا ئەوەی چارەنوسی دیاری دەكرێت, بەڵام ئەو سور بوو لەسەر گەڕانەوەی بەرەو عێراق و بە فیعلیش گەڕایەوە بەغداد, هەر بۆیەش فرۆكەكەی گەمارۆ درا و قۆڵبەستیان كرد بەڵام نەخرایە زیندانەوە بەڵكو بەرەو جەزائیر رەوانە كرا. لە جەزائیر بەمەبەستی ئەنجام دانی عەمرە سەردانی وڵاتی سعودیە دەكات, و لە وێ چاوی دەكەوێت بە خاڵی سەدام (خەیروڵا تولفاح) , لەگەڵ خاڵی سەدام هەندێك قسە و باس دەكات كە ترسناك بوە وەك ئەوەی "دەیەویت تۆڵەی خۆی بكاتەوە و شتی لەم بابەتە , هەروەك خەیروڵا باسی كردبوو كە حەردان وتبوی دەبێت تۆڵە لە خوشكە زاكەت بكەمەوە..؟ "چونكە باش دەیزانی سەدام لە پشت هەموو ئەو شتانەوەیە كە بەسەریدا هاتوە . دواتر حەردان رودەكاتە وڵاتی كوێت بەو مەبەستەی لە وڵاتەوە نزیك بێت گەر بیەوێت هەولێك بدات.

## حەردان چۆن تیرۆر کرا؟

حەردان لە  رۆژی ٣٠ ئازاری ساڵی ١٩٧١  لە کوێت نەخۆش دەکەوێت, لەگەڵ میدحەت ئیبراهیم جومعە ی باڵیۆزی عیراق لە کوێت بە ئۆتۆمبیلی رەسمی بالیۆز بەرەو نەخۆشخانە بەرێ دەکەوێت, کاتێک دەگەن  بەردەم نەخۆشخانەکە کەسێك دەرگای ئۆتۆمبیلەکە لەحەردان دەکاتەوە و سڵاوێکی سەربازی بۆ دەکات, دواتر لەلایەن چوار چەکدارەوە تەقەی لێ دەکرێت و دەکوژرێت بێ ئەوەی حکومەتی کوێتی تاوانباران بدۆزیتەوە , حامید جبوری دەڵێت: فەرماندەی ئەو گروپەی کە بەو کارە هەستان عەبدولکەریم شێخلی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی عێراق بوو, هەرچەند خۆی راستەوخۆ بەشدار نەبوو تیایدا, بەڵام توانی بە فرۆکەکەی خۆی ئەنجام دەرانی ئەو کارە رزگار بکات, بالیۆز میدحەت ئیبراهیم جومعەش کە دواتر کوژراوە دەڵێن ئاگاداری ئەو پیلانە بوە کە بۆ تیرۆ کردنی حەردان دانرابوو, , جێگەی سەرسورمانە خودی عەبدولکەریم شێخلی کە هاورێ ی سەدام بوو لە هەوڵی تیرۆرکردنی قاسمدا, لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا و لە  شەقامی ئەعزەمیەی شاری بەغداد کاتێك لەگەڵ هاوسەرەکەی دەچون وەسڵی کارەبا تەسلیم بکەن, بەبەرچاوی هاوسەرەکەیەوە درایە بەردەسترێژی گولە و کوژراوە, کە لەلایەن دەزگا ئەمنی یەکانی سەدامەوە ئەنجام درا.

# خەیروڵا تولفاح
# تاپۆی پشت پەردە!

لەسەر کوشتنی حاجی سەعدون ی بەرپرسی حیزبی شیوعی عیراق لە تکریت هەریەك لە (سەدام حوسێن) و (خەیروڵا تولفاح)ی خاڵی سەدام ساڵی ١٩٥٩ دەخرێنە زیندانەوە, کوشتنی سەعدون لە مێژوی چالاکی و جموجوڵەکانی سەدامدا, روداوێکە کە هەمیشە باس و خواسی لەسەر دەکرێت, چونکە لەلایەك سەعدون لە هەمان عەشرەتەکەی سەدام بوەو لە هەمان کاتدا وەك دەڵێن سەدام حوسێن رۆڵی پیاوکوژی بەکرێ (قاتل المأجور) ی تیا بینیوە , لەبەر گرنگی ئەم روداوە دەکرێت هەلوێستە لەسەر رۆڵ و کاریگەری تولفاح بکەین لەسەر ژیانی سەدام حوسێن کە هەم خاڵ و هەم خەزوری سەدام بوە .

**تولفاح سەدام بۆ کوشتنی سەعدون رادەسپێرێت!**

هۆکاری کوشتنی سەعدون لەسەر دەستی سەدام دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە خەیروڵا تولفاح پێ ی وابوو کە سەعدون هۆکاری فەسڵ کردنی بوە کاتێك دەکرێت بە بەرێوەبەری پەروەردەی بەری کەرخ ی شاری بەغداد ساڵ ١٩٥٨ و دواتر لادەبرێت , هەربۆیەش سەدام رادەسپێرێ تا سەعدون بکوژێت, تا ئەوەبو سەدام لە شاری تکریت سەعدون دەکوژێت. بەڵام چۆن دەیکوژێت؟

لە شاری تکریت لەو سەردەمەدا بە هۆی سادەیی ژیان و بچوکی ئەو شارە و بەرتەسکی شەقامەکانی و نەبونی کارەبا, شەوان خەڵکی دوای نان خواردنی ئێواران دەچونە سەنتەری شارەکە و لە چایخانەکاندا پێکەوە کۆدەبونەوەو ماوەی چەند سەعاتێك پیکەوە یاری یان دەکرد و چایان دەخواردەوە , دواتر دەگەرانەوە بۆ ماڵەوە , لەو کاتەدا سەدام بەوردی چاودێری سەعدون دەکات تا دەگەرێتەوە بۆ ماڵ, کاتێك

نزیك دەبێتەوە لە پەنای دیوارێکدا خۆی بۆ مەلاس دەدات و چەند فیشەکێکی دەمانچەکەی ئاراستە دەکات و سەعدون دەکوژێت.. دواتر سەدام و تولفاح دەخرێنە زیندانەوە بەڵام بە هۆی ساغ نەبونەوەی بەڵگەکان لەسەریان ئازاد دەکرێن و خوێنی سەعدونیش بە فیڕۆ دەروات.

## ئامۆژگارییەکەی تولفاح بۆ بەکر

تولفاح هەروەك خاڵ و خەزوری سەدام بو, لە هەمان کاتدا کوڕە مامی ئەحمەد حەسەن بەکریش بوو, دوای ئەوەی سەدام بوو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش پاش سەرکەوتنی کودەتای ١٧ ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨, تولفاح لەسەر تەوەرێکی زۆر هەستیاری یاری دەکرد, کە لەو کاتەدا پارێزگاری(محافظ) بەغداد بوو.. تولفاح هەمیشە بەکری دەترساند بەوەی نابێت رێگە بدات ئەم هەنگاوەی ئێستای بەدەردی هەنگاوەکانی دیکەی بچێت بە تایبەت کاتێك ئەو رۆڵ و قورساییەی یەی هەیبوو لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و دواتر چارەنوسی بەو جۆرەی لێ هات, هەمیشە پێ ی دەوت سود لە ئەزمونەکانی پێشوت وەربگرە, دەبێت ئەم چانسەی ئیستا بە دواین چانسی خۆت بزانیت و بە ئاسانی لە دەستی نەدەیت, بۆ ئەوەی نەبیتە مایەی گاڵتەجاڕی خەڵکی , پێ ی دەوت سەیری دەوربەرت بکە هەموو ئەو سیستمی حوکمرانیانەی کە هەن متمانەیان کردۆتە سەر بنەماڵە و کەس و کاریان, لەم سۆنگەیەشەوە بەردەوام هانی بەکری دەدات تا متمانەی تەواو بکاتە سەر سەدام حوسێن, وەك کوری خۆی سەیری بکات و پێکەوە کاروباری وڵات بەرێوەبەرن, بەو جۆرەش بەکر لە بەرترسی دوبارە بونەوەی ئەزمونەکانی پێشوی هەر لە سەرەتاوە دەسەلاتەکانی خۆی لەگەل سەدام بەش کرد و رۆڵی بێ سنوری پێ دا, ئیتر لە ویشەوە سەدام هەژمون و رۆڵی خۆی دەستپێکرد.

**تولفاح دەبێتە بابەتی نێو راپۆرتی بەعسیەکان**

پاش کۆکردنەوەی دەسەلاتەکان لەدەستی هەریەك لە بەکر و سەدام, تولفاح بە ئارەزوی خۆی پێ ی راکێشت لە دابەش کردنی غەنیمەت و دەست کەوتەکان, دەستی دایە دابەش کردنی زەوی کشتوکاڵی باخ و بێستان بەسەر خزم و کەسە نزیکەکانی دا, تا وای لێ هات بەعسیەکان لە نێو راپۆرتەکانیاندا سکاڵاو دادو فیغانی خۆیان ئاشکرا کرد..

تولفاح رۆژانی هەینی کە پشوی رەسمی ولات بوو, فەرمانگەکان هیچ جۆرە دەوامێکیان نەبوو, دەچوە تکریت و فەرمانگەی دەکردەوە و دەستی دەکرد بە فرۆشتنی زەوی و دابەش کردنی بەسەر کەسو کارەکانی دا, واتە دەستی دەگرت بەسەر زەوی زاری هاوڵاتیانی ئاسایی و دواتر دابەشی دەکردەوە بەسەر خزمەکانی دا, لەم بارەیەوە سەلاح عومەر عەلی دەگرێتەوە : رۆژێك (دکتۆرعیسا سەلمان) پسپۆری بواری شوێنەوار ناسی هاتە لام و پێ ی وتم" زانیاریم پێ گەیشتوە کە خەیروڵا تولفاح خەریکی دروست کردنی باڵەخانەیەکە لە (قەڵا)یەکی شوێنەواری کۆن ناوی (قەڵای تکریتە), ئەو ناوچەیەش ناوچەیەکی شوێنەوارییە و قەدەغەیە بکرێت بە جێگەی نیشتەجێ بون" ناوبراو لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت : دیارە بە پێودانگی بەرپرسیارێتی و پلە بەندی حیزبی ئەو مەسەلانەمان دەخستە پێش دەستی بەکر , هەندێك جار پەیمانی دەداینێ چارەسەری بکات بەڵام پێ ی چارەسەر نەدەکرا, یاخود بەشێکی لێ چارەسەر دەکرد, بەم جۆرەش مەسەلەکان تادەهات ئاڵۆز دەبوو, زیاتر بەسەر یەکدا دەکەوتن.

**دواین راسپاردەی تولفاح دەسەلاتی بەکر کۆتایی پێ دێنێ !**

هەروەك لە یاداشتەکانی جەواد هاشمدا, باسمان لێوەکرد, لەسەر داوەتنامەی خەیروڵا تولفاح رۆژی ١٦ی تەموزی ١٩٧٩ ئەحمەد حەسەن بەکر و هەیسەمی کوری بانگهێشتی کۆبونەوەیەك دەکرێن لە ماڵی تولفاح و بە ئامادە بونی سەدام حوسێن و

عەدنان خەیرولا, کرۆکی مەسەلەکەش دواین راسپاردەی تولفاح بوو, ئەویش دەست لە کارکێشانەوەی بەکر لە پۆستی سەرۆك کۆمارو فەرماندەی گشتی هیزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و ...., هەرچەند بەکر راسپاردەکەی بەلاوە شتێکی زۆر ناماقوڵ بوو, بەلام بەهۆی دەستکراوەی سەدام لە ماوەی ١١ ساڵی دوای سەرکەوتنی کودەتای ١٧ ی تەموز لە بنیات نانی دەزگای ئەمنی و رۆڵی بەرچاوی لە نێو سوپا و حکومەتدا, هیچی پێ نەکرا و سەرەنجام ناچار بوو مل بدات بە راسپاردەکەی تولفاح و دواین ئامۆژگاری و راسپاردەی تولفاح جێ بەجێ بکات و بۆ خۆی دابنیشێ,بەلام دانیشتنی ئەم جارەی لە چاو ئەزمونەکانی پێشوی دا لە سالانی ١٩٥٨ و ١٩٦٣ بەسوێ تربوو لەم جارەدا چونکە خەنجەرەکەی لە پشتەوە لێ ی درا, کە هەرگیز شتی لەو جۆرەی بە خەیاڵدا نەهاتبوو..

## بەکر
## بەندییەك لە نێو کۆشکی کۆماری دا !

پاش کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ سەدام حوسێن ماوەی چەند ساڵێك هیچ جۆرە پۆستێکی حکومی وەرنەگرت, هەمیشە دەیویست لە رێگەی هەژمونی حیزبی خۆیەوە باڵادەستی خۆی بنوێنێ بەسەر کاروبارەکانی حکومەتداری دا, لەبەر ئەوەش نابینین کە سەدام حوسێن تا ئەوکاتەی پۆستی سەرۆك کۆماری عیراقی وەرگرت هیچ جۆرە پۆستێکی وەزیری وەرگرتبێ, تا ئەوەی کە رەوشەکەی بۆ گونجاو بوو بە جێگری سەرۆك کۆمار, بەلآم لەم نێوەشدا سەدام لەسەر دوو پێگەی سەرەکی کاری کرد, یەکەمیان بریتی بوو لە مکۆم کردنی جیّ پیّ ی خۆی لە نێو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا, کە بە سیناریۆی پیلان گێڕییەکەی عەماش دەستی پێکرد تا ئەوەی بو بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و دواتر لە رێگەی لیژنە راوێژکارییەکانەوە دەسەلاتی خۆی سەپاند بەسەر سەرجەم کاروبارەکانی حکومەتداری دا بیّ ئەوەی پۆستێکی حکومی رەسمی هەبێت, لەم بوارەشدا بوارە گرنگەکانی ئابوری و راگەیاندن و سەربازی بۆ خۆی کۆنترۆڵ کردن و ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆماریش سەرقال ببو بەکاروبارە لاوەکی یەکانەوە . دوەمیان بریتی بوو لە بونیات نانی ئەو دەزگا زەبەلاحەی هەواڵگری و ئاسایشی گشتی کە لەو رێگەوە سەدام بە تەواوی چنگی توند کرد لە شادەمارەکانی بواری ئاسایش و سەربازی و تەنانەت کۆنترۆل کردنی کاروبارەکانی حکومەت و دروست کردنی ترس و تۆقین لای بەرپرسان و وەزیرەکانی حکومەتی کە بیّ گەرانەوە بۆ ئەم دەزگایە نەتوانن بەرد بخەنە سەر بەرد.. بەم جۆرەش لە ماوەی یەك دوو ساڵی دوای سەرکەوتنی کودەتای ١٧ ی تەموزدا , سەدام توانی گلۆڵەی بەکر بخاتە لیّژی و وای لیّ بکات تەنها دەسەلاتەکانی لە چوار

چێوەی ژورەکەیدا کورت ببێتەوە و ئاگاداری ئەوە نەبێت لەدەرەوەی ژورکەی خۆی چی رودەدات..

## کەسایەتی بەکر

ئەحمەد حەسەن بەکر هەروەك کەسە نزیکەکانی خۆی باسی لێوە دەکەن لەسەر ئاستی کەسێتی . زیاتر کەسایەتی یەکی داخراو بوە, زیاتر جیهان و دونیابینی یەکەی خۆی لە نێو خیزانە کەیدا چڕببویەوە , هەروەك حامید جبوری دەلێت دونیای خێزانی بەکر ببوە دونیا هەمیشەیی بەکر و بەردەوام لەگەڵی دا دەژیا, جبوری دەلێت زۆر جار دەمبینی کە بەکر تەلەفۆنەکەی هەڵدەگرت و قسەی لەگەڵ هاوسەرکەی دەکرد و هۆنراوەی بۆ دەخوێندەوە قسەی خۆشی بۆ دەکرد, دەیویست بەو جۆرە کەمێك لەو ناسۆری و دژوارییە دور بکەوێتەوە کە پێوەی دەناڵاند, دیارە ئەم جۆری خەسڵەتەش گەر بۆ هەموو کەسێك دەست بدان , ئەوا بۆ کەسێك کە سەرۆکی ولاتە دەست نادات, چونکە ئەوە خاڵی لاوازە بۆی , لە هەمان کاتدا جبوری دەلێت دوای ئەوەی کە محمدی کوری بەکر کوژرا, ئیتر بەکر بە تەواوی لەگەڵ ئەو جۆرە حاڵەتانە تێکەڵ بوو, زۆر کاریگەری دروست کرد لەسەری بۆ بە ئاگایی بون لەسەر چۆنیەتی بەرێوەچونی کاروباری حکومەتداری .

لەلایەکی دیکەوە وەك لە بەشی پێشوودا باسمان کرد, کاتێك بەکر زیاتر متمانەی کردە سەر سەدام بۆ مکۆم کردنی دەسەلاتەکەی, ئیتر سەدام بۆ خۆی ئیمپراتۆریەتیکی گەورەی دروست کرد, بە شێوەیەك کە هێدی هێدی جۆرێك لەسەر بەخۆیی وەرگرت , تا گەیشتە ئەوەی لەسەرەتای سالآنی حەفتاکاندا, سەدام خۆی چۆنی بویستایە, هەلسو کەوتی دەکرد و نەدەگەرایەوە بۆ بەکر, هەر لە تەسفیەکردن و لە ناوبردنی ئەوانەی خۆی بە نەیاری دەزانین, دیارە ئەوەش لە رێگەی تۆمەتی پیلان گێرییەوە , یاخود لە رێگەی ئیعفا کردنیانەوە. ئەمەسەرەرای ئەو رۆڵ و کاریگەرییەوە کە دەزگا

هەواڵگری ئەمنی یەکەی سەدام دروستی کردبوو لە دڵی بەرپرسانی دەوروبەر و کەسە نەیارەکانی سەدامدا, لێرەدا چەند نمونەیەك دەخەینە روو:

### شەهید کردنی عەبدولعزیز بەدری

حامید جبوری کە وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی کۆمار و راگەیاندن و رۆشنبیری و دەرەوە بوە لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێندا, دەگێڕێتەوە : بەیانی یەك وەك سەرجەم بەیانی یەکانی دیکە لەسەرەتای دەوام سەردانی بەکر م کرد لە ژورەکەی خۆیدا کە پێکەوە (چا) مان دەخوارد و دواتر تەعلیمات و راسپاردەکانی دەردەکر, سەیرم کرد زۆر شپێرز بوە و هەر دەهات و دەچوو, جگەرەی زۆر دەکێشا و ئۆقرەی لێ براببوو, جبوری دەڵێت پێم وت چی روی داوە , لەوەڵامدا بەکر گوتی: دوێنی هەندێك لە زانا و کەسایەتی یەکانم لابوە لەگەڵیان دانیشتبووم هۆکاری ئەوەیان لێ پرسیوم کە بۆ شێخ عەبدولعەزیز بەدری کوژراوە , منیش لە راستی دا توشی موفاجەئە بوم دەربارەی ئەو کارە کە سەدام کردویەتی و من هیچ ئاگاداری نەبووم, لە درێژەی گێرانەوەکەیدا جبوری دەڵێت : ئەحمەد حەسەن بەکر تکای لێ کردم تا بەسەدام بڵێم گەر کارێکی دیکەی لەو جۆرەی کرد ئاگاداری بکاتەوە بۆ ئەوەی لای کەسانی بەرامبەری ئیحراج نەبێت و بێ وەڵام نەمێنێتەوە , بەکر وتی ئەو میوانانە زۆریان بەلاوە سەیر بوە کە من وتومە بێ ئاگام لە روودانی شتێکی لەو جۆرە و پێ یان وتوم مەعقولە تۆ ئاگاداری کارێکی لەو جۆرە نیت؟ دیارە هۆکەی یەکێك لەم دوو شتە دەڵێن: یان ئەوەیە من زانیومە و لەوانی دەشارمەوە یاخود من هیچ شتێك نازانم و ئاگادار نیم.لە کۆتایی گێرانەوەکەیدا جبوری دەڵێت بەراستی بەکر زۆر بێزارو نیگەران بوو, چونکە پەیوەندی زۆر پتەوی لەگەڵ شێخ بەدری هەبوو کە یەکێك بوو لە زانا ناودارەکانی سوننە و پێگە و مەکانەتی گەورە هەبوو لە نیو شاری بەغداد, لەگەل ئەوەی پەیوەندی پتەوی هەبوو لەگەل سەرۆك بەکرداو زۆر جار لە نوسینگەکە بەکر پیکەوە کۆدەبونەوە, , بەو جۆرەش هاورێیەکی خۆی لە دەست دا, لەگەڵ ئەوەی

نەیتوانی داوای لێکۆڵینەوەش بکات دەربارەی هۆکاری کوژرانی , کە شێخی بەدری لەلایەن سەدام و پیاوەکانی یەوە دەستگیر کرابوو, دواتر پاش بردنی بۆ (قصر النهایة) و سزادانی بەرەبەیانی یەك تەرمەکەی لەبەردەم دەرگای ماڵەکەی خۆیدا فرێ دەدەن.

## کۆبونەوەیەك بۆ دادگایی کردنی وەزیری راگەیاندن

حامید جبوری کە لە ساڵی ١٩٧٤ وەزیری راگەیاندنی عیراقی بوە لە میانەی یادەورییەکانی دەگێرێتەوە کە بە هۆی مل نەدانم بۆ سەدام بەمەبەستی دەرخستنی وێنە و کەسایەتی سەدام لە دەزگاکانی راگەیاندن و بە پیرۆز راگرتنی , سەدام کۆبونەوەیەکی رێکخست ئەوەش وەك سەرۆکی ئەنجومەنی راگەیاندنی ناوەندی, کە لە ١٢ کەس پێك دەهاتن و دواتر ژمارەی ئەندامەکانی زیاتر کرد تا گەیشتە ٧٢ کەس و هەموو چین و توێژەکانی دەگرتەوە کە هەموویان لە لایەنگرانی سەدام بوون, جبوری دەڵێت : مەبەستی سەدام لەو کۆبونەوەیە تێکشانی کەسایەتی من بوو چونکە سەدام دەیتوانی بە بەکر بلێت لە پۆستەکەم ئیعفام بکات, بەڵام ئەو دەیویست ئیحراجم بکات و لەبەرچاوی هەموو ئەو کەسانەدا پێم بسەلمێنێت کە من لە پۆستەکەمدا شکستم هێناوە و سەرکەوتو نەبووم..هەموو مەسەلەکەش ئەوە بوو کە من ملم نەدەدا بۆ ئارەزوەکانی سەدام لە دەرخستن و گەورە کردنی کەسایەتی سەدام, هەر بۆیەش سەدام دەیویست پێش لابردنم لەبەرچاوی هەموو ئامادەبوان بم شکێنێ و دواتر لە پۆستەکەم لام بەرێت, کت و مت مەسەلەکەش بەو جۆرە دەرچوو, تا ئەوەی هەموو ئامادەبوان ئەوەی سەدام دەیویست لەسەر ئەدای وەزیفی من بیلێن, وترا و دواتر سەدام حوسێن سەیرێکی منی کرد و وتی بابزانین هاورێ وەزیری راگەیاندن ! خۆی چی دەڵێت, لە وەڵامدا منیش وتم: هەموو ئەوانە درۆزن و دوو رون , تەنها ئەو قسانەیان کرد کە تۆ دەتویست ! ؟ لەگەڵ وتنی ئەم دەستەواژەیە ئامادەبوان بە تەواوی سەرسام و بێ دەنگ وەستان و سەدامیش تورەیی لە نێو چاوی دەباری و بە توندی دەستی

کێشا بەسەر مێزەکەی بەردەستیدا ,ماوەیەك بە هێمنی بە تورەیی سەیری کردم پاشان هەستا و رۆیشت...

دواتر منیش بەرەو وەزارەتی راگەیاندن بەرێ کەوتم و لەوێ تەلەفۆنم کرد بۆ شەفیق دەراجی لە کۆشکی کۆماری و پێم وت دەمەوێت چاوم بکەوێت بە سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر , ئەویش وتی بفەرموو هیچ وادە و کۆبونەویەکی نیە , منیش بە خێرایی بەرەو کۆشکی کۆماری بەرێ کەوتم کاتێك گەیشتمە ژورەکەی دەراجی وتم دەمەوێت بچمە ژورەویە , بەڵام ئەو وتی پەلە مەکە ئێستا جێگری سەرۆك (سەدام حوسێن) تەلەفۆنی کردوە کە دەیەوێت بەپەلە سەرۆك بەکر ببینێ لەبەر ئەوە جار راوەستە پەلەمەکە. دواتر سەدام گەیشت و زۆر بە وشکی سەلامێکی کرد و خۆی کرد بە ژورەکەی بەکردا, کاتێك چوە ژورەوە گوێمان لێ بوو کە دەنگە دەنگ لە ژورەکەی بەکر دروست بوو بێ ئەوەی بزانین باس لەچی دەکەن , پاش کەمێك سەدام لە ژورەکەی بەکر هاتە دەرەوە و بە توندی دەرگاکەی داخست و رۆیشتە دەرەوە .

**بەکر: میز بە کورسی سەرۆکایەتی دا دەکەم!**

پاش ئەوەی سەدام کۆشکی کۆماری بەجێ هێشت چومە ژورەوە بۆ لای بەکر, سەیرم کرد کە زۆر بە نیگەرانی یەوە دانیشتوە و جگەرە دەکێشێ , بە بێزارییەوە وتی ها برام چیت دەوێت؟ منیش وتم ئیعفام بکە لە پۆستەکەم !(چونکە لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە دەست لە کارکێشانەوە نەبوو , تەنها ئیعفا کردن هەبوو, ئەوەش بەمەبەستی سوك و بێ قیمەت کردنی وەزیرەکان), ئەویش وتی بۆ ئیعفات بکەم, وتم وەزیرییەك ناکەم کەرامەتمی تێدا پارێزراو نەبێت من گەر کارمەندێکی وەزارەتی دارایی بم کەرامەتم زۆر لەوە پارێزراو ترە کە وەزیری راگەیاندن بم لای تۆ..؟! پاشان بەکر هەستایە سەرپێ و کورسی یەکەی خۆی بەجێ هێشت, و روی تێ کردم و وتی میز بەم کورسی یەدا دەکەم, میز بە کورسی کۆماری دا دەکەم کە ناتوانێت کەرامەتم بپارێزێت و دواتر پەنجەکانی خۆی دەگەست و وتی " ئای, ئەحمەد حەسەن بەکر... ئەبو هەیسەم, ئاخ

بۆ تۆ ئەبو هەیسەم چۆن هەندێك قەشمەرچی ئاوات پێ دەكەن ! بە ناوی حیزبەوە كردیتیان بەسەرۆك كۆمار" پاشان دەستی كرد بە گریان و لە دوایدا وتی باشە ببە بە وەزیری دەولەت , وتم بە هیچ شێوەیەك نابم, نە وەزیر نە بالیۆز هیچ وەزیفەیەك ناگرمە دەست.. لە وەلامدا وتی كاكە نە بەدەست تۆیە كە نایكەیت و نە بەدەستی منە, هەردوكمان یەخسیر و دیل كراوین نەتۆ دەتوانیت دەست لە كاربكێشیتەوە و نە من دەتوانم قبولی بكەم , هەردووكمان دیل و كۆت بەند كراوین, بە كورتی دەیوت هەردوكمان كۆت و دیل كراوی دەستی سەدام حوسێنین.. لە كۆتایی دا پێ ی وتم برام برۆ ببە بە بالیۆز, واز بهێنە , منیش وتم مەحالە شتی وابكەم, دواتر بە توڕییەوە وتی برۆ مالەوە چاوەرێی رادیۆ بكە دەگونجێت ئەمرۆ یان ئەمشە و لە مەراسیمیكدا ببیت بە وەزیری دەولەت, چونكە تاریق عەزیز دەبێت بە وەزیری راگەیاندن , لەبەر ئەوەی سەدام ئەوەی دەوێت. بەم جۆرەش دەبینین كە سەدام حوسێن لە سالی ١٩٧٤ ەوە دەسەلاتی تەواوی ولاتی بەدەست بوو, ئەوەشم بۆ ئاشكرا بوو كە سەدام هەموو ئەو هەنگاوانەی كە نابووی بەمەبەستی دانانی تاریق عەزیز بوو لە پۆستی وەزارەتی راگەیاندندا چونكە ئەوەی سەدام بیویستبایە ئەو دەیكرد و پرۆژەكەی سەدامی جی بەجی دەكرد كە مەبەستی سەرەكی دەرخستن و نیشان دان و گەورە كردنی سەدام حوسێن بوو لە راگەیاندنەكانەوە . هەموو هەنگاوەكانی سەدام بە نهێنی و ئاشكراكانیەوە مەبەست پێ ی چنگ توند كردن بوو لە پۆستی سەرۆكایەتی كۆمار و ئەو كارەشی لەسالی ١٩٧٩ بە كردەوە جێ بەجێ كرد و بەكر ی لە پۆستەكەی دورخستەوە و خۆی بوو بە سەرۆك كۆماری عیراق.

**بەكر موچەی سەرۆكایەتی بە حەرام دەزانێت!**

حامید جبوری دەربارەی دەسەلاتی بەكر لە دواین رۆژەكانی دەسەلاتی دا كاتێك كە جبوری بەرپرسی نوسینگەی سەدام حوسێن بوە دەلێت: ئەو كاتەی كە من بەرپرسی نوسینگەی جێگری سەرۆك كۆمار بووم واتە سەدام حوسێن, سەردانی كۆشكی كۆماریم

کرد بۆ کارێك لەگەڵ بەرێوەبەری ژمێریاری کۆشك کە  ناوی ئەبو محمد بوو, بەڵام کە من گەیشتم ئەو لەوێ نەبوو, لەو کاتەدا کارگوزارەکە هات و پرسیارم لێ کرد وتی رۆشتوە تا ژورەکەی سەرۆك(بەکر), دواتر پێم وت قاوەیەکم بۆ بهێنە, پاش ماوەیەکی کەم لە چاوەڕوانی ئەبو محمد

بە گریانەوە خۆی کردە بە ژورەکەیدا, فرمێسکێکی بە خور دەهاتە خوار لە چاوی, پرسیم: ها ئەبو محمد خێرە چی رویی داوە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی رۆشتم  تا لای سەرۆك بۆ ئەوەی موچەکەی بۆ بەرم دەزانی چی پێ وتم؟  وتی کوڕم ئەبو محمد من شایانی ئەو موچەیە نیم چونکە من هیچ کارێك ناکەم ئەو موچەیە بۆ من حەرامە, منیش دەستم کرد بە گریان و وتم  نەخێر وانیە  تۆ هێشتا رەشماڵ و چەتری ئێمەیت...؟!
بەم جۆرە دەبینین سەدام تا چ ئاستێك بەکری گۆشە گیر کردبوو.بەراستی بەکر لە بارودۆخێکدا کە جێگەی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو.

# سەدام
# کەسایەتی یەك گەورەتر لە خۆی!

ئەوەی لەم لێرەدا دەیخەینە روو باس کردنە لە کەسایەتی و خونەریتی سەدام لە نزیکەوەو لەسەر زاری هەندێك لە کەسە نزیکەکانی یەوە کە لەگەلی دا چەندین سالٚ ژیاون …

**سەدام بەگومان بوە لە هەموو کەس!**

حامید جبوری دەربارەی کەسایەتی سەدام دەلێت: هەمیشە سەدام حساباتی خۆی لەسەر بنەمای گومان دادەرِشت, کەسێك بوو گومانی لە دەوروبەری دەکرد, لەسەر ئەو گومانانەش حوکمی لە سێدارەدان و زیندانی کردنی نەیارانی دەردەکرد. سەدام بەشێوەیەکی سەرنج راکێش گرنگی دەدا بەمەسەلەی حالەتی ئەمنی خۆی و شوێن پیٚ هەلگرتنی نەیارەکانی , لێم بیستبوو کە دەیوت" لە ریگەی سەیر کردنی چاوەکانیانەوە توانای ئاشکرا کردنی نهێنی یەکانی بەرامبەرەکەم هەیە " سەدام دروشمێکی هەبوو , هەمیشە دەیوت ئەوانەی لەگەلٚم کاردەکەن هەموو شتێکیان لەبارەوە دەزانم, تەنانەت دەزانم بیر لە چی دەکەنەوە , بەردەوام وای نیشان دەدا کە ئەوانەی دەوروبەری لە ژیر چاودێری کردندان ئەوەش بۆ ئەوەی زوو لە مەبەست و وەلائیان بگات, هەندێك جار ئاماژەی بەوە دەدا کە راپۆرتی نوسراوی لایە دەربارەی کەسانی دەوروبەری تا پێش وەخت بە خۆیاندا بچنەوە و وەلائیان راست بکەنەوە گەر کەم و کورتی تیدابێت, جارێك بانگی کردم بۆ نوسینگەکەی خۆی و راپۆرتێکی پیٚ دام وتی لە نوسینگەکەی خۆتدا بیخوێنەرەوە و دواتر رای خۆتم لەبارەوە پیٚ بلیٚ, رۆشتم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی راپۆرتەکە, توشی سەرسورمان هاتم, راپۆرتەکە دەیوت: (( هەندێك لایەن لە ناو سوپای عیراقی دا حامید جبوری یان راسپاردوە بە هاوکاری لەگەلٚ شەفیق دەراجی تا بەرێز

جیگری سەرۆك (سەدام پێش ئەوەی ببێت بەسەرۆك كۆمار) تیرۆر بكەن , ئەوەش لە چوارچێوەی پلانێكدا كە جبوری دەسەلأت بگرێت بەسەر ئەنجومەنی نیشتمانی و دەڕاجیش دەست بگرێت بەسەر كۆشكی كۆماری دا , چونكە هەردوو كەسەكە(جبوری و دەراجی ) خاوەنی دۆست و لایەنگرن لەناو ریزەكانی سوپا و گاردی كۆماری و دەزگای هەوالگری دا)).

خێرا بەپەلە رۆشتم بۆ لای سەدام حوسێن و پێ ی وتم چیت لێ هەلێنجا؟! پێم وت من بڕوام وایە هەندێك لایەن دەیانەوێت گومان لەسەر وەلائی من دروست بكەن بۆ ئەوەی بم خەن, لە وەلامدا توشی سەرسومان هاتم كاتێك وتی" راست دەكەیت" دوای ماوەیەكی زۆر كاركردنم لەگەڵی دا بۆم دەركەوت كە خۆی لە پشت ئەو راپۆرتانەوەبوو, تاقیكردنەوەیەكی تری من كە زۆر سەخت بوو لەسەر دەستی بەرزان تكریتی هاتە ئاراوە , لە ژێر باڵەخانەی ئەنجومەنی نیشتمانی دا ژێر زەمین هەبوو, بەرزان پێ ی وتم " كەسێكمان دەستگیر كردوە بە ناوی عەدنان فەیلی و بە پانكەدا هەڵمان واسیوە وباسی لەوە كردوە كە لەگەڵ تۆ بەشداری پیلانێكت كردوە دژ بە دەسەلأت" لە راستی دا من عەدنان فەیلیم دەناسی , بەلأم سالأنێكی زۆربوو كە نەمبینی بوو, ئیتر چۆن دەبێت تان پۆی پیلانێكم لەگەڵ كەسێكی لەو جۆرەدا بۆ بچنن كە ماوەی چەند سالێك بوو نەمبینی بوو؟!

**خۆزگا خودا تەنها منی بەدی بهێنایە!**

سەدام حوسێن كەرەم و بەخشندەیی خۆی بەسەر دەوروبەری دا دەرشت بەلأم لەبەرامبەردا داوای وەلائی رەها و تەواوی لێ دەكردن, هەرگیز رازی نەدەبوو بە وەلائێكی نیوە و كەم و كورت, هەروەك بڕواشی بە چارەسەری نیوەو ناچڵ نەبوو, چارەسەری یەكلا كەرەوەی بۆ مەسەلەكان دەكرد , بواری بە بەرامبەرەكەی نەدەدا تا هەناسەیەك بدات و بیر بكاتەوە , لە هەمان كاتدا ئەو توشی نەخۆشی خۆ بەگەورە زانین ببو, پێ ی وابوو كە ئەو كەسێكی ئاسایی نیە, رۆڵی ئەو لە روبەری عێراق گەورە

تره, هەمیشه شەیدا و عاشـقی خـۆی بـوو, جارێکیـان کاتێـك سـەیری روبـاری دیجلـەی دەکرد, وتی" خۆزگا خودا بە تەنها هەر منی بەدی بهێنایە, تەنها سـەدام بـێ خێـزان و براو کورِ و کەس و کار" ئەو دەیویـست پاڵـەوانێك بێـت کـە پەیوەسـت نـەبێت بـە هـیچ شتێکەوە , دیارە ئەمەش سەرکەشی یـەکی ناسروشـتی یـە, ئـەو زۆر گرنگـی بـە خـۆی دەدا, کەم قسەی دەکرد, خوی وادەبینی کە رۆلێکی مێژوییی هەیە و هەر بۆیـەش دوو دڵ نەبوو لە سرِینەوە و لابردنی ئەو شتانەی دەهاتنە رێگەی , دەکرێت هەر لێرەشـەوە ئارەزوی زیادەرِەوی ئەو لە توندو تیژی سەرچاوەی گرتبێ, سەدام کاتێك تورِە دەبـوو, تورِەبونەکەی زۆر ترسناك بو و بەڵام بە خێرایی کۆنترۆلی خۆی دەکرد تەنانەت لە تونـد ترین ساتەکانی تورِەبونی دا هـاواری نـەدەکرد و دەنگـی بـەرز نـەدەکردەوە .. سـەدام کاتێك لەگـەڵ خـەڵکی دادەنیـشت ماوەیـەکی دەهێـشتەوە لـە نیـوانی خـۆی و ئەوانـدا, کەسێکی جدی و گاڵتە و گەپی کەم بوو, هەرگیز بواری بەبەرامبەرەکەی نەدەدا سنوری خۆی ببەزێنێ تەنانەت با دانیشتنەکانیش دۆستانە بوایە, ئەو بەربەسـت و جدیەتـە لای ئەو لەبەر چاو دەگیرا و حسابی بۆ دەکرا.. سەدام خاوەنی حەزو خواستێکی بـێ سـنور بوو, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانایەکی باشی هـەبوو لـە چـاوەرِانی کـردن و کـارکردن لـە پشتی پەردەوە , کەسێك بوو نهێنی پارێز و داخراو تەنانـەت جارێکیـان عـودەی کـوری سەدام وتی " باوکم رێگە نادات کـە گیرفـانی لای راسـتی بزانێـت چـی لـە گیرفـانی لای چەپی دا هەیە" ... سەدام خاوەنی نەفەسێکی درێژبوو, هەر زووش برِیـاری دابـوو کـە سەرجەم جڵەو وسەرەداوەکانی دەسەلأت بەدەستەوە بگرێت, ئـەو حـەزو خواسـتانەش هەمیشە خستبویە حاڵەتی بە ئاگایی و وریایی و بە گومان روانین بۆ دەوروبەری .

سەدام کاتێك مامەڵەی لەگەڵ کەسە نزیکەکانی دەوروبەری دەکرد بۆ نمونە وەك تەها جەزراوی , رێزی لێ نەدەگرتن, بەڵام دەیپاراستن, چونکە ئەوان هۆکاری دەستی سەدام بون و ولائـی تـەواویان هـەبوو بـۆی, هەنـدێك جـار کاتێـك کـە قـسەیان کـرد سـەدام بـە ئەنقەست قسەکانی پێ دەبرِین و داوای لێبوردنی دەکرد و هەم جاریکی دیکە قـسەکانی

پیّ دەبرِینەوە, بیرو هۆشی پەرش و بلاودەکردنەوە و زالّ دەبوو بەسەریاندا, هەمیشە بە بچوك سەیری دەکردن..

## سەدام دوو کەسایەتی لە یەك جەستەدا

سەلاح عومەر عەلی دەلّێت: سەدام حوسێن وەك ئەوە وابوو خاوەنی دوو کەسایەتی بێت لە یەك جەستەدا, واتە دوو کەسایەتی لە ناخی خۆیدا کۆکردبویەوە, زۆرجار کاتێك لەگەڵی دادەنیشتی سەدامت وەك دیپلۆماتێکی شارەزا و خاوەن خورِەوشتی بەرز و بە ئەدەب و شایستە دەهاتە پێش چاو کە خاوەنی پەیوەندییەکی نمونەیی بوو لەگەڵتدا, بەلاّم لە هەمان کاتدا و لە چرکە ساتێکی دیکەدا, دەگۆرا بۆ درِندەیەکی کەڵبە تیژو هەرچی بهاتبایەتە بەردەستی ورد و خاشی دەکرد, لە راستی دا کەسایەتی یەکی ئالۆز و پرِ گریّ و گۆڵی هەبوو, هەرگیز نەدەتوانرا لە نیەت و مەبەستەکانی تیّ بگەیت, ئەوەی دەیخستە روو پێچەوانەی ئەوەبوو لە ناخی خۆی دا حەشاری دابوو..

## سەدام و راوێژکارەکانی

سەدام حوسێن هەمیشە پشتی بە خۆی دەبەست و متمانەی نەدەکردە سەر کەس, تەنها متمانەی لەسەر بیر کردنەوەی خۆی بوو, بەلّیّ راوێژی بە دەوروبەری خۆی دەکرد, بەلاّم ئاکامەکەی ئەوە بوو کە تەنها خۆی خاوەنی برِیار بوو بەقسەی نەدەکردن, خۆی برِیاری لەسەر شتەکان دەدات, جارێك خیرولاّ تولفاح لە یەکێك لە دیمانە تەلە فزیۆنی یەکانیدا لە تەلەفزیۆنی ئەو کاتەی عیراق شتێکی لەم بارەیەوە باس کردبوو, ئەو وتبوی " هەموو سەرکردە و پێشەواکانی جیهان پێویستیان بە راوێژکار هەیە تا رێنمونیان بکەن لە کاروباری ژیاندا, سەدامیش خاوەنی راوێژکارە, بەلاّم جیاوازی نیوان سەدام و ئەو سەرۆك و پێشەوایانە ئەوەیە کە سەدام حوسێن خۆی راوێژکارەکانی فێردەکات نەك بە پێچەوانەوە ؟؟!..

سەدام حوسێن لە گفتوگۆ سیاسیەکانی دا دیپلۆماسیەتێکی سەرکەوتوی بە خەرج دەدا, واتە لەگەڵ بەرامبەر لێك تیّ دەگەیشت, متمانەی پیّ دەدا, بەلاّم پاش ئەوە لە

ناخی دا ستەم و خیانەتی لێ دەکردو پیلانی بۆ شتێکی تر دادەرشت, یەکێك لە سیاسیەکان کە لەگەڵ سەدام دادەنیشت, جارێك دوای کۆبونەوەی لە گەل سەدامدا لێ ی دەپرسن چی لە کەسایەتی سەدام تێگەیشتوی؟ ئەویش لە وەڵامدا وتبوی "جارێك سەدام قسەی لەگەڵ دەکردم و دواتر پیێ ی وتم : گەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت لە ئەنجام دانی کارێکدا ئەوا هەوڵ بدە دەورەبەرەکەت هیچ شتێك دەربارەی ئەوە کارە نەزانن کە لە ناوبرو مێشکدا دەگوزەرێت, یاخود ئەو کارەی کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت. !

## گرنگی دانی سەدام بە جل وبەرگ

جەواد هاشم لە یادەوەرییەکانی دەگێرێتەوە : سەدام لەسەرەتای سەرکەوتنی کودەتای ١٧ی تەموزەوە زۆر گرنگی بە شوێن و جل و بەرگی خۆی نەدەدا, بەڵام دواتر ئاوڕی لەم بوارە دایەوە و بە گرنگەوە سەیری دەکرد, من کاتێك سەردانی دەرەوەم دەکرد بە تایبەت بۆینباخم بۆ دەهێنا, جارێك لێم پرسی نابینیم ئەو بۆینباخانەی من بۆم هێناوی بیبەستی؟ ئەویش بە پێکەنینەوە وتی : ئەوانەی تۆ دەت هێنان کلاسیکی و مۆدیل کۆن بوون, کە بۆ کەسانی پیر دەگونجاو ئیستا بۆینباخی جوان و تایبەتم هەیە.. !

هەر بە خێرایی دوای ئەوە بەرگدرویەك لە عێراق دەرکەوت بە ناوی (هاروت) کە تایبەت بوو بە جل و بەرگی سەدام بەرپرسەکانی دیکە, هاروت خۆی یەکلای کردبویەوە بۆ کارەکەی , منیش هەندێك جار سەردانم دەکردو لە یەکێك لەسەردانەکانمدا سەیرم کرد دەم و چاوی برینداری و روشاوی پێوە دیارە, کە پرسیاری ئەوەشم لێ کرد وەڵامی نەدامەوە, هەرچەند زۆرم لێ کرد بەڵام ئەو هیچ زانیارییەکی نەدرکاندا هێندە نەبێت وتی پرسیار لە جیگری سەرۆك بکە (سەدام).

کاتیك لەگەل سەدام دانیشتم و پرسیاری (هاروت) م لێ کرد, بە پیکەنیەوە سەدام وتی : ویستمان تۆزیك تەمبێ ی دابدەین, چونکە قسە زۆر دەکات لەسەر جل و

بەرگەکانمان و ژمارەی ئەو جل و بەرگانە, ئۆتۆمبیلیکی دەزگای هەوالگریمان نارد تا بیهێنن, بەلآم ئەو نەهاتبو لە گەلیاندا و خۆی هەلدابویەوە خوارەوە لە نیو ئۆتۆمبیلەکەوە و بەو جۆرە دەم و چاوی بریندار ببو.

هەروەها جەواد هاشم دەلێت: سەدام بە وردی و بە جۆریکی دیراسە کراو پیلانی دارشتبوو بۆ داهاتوی سیاسی خۆی , لە کاتیکدا کاری دەکرد بۆ جێگیر کردنی پێگەی خۆی و سەپاندنی هەژمونی بەسەر دەروازەکانی کاری ئابوری و سیاسی دا لە ناوخۆ و دەرەوەدا, لە هەمان کاتدا هێندەی چاوتروکانیك کۆنترۆل کردنی بواری ئاسایش و هەوالگری و دەسەلاتی سەربازی پشت گوی نەدەخست, بەلآم لەگەلْ ئەوەشدا سەدام زۆر بە وریایەوە مامەلەی دەکرد و خۆی دور دەگرت لە هەر جۆرە بەر یەککەوتنێك لەگەل ئەحمەد حەسەن بەکردا, بۆ نمونە جارێك سەدام سەردانی نوسینگەکەی منی کرد لە وەزارەتی پلان دانان و سەرنجی ئەو دەستە قەلەمە شیڤەرەی دا کە لەسەر مێزەکەم دانرابوو, پرسیاری کرد ئەمەت لە کویْ دەست کەوتوە؟ منیش وتم لە بەیروت هێناومە, ئەویش داوای لیْ کردم دەستەیەکی جوان و باشی بۆ بهێنم بەلآم نابێت لەوەی بەکر باشتر بێت کە بە کار دەهێنیْ؟! .. یاخود خۆی بە دور دەگرت لە هەر جۆرە نائارامی یەك لە ریزی دەسەلآتی سەربازی دا, هەمیشە بە بەکری دەوت(باوکی فەرماندە) ئەمەش ئەو نازناوە بوو کە تا دوای وەرگرتنی دەسەلآت لەلایەن سەدام حوسێنەوە بە کار دەهێنرا, لەگەلْ ئەوەی وێنەی بەکر هیشتا لەسەر دیوارەکان مابون, بەلآم دواترهێواش هێواش هێنرانە خوارەوە لە بیری بەعسیەکان برایەوە.

ئەگەر سەدام حوسێن لەسەر ئاستی کەسێتی خۆی و ناوخۆیی عێراق گەورەتر لە خۆی بیری کردبێتەوە , ئەوا بێگومان ئەم خەسلەتە لەسەر ئاستی نێو دەولەتیش رەنگدانەوەی دەرکەوتوترە بە تایبەت لەگەلْ سەرۆکی ولآتانی عەرەبی دا..

**پەیوەندی لەگەڵ کویێت**

حامید جبوری لـە میانـەی گێرانـەوەی یادەوەرییـەکانی دا دەلێـت: سـەدام خـۆی زۆر لەوە گەورە تر دەبینی بە تـەنها سـەرۆکی ولآتێکـی وەك عێـراق بێـت, بـەڵکو خـۆی بـە پێشەوای ولآتانی عەرەبی دادەنا, لە ناخی خۆیدا بـروای وابـوو کـە عـیراق دەوڵـەتێکی گرنگە و ریشەیەکی مێژویی لە ناوچەکەدا هەیە و خاوەنی سەروەتێکی گەورەیی نەوت و ئاو کشتوکاڵە, هەر بۆیەش خۆی وادەبینـی کـە سـەرکردەیەکی تایبەتـەو توانـای بریـار دانی گەورەی هەیە دەربارەی مەسەلە گـرنگ و هەسـتیارەکان , رێگـەی نـەدەدا کـەس کاریگەری دروست بکات لەسەر بریارەکانی , بـرِوای وابـوو کـە هێـز دەتوانێـت شـتەکان یەکلا بکاتەوە , ئیتر گەر بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ ولآتانی عەرەبی کردبێت ئاخۆ چۆن دەبێـت چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ دەوڵـەتی کوێـت بکـات کـە بەبەشـێك لـە خـاکی عیراقـی دەزانی..

جارێك سەدام حوسێن لە کۆبونەوەی سـەرجەم باڵیۆزەکـانی عـیراق دەکەوێتـە قـسەو باس کردن لەگەڵ بالیۆزەکان دەربارەی رەوشـی ئـەو ولآتانـەی کـە لێ ی بـون, لەگـەڵ هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نیوان عیراق و ئەو ولآتانـە, بـەکورتی باڵیۆزەکـە پوختەیـەکی دەربارەی پەیوەندی نێوان عێـراق و ئـەو ولآتـەی تیایـدا بـوو دەخـستە روو, لـەو کاتـە نۆبەی بالیۆزی عیراق هات لە کۆیت, هەر لە سەرەتاوە بالیۆزەکە ویستی سـەدام دژ بـە کویت بوروژێنێ , باڵیۆزەکە وتی : بەلەمێکی جەنگی کوێتی ئـاوی هەرێمایـەتی عیراقـی بەزاندوە و منیش بە خێرایی داوای دیداری بەپەلەم کرد لەگەڵ وەزیری بەرگری کوێت و سەرنجیم بۆ ئەوە راکیشاوە کە نابێت جارێکی دیکە شتی لـەو جـۆرە دوبـارە بێتـەوە , بـــەلآم روداوەکـــە چـــەند جـــارێکی تـــر دووبـــارە بوەیـــەوە و بەرپرســـانی کـــوێتی ئاگادارکردنەوەی منیان بە هەند وەرنەگرت , بەم جۆرە باڵیۆزی عـیراق تـوانی ئامـانجی خۆی لە وروژاندنی سەدام بهێنێتە دی, لە ئاکامدا تورەیی هەڵچون لەسەر دەم و چـاوی سەدامن بەدیار کەوت و لە پڕێکدا رودەکاتە بالیۆزەکە و پـێ ی دەلێـت: بـێ دواکـەوتن

بـەرەو کوێـت بـەرێ بکـەوە  و راسـتەوخۆ سـەردانی (صـباح ئەلئەحمـەد) ی وەزیـری دەرەوە بکـە ـــ چـونکە سـەدام پـێ ی وابـوو صـباح الاحمـد ئەنـدازیاری سیاسـیەتی دەرەکـی ولاّتـی کوێتـە ـــ و پـێ ی بلێـی کـە سـەدام وتویـەتی (......) ـــ نامـەویت دەستەواژەکەی سەدام بلێم کە قسەی زۆر بریندار کەر بووـ  هەروەها وتـی پـێ ی بلـێ "گەر بێتوو تەنانەت چۆلەکەیەکیش  ئاسمانی عێراق ببەزێنێ ئەوا کلکی دەبڕین "  ئەم روداوە پێش ماوەیەکی کەم لە داگیر کردنی کوێت لە لایەن عیراقەوە روی دا..

**مەدالیای رێز لێ نان و پە یمانی سەدانی کردن**

پەیوەندی نێوان عیراق و کویت لەو ماوەیەدا بـە شـێوەیەکی روکـەش تارادەیـەك بـاش بـوو, سـەدام حوسـێن مەدالیایـەکی بـەنرخی بـە شـێخ جـابر ئەلئەحمـەد بەخـشی, لەبەرامبەریشدا شیخ جابر گلەیی لەسەدام دەکات کە بۆ سـەردانی ولاّتـی کویـت ناکـات دوای ئەوەی چەندین جار بانگهێشت کراوە بۆ سەردانی ئەو ولاّتـە, و شـێخ جـابر وت " ئیتر کاتی ئەوە هاتوە سەدانمان بکەیت" سـەدامیش لـە وەلاّمـدا وتـی" ئینـشائەلاّ  کـە کاتی هات سەردانتان دەکەم", لەو کاتەدا بە بیرو هۆشی هـیچ کەسـێکدا نـەدەهات کـە سوپای عیراقی لە ئابی ئەو ساڵەدا سنوری کوێت دەبەزێنی و پـەلاماری ئەو ولاتـە بـدات کەسەردانەکەی سەدام بەو جۆرە دەبێت..

**پەیوەندی لەگەڵ موعەمەر قەزافی**

پەیوەندی نێـوان سـەدام و قـەزافی خـراپ بـوو, چـونکە قـەزافی  دوای نـەمانی جـەمال عەبدولناسـر دەیویـست رۆڵـی گـەورە بگێرێـت لەسـەر ئاسـتی ولاّتـانی عـەرەبی , هەڵسوکەوت و مامەڵە کردنی قەزافی جێگەی گرنگی پێدانی دەزگاکانی راگەیانـدن بـوو. سەدام لە ساڵانی حەفتاکاندا زۆر جار ئەوەی دوپات دەکردەوە کە قەزافی لەبار نیە بـۆ بینینی ئەو رۆڵەی کە دەیەوێت بیگێرێت, لە میانـەی سـەدانێکی دا بـۆ عێـراق ئێمـە لـە لەگەڵی دانیشتبوین لە باخچەی کۆشکی میوانداری, لەو کاتەدا سەدام هات (دیـارە ئـەو کاتە سەدام جێگری سەرۆك بـوو) کاتێـك گەیـشت بـۆ ئـەوەی سـلاّو لـە قـەزافی بکـات,

لەبەرامبەردا قەزافی گرنگی ئـەوتۆی نـەدا بەسـەدام, دیـارە هەرکـەس سـەدام بناسـێت دەزانێت ئەو جۆرە مامەڵەو هەڵسوکەوتانەی پێ قبـوڵ نیـە, راسـتە کەسـی دوەم بـوو, بەڵام بڕوای وابوو کە گرنگترە لە کەسی یەکـەم (ئەحمـەد حەسـەن بـەکر) دواتـر کاتێـك سەدام دەربارەی قەزافی قسەی دەکرد, بە گاڵتەجارییەوە باسی قەزافی دەکرد.

لە کۆنگرەی لوتکـەی وڵاتـانی عـەرەبی کـە لـە بەغـداد بەسـترا, کۆنگرەکـە بـە هـۆی دواکـەوتنی قـەزافی یـەوە ماوەیـەك دواکـەوت, دیـارە قـەزافی لەبەشـداری کردنـی کۆبونەوەی لوتکە و کۆنگرەکانـدا هەڵسوکەوتی سـەرنج راکێـشی هـەبوو تـا سـەرنجی دەوروبەر بەلای خۆیدا رابکێشێ, سەدام بەوە زۆر بێزار و نیگـەران بـو, کاتێـك گەیـشت قـەزافی وتـی "رۆشـتم سـەردانی بـاپیرەم ئیمـام موسـا کـازم بکـەم" لـە میانـەی کۆبونەوەکەدا قەزافی داوای کرد قسە بکات, سەدام بـە شـێوەیەکی گاڵتـەجاڕی وتـی " ئێستا فەرمون لەلایەن برامان سەرهەنگ موعەمەر قەزافی سەرۆکی جـەماهیری لیبـی... ئیتر نازانم پاشماوەکەی تری نـاوی لیبیـا[1] و (لای کـردەوە بـەلای قـەزافی دا) و وتـی : خۆت تەواوی بکە" بەو جۆرە هۆڵەکە پڕبوو لە پێکەنین.

## پەیوەندی نێوان سەدام و حافز ئەسەد

سەدام حوسێن کاتێك مامەڵەی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی دەکرد, گەورەیی خـۆی بەسەردا دەسەپاندن, تاکـە کەسـێك بـەو مامەڵـە رازی نـەبوو حـافز ئەسـەدی سـەرۆکی سوریا بـوو پەیوەنـدی نێوانیـان زۆر ئـاڵۆز و پـڕ لـە گـرێ و گـۆڵ بـوو, جارێـك هـەردولا (سـەدام و ئەسـەد) مـاوەی شـەش کاتـژمێر لـە ناوچـەی سـنوری نێـوان هـەردوو وڵات کۆبونەوە, دواتر سەدام وتی : هیچ شتێکمان بـاس نـەکردوە!؟ ئـەو دوو پیـاوە لەسـەر یەك ئاراسـتە و شـەپۆل نـەبوون, دوو کەسـایەتی جیـاواز و حسابی جیاوازیـان هـەبوو, سـەدام دەیویـست ببێـت بـە پێـشەوای عـەرەب و ئەسـەدیش خـۆی تەسـلیمی ئـەوە

[1] الجماهيرية العربية الليبية الشعبية الاشتراكية ( جەماهیری لیبیی عەرەبی میللی سۆشیالیستی)

نەدەکرد, ئەمەش زۆرێك لە رق و تورەیی لە نێوانی هەردوو لادا دروست کردبوو, سەدام هەمیشە بە وریاییەوە پێشوازی لە دەست پێشخەرییەکانی ئەسەد دەکرد.

**سەدام داوا دەکات بەرە لە ژێر پیّ ی ئەسەد رابکێشرێت**

دوای ئەوەی ئەنوەر سادات سەردانی قودسی کرد و بەرەو ئیمزا کردنی رێکەوتنامە لەگەلّ ئیسرائیل هەنگاوی هەلّگرت, حافز ئەسەد نامەیەك ئاراستەی سەرکردایەتی عیراقی دەکات و پوختەی نامەکەش بریتی دەبێت لەوەی کە ئەو کارەی سادات کردویەتی مەترسیدارە و کاریگەری دەبێت لەسەر عەرەب بەگشتی و ناوچەکە بە تایبەتی , هەروەها ئەسەد قەناعەتی خۆی نیشان دابوو کە گرنگە و زەرورە عیراق و سوریا ناکۆکی یەکانیان وەلا بخەن و هاوکاری یەکتر بکەن بۆ روبەروبونەوەی ئەو رەوشە نوێیە, سەدام حوسێن داوای لە بەکر کرد تا لەسەر دەست پێشخەرییەکەی ئەسەد رازی بێت بۆ ئەوەی بەرەکە لەژێر پیّ ئەسەد رابکێشن و بە تەنها ئەو خاوەنی دەست پێشخەری نەتەوەیی نەبێت. جارێکی تر لە کۆبونەوەی لوتکەی ولاتانی عەرەبی لە تونس کە سەدام وەك جێگری سەرۆك کۆمار بەشداری تیا کرد, لەو کاتەدا سەرۆکی سوریا سەرقالی خوێندنەوەی وتارەکەی بوو, سەدام بە جۆرێك مامەلّەی دەکرد و سەری دەجولاّند کە لە وتارەکەی ئەسەد تیّ ناگات, لەو کاتەدا ئەسەد بەلای سەدامدا ئاوڕی دایەوە بیّ ئەوەی هیچ بلێت, سەدام زۆر جار پەنای دەبرد بۆ ئەم شێوازە ئیستفزازیانە , لەراستی دا ئەسەد دەیزانی سەدام لە ناخی خۆیدا شتێکی حەشارداوە , لە کاتێکدا سەدام چاك دەیزانی کە ئەسەد پیاوێکی زیرەکە و بە باشی دەیناسێت.

**شا حەسەن: سەدام وەك بالّندەیەك وایە بەسەرمانەوە**

جبوری دەلّێت جارێك سەدام بە وەفدێك رەوانەی ولاّتی مەغریبی کردم بەمەبەستی بەشداری کردنی شای مەغریب لە کۆنگرەی بزوتنەوەی ولاتانی بیّ یەن کە لە بەغداد دەبەسترا, لە مەغریب شا حەسەن لە کۆشکی (صخیرات) بە ئامادەبونی محمد بوستە سەرۆکی پارتی ئیستقلال و بە ئامادەبونی وەزیری دەرەوەی ئەو ولاتە پێشوازی لیّ

كردم, لەو كاتەدا دانیشتبوین, شا حەسەنی شای مـەغریب روی تـیّ كـردم و وتـی " بـە راشكاوی پیّت دەلیّم گەر سەدام بەشداری هەر كۆنگرەیـەك بكـات , وا هەسـت دەكـەین كە بالّندەیەكە و بەسەر سەرمانەوە نیشتۆتەوە "

### سەدام و یاسر عەرەفات

سەدام كەسیّكی هیّمن و لەسەر خۆ بوو, پەیوەندی هەمیشە و تا سەری لەگـەلّ كـەس نەدەبەست, پەیوەندییەكانی لە گۆراندا بوون, بیّگومان سەدام پەیوەندی باشی هـەبوو لەگەل یاسر عەرەفاتدا, و خۆشەویستی و هاوسۆی لە نیوانیاندا هەبوو, لە بیرمە جاریّك عەرەفات پیّ ی وتم : هەرگیز هەسـت بـە ئاسـایش و ئـارامی ناكـەم مەگـەر بیّتـوو ئـەو كاتانە نەبیّت كـە لـە بەغـداد دەمیّنمـەوە , لەراسـتی دا سـەدام زۆر هاوسـۆزی دەنوانـد لەگەلّ عەرەفاتدا, ئەمەش بە پیّچەوانەی پەیوەندی نیّوان بەكر و عەرەفاتەوە , چـونكە بەكر عەرەفاتی خۆش نەدەویست , جاریّك گۆیّم لیّ بوو بەكر دەیویت هـەرگیز پیّـشوزای لـە عـەرەفات ناكـەم , مەگـەر بیّتـوو سـەركردایەتی هەریمایـەتی فـەرمان پـیّ بكـات , هەمیشە بەكر بە عەرەفاتی دەوت(كەچەلّ).

### شاحوسیّن یەكەم گوللەی جەنگی عیراق ئیرانی تەقاند

جبـوری دەگیّریّتـەوە :پەیوەنـدی نیّـوان سـەدام و شـا حوسـیّن ی شـا ئـوردون زۆر پتەوبوو, شاحوسیّن سەدامی وەك پیّشەوایەكی عەرەبی دەبینی , شاحوسیّن لـە رۆژی ٢٢ ی ئەیلولی سالّی ١٩٨٠ لەگەلّ سەدام حوسیّن سەر كەوتنە سەر تانكیّكی عیراقی كـە لە نزیك ریزەكانی پیّشەوەی سوپادا بوو لە نیّوان عیراق و ئیراندا, شاحوسیّن خـاوەنی شارەزاییەكی بەرچاوو بوو, بە تەقاندنی یەكەم گولە تۆپی تانكەكە موبارەكـەی دەسـت پیّكردنی جەنگی نیّوان عیّراق و ئیّرانی كرد, من دلّنیام لەمەی كـە باسـی دەكـەم و لـەو كاتەشدا شا حوسیّن هەفتانە سـەردانی عیراقـی دەكـرد, لەبەرامبـەردا سـەدام هەمیـشە وەك كورِە مام بانگی دەكرد و مامەلّەی لەگەل دەكرد.

## پەیامیکی توند و زبر!

ولاتانی کەنداو هاوکاری بەرچاوی عیراقییان کرد لە جەنگی هەشت سالەی عیراق ئیراندا, بەلام ئەو جەنگە خەریك بوو هەرەشەی لەسەر ناوچەکە دروست دەکرد.. لەو ماوەیەدا وا دەردەکەوت کە ولاتانی کەنداو دەیانویست ئەو جەنگە کۆتایی پێ بێت و ئاماژەی ئەوەش بەدیار کەوتبوو کە ولاتانی کەنداو هاوکارییەکانیان لە بوار دارایی دا بۆ عیراق کەم کردبویەوە , لەو کاتەدا راشد عەبدولا نوعیمی وەزیری دەرەوەی ئیمارات سەردانی عیراقی کرد, و سەدام پێشوزای کرد, منیش ئامادەی ئەو کۆبونەوەیە بووم, لە پرێکدا سەدام کاتێك لە مەسەلەکە تێگەیشت , ویستی پەیامیکی توند و زبر بگەیەنێت و روی کردەوە نوعەیمی وتی " سلاو لە (......) بکە و پێ بلێ (......) ـــ کۆمەلێك دەستەواژەی ناشایستە و نەگونجاو کە ناکرێت باسی بکەم ـــ سەدام بەو جۆرە قسەی دەکرد کە گەر بێتوو ئەو(سەدام) نەبوایە, ئەوا ئێران خراپتر مامەلەی لەگەل ئیمارات دەکرد. وەزیری دەرەوەی ئیمارات زۆرتێکچوو بە قسەکانی سەدام حوسێن, بەلام هیچ وەلامیکی سەدامی نەدایەوە , لەگەلی رۆشتم تا فرۆکە خانە, زۆر نیگەران و بێ زار و تورەبوو, سەیریکی کردم و وەك ئەوەی بلێت بەو جۆرە پاداشتی چاکەمان دەدەنەوە , بێگومان کارێکی نەگونجاوە سەرۆکی ولاتیك بەو جۆرە مامەلە بکات.

## سەدام دەزگایەکی ئەلەکترۆنی پێشکەوتوو دەکرێت

سەلاح عومەر عەلی دەربارەی ئەو کەرەستە و شمەکانەی کە سەدام لەدەرەوەی ولات دەیکرِی دەگێرێتەوە : لە مارسی ١٩٨١ ئەو کاتەی کە نوێنەری عێراق بووم لە نەتەوە یەکگرتوەکان , خاتو ساجیدەی هاوسەری سەدام بە هاورێیەتی حسین کامیل کە هێشتا نەبوبو بە زاوای سەدام و سی کەسی دیکە بە فرۆکەیەکی بۆینگ ٧٤٧ گەیشتنە شاری نیۆریۆك, لە میانەی مانەوەیان لە نیۆریۆرك کە مەبەستی سەردانەکەی ساجیدە زیاتر چارەسەری پزیشکی بوو, حسین کامیل دەزگایەکی ئەلەکترۆنی تایبەتی کرِی بۆ

شەخسی سەدام حوسێن, دەزگاکە دەزگایەکی وریا کەرەوەی پێش وەخت بوو, لەو کاتەشدا تازە دروست کرابوو, واتە شتێکی تازە بوو, هێشتا لە نێو ولآتانی تردا بڵاونەببویەوە, دەزگایەکی زۆر هەستیار و ئالۆزبوو, دیارە کرینی ئەو دەزگایەش بە ئاگاداری دەسەلآتدارانی ئەمەریکی بوو, کە بە فرۆکە گوازرایەوە بۆ عێراق, دیارە لە فرۆکە خانەکانی ئەمەریکادا هەموو شتێك دەپشکنرا کاتێك دەهاتە نێو فرۆکە خانەکانەوە, بەڵام ئەو دەزگایە لە رێگەی بارهەڵگرێکەوە و لە دەروزایەکی تایبەتەوە گەیەنرایە نیو فرۆکەخانە, واتە نەخرایە ژێر پشکنینەوە و خرایە نیو فرۆکەکەوە و دواتر لە نێو کۆشکی کۆماری دانراو , ئەم دەزگایە سەر لە نویێ هەژمونێکی تری بۆ سەدام دروست کرد بەسەر سەرجەم دام و دەزگا کانی حکومەتی عیراقی دا.

لە درێژەی گێرانەوەکەی دا سەلاح عومەر عەلی دەلێت: دەزگاکە لە بۆردێك پێك دەهات کە لەبەردەمی سەدامدا دانرابوو, تیادا کلیل و رەمز و ئاماژەی دیاری کراوی لەسەر بوو, هەموو بەرپرسێکی دەوڵەت بەو دەزگایەوە بەسترابویەوە ئەوەش لە رێگەی ئەو رەمزانەی لەسەر دەزگاکە هەبوو, واتە لە هەر شوێنێك بونایە بە دەزگاکەوە بەسترابونەوە, ئەمەسەرەرای ئەوەی کە لە رێگەی ئەم دەزگایەوە سەدام دەیتوانی ئاراستەیان بکات و داواکارییان ئاراستە بکات وەك ئاگادار کردنەوە, یان خۆشاردنەوە , لە راستی دا ئەم دەزگایە زۆر پێشکەوتوو بوو. ئەم دەزگایە پەیوەست نەبوو بە بازنەیەکی تەلەفۆنی یان دەزگایەکی بێ تەلەوە , بە هەر حاڵ سەدام دوای کرینی ئەو دەزگایە نەك ئاگاداری رەوشی ناوخۆیی ولآت بوو بەڵکو ئەو دەزگایە دەیتوانی دزە بکاتە نێو دەزگا ئەمنی یەکانی ولآتانی تری دراوسێ ی عیراقەوە , بۆ نمونە کاتێك کوێت لەلایەن عیراقەوە داگیرا کرا, گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی نێوان شا فەهد و میری کوێت وەرگیرابوو لە رێگەی ئەو دەزگایەوە , هەروەها ئەوەی جێگەی سەرسورمان بوو کە ئەم دەزگایە پەیوەست نەبوو بە مانگە دەستکردەکانەوە..

**پەیوەندی سەدام لەگەڵ ئیسرائیل**

سەلاح عومەر عەلی دەڵێت: سەدام حوسێن بە شێوەیەکی شەخسی نزار حەمدون ی دیاری کردبوو بۆ رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا , نزار حەمدون دیپلۆماتێکی سەرکەوتوو خاوەن توانستێکی بەرچاوو بوو, لە هەمان کاتدا یەکیك بو لە کادیرەکانی دەزگای هەواڵگری عیراقی هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنی یەوە , سەدام متمانەیەکی ئیجگار زۆری پیێ ی هەبوو, دەسەلاتی ئەوەی پیێ دابوو بیێ گەرانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە هەڵسوکەوت بکات, ئەمەش وای کردبوو سەدام بۆ ئەم جۆرە کارە نزار حەمدون تەکلیف بکات,دیارە ئەو کاتانەی نزار حەمدون بەو کارە هەڵدەستا گەرمەی جەنگی عیراق ئێران بوو,ئەو کاتە من لە ئەمەریکا بووم کە دەم بیست نزار حەمدون لەگەل کۆمەلێك کەسایەتی کۆبوەتەوە دیارە ئەوەش لەسەرێگەی ئەو پەیوەندییەدا بوو, هەر لە واشنتۆن مەسەلەکە رەوتێکی دیکەی لە خۆ گرت, زیاتر مەسەلەکە رونتر دەبویەوە , بێگومان نزار هەڵسوراوێکی چالاك بووو زیرەك و خاوەن توانایەکی بەرچاو بوو, لەم بوارەشدا رۆڵی گرنگی گێرا لە نێوان باڵیۆزخانەی عیراق و لۆبی زایۆنی دا, کە ناکرێت هیچ کەسێك جورئەتی ئەوەبکات بەو رۆڵە هەستیێ گەربێتوو دەسەڵاتی لەسەدامەوە پیێ نەدرابێت بۆ گێرانی ئەو رۆڵە. من خوێندنەوەم بۆ ئەم هەلوێستەی سەدام ئەوەیە کە کەسێکی لە خۆبایی بوو, لەم بوارەدشدا کارەکانی بەرێوە دیرد, واتە رێگەی بە خۆی دەدا کە مومارەسەی ئەوەبکات پێچەوانەی ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرد.. لەلایەکی دیکەوە گەر بگەرێیتەوە بۆ یەکێك لە وتارەکانی سەدام دەکەویتە بەردەم کۆمەلێك پرسیارەوە دەربارەی کەسایەتی سەدام, لەو وتارەیدا سەدام کۆمەلێك دەستەواژەی دوبارە دەکردەوە وەك ئەوەی کە قەدەر بەسەرماندا فەرزی کردەوە کە بەرپرس بین نەك تەنها لە عیراق و ئوممەی عەرەبی بەڵکو خۆمان بە بەرپرس دەزانین لە هەموو مرۆڤایەتی , ئەم مرۆڤە خەسڵەتی خۆ بەگەوەر بینین لە ناخی دا هەیە , ئەو وای نیشان دەدا کە ستەمی لیێ کراوە سەرۆکی عیراقە, نەك هێندەش بەڵکو لەوەشدا

ستەمی لێکراوە کە سەرۆکی ئوممەی عەرەبیش بێت, دەبێت ئەو سەرۆکی هەموو مرۆڤایەتی بێت, هەمیشە ئەم دەستەواژانەی دوبارە دەکردەوە بە شێوەی جوار و جۆر, پێ دەچێت شتێکی زۆر دەگمەن بێت گەر وتاریکی بدایە و بەدەر بوایە لەم جۆرە دەستەواژانە.. لێرەوە دەبینین کە سەدام بەم جۆرە یاری دەکرد, دروشمی دژ بە ئیسرائیل بەرز دەکردەوە لە روە ئاشکرا کەیدا و بەلآم لە هەمان کاتدا لەژێرەوە پەیوەندی لەگەڵ دەبەست, ئەم فەلسەفەیەش جێ بەجێ دەبێت بەسەر پەیوەندی یەکانی دا لەگەڵ ولآتانی تردا, بۆ نمونە ناشیرین ترین جنێوی دەدا بە حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر و دواتر پەیوەندی لەگەڵدا پتەو دەکرد..

### سەدام و هەوڵی تیرۆ کردنی بارزانی

گەر سەدام حوسێن مامەڵەی لەگەڵ هاورێیانی بەو جۆرە بوبێت کە باسمان لێوەکرد و لەسەر گومان هەڵسوکەوتی کردبیت لەگەڵیاندا ئەوا دەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ لەسەرکردەیەکی کوردی کردبێت کە نەیاری بوو , لەم بارەیەوە حامید جبوری لە گێرانەوەکانی دەڵێت: ئەنجام دانی هەوڵی تیرۆ کردنی موستەفا بارزانی لە سەرەتاوە تا کۆتایی یەکەی لە دارشتنی ناظم گوزار بو, دیارە ئەوەش بە ئاگاداری و چاودێری سەدام حوسێن, سەرەتا بریار درابوو بە لە ناوبردنی بارزانی , دواتر وەفدێك لە زانایانی ئایانی لەلایەن حکومەتی عیراقی یەوە رەوانەی لای بارزانی کرا لە حاجی ئۆمەران بەمەبەستی ناوبژیوانی کردن لە نیوان هەردو لادا, چونکە پیاوانی ئاینی لای بارزانی ریزی تایبەتی یان هەبوو, هەر بۆیەش لە مالەکەی خۆی لە حاجی ئۆمەران پیشوازی لێ کردن , ئەوەی کە گوزار لەو پیلانەیدا دای رشتبو بریتی بوو لە پیدانی ریکۆردەرێکی بۆمب ریژکراو بە یەکێك لە مەلاکان و پێ ی وتبوو بە نهێنی قسەکانی بارزانی تۆمار بکات , بێ ئەوەی ئەو مەلایە بزانێت ریکۆردەرەکە بۆمب ریژکراو بوە , هەر بۆیەش لە کاتێکداکە چایچی یەکە دێتە ژورەوە چا دەگیرێت و لەو کاتەدا دێتە نیوان بارزانی و ئەو مەلایەی کە ریکۆردەرەکەی پێ بوە خێرامەلاکە پەنجە دەنێت بە ریکۆردەکەدا و

تەقینەوەکە رودەدات, لە ئاکامدا مەلاکە و چایچی یەکە دەکوژرێن و بارزانیش بە موعجیزە رزگاری دەبێت, بەو جۆرە پیلانەکەی گوزار شکست دینی لە لە ناوبردنی نەیارێکی سەدامدا.

# کۆبونەوەی هۆڵی (خولد) و ئاهەنگی لە سێدارەدانی هاوڕێیان

دوای ئەوەی سەدام حوسێن لە ١٦ی تەموزی ساڵی ١٩٧٩ ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆماری عیراقی ناچار کرد دەست لە کاربکێشێتەوە و خۆی جێگەی بگرێتەوە, لە هەمان کاتدا سەرجەم کادێرە پێشکەوتوەکانی ئەو کاتەی حیزبی بەعسی کۆکردەوە لە هۆڵی (خولد) و لە میانەی سیناریۆی کودەتایەکدا و لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا ٥٤کادێری نێو سەرکردایەتی حیزبی بەعس و ٣٠٠ کادیری تری پێشکەوتوی لە ناوبرد بە جۆرێك هیچ کەسێکی نەهێشتەوە کە بچوکترین بەدگومانی یان بێ وەلائی هەبێت بەرامبەرخۆی, لێرەدا وردەکاری چۆنیەتی لە ناوبردنی ئەو کادیرانە دەخەینە روو کە سەدام لە ناوی بردن بەو مەبەستەی بیان کاتە وانەیەکی تر بۆ بەعسیەکان تا جورئەتی وەستانەوە نەکەن لەبەرامبەریدا.

### عەبدولخالق سامەرائی پاش شەش ساڵ زیندانی لە سێدارە دەدرێت

زۆربەی ئەوانەی باسیان لە مێژوی حیزبی بەعس کردوە لە عێراق و دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٨ سامەرائی یان وەك کەسێکی خاکی و باش باس دەکەن, هەر بۆبەیش ئەوانەی لەو مێژوە دواون پێ یان وایە سەدام دڵنیابوە لەوەی کەناوبراو هیچ پەیوەندییەکی بە پیلانەکەی نازم گوزارەوە نەبوە بەڵام لەبەر سەنگینی پێگەی سامەرائی لە نێو ریزەکانی بەعسدا بەو چارەنوسەی گەیشت کە ماوەی شەش ساڵ (١٩٧٣-١٩٧٩) لە ژێر زەمینی بارەگای دەزگای هەواڵگری گشتی دا زیندانی کرا و رێگەش نەدرا خۆر لێ ی بدات و دواتریش لە ناو برا.

لەم بارەیەوە حامید جبوری دەڵێت: هەموکەسێکی حیزبی و تەنانەت هاوڵاتی ئاسایی چاك عەبدولخالق سامەرائیان دەناسی, ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی و ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعس بوو, کاتێك بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە لە

کۆشـکی کۆمارییـەوە وەك هـەر هـاولاتی یـەکی ئاسـایی بـە پـاس دەگەڕایـەوە مـاڵ , نەیدەیوست ئۆتۆمبیلی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت, ئەمەسەرەڕای ئەوەی کـە ماڵەکـەی زۆر سادە و ئاسایی بوو,کەسێك بوو نەیدەویست وەزیفەکەی بەکاربهێنێ بۆ بەرژوەنـدی تایبەتی خۆی, بەراستی کەسـێکی زۆر سـەلامەت و رۆشـنبیرو بـە رەوشـت بـوو, پـێش ئەوەشی زیندانی بکرێت بێزاری خۆی نیشان دا بوو لە رەوتی بەریوە چونی وڵات و ئـەو ئاکامەی پیێ ی گەیشتوە لەسەردەستی سەدام ولایەنگرانی دا, هەر لەبـەر ئـەوەش بـوو کە سەدام زۆر رقی لێ بوو..

## سامەرائی و پیلانگێڕی

کاتێك لە نێو هۆڵی خولد یەکە یەکە ناوی ئەو سـەرکردە بەعسیانە دەخوێنرایـەوە کـە بەشـداری پیلانگێرییـان کـردوە دژ بـە دەسـەلاتی سـەدام حوسـێن, و دوای تـەوابونی ناوەکان, عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی) هەڵدەستێت و رودەکات دسـەدام و پـێ ی دەلێت: ئەم پیلانگێڕییەی کۆتا پیلان نابێت تا ئەوکاتەی عەبـدولخالق سـامەرائی لـە ژیاندا بێت! ! لە بەرامبەریشدا سەدام سمێڵی خۆی دەگرێت و دەلێـت بـڕۆن ببیـەن بـە خوا نایەڵم خۆری لێ ئاوا ببێت, نە دادگایی کردن و نە یاسا و نە عەدالـەت .. کـاتێکیش دەرۆن سامەرائی بهێننە دەرەوە بـە قـات و بیجامـەی سـورەوە پێـشوازی لێ دەکـەن و دەیکەنە بـەری , سـامەرائی وای دەزانـی مـاوەی زینـدانی کردنـی کۆتـایی هـاتوە , نـە ئاگاداری پیلانەکەی محمد عایش بوە و نە ئاگاداری روداوەکانی نێو کۆشك بـو, مـاوەی شەش ساڵیش بووکە هیچ کەسێکی نەدیبو, هەربۆیە ئەویش لەگەڵ سەرکردەکانی تردا رەوانەی لە سێدارەدان و کوشتن کرا..

## کۆبونەوەی باڵیۆزەکان

حامیـد جبـوری دەلێـت: پـاش یـەك دوو رۆژ لـە کۆبونەوەکـەی هـۆڵی خولـد, لەسـەر فەرمانی سەدام حوسێن کۆبونەویەکمان بەسەرجەم باڵیۆزەکانی عێراق کرد, لە کۆشکی

کۆمارییەوە تەلەفۆنم بۆ کرا و پێم وترا سەرجەم باڵیۆزەکان لە هۆڵی کۆبونەوەکانی وەزارەتی دەرەوە کۆبکەرەوە و کاسێتی کۆبونەوەکەی (هۆڵی خولد) یان بۆ ئیش پێ بکە بۆ ئەوەی هەموویان ببینن, هەر بۆیەش بەو جۆرەی داواکرابوو کارەکەمان ئەنجام دا و سەرجەم بالیۆزەکان دیمەنەکانی کۆبونەوەکە و روداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینی , لە کاتی نمایش کردنی کاسێتەکەدا یەکێك لە پاسەوانەکان هات و بە گوێمدا چرپاندی کە لە نوسینگەکەی خۆت پە یامی سەرۆکت بۆ هاتوە, کاتێك گەیشتمە نوسینگەکەم لە نهۆمی سەرەوە پێ یان وتم هەریەك لە (مورتەزا حەدیسی ـ کە پێشتر وەزیری دەرەوەی عیراق و ئەندامی ئەنجومەنی سەردایەتی شۆرش بوو دواتر ئیعفا کراو کرابوە باڵیۆز ـ و محمد سەبری حەدیسی ) فەرمانی دەستگیر کردنیان هەیە !! بەڵام ئێمە نامانەوێت لەبەردەم بالیۆزەکانی تردا قۆڵ بەستیان بکەین, لەبەر ئەوە بانگیان بکە بۆ نوسینگەکەی خۆت, بەراستی دیمەنێکی زۆر کارەساتبار بوو, چونکە راستەوخۆ بەرەو مەرگ بانگ دەکران, دواتر بانگم کردن , بارودۆخیان زۆر تێکچو شڵەژابوو, پاشان قۆڵبەست کران و بران, بەراستی دیمەنێکی ئێجگار کارەساتبار و تراژیدی بوو, دیمەنێکی زۆر بە سوێ بوو.. هەموو ئەوانەی لە پای ئەو سیناریۆیە قۆڵبەستکران لە میانەی مەراسیمێکدا کە ناونرابوو بە ئاهەنگەکانی لە سێدارەدان گوللەبارن دەکران لە لایەن هاوڕییانی دیکەی حیزبەوە..

**ئاهەنگەکانی گولله باران کردن!**

پاش ئەوەی دەیان سەرکردەی بەعس و سەدان کادیری پێشکەوتوو بە تۆمەتی تێوەگلان لە پیلان گێڕی دژ بە سەدام تاوانبار کران, کۆمەڵ کۆمەڵ جیا دەکرانەوە ولەلایەن سەرجەم کادیرە کانی تری بەعسەوە کە لە سەرجەم پاریزگاکانەوە هێنرابوون تەقەیان لێ دەکرا و دەکوژران, هەریەك لەو کادیرە حیزبییانە پارچە چەکێکیان پێ دەدرا و دەبوا ئەندامێکی سەرکردایەتی یان یەکێ لە بەرپرسەکان بکوژێت, لەپشت ئەوانیشەوە کۆمەلێك لە پاسەوانەکانی سەدام وەستابون, هەر کەسێك لەو کادێرانە دوو

دڵ بوایه له کوشتنی ئەوانەی درابونە دەستی یان, ئەوا ئەم پاسەوانانە لە دواوە تەقەیان لێ دەکرن و ئەوانیشیان دەکوشت, لە راستی دا دیمەنەکە زۆر کارەساتبار بوە , هەندێك لەوانە تەقەیان لە دیوار و بەردەمی خۆیان دەکرد و دواتر خۆشیان دەکوژران, پرۆسەیەکە لە مێژوودا بێ وێنە, چونکە مەبەست لەم کارە بەش کردنی تاوانەکە بوو بەسەر هەمواندا , تا هەموو لا بەشداری پێ بکەن لە کارەکەدا و تاوانکاری سەرجەمی جومگەکانی حیزب بگرێتەوە . سەدام حوسێن لە رێگە پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتەوە بەسەرۆکایەتی نەعیم حەداد کە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو هەروەك هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن حوکمی گوللە باران کردنی زیاتر لە پێنج سەد کادیری بەعسی دەکردوە کە لە نێو ئەو کادیرانەدا سێ یەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشیان تێدا بوو.

**ئەوانەی کە گوللە باران نەکران**

هەندێك لەوانەی کە تۆمەتبار کران بە تێوەگلان لە پیلانەکە و گوللە باران نەکران , سوکایەتی و ئەشکەنجەیەکی بێ سنور دران, لەم بارەیەوە سەلاح عومەر عەلی دەڵێت: ئێستا هەندێك لەوانەی کە کارەساتەکەی بینیوە هێشتا لە ژیاندا ماون, وەك خۆیان باسی دەکەن روبەروی سوکایەتی پێکردنی زۆر هاتبوون, لەم بوارەدا تەنها یەك نمونە دەگێرمەوە, ئەفسەرێکی بەعسی هەبوو ناوی (عەبدولواحید حاجی مەهدی ) بوو, ئەم ئەفسەرە وانەی لە ئەکادیمیای روسی خوێندبوو ئەکادیمیاکەشی بە پلەی یەکەم تەواو کردبوو, سەرۆکی ئەکادیمیای روسیا کاتێك بروانامەکەی پێدابوو, لە میانەی وتارێکی دا وتبوی : ئەکادیمیاکەمان گەر رۆژێك رێگە بەخۆی بدات شانازی بە خۆیەوە بکات , ئەوا دەبێت ئەو رۆژە شانازی بە خۆیەوە بکات کە ئەفسەریکی لێهاتوو زیرەکی عیراقی وەك عەبدولواحید حاجی مەهدییە دەرچاندوە .. ئەم ئەفسەرە لەو کاتەدا و لەو بەرەنجامەوە دەستگیر کرا, زۆر سزا و ئەشکەنجە درابوو , سوکایەتی زۆری پێکرابوو, هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە و نەشیاوییان لەبەرامبەردا بەکارهێنابوو بۆ ئەوەی سوکی

بکەن و کەرامەتی بشکێنن, پێشتر ئـەم ئەفـسەرە داوای کـچێکی کردبـوو بـەڵام هێـشتا نەیگواستبوە, ئەوانەی دەستگیریان کردبوو هەستابون چوبون ئەو کچەیان هێنابوو, لـە پـێش چـاوی دا ئـەوەی نەشـیابوو لەگەڵیـدا کردبویـان, هەمووئەمانـەش بـۆ ئـەوەبو تـا ئیعتراف بکات, لە کاتێکدا ئـەو ئەفـسەرە هـیچ شـتێکی نـەدەزانی تـا ئیعترافـی لەسـەر بکات, دواتر هەستابون دەزگیرانەکەیان کوشتبوو پارچە پارچەیان کردبـوو..!؟؟ ئەمـە نمونەیەکە لە سەدان نمونەی کە لەو کاتەدا دەرهەق بەوانەی گیرابـون روی دابـوو, ئـیتر وەرە بیر بکرەوە دەبێت چی کرابێت بەرامبەر ئەوانەی تر کە گوللە باران کرابـون, مـن لە دوای ئەو روداوە چاوم کەوت بە ئەفسەریکی دیکە کە رزگاری ببـوو لـەو بارودۆخـە و هەندێك شتی بۆ گێڕامەوە کە مرۆڤ ناتوانێـت گـوێ ی بـۆ بگرێـت,کاتێـك ئـەو ئەفـسەرە قسەی بۆ کردم دەستی کرد بە گریان و وتی کاك سـەلاح لـە زیندانـدا و لەسـەر دەسـتی سەدام هەموو شتێکمان لە دەستدا, ئابرو کەرامەتمان, دەکرێت مرۆڤ خۆی رابگرێـت بـۆ سزادان و ئەشکەنجەی جەستەیی , بەڵام ئێمە ئابرو شەرەفمان لە دەست دا..

هەموو ئەو سیناریۆیەی کە سەدام حوسێن دروستی کرد مەبەست پـێ ی رێگـە خـۆش کردن بوو بۆ وەرگرتنی دەسەلات و رێگە نـەدان بـە مانـەوەی هـیچ کەسـێك لـە رێگـەی ئەنجام کارەکانی دا, سەدام لە ماوەی نێوان ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ تا تەموزی ١٩٧٩ لە میانـەی چـەندین سـیناریۆی تـری پـیلان گێرییـەوە هـەموو ئەوانـەی دورخـستەوە لـە دەسەلات کە مەترسیان هەبوو لەسەر بەرنامە و پیلانـەکانی , ئـیتر ئایـا بـە کوشـتنیان بوبێت یان دورخستنەوە و نەفی کردنیان, لەبەر ئەوە لە کاتێکدا خۆی ئامادە دەکرد بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرنجی ئەوەشی دابوو زۆرێك لە سـەرکردەوە کادیرە پێشکەوتوەکانی حیزب سـەدام قبـول ناکـەن وەك کەسـی یەکـەمی حکومـەت و حیزب و لـە هـەوڵی ئـەوەدا بـون کۆنگرەیـەکی حیزبـی نائاسـایی ببەسـتن بەمەبەسـتی تاوتویێ کردنی رەوشەکە, لەبەر ئەوە سەدام بریاری دا هـەموو ئەوانـە لـە ناوبـەرێت کـە دەبونە بەربەست لەبەردەم کارەکانی دا, دیارە بەم هەنگاوەش (سیناریۆی پیلانگێڕی)

لەلایەك رزگای دەبوو لەوانەی نەیاری بون یان متمانـەیان بـە کەسـایەتی سـەدام نـەبوو وەك کەسی یەکەمی ولآت و لەلایەکی دیکەشەوە تەمبیٚ کردن و دەرس دادانـی ئەوانـەی تر بوو گەر بێتوو رۆژێکم لە رۆژان بیریان لە هەر جۆرە کاریکی هاوشـیوە بکردایەتـەوە لـە دژی سـەدام, هـەر بۆیـەش کاسـێتی کۆبونەوەکـەی بلآوکـردەوە بەسـەر سـەرجەم ئۆرگانە حیزبی یەکاندا تا هەمویان بە چاوی خۆیـان حەقیقـەت و نـاوەرۆکی دەسـەلاتی تازەی سەدام بناسن و جورئەت نەکەن بەرامبەری بوەستنەوە.

## چەند لایەنێك لە ماجەرای رووداوەکانی کۆبونەوەی هۆڵی خولد...
## بە پێ ی ئەو کاسێتەی دواتر بڵاوکرایەوە لەلایەن سەدامەوە

لە ٢٢ی تەممووزی سالی ١٩٧٩ کۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەمی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە هۆڵی (الخلد) بەسترا , لەگەڵ ئەوەی دەبوا هەموو کادێرە پێشکەوتوەکانی بەعس بەشداری بکەن ,بێ هیچ جۆرە ئیستسنایەك لەبەشداری نەکردن, ئەو رۆژە رۆژێکی دیارە لە مێژوی عێراقدا, لە بیرەوەری عیراقدا هەرگیز ناسرێتەوە , لەو رۆژەدا چارەنوسی عێراق دیاری کرا, لەو بەرەنجامەشەوە روباری بەردەوامی خوێنی بە دوای خۆیدا هێنا.

لە نێو ئاپۆرەی چەپڵە لێداندا سەدام حوسێن چوە سەر سەکۆی هۆلەکە, لە پشتی یەوە سەباح میرزای یاوەریشی وەستابوو, سەدام بە وردی سەیری ئامادەبوانی دەکرد, دواتر داوای لە ئامادەبوان کرد تا سوێندی تایبەتی بەعس بخۆن (امة عربية واحدة) ... ئامادبوان بۆیان سەندەوە (ذات رسالة خالدة), پاشان سەدام لەگەڵ سەرنج دانی وردی لە ئامادەبوان وتی :" هاورێیان ئەندامانی مەکتەبەکانی حیزب و لق و پۆلەکان... ئەوانەشی کە ئامادەنە بون لە ئەندامانی مەکتەب و لق و پۆلەکان .. هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن کێ لەوانە ئامادە نەبوە", ﴿کەشێکی بێ دەنگ هۆلەکەی داگیر کرد﴾.. کەواتە هەمووان ئامادەن .. :" هاورێیان ئێمە ئاواتەخوازی ئەوەبوین کە لەگەڵ ئێوە ئامادەبوینایە بۆ ئاهەنگەکانی مانگی تەمموز بەڵام ئەم کۆبونەوە نائاساییەمان بەست , بۆ ئەوەی قسەو باسەکانمان کورت بکەینەوە لەسەر لایەنێکی پرشنگداری میژوی پارتەکەمان بە تایبەت بەها جوانەکانی ئێوە لە کاروانی پارتەکەتاندا" . پاشان وتی :" بەڵام بە داخەوە کە کۆبونەوەی ئێمە لەگەڵ ئێوە لەم بۆنەیەدا تەنها کورت نابێتەوە بۆ قسە کردن لەسەر ئەم بوارە, بەلکو تاوتوێ ی هەندێك لایەنی سلبی و خاڵی رەش لە بیرو ژیری خیانەتکارو پیلان گێرەکاندا دەکات".﴿ سەدام دەستی خستە پشتی یەوە

و چاوی برییە تەواوی هۆڵەکە و....﴾ بەم جۆرەش دەیوت:"من دەزانم کە ئەمە شۆکێکی دەرونی گەورەیە لەسەرتان, بەڵام دەبێت ئەو راستی یەتان لەیاد نەچێت کەئەو شۆرشەی دەیەویت گەل لە بارێکەوە بگوازێتەوە بۆ بارێکی دیکە و رۆلی سەرکردایەتی ئوممەی عەرەبی گرتبێتە ئەستۆی خۆی بۆ دەرکردنی ئیستعمار و قۆرغکاران و ستەمکاران, ئەوا دەبێت پیلانگیری لەدژی بکرێت... لەوانەش کەسانێك کە لەریزەکانی دا بن". ﴿تا دەهات بێ دەنگی هۆلەکەی دادەپۆشی, هیچ کەسێك نەیدەزانی چی روی داوە, هەموو لا سەرنجی ئەوەیان دابوو کە هێزە تایبەتەکان دەرەوی هۆلەکەیان تەنیوە, و ئەندامانی دەزگای هەواڵگری عیراقی بە جل و بەرگە تایبەتەکانیانەوە لە ناو هۆلەکەدا جمەیان دەهات, سەدام چەند چرکەیەك راوەستا و ﴾...پاشان وتی: سەرکردایەتی لەم ماوەیی دوایی دا.. بە تایبەتی ماوەی پێنج مانگە بە وردی چاودێری ئەو هەولە تێکدەرانانە دەکات کە هەندێك لە خیانەتکاران لە ناو سەرکردایەتی دا و لەگەڵ هەندێکی دیکە کە ئێستا لە ناو ئێوەدا دانیشتون سەرقاڵی بون..."

سەرەرای ئاگادار کردنەوە و ئاماژەکانی نێو کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی, لە زۆر بۆنەی جیاجیادا, بۆ ئەوەی خۆیان دور بگرن لە هێڵ و رەوتی پیلان گێری و تێکدان, لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەڵام سەرکردایەتی ئارامی زۆری گرت تا پیلان گیران بە تەواوی فرسەتی خۆیان وەربگرن , کە سەرکردایەتی بە چاوی خۆی دەیبینین و خۆی بە تەواوی ئاگاداری رەوشەکە بون, ﴿لەم کاتەدا سەدام بە وردی سەیری ئامادەبوانی دەکرد.. لە کاتێکدا دەیویست کاردانەوەکان بزانێت﴾ . لە بیرو زهنی ئێمەدا ئەوە بوو زیاتر بارەکە درێژ بکەینەوە سەرەرای مەترسی یەکانی رەوشەکە, ﴿پاشان بە پێکەنینەوە و لەسەر خۆوە﴾ وتی ... بەڵام رەوشێك بۆ هاورێ ی تێکۆشەر ئەحمەد حەسەن بەکر پێش هات کە تیایدا لە وتارەکەیدا رونی کردەوە , تا ئەوەی ناچاربوین دەست بەکاربین لەگەڵ یەکێك لەو پیلان گێرانەدا کە ئەندامی سەرکردایەتی یە و

ئەویش (موحیی عەبدولحوسێن)ە.... کە ئێستا لە نێو ئێوەدا دانیشتوەو لەبەر ئەوەی کە سکرتێری هاوڕێ ئەحمەد حەسەن بەکر بوە.و لەبەر هەندێك هۆکاری ئەدەبی پێمان باش نەبوو راستەوخۆ پاش دەست لە کارکێشانەوەی هاوڕێ ئەحمەد حەسەن بەکر و لەبەر هۆکاری ئەدەبی و کرداری بە موحیی دست پێ بکەین , هۆکارە ئەدەبی یەکان زانراون.. هۆکارە کردارەکانیش تا خەڵکی نەڵێن یاخود پەیوەندییەك دروست بکرێت لەگەڵ خەتی پیلان گیراندا کە گروپێکی جیاوازن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا..هۆکارەکانی ناکۆکی بریتی یە لە دەست لە کارکێشانەوەی هاوڕێ ئەحمەد حەسەن بەکر و لەگەڵ مەسەلەکەش رۆیشتین هێندەی کە زانیاریمان دەربارەی هەبوو, هێندەی ئەوەش هەستمان دەکرد بەسێبەری ئەو تەنەی کە لە ناو روناکی دا بوو... هاوڕێیان.. ئاماژە بۆ خۆی دەکات هەروەك روناکی ئاماژە بۆ خۆی دەکات, بەڵام بەرێگەیەکی دیکە و بە شێوازی تر , ئێمە لە دلی خۆماندا لاپەرەکانی پیلانەکەمان دەخویندەوە پیش ئەوەی دەستمان رابگات بە زانیاری دەربارەیان, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئارامان گرت.... هەرچەند هەندێك لە هاورێیان سەر زەنشتی ئەوەیان دەکردین کە بۆ هێندە ئارام گرتنمان درێژە, بەڵام هەموو بەها زەمینی و ئاسمانی یەکان لەگەڵ ئێوە و حیزبەکەتان بوو بۆ ئەوەی راستی و حەق دەربکەویت و هێزی نارەواش شکست بخوات و دوپات کردنەوەیەکیش بێت بۆ ئەو رەوتەی کە حیزبەکەمان مومارەسەی دەکات لەو کاتەوەی پەیوەندیمان پێوە کردوە... هەروەك جەختی کردۆتەوە لەسەر پراکتیزە زیندوەکانی بە شێوەیەکی چڕ و پڕ و وردەکاری لە چەندین ساڵ پێش ئێستا تا ئەم کاتە, ویستمان جەخت لەسەر راستی یەکی جێگیر و نەگۆر و کۆتایی بکەینەوە , کە راستی و مافی بەعس دەبێت حەددی شمشێری پێ بدرێت, بە شێوەیەکی جیاکاری وەك ئەوەی شمشێر دیاری دەکات, بۆ ئەوەی داوای ئەرك و جێ بەجێ کردنی لێ بکاتەوە بەشێوەیەکی یەکلا کراوە و کۆتایی هاتوو, بۆ جەخت کردنەوەش لەسەر بە ها دیموکراتی یەکان... دەمانەویت شارەزاتان بکەین لەسەر لایەنی یەکیك لەو کەسە

تۆمەتبارانە لەم دۆسیەیەدا کە ئەویش بە وردی قسەتان بۆ دەکات کە چۆن ئەو کاری خیانەت و هەڵگەرانەوە دەستی پێ کردوە بۆ ئەوەی رێکخستنێك لە ناو حیزب و لە دەرەوەی سەکردایەتی دروست بکەن لە ئەندامانی سەرکردایەتی لە نیو سەرکردایەتی حیزب و دەرەوەیدا کە پەیوەندییان پێوە کردبون و چۆن پەیوەندییان کردوە بە کادێرە حیزبی یەکانەوە, لەگەڵ شێوازەکانی راکیشانەی کادیرە پێشکەوتوەکانی حیزب بەلای خۆیاندا, لەگەڵ ئەو برە پارانەی کە لە رژێمی سوریای خائین و بە کرێ گیراوەوە وەریان گرتوە , کە ئێمە لیرە جەختی لەسەر دەکەینەوە هەروەك چۆن پیشتر جەختمان لەسەر دەکردەوە, لەگەل ئەو نامانەی ئالوگۆر کراون و ئەو پیلانە هاوبەشانەی کە دانراون لەوانەش هاتنە ناوەوی سەربازی لەلایەن سوریاوەو لە ریگەی دابەزاندانی ئەو سەربازانە بە پەرشوت و بە جل و بەرگی سەربازی عیراقی یەوە, هەموو ئەمانە دەبیستن , هیواخوزام دان بە خۆتان بگرن و خۆراگر بن و کۆنترۆلی خۆتان بکەن , چونکە شۆرشگێران لە کاتی سەرکەوتندا داوای پێکەوە گرێ دان و یەك ریزیان لێ دەکرێت, هەروەك دەبێت لە حالەتە کارەساتبارەکاندا خۆراگر بن, چونکەئێوە شۆرشگێر و تیکۆشەرن... با موحیی بێتە پێشەوە بۆ پێشکەش کردنی قسەکانی واتە ئەوانەی کە بۆ ئێوەم باس کرد بە کورتی... ﴿سەدام بە هێواشی دوو وەرقەی لەسەر ئەو مێزەی قسەی لەسەر دەکرد راکێشا کە سەرە قەڵەمەکانی تێدابوو پاشان بە هێواشی لولی کرد.. لە نێو سەرسورمان و ئەبلەق بونی ئامادەبواندا , موحیی عەبدولحوسین لە شوێنی خۆیەوە هەستایەوە و بەرەو سەر تەختەی شانۆکە بەری کەوت , لەو کاتەشدا سەدام بە خێرایی﴾ وتی :" ئەوەی دەمانەوێت ئەوەیە کە کۆنگرەکە داخراوبێت بۆ ئەوەی کەسی دیکە گوێ ی لێ نەبێت" موحیی گەیشتە سەر تەختەی شانۆکە و لە سەدام نزیك بویەوە و سەدام بە ئامادەبوانی وت : ئینشائەڵا دواتر کاسێتە تۆمارکراوەکانتان بۆ رەوانەکەین تا سود وەربگرن لەو وانە و پەندانەی کە تیایدایەتی و پاشان روی کردە موحیی وتی (فەرمو بۆ ئێرە) بە دەستی ئاماژە

دەکرد بۆ مێزی قسە کردنەکەدا , لەو کاتەدا چەند ساتێکی جیاکەرەوە هەبوو لە نێوان هەردوو کەسەکەدا, بە خێرایی سەباح میرزا...وتی (لێرە موحیی), ئاماژەی بۆ مێزی قسەکردنەکە کرد بە دەستی راستی , ﴿لەو کاتەشدا سەدام لەسەر ئەو کورسی یە دانیشت کە لە پشت مێزە تەختەکەوە دانرابوو لەسەر تەختەی شانۆکە ئەوەش دوای ئەوەی وەرقەکانی دەستی بە توندی کێشا بەسەر مێزەکەی بەردەستی دا و پەرداخێك ئاوی پێشکەش کرا, سەدام سەرنجی موحیی دا و﴾ پێ وت : مەرج نیە ئەو قسانە بخوێنیتەوە کە لە وەرقەکەدا هەیە... ئیسراحەتی خۆت وەربگرە و قسەبکە... محیی وەڵامی دایەوە .... بەڵێ.. پاشان وتی : هاورێیان ئەوەی لێرە دەیلێم تەنها بە ئارەزوی و ئازادی خۆم دەیلێم بێ بونی هیچ جۆرە فشار و کاریگەرییەك لەسەرم , دەمویست و بە پاڵنەری هەندێك لە پیلان گێران کە رۆلێکی سەرکردایەتیم هەبێت لەوپیلانەی دژ بە حیزب رێکخرا لە ساڵی ١٩٧٥ , کاتێك لە نوسینگەی ناوەندی کرێکاران بوین لەگەڵ تاوانبار (محمد عايش) , ناوبراو قسەی لەگەڵ کردم بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەم بە رێکخستنە نهێنی یەکەیانەوە کە ئامانجی سەرەکی لەسەرەتادا دروست کردن و پێکهێنانی رایەکی حیزبی گشتی بوو بۆ هاوسۆزی نواندن لەگەڵ ئەم رێکخستنە نهێنی یە و سەرکردەکانی , ئەوەش لە رێگەی کاریگەری دەرونی و ماددی لە قۆناغی یەکەمدا و لە رێگەی پەیوەندی فەردییەوە کە ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانە دەمان بەست.. ﴿لەکاتی قسەکانی دا موحیی نیشانەی شڵەژان بە رونی لەسەری دیاربوو... لە قسەکانی دا تێ دەکەوت و هەڵەی دەکرد و دوبارەی دەکردنەوە, لەگەڵ ئەوەی سەیری بنمیچی هۆلەکەی دەکرد وەك ئەوەی کە هەوڵ بدات خۆی دوربخاتەوە لە روانین و سەرنجی ئەو کەسانەی کە لە هۆلەکەدا دانیشتبون﴾ پاشان وتی ..... ئاساییە کە پەیوەندییە فەردییەکان لە یەکتر بینینەکاندا شێوازی جۆراجۆری وەربگرێت وەك دەعوەت کردن و خواردنەوە و بانگ کردن بەشێوەی شەخسی بۆ ئەوەی کاریگەری دروست ببێت لەسەر کەسەکە , ئەمەسەرەڕای چاندنی هەستی خۆ بەکەم

زانـین و بـەش خـوراوی لـە نـاخی ئـەو کەسـانەدا وەك ئـەوەی کـە پۆسـتی زۆر لـەوە گەورەتریان شایستەیەکە ئێستا لە ئەستۆیاندایە, لەسەرەتادا پیلانکە بۆ گۆڕینی رژێم بوە بە زەبری هێز ئەوەش لە رێگەی کودەتای سەربازییەوە, لەسەرەتادا تاوانبار محمد عایش هەواڵی پێدام کـە ئـەو پەیوەسـتە بـە ... ﴿بـێ دەنـگ بـوو, لای کـردەوە بـەلای سـەدامدا﴾ و پـێ ی وت:" ئایـا ناوەکانیـان بهێـنم؟ سـەدامیش لـە وەڵامـدا وتـی : "بەوجۆرەی قسەت بۆ سەرکردایەتی کردوە قسە بکە"... بەڵێ لەسـەرەتادا پەیوەنـدی تاوابنار محمد عایش لەگەل تاوانبار غانم عەبدولجەلیل بـوو, محمد عـایش لـە کۆتـایی سالی ١٩٧٥ گەیشتە سەرکردایەتی رێکخستنە نهینی یەکە .. ﴿لەو کاتەدا سەدام داوای لـە سـەباح مـیرزا کـرد تـا ئـەو وەرقـەی لەبـەردەم مـوحیی دا دانرابـوو, بیهێنـێ , بـەو جۆرەش سەباح میرزا لەمێزەکەی مـوحیی نزیـك بویـەوە و وەرقەکـەی بـەردەم مـوحیی راکیشا و خستیە بەردەم سەدام﴾, هەربۆیە سەدام بە موحیی وت:" تـۆ پێویـستت بـە وەرقە نیە, چونکە کاتێك لە سەرکردایەتی قسەت بۆ ئێمـە کـرد وەرقـەت لەبەردەسـتدا نەبوو, لەبەر ئەوەی کە بیرو هۆشت بە هێزە وەك ئەوەی دەیزانم."لـە وەڵامـدا مـوحیی وتی ...بەڵێ, ﴿دواتر موحیی سەری شۆر کردەوە بەسەر میزەکەدا کە هەردوو دەسـتی لەسەر دانابوو, هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و سەیرێکی سەقفی هۆلەکـەی کـرد و چـەند چرکەیەك تێ پەری بێ قسە کردن و﴾ پاشـان سـەدام وتـی (قـسە بکـە) دەسـت بـەجێ محیـی وەڵامـی دایـەوە بـەڵێ, بـە شـڵەژانیکی زۆرەوە وتـی.... وتم بـە ... پرسـیاری حەقیقەتی ئەوەم لێ کرد... جارێك لـە (محمـد عـایش)م پرسـی تـا بـزانم کـە ئایـا ئـەم پەیوەندییەی تازەیە , یان نا, لە راستی دا زیاد لە جارێك پرسیارم لێ کرد و ئەویش لـە وەڵامدا دەیوت کە ئەم پەیوەندییانە لە کۆنەوە هەیـە.. بـەڵام پێداگری مەکـەرەوە ... دواتر دەزانیت... لـە هـەموو جارەکانـدا وەڵامەکـەی بـەم ئاراسـتەیەدا بـوو..کـاتێکیش پرسیاری پەیوەندی لەگـەڵ رژێمـی سـوریا و پەیوەنـدی لەگـەل حـافز ئەسـەدم لێ کرد راسـتەوخۆ ﴿ لـەو کاتـەدا مـوحیی کـەمێك لێ ی تێکـچوو, وادیـاربوو کـە بـاش لـەو

مەسـەلەیەدا فێـر نـەکراوە....﴾ وتـی: مـن یەکـەم چـاوپێکەوتن پـێش گەیـشتم بـە سـەرکردایەتی ئـەنجام داوە ،واتـە ببـورن.. پـێش .. پـێش ... گەیـشتنم ... پـێش گەیشتنم بـۆ سـەرکردایەتی لیژنـە... لیژنـەی رێکخستنی نهێنـی ... کـە ئامـادە کـاری دەکرد بۆ کودەتا لە داهاتودا (مەبەستی محمد عایشه ).. ﴿ماوەیەك موحیی بێ دەنـگ بوو... بە رونی لە دەنگی دا دیـار بـوو کـە مایکەکـە دەیگواسـتەوە﴾, وتـی پەیوەنـدیم دروست کرد... وا پێ دەچێت ...پەیوەندی کـرد بـە ... بـرای یـەعقوب کۆشـانەوە... یەکێك لە براکانی... لـە کـاتی سـەردانەکەی سـاڵی ١٩٧٥ پەیوەنـدی پێوەکردبـو.. بـۆ موسڵ... لـەو کاتەشـدا وتبـوی... جموجولەکـەی موسـڵ... بوەتـە ئەڵقـەی موسـڵ... منیش پرسـیارم لێ کـرد نـاوی چـی یـە؟ وتـی نـاوی حـازم یونـسە, لـە ریگـەی ئـەوەوە گەیشۆتە سنوری سوریا و چوەتە ناو ئـەو ولاتـەوە.. راسـتەوخۆ پەیوەنـدی کـردوە بـە ئەحمـەد زەنونـەوە, لـە روە ئاشـکراکەیدا ئەحمـەد زەنـون یەکێکـە لەئەنـدامانی سەرکردایەتی.. یەکێکە لـە سـەرکردە جیابوەکـان..... ﴿ئەوەشـی کـە زۆر سـەیر بـوو ئەوبوو کاتێك موحیی ناوی یەکێکی دەبرد, چاوی دەبڕییـە مێزەکـەی بەردەسـتی واپـێ دەچێت وەرقەیەکی تر لەوێدا بوبێت جگە لەو وەرقانەی کە سەباح میرزا رای کێشا بـۆ سـەدام حوسـێن, وەرقەیـەك کـە ئـەو ناوانـەی تێـدابوبێت کـە پێویـست بـوو ناویـان بهێنرێ!!!!﴾ ... پێ دەچێت وەك ئەوەی پێم راگەیەنرا.. داواکارییەکە لـە لیژنـەوە بوبێت... تا لیژنەی سەرکردایەتی نهێنی , پەیوەندییەکی جـێگیر و دامـەزراوی هـەبێت لەگەڵ رژێمی سوریا بۆ ئەوەی داوای هاوکاری لێ بکەن... دواتر گەڕایەوە بۆ بەغـداد..؟ بارەکە بەم جۆرە درێژەی هەبوو لەرێگـەی پەیوەنـدی گـرتن لەگـەل ئەحمـەد زەنـون و گەیانـدنی نامـەکان و هێنانـەوەی وەڵامـەکانیان , کـە ئـەویش رێنمـایی و زانیـاری پـێ دەگەیـشت... عـایش لـە هەنـدێك لـە نـاوەرۆکی ئـەو دیدارانـەی ئاگـادار کردمـەوە کـە ئەنجامی دابوو.... ﴿ماوەیەك موحیی بێ دەنگ بوو, پێنوسەکەی دەستی ئەم دیو ئەو دیو دەکرد و سەرنجی سەقفی هۆلەکەی دەدا, لە کاتێکدا کە قسەکانی تێکـەڵ دەکـرد

﴾..وتی... بارەکە بەم جۆرە درێژەی کێشا... ئەم پەیوەندییانە.... لەگەڵ رژێمی سوریا... هێندەی لە بیرم بێت وەك خۆی باسی کرد تا ناوەراستیساڵی ٧٦......
پاشان ئاگاداری کردمەوە کە ئەو پاش ئەو ماوەیە شێوازی پەیوەندییەکان... شێوازی پەیوەندییەکان... گۆراوە .. پێم وت بۆ گۆراوە... وتی یەکێك لە بالیۆزخانەی سوریاوە بە ناوی عەقید حسین پەیوەندیی پێوە کردوم ....

لە درێژە گێرانەوەکەیدا موحیی عەبدولحسین درێژەی پێ دا وتی , دواتر ئەڵقەی پەیوەندی کردن لە رێگەی عەقید حسین وە بوە لە نێوان سەرکردایەتی لیژنەی نهێنی و رژێمی سوریا, کە لە بەغدادوە محمد عایش پەیوەندی لەگەڵ دەبەست.﴿ سەرنجیکی بنمیچی سەقفی هۆلەکەیدا.. هەولی دەدا هێندەی دەتوانیت ئەو زانیاریانە بیر خۆی بهێنیتەوە کە دەبوا باسی بکردایە﴾ رۆژێکیان تەلەفۆنی بۆ کردم و پێ ی وتم دەتوانیت بێیت بۆ یانەی... ببورن یانە نەبوو, بۆ لکو بۆ چێشتخانەیەك لە (قەنات), پێم وابێت لە نێوان هەشت و نیو بۆ نۆ بوو, لە راستی دا گەیشتمە چێشتخانەکە..﴿ لەو کاتەدا سەدام قسەکانی پێ بری وتی واتە (هەشت و نیوی ئێوارە؟)﴾ محیی بە خێرایی لای کردەوە بەلای سەدامدا وتی بەڵێ ئێوارە...ئێوارە... چومە نێو چێشتخانەکە و سەیرم کرد کەسم نەبینی .. گەرامەوە بۆ پارکی ئۆتۆمبیلەکان بەپێ دەرۆشتم.... لە راستی دا لە دورەوە بینیم... لە دوری ٣٠ یان ٤٠ مەتر.. بە ئاراستەی... ئاراستەی ئەو ناوچەی لە فەحامەوە دەهات.... محمد عایش... تاوانبار محمد عایش لەگەل ئەو عەقیدە... عەقید حسین بوو, پێکەوە دەرۆشتن, لێ یان نزیك بومەوە.... بانگی کردم و بەو کەسەی ناساندم, پێ ی وتم پێکەوە لەگەڵیدا پیاسە بکەین... لەو کاتەدا عەقید حسین پرسیاری لە محمد عایش دەکرد و ئەویش راستەوخۆ وەڵامی دەدایەوە و لە نیو ئەو پرسیارانەشدا : وەزعی رێکخستنەکەتان و پەیوەندیەکانتان چۆنە, ئەویش زۆر بە باشی وەڵامی دەدایەوە کە خاوەنی پەیوەندی جۆراجۆرن , لە درێژەی پیاسە کردنەکەماندا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت وریا و بە ئاگا بین و

جموجوڵـەکانمان بـە شـێوەیەکی نهێنـی بێـت... ﴿ مـوحیی ماوەیـەك بـێ دەنـگ بوو,ئەوەش وەك ئەوەی ڕێنمایی پێ درابێت... ڕێنمایی بۆ زیاتر ڕاکێشان و کاریگەری دروست کردن بە تایبەت لەسەر کادێرە پێشکەوتوەکان, لـەو کاتەشـدا سـەدام لـسەر ئەو مێـزەی لەسـەر دانیـشتبوو خـەریکی کێشانی جگـەری کـوبی بـوو... تـاریق عـەزیز سـەرقاڵی تۆمـار کردنـی شـتێك بـوو, بورهانـەدەین عەبـدولرەحمان هـەر دوو نـاو لـەپی دەستی خستبوە سەر لوتی... وەك ئەوەی شتەکە بە راسـت نـەزانێ, یـاخود بـیری لـە شتێکی تر دەکاتەوە... خوادەزانێت... خاوەنی جل و بەرگە سـپی یەکـە کـە لـە ریـزی یەکەمدا بوو... سەعدون شاکر (سەرۆکی دەزگای هەواڵگری پێشوو) و وەزیری نـاوخۆی ئەو کاتە...﴾ لە بیرمە وتی :" ئێمە ئامادەین بۆ دابین کردنی سەرجەم ئـەو پێداوسـتی یانەی ئێوە دەتانەوێت." دواتر وەسفی عەقید حسینی کرد و وتی: کەسێکی باڵا بـەرز, خاوەنی سمێڵێکی رەشی درێژە, قژێکی ئاسایی هەیە, تەمەنی لە نێوان چل بـۆ چـەنجا ساڵیدایە.. لە رێگەدا عەقید حسین بری ٣٠ هەزار دینار تەسلیم بە تاوانبار محمد عـایش کرا, دواتر شوێنەکەمان بە جێ هێشت.. گەڕاینەوە بـۆ چێـشتخانەکە لـە قـەنات... پـێ دەچیت ئەو ئۆتۆمبیلەکەی لە نزیك چـادرگەی دیـدەوانی یـەوە وەسـتان دبێـت. مـن لـە دورەوە سەیرم دەکردو بەڵام ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەم نەزانی, بیرم نایەت, بـەڵام ئـەوەی لە یادمە ئۆتۆمبیلیکی قەبارە بچوك بوو,... پاش دوو رۆژ , کۆبونەویەکم هـەبوو لەگـەڵ لیژنەی سەرکردایەتی باڵا, کۆبونـەوەی یەکـەمم لـە یـادە.... ﴿ ماوەیـەك مـوحیی بـێ دەنگ بوو, هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا...﴾ پاشان وتی: ببورن رۆژێك یـن دوو رۆژ تـێ پەری بەسەر کۆبونەوەی لیژنەی سەکردایەتی , وەك ئـەوەی کـە تاوانبـار محمـد عـایش پێ ی راگەیانـدم لـە ماڵەکـەی خـۆی دا , کـە لیژنـەی بـاڵای سـەرکردایەتی .....﴿ لـەو کاتەدا محیـی سـەیرێکی سـەدامی کـرد بـۆ ئـەوەی مۆڵـەتی لێ وەربگرێـت تـا ناوەکـانی لیژنەی باڵا بهێنێ.. سەدامیش رازی بوو﴾ لیژنەی سەرکردایەتی پێك دەهاتن لە تاوانبار غانم عەبدولجـەلیل و تاوانبـار محمـد مـەحجوب و تاوانبـار عـەدنان حەمـدانی سـەرەرای

تاوانبار محمد عایش... بەڵێ .. کۆبونەوەکە بۆ دابەش کردنی برە پارەکان بوو... بەڵێ ...﴿ بێ دەنگی هۆڵەکەی داپۆشیبوو...﴾ سەدام وتی "دوای ئەوەی تۆش ئەندام بویت لە گەلیاندا"... موحیی وەڵامی دایەوە : نەخێر هیچشتا من لەگەڵیان نەبوو.. هاوڕێ... هەموو ئەمانە لە تاوانبار (محمد عایش) م وەرگرتوە, ئەو وتی برە پارەکانمان دابەش کرد لە نێوان هەموو ئەندامانـدا... پێ دەچیت بەشەکەی غانم عەبدولجەلیل لە هەموویان زیاتر بوبێت , ئەوەشی مابویەوە لە بڕە پارەکە لای ئەو بوو, محمد عایش لەو پارەیە بڕی هەزار دیناری تەسلیم کردم... تەنها هەزار دینار بێ زیاد و کەم, ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی بیدەم بە هەندێك لە کادیرە پێشکەوتوەکان, منیش بڕی .... سێ سەد دینار دا بە بەدەن فازیل... لێرەدا سەدام بە توندی وەڵامی دایەوە :" هەرکەس ناوی هات بـا هەستی دروشمی (امة عربیة واحدة .. ذات رسالة خالدة) کە بلێتەوە و بڕواتە دەرەوە... نابێت بەعسی بێت, با بچیتە زیندانەوە... هەر کەس ناوی هات" ﴿ لەو کاتەدا بری ٣٠هەزار دیناری عیراقی بەرامبەر بوو بە ٩٠ هەزار دۆلاری ئەمەریکی ﴾ .... پاشان تالیب سوێلحم بینی و بری ٣٠٠ دینارم پێ دا... ﴿لەو کاتەدا موحیی لە قسە کردن وەستا... تالیب سویلح لە هۆلەکە هێنرایە دەرەوە﴾... دوای چەند رۆژێك موئەید عەبدوڵا ی سەرۆکی یەکێتی گشتی کرێکارانی عێراقم بینی, چونکە لەو کاتەدا لە بەغداد نەبوو, بڕی ٣٠٠ دیناریش تەسلیمی ئەو کرد... سەدام وەڵامی دایەوە ....موحیی ئەو برە پارانەی کە تۆ دەت بەخشی.. پێش ئاگادارکردنەوەی موئەید... ئەو برە پارانە کە تۆ دەت داو دوای باس کردن بوو لە پەیوەندی کردنی نێواننانتان یان یارمەتی یەك بو لە تۆوە؟ لە وەڵامدا موحیی وتی: سەرۆکی بەرێز قسە و باسم لەگەڵ دەکردنەوە.... لەو کاتەدا موئەید عەبدوڵا ویستی لە ناو هۆلەکەوە رونکردنەوە بدات... دەنگی سەدام لە هۆڵەکەوە بەرز بویەوە .. برۆ دەرەوە..برۆ دەرەوە..برۆ دەرەوە و ئەندامانی دەستەی پارێزەریش بە توندی رایان کێشا, رێگە نەدرا موئەید عەبدوڵا تاکە وشەیەك بلێت... موحیی دوبارەی کردەوە ...

له سەرەتاوە قسەیان لەگەل کرابوو دەربارەی مەسەلەکە.. ئەوەندەی لە یادم بێت لە چەند جێگەیەکد پێکەوە کۆببوینەوە , لە نزیك مالەکەی خۆی لە گەل تالیب سویلح کۆبومەتەوە, لە رێگەی جادریە لەگەل موئەید چاوپێکەوتنمان هەبوە, لە نزیك مالەکەی خۆیشی لە گەل بەدەن فازیل دانیشتوم و یەکمان بینوە.... ﴿ لەو کاتەدا موحیی سەیری سەر مێزی قسەکردنەکەی بەردەستی دەکرد, ماوەیەك لێ ی وردبویەوە﴾ ئەو سێ کەسەش (موئەید و بەدەن و تالیب) ئەرکی سەرەکی یان راکێشانی هاورێیان بوو, ئەوەش لە ریگەی جۆراجۆر وەك دەعوەت کردن بۆ خوادرنەوە و ئاهەنگی شەوانە ...لەو کاتەدا سەدام وتی : ئەو برە پارانە زۆر کەمن... چی یان دەبەخشی و چی بۆ خۆیان دەمایەوە؟.. لە وەلامدا محیی وتی: هاورێ ئەبو عودەی نیوەی پارەکەیان دەدا و نیوەکەی دیکەشی بۆ دەعوەت کردن بوو... چونکە برە پارەکان لە دوایدا زیادی کرد... سەدام لە وەلامدا وتی: برە پارەکە لەسەرەتادا رەمزی بوو, ئەوەشی دەمایەوە بۆ دەعوەت و سەرگەرم کردن کە ئەوەش کەشێکی گونجاو دەرخسێنێ تا قسە و باسی تیا بکەن... موحیی بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی ... بارەکە بەم جۆرە بەردەوام بوو... تا ئەوەی وەك ئەندام لە لیژنەی سەرکردایەتی هەریمایەتی هەلبژیرام لە ٢٣ی تەموزی ١٩٧٧, دوای هەفتەیەك یان دە رۆژ بە تەواوی لە یادم نەماوە.. محمد عایش پێ ی راگەیاندم... کە بریار دراوە منیش لە لیژنەی نهێنی رێکخستنەکەدا کاربکەم و بەو جۆرەش ئامادەی یەکەم کۆبونەوە بوم لە مالی ... بە زۆری ... لە مالی تاوانبار محمد عایش..یەکەم کۆبونەوە نەم زانی لە چ مالێکدا بوو.. لەو کۆبونەویەدا هەمان ئەو کەسانەم بینییەوە کە باسم کردن لەوێ دانیشتبون غانم عەبدولجەلیل, عەدنان حسین, بێگومان محمد عایش ئەویش لەوێ بوو... لە راستی دا ئەوەی سەرنجی راکێشام بونی هەلسەنگاندنی رەوشی سیاسی بوو, بە شێوەیەکی گشتی, ئەمەسەرەای ئەوەی هەر یەك لە ئەندامان چی هەبوایە لە تێبینی و زانیاری دەیخستە روو,﴿ پاش هەندێك وەستان و دوبارە کردنەوە﴾ لەو کۆبونەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی رێك بون

لەسەر ئەوەی کە کام لە مەسەلەکان تۆمار بکرێت , ئەوەش بە مەبەستی بەرز کردنەوەی بوو بۆ رژێمی سوریا... بۆ حافز ئەسەد بە شێوەیەکی راستەوخۆ.. سەرنجی ئەوەم دابوو کە تاوانبار غانم عەبدولجەلیل بزوێنەری سەرەکی یە , وەك دەردەکەوت هەر ئەویش کۆنوسی کۆبونەوەکانی دەنوسی , بە تایبەت ئەو نهێنی یە ناوخۆیانەی کە لەلای حیزب گرنگ بوو, کە دەمان ویست بیگەیەنینە هاوری ئەو عودەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ.. ئەوەش بەمەبەستی دروست کردنی داروخان بوو لە ناخی هاوری ئەبو عودەی و دورخستنەوەی لە هاوری ئەبو هەیسەم (ئەحمەد حەسەن بەکر).. لە درێژەی گێڕانەوەکانی دا محیی وتی : دوای ماوەیەك لە یەکێك لە کۆبونەوەکاندا کە ناتوانم کاتەکەی دیاری بکەم, محمد عایش بری ٥٠ هەزار دیناری هێنا و هەر لە ویش دابەش کرا... ﴿ موحیی هەناسەسەکی قولّی هەلّکێشا کە بە ئاسانی هەستی پێ دەکرا﴾ ... زۆر ترین برە پارە بەر غانم عەبدولجەلیل کەوت و پاشان محمد عایش و دواتر محمد مەحجوب... عەدنان حەمدانی و دوای ئەوانیش من, برەکە پێنج هەزار دینار بوو, یەکەمین کۆبونەوەی سەرکردایەتی بوو بۆ من.... ( ٥٠٠٠ ) دینار منیش لەلایەن خۆمەوە هەستام بری ١٠٠ دینارم تەسلیم کرد بە بەدەن فازیل و هەمان برە پارەشم تەسلیم کرد بە تالیب سویلح , بەلاّم موئەیەد عەبدولاّش بری ١٥٠٠ دینارم پێ دا, چونکە داوام لێ کردبوو تا پەیوەندی دروست بکات لەگەل سەلمان داود بەیاتی سکرتێری ئێستای یەکێتی سەندیکاکانی کار, کە ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە یارمەتی هەندێك لە کەسە نزیکەکانی خۆیان دەدا و لە راستی دا زۆرێك لەوانە نەیان دەزانی ئەو برە پارەیان بۆ پێ دەدرێت, بیانوی ئەوەش ئەوبوو کە ئەو برە پارەیە یارمەتی یەکە بۆیان لەلایەن حیزبەوە یان شتێك لەم جۆرە و بەم شێوەش دەعوەت کردن بەردەوام بوو.... سەدام بە خێرایی وەلاّمی دایەوە : قسە کرابوو لەگەل سەلمان دەربارەی رێکخستنەکەتان؟ لەوکاتەدا موحیی زمانی پێکدا هات و بەیەك وشە وتی : نەخێر لەم قۆناغە قسەی لەگەلّ نەکرابوو.. هاوری ئەبو عودەی لە قۆناغە... لە قۆناغەکانی

دواتردا قسەی لەگەل کرا, کە موئەید عەبدولاّ پـێ ی راگەیانـدم لـەو بارەیـەوە قـسەی لەگەل کردوە ... لە گەل سـەلمان داود.. سـەدام وەلاّمـی دایـەوە: سـەلمان داود... لـە وەلاّمدا محیی وتی : سەلمان داود... لەو کاتەدا سەلمان داود بەیاتی وەلاّمی دایەوە لـە نیو هۆلەکەوە: مامۆستا ئەو قسانە هەموو نادروستە ! ! ! ؟ سەدام بە خێریی و بە هێز و تورەییەوە وەلاّمی سەلمانی دایەوە : برۆ دەرەوە ئەو جۆرە قـسانە لـە لێکۆلێنـەوەدا بکە, باسـەرکردایەتی بـت بیـنن قـسەیان بـۆ بکـە... ﴿مـوحیی بـەردەوام بـوو لەسـەر قسەکانی﴾ ... ئەمەسەرەرای ئـەوەی کـە محمـد ... تاوانبـار محمـد عـایش پەیوەنـدی هەبوو لەگەلّ ژمارەیەك لە کادیرە پێشکەوتوەکانی حیزب..... لـە مـاوەی جیاجیـادا .. ﴿ لەم کاتـەدا موحیی لە قسە کردن وەستا.... سەیری سەقفی هۆلّەکەی دەکـرد و تفـی قـوت دەدات ﴾ ... بـۆ نمونـە لەگـەلّ تـاهیر ئـەمین پێکـەوە کۆدەبونـەوە, بـە زۆری سەردانی مالەوەی دەکـرد و دانیـشتنی تایبـەتیان هـەبوو..﴿ قـسەکانی مـوحیی نادیـار بوو, ... ﴿جاریکی تر بیّ دەنگ بویەوە هەست دەکرا جۆرێك لە حەسرەت و پەشیمانی لە قسەکانی دا هەیە﴾ لەو کاتەشدا سەدام هەستی کرد کە محیی پیویستی بە یارمـەتی هەیە... هەربۆیەش سەدام وتی: تاهیر ئەمین نـاوی لـە ئیفـادەی هەنـدێك لـە ئەنـدامانی قیادەدا هاتوە و ئیعترافی لەسەر کـراوە. پاشـان سـەدام هـاواری کـرد: بـرۆ دەرەوە... تاهیر ئەمین چوە دەرەوە﴿ تاهیر ئەمین رابردویەکی خراپی هەبوو, خاوەنی هـیچ توانـا و لێهاتنێکی ئـەوتۆ نـەبوو,پێـشتر رۆلی بەرچـاوی هـەبوو لـە پاکتـاوکردنی نـەیارەکانی سەدامدا , هەر بۆیەش بیّ دەنـگ لـە هۆلّەکـە چـوە دەرەوە, پـیّ دەچـێت سـەدام وەك نـەریتی خـۆی لـە تەسـفیە کردنـی هەرکەسـیکدا کـە رابـردوی بزانێـت.. بـە جۆریـك لـە جۆرەکـانی خـۆی لیّ دەربـاز دەکـات و لـە نـاوی دەبـا و بـەو جـۆرەش وەرقـەی تـاهیر سوتا... و تەسلیمی چارەنوسی خۆی بوو... نەیویست قسە لەسەر مەسـەلەکە بکـات و تەواوی مەسەلەکەی بۆ سەدام بە جیّ هێشت﴾ ... پاشـان سـەدام روی کـردە مـوحیی وتی :تەواوی بکە...موحیی وەلاّمی دایـەوە .. بـەلّیّ .. ببـورە... لـە نێـو ئەوانـەی کـە

پەیوەندییان بە محمد عایشەوە هەبوو.. ئەندامی لقی باکور بوو.. ئەمجەد ... ئەمجەد هاشم... لە کۆبونەوەدا ناوی دەهات... ئەمجەد... ئەمجەد هاشم جەباری... سەدام وڵامی دایەوە : کوا ئەمجەد هاشم؟ ئەمجەد هەستا یە سەر پێ و هیچ قسەیەکی نەکرد... سەدام وتی : دابەزە.. هەموو قسە لەسە رتۆ دەکەن.. لە نهۆمی دوەمی هۆلەکە بوو. ئەویش بە هێمنی هۆلەکەی بە جێ هێشت ... ﴿جۆرێك لە شلە ژان هۆلەکەی داگیر کرد..وەك نەریتی خۆی .. موحیی لە قسە کردن وەستا ... پاشان سەیرێکی سەدامی کرد﴾ و پێ ی وت: براکەی ... براکەی مورتەزا عەبدولباقی.. ناوی کوردی عەبدولباقی یە , ئەویش لەو کەسانە بوو کە دەبوا محمد عایش لەگەل کۆببویایەتەو ماوە ماوە و بە شێوەی راستەوخۆ..سەدام وەڵامی دایەوە : هەروەها ئەمیش ناوی لە دان پیدانانی ئەوانی دیکەدا هاتوە.. هەستە برۆ دەرە... سەرە سپی یەکەت بەرەو مەرگت دەبات... کوردی وەڵامی دایەوە : بۆچی؟ بەراستی ئەمە کاریکی حەرامە, حەرامە.. سەدام وەڵامی دایەوە ... برۆ دەر... نەفرەت لەوەی تۆ هێنایە ناو حیزبەوە... کوردی بە ناچاری رۆشتە درەوە... ﴿سەدام هەناسەیەکی قوڵی لە جگەرە کوبی یەکەی دا ... و سەیری کاردانەوەی هاورییانی دەکرد... مورتەزا عەبدوزلباقی برای کوردی... پۆستی وەزیری دەرەوەی عێراقی لە ئەستۆ بوو..﴾ لەو کاتەدا موحیی بە ئاقاریکی ترسناکدا قسەکانی برد.. کاتێك باسی لەبەشداری سوپا کرد لە پیلانەکەدا.. باڵی سەربازی ریکخستنەکە .... ناوی کادیرە مەدەنی یەکان بە زۆری لە کۆبونەوەکاندا باس دەکرا و کەمتر باس لە کەسە سەربازییەکان دەکرا.. تەنها وەلید.. ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی کە وەلید لە زۆربەی مەسەلەکاندا رای وەردەگیرا.. محمد عایش لەسەر زاری وەلیدەوە کە بەشداری کۆبونەوەکان نەدەبوو, دەیوت: وەلید دەڵێت. ولید پێشنیار دەکات.. ناوەکانیانمان نەدەزانی... سەدام دەست بەجێ وتی : موحیی خۆتی پێوە ماندوو مەکە... ناوی ئەوانی دیکەش دەهێنین... موحیی وەڵامی دایەوە : ئەی من ئەبو عودەی هەندێك ناو نەلێم... دەزانی .... سەدام قسەکانی پێ

بری : قسەبکە بـە ئیـسراحەتی خـۆت... مـوحیی وەڵامـی دایـەوە : نـاوی ئەفـسەریکی گـەورە زۆر جـار دەهاتـە نێـو باسـەکانەوە . دوری ... لـە هـۆزی دورییـەکان.. سـەدام وەڵامی دایەوە : تۆ وات کردوە هەرچی دورییەکان هەموو بلەرزن... پاشان سـەدام لـە هەموو ناخی یەوە دەستی کرد بە پێکەنین... موحیی وەڵامـی دایـەوە : چـونکە محمـد مەحجوب پیێ ی وتم: ئەو زۆر دڵ گەرمانـە لەگـەل ئێمەدایـە.. زۆر حەماسـەتی هەیـە... سەدام سەیرێکی عیزەت دوری کرد کە پیێ دەکەنی ..

دواتر سەدام سەیریکی موحیی کرد و پیێ ی وت: وەر لێرە لە شـوینەکەی مـن دانیـشە با ئیسراحەت تر بیـت.. محیـی لـە پـشت میزەکـەوە دانیـشت لـە شـوینەکەی سـەدام و سەدامیش دابەزییە نیو هۆلەکە و هاورییانیش لەبەر سەرۆکی نویێ هەستانەوە سەر پـیێ و دواتر سەدام لە ریزی یەکەم لە پیشەوە لە نیو هاورییان دانیشت , لـە شـانی چـەپی یەوە عیزەت دوری و لە شانی راستی یەوە نـەعیم حـەداد.. سـەدام هەناسـەیەکی قـوڵی هەڵکیـشا و هەناسـە دانەوەکەشـی بـە رونـی دیـاربوو وەك ئـەوەی لـە قـەیرانیکی راسـتەقینەدا بێـت.. مـوحیی دەسـتی کـردەوە بـە قـسە کـردن و وتـی : لەبـەر ئـەوەی ئیمکانیەتی گۆرانکاری وەك پێویست لەبەردەستدا نەبوو, رای گـشتی پـیێ ی وابـوو کـە مەسـەلەی گۆرانکـاری دوابخرێـت و پێـداگری بکرێـت لەسـەر ئـەوەی کـە هـاوری ئـەبو هەیسەم بەردەوام بێت لەسەر بەریوە بردنی ئـەرك و کارەکـانی خـۆی , لەگـەل ئـەوەی دەمانزانی زۆر ماندوە... ئامانجی سەرەکی ئـەم کـارەش دورخـستنەوەی هـاوری ئـەبو عودەی لە دەسەلات وەرگرتن لەم قۆناغەدا تـا ئـەو کاتـەی ئیمـە تواناکانمـان جـەم و جۆر دەکەین و ئامادە دەبین بۆ گۆرانکاری ....[١]

[١] بە پێویستم نەزانی کە سەرجەمی روداوەکانی نێو هۆلەکە بنوسمەوە , بەم برە زانیارییـە کۆتـایم پـیێ هێنـا, چـونکە لـە میانـەی ئەوەی لیرەدا خراوەتە روو ئەوە بە ئاشکرا بە دی دەکرێت کە ئەو مەسەلەیە چۆن چنراوە و بە چ ئاقارێکدا دەروات و چۆن سیناریۆی بۆ دراێژراوە و مەبەستی سەرەکی لە سازدانی چی یە , ئەو زانیاریانەشی لە نیو دوو کەوانەکاندا خراونەتە روو زیاتر مەبەسـت پـیێ شەرحی واقیعەکە و تەعلیق دانە لەسەر روداوەکان بەو شیوەی کە روی داوە چونکە نوسینەوەی روداوەکانە لەبەر وینەی ڤیدیۆیی تا زیاتر خوینەر شارەزای ببێت.

# سەدام حوسێن و
# جەنگی عێراق ئیران

## پەیوەندی نێوان سەدام و ئایەتوڵا خومەینی

پێش باس کردن لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران کە ماوەی هەشت ساڵ خایاند و بە سەدان هەزار قوربانی و بریندارى بە دواى خۆیدا هێنا ئەمەسەرەرای سەدان ملیار دۆلار زیانی ئابوری، پێویستە پەردە لەسەر پاشخانی پەیوەندی نێوان سەدام وئایەتوڵا خومەینی هەڵ بدەینەوە کە ماوەی ١٦ ساڵ لە عیراقدا ژیا و لەوێشەوە پەیامەکانی ئاراستەی ناوخۆی ئیرانی دەکرد و جۆش و خرۆشی شۆرشی ئیرانی بلێسە پێ دەدا تا ئەوەی پێش چوار مانگ لەسەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی لە ئێران سەدام خومەینی لە ولات دەکرد و ملی دا بە جێ بەجێ کردنی بەندەکانی ریکەوتنامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥.

سەلاح عومەر عەلی دەلێت: ئایەتوڵا خومەینی لەگەڵ دەست و پێوەندەکەی ماوەی ١٦ ساڵ لە عێراق بوو، واتە ئایەتوڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٦٥ەوە لە عیراق بوو، هەمو جۆرە یارمەتی یەکی دەدرا بۆ بەرەنگار بونەوە و دژایەتی کردنی شای ئێران، خاوەنی ئێستگەیەك و دەزگای زۆر و زەبەند بون، هەندێك لە لایەنگرانی ئیمام کە مەشق پێکراو چەکدار بوون لە عیراقەوە دزەیان دەکردە نێو خاکی ئیرانی، ئەوەی لە سەدام پێشبینی نەدەکرا ئەوەبوو کەلەم مەسەلەدا حساباتی هەڵە بکات، واتە کاتێك رەوشی روخانی رژێمی شاه نزیك ببویەوە ، سودی وەرنەگرت لە مانەوەی ئایەتوڵا خومەینی لە عیراق، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەستا بە دەرکردنی ئایەتوڵاخومەینی و شوین کەوتوانی، چونکە هەر تەنها دوای چوار مانگ لە دەرکردنی ئایەتوڵا خومەینی و شوێنکەوتوانی لە

عێراق , ناوبراو بەسەرکردایەتی شۆرشێکی گەورە گەڕایەوە ئێران و جڵەوی دەسەلاتی لەو ولاتە گرتە دەست..

سالی ١٩٧٥ کاتێك شای ئێران و سەدام رێکەوتنامەی جەزائیریان ئیمزا کرد, راستە شای ئێران نەیتوانی دەست بەجێ سەدام ناچار بکات کە خومەینی لە ولات دەربکات و هەل و مەرجی ئیمام و لایەنگرانی وەك خۆی مایەوە, بەلام شا توانی ئامانجی سەرەکی خۆی بەدی بهێنێ کە ئەویش دابەش کردنی (شەتی عەرەب) بوو لەسەر هێلی تالوگ لە قولایی رێرەوەکەی دا. بەلام دواتر ئایەتولا خومەینی ناچار کرا تا لە عیراق بچێتە دەرەوە دیارە ئەم ناچار کردنەی خومەینی بۆ دەرچون لە عیراق لە کاتیکدا هات رەوشی ئەمنی و ئاسایشی ئێران بەرەو خراپی دەرۆشت و تا دەهات وتار و پەیامەکانی ئایەتولا خومەینی کاریگەری زیاتری دەنواند لەسەر شەقامی ئێرانی, ئەوەش لەسەر سەدام کەوت کە لە چرکە ساتە لاوازەکانی دەسەلاتی شا دا ملی دا بۆ دەرکردنی ئایەتولا خومەینی لە ولات.

## دەرکردنی ئایەتولا خومەینی لە عیراق

حامید جبوری کە لەو کاتەدا وەزیری دەرەوەی عێراق بو بە وەکالەت دەلێت : ئەرکی من بوو کە ئایەتولا خومەینی ئاگادار بکەمەوە لە بەجێ هێشتنی خاکی عێراقی, دیارە ئاگادار کردنەوەکە لە رێگەی دەزگای هەوالگری و دەزگا ئەمنی یەکانەوە دەهات, ئەوەشی پەیوەندی بە منەوە هەبوو بریتی بوو لە گەیاندنی پەیامەکان, وابزانم شەوی پێنج شەممە بوو, پەیوەندیەکم پێوەکرا لە کارمەندی ئێشکری وەزارەتی دەرەوە و پێ ی راگەیاندم کە بالیۆزی ئێران لە شاری بەغداد بەپەلە هەر ئەمشەو داوای چاوپێکەوتنی تۆی کردوە, لە راستی دا من ئەو شەوە میوانم هەبوو بە کارمەندەکەی وەزارەتم وت: پێ ی بلێ با چاوپێکەوتنکەی بخاتە سبەینێ بەیانی یەوە , لە سبیەنی دا بالیۆزی ئێرانی ویستی لە مالی خۆمدا سەردانم بکات, بەلام من چوم بۆ بارەگای وەزارەتی دەرەوە کە رۆژی هەینی و لە هەمان کاتیشدا بالیۆزی ئێران گەیشتە نوسینگەکەم ئەو

پەیامەی پێ ڕاگەیاندم کە شای ئێران ئاراستەی سەدامی کردبوو نەك بەکر ـ لە کاتێکدا بەکر سەرۆك کۆمار بوو, بەڵام شای ئێران دەیزانی کە سەدام کەسایەتی دەسەلاتداری یەکەمی عێراقە ــ تایبەت بوو بە چارەنوسی ئیمام خومەینی, دیاربوو ئەوەش بە پێ ی ڕیکەوتنامەی جەزائیر بوو, دەبوا خومەینی لە عیراق نەمێنی و وڵات بەجێ بهێڵێ...دیارەئەوە لەو کاتەدا بوو کە خومەینی خەریك بوو عێراقی بە جێ دەهێشت, پێم وت خومەینی عێراقی بە جێ هێشتوە هۆکاری دواکەوتنەکەشی ئەوەیە کە دەسەلاتدارانی کوێتی کەمێك خەم ساردییان نواندوە لە پێدانی ڤیزای چونە ناوەوە تا سواری فرۆکە ببێت بەرەو فەرەنسا.

**سەدام من کارمەندی بەردەستی ( شاه ) نیم!**

لەو کاتەدا کە ئایەتوڵا خومەینی لە ناوچەی سەفوانی سنوری بوو لە نێوان عیراق و کویت دا, واتە پاش چەند سەعاتێك لە دیداری یەکەمم لەگەڵ بالیۆزی ئیران, جارێکی تر بالیۆزی ئیرانی داوای کردەوە بە پەلە بم بینێ , پاش گەیشتنی , پێ ی ڕاگەیاندم کە پەیامێکی شاهانەی لە تارانەوە پێ گەیشتوە و داوا دەکات ڕێگە نەدرێت خومەینی عیراق بە جێ بهێلێت و لای خۆتان بیپارێزن؟! کاتێك (سەدام حوسێن) م بە ناوەرۆکی پەیامەکەی شای ئێران ئاگادار کردەوە وتی بە بالیۆزی ئیرانی بلێ "**بە شای ئیران بلێت سەدام کارمەندی ئەو نیە هەر خەریکی جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی بێت, تەواو, خومەینی لە عیراق دەرچوە و کۆتایی هاتوە**".

**جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ئێران**

دەربارەی سەرهەڵدانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئیران, قسە و باسی جۆراو جۆر کراوە, بابەت و توێژینەوە بڵاوکراوەتەوە, دەربارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو جەنگە و بەردەوام بونی و تا ڕۆڵی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە درێژدەدان بەو جەنگە و سەرەنجامیش دوای هەشت ساڵ کۆتایی هاتنی.لێرەدا و بەجیا لە زمانی توێژینەوە و خوێندنەوەی سیاسی هەندێك وردەکاری و نهێنی, ئەوەی

که پەیوەندی بەم بوارەوە هەیە و لەسـەر زاری کەسـە نزیکەکانـەوە دەیخەینـە روو کـە خۆیان بەشێك بـوون لـە دەسـەلاتی ئـەو کاتـەی عێـراق و خوێندنـەوە و شـرۆڤە کردنـی مەسـەلەکەش بـەجێ دەهـێلین بـۆ ئەوانـەی مەبەسـتیان هەلویـستە لەسـەر ئـەم پرسـە بکەن...

### دیداری نێوان سەدام و وەزیری دەرەوەی ئێران

سەلاح عومەر عەلی لە میانـەی گێرانـەوەی یاداشـتەکانی دا دەلێـت: لـە ئـەیلولی سـالّی ١٩٧٩ کاتێك کۆبونەوەی لوتکـەی ولاتـانی بـێ لایـەن لـە کوبـا بـەرێوە دەچـوو, تیایـدا سەدام وەك نوێنەری عیراق ئامادە بوو, کۆبونـەوەی نیـوان سـەدام حوسـێن و ئیـبراهیم یەزدی وەزیری دەوەی ئیرانی رێکخرا. ئەو کاتە ئـەو کۆبونـەوە رێکخـرا هێـشتا جـەنگی نێوان عیراق و ئـیران دەسـتی پـێ نـەکردبوو, بـەلام هەنـدێك گرفـت و تـەنگ و چـەڵەمە لێرەوە لەوێ هەبوون, وەك تەقینەوە لەسەر سنورەکانی نێوان هەردوو لا و بـەو جـۆرە تادەهات رەوشەکە بەرەو ئالۆزی و تەقینـەوە دەرۆشـت بـە جۆرێـك زۆرێـك لـە خـەڵکی پێشبینی یان دەکرد مەسەلەکە بگاتە ئاسـتی تەقینـەوە و دەسـت پـێ کردنـی جـەنگ, بێگومان لە رۆژی یەکەمی دەست پـێ کردنـی کۆبونەوەکـە نوێنـەری ئـیران لـە نەتـەوە یەکگرتوەکان پەیوەنـدی پێـوە کـردم , چـونکە لـەو کاتـەدا هێـشتا بـالّیۆز دانـەنرابوو, ماوەیەکی زۆر نەبوو رژێمی شای ئێران روخابوو, نوێنەرەکەی ئیران پێ ی راگەیاندم کە ئیبراهیم یـەزدی وەزیـری دەرەوەی ئـەو کاتـەی ئێـران ئـارەزو دەکـات لەگـەلّ سـەدام حوسێن کۆببیتەوە , دیار منیش بە پێ ی هەیکەلی ئیداری و وەزیفی پەیوەندیم کرد بـە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی عیراق کە سەعدون حەمادی بو, و پێم راگەیاند کە وەزیری دەرەوەی ئیرانی دەیەوێت چاوی بکەوێت بـە سـەدام حوسـێن, بـەلام حـەمادی ئـەوەی رەت کردەوە کە لەم بارەیەوە قسە لەگەل سەدام بکات و هەرچـەند زۆرم لێ کـرد بـەلام ئەو وەلام دانەوەی نەبوو, تا ئێـستاش نـازانم بـۆ سـەعدون حـەمادی ئـەو کـارەی رەت دەکردەوە ,زۆر هەولّم لەگەلّ دا کە مەسەلەکە زۆر گرنگە و ئێمـە بـۆ چارەسـەر کردنـی

ئەم تەنگەژەیەی نێوان عیراق و ئێران دەبێت هەوڵی چارەسەر بدەین, واتە پێم وابوو ئێمە لەو کاتەدا دەمانتوانی کارێك بکەین بۆ رێگرتن لە هەڵایسانی ئەو جەنگە..

### قسە کردن لەگەڵ سەدام

لە راستی دا ناتوانم تەفسیری ئەو هەڵوێستەی حەمادی بکەم کە بۆچی بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ داواکەی من کرد, ناچار بەشەخسی خۆم قسەم لەگەڵ سەدام حوسێن کرد و مەسەلەکەم بۆ باس کرد, دواتر سەدام کەمێك دوو دڵ بو پاش ماوەیەك بیر لێ کردنەوە لێ ی پرسیم: تۆ رات چۆنە؟ وتم: وەڵاهی بەلای منەوە بڕوام وایە ئەمە هەلێکی گرنگە بۆ ئەوەی بیقۆزینەوە و خۆمان لە رودانی جەنگ بپارێزین, ئیمە دوو دەوڵەتی دراوسێ ی یەکترین, هیچ پێویستمان بە دروست بونی گرفت و ناکۆکی نیە لە نێوانماندا, و ... هتد, لە کۆتایی دا سەدام رازی بوو کەلە دوای کۆبونەوەی لوتکەی وڵاتانی بێ لایەن لەگەڵی کۆبیتەوە , پاش ئەوەی سەدام رازی بوو پەیوەندیم کرد بە وەزیری دەرەوەی ئیرانی وپێم راگەیاند کە لە پێشوازی دا دەبم لەو خانوەی تیایدا دادەنیشتین, تا ئەوەبوو لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا وەزیری دەرەوەی ئیرانی گەیشتە لامان و من لە پێشوازی دابووم دواتر سلاوی لە سەدام کردو پێکەوە هەرسێکمان واتە (من و سەدام و ئیبراهیم یەزدی )کۆبوینەوە و گفتوگۆکان دەستیان پێ کرد دەربارەی پەیوەندی نێوان هەردوو لا ..

### کۆبونەوەیەکی راشکاوانە

لە میانەی دانوستانەکاندا هەردوو لا زۆر راشکاوانە لەسەر مەسەلەکان قسەیان دەکرد, بە جۆرێك بوو هیوام پەیدا کردبوو کە ئەم پیاوە دەیەوێت کێشەکە بە دانوستان چارەسەر بکرێت و رێگە بگیریت لە جەنگ.. لە راستی ئیبراهیم یەزدی کەسایەتیەکی نمونەیی و رەوشت بەرز بوو لە بوارەکەی خۆیدا و ئەو شتانەشی دەیخستە بەدەستی سەدام حوسێن زۆر گونجاو بوون, من وەك شایەتی بۆ مێژوو دەیلێم کە یەزدی تەواوی هەوڵی خۆی خستەکار بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانەکە, لەبەرامبەریشدا سەدام بە هەمان

نەفەسەوە و بەشێوەیەکی ئیجابی گفتوگۆی دەکرد, زۆر دیپلۆماسیەتی بە خەرج دەدا و وەڵام دانەوەی هەبوو بۆ پیشنیازەکانی یەزدی, ڕەوشی دانوستانەکان بە جۆرێك بوو پێش کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکە هەردولا ڕێکەوتن لەسەر ئالوگۆر کردنی وەفد لە نێوان هەردولا دا, یەزدی بە سەدامی وت گەر دەتانەوێت وەفد ڕەوانەی لای ئێمە بکەن بە ئاشکرا بێت یاخود نهێنی ئەوا ئێمە ئامادەین پێشوازی لێ بکەین ئیتر لەسەر هەر ئاستێك بێت, خۆ گەر دەتانەوێت ئەوا ئێمە وەفد ڕەوانەی لای ئێوە دەکەین, بە هەر جۆریك ئێوە بتانەوێت, دوای هەفتەیەك دەڵێن یان دە ڕۆژی تر, ئێمە ئامادەین گرنگ ئەوەیە ئەم مەسەلە کۆتایی پێ بێت و چارەسەری قەیرانەکە بکەین و ریگە نەدرێت شەڕ دروست ببێت, لەراستی دا سەدامیش وەڵامدانەوەی باشی بۆی هەبوو, کۆبونەوەکە لەم ئاستەدا کۆتایی هات و دواتر لە گەڵ ئیبراهیم یەزدی تا دەرگا ڕۆشتم و خوا حافیزیم لێ کرد, هەرگیز ئەوەشم لە یاد ناچێت کە ئەو پیاوە پیزانینی زۆری خۆی بۆمن دەربری لە هەول دانم بۆ ریکخستنی کۆبونەوەکە و زۆر بە گەرمی سوپاسی کردم, بەراستی منەتباری خۆی واپیشان دا .

**وەڵامێکی چاوەڕوان نەکراو!**

سەڵاح عومەر عەلی لە درێژەی گێرانەوەکەیدا دەڵێت: دوای بەرێ کردنی وەزیری دەرەوەی ئیرانی گەرامەوە بۆ لای سەدام کە چاوەرێ ی دەکرد و دواتر بەرەو باخچەی ئەو ماڵەی ڕۆیشتنی کە لە حەوشەکەیدا دروست کرابوو لە قەراغ مەلەوانگەیەکدا, داوام لە یاوەرەکان کرد تا دوو کورسیمان بۆ بهێنن و دوو بە دوو پێکەوە دانیشتین, ماوەیەك پێکەوە بێ دەنگ دانیشتین و من هەر لە بیر کردنەوەدا بووم پاشان سەدام روی تێ کردم و وتی : سەڵاح بیر لە چی دەکەیتەوە؟ دەبینم نقوم بویت لە بیر کردنەوەدا؟ وتم وەڵاهی من لە راستی دا لە کەشی ئەو کۆبونەوەیەدا دەژیم و زۆر دلخۆشم پێ ی, ئێستا زۆر گەشبینم ئومید دەکەم کە کێشەکە بەم نزیکانە کۆتایی بێت, بە تایبەت کە مەسەلەکە ئیستا لەبەردەستی جەنابتدایە وەك سەرۆکی دەولەت و لە دەستی کەسی

دیکە دا نیە , ئەمە سەرەرای ئـەوەی ئـەو گفتوگۆیـەی لـە نێوانتانـدا بـەدیم کـرد و بـەو گیانە ئیجابی یەی کە بەریوەچوو لەبەر ئەوە زۆر گەشبین و دلخۆشم... ! من بەو جۆرە قسەم دەکرد کە لەم ئاراستەیەدا زیاتر پالپشتی سەدام حوسـێن بکـەم و هـانی بـدەم و وەك هـاولاتی یـەکی عێراقـی دلخـۆش بم چـونکە هەسـتم دەکـرد کـارێکم کـردوە لـە خزمەتی ولاتەکەم و ئیران, هەر بەم ئاراستەیەش قسەم لەگـەل سـەدام حوسـێن کـرد.. ماوەیەك سەدام بێ دەنـگ بـوو, هـیچ شـتێکی نـەوت, پـاش کـەمێك سـەیرێکی کـردم و پرسیی : سەلاح چەند سالە تۆ لە بـواری دیبلۆماسـی دا کاردەکـەیت؟ وتم: نزیکـەی دە سالە. دواتر سەدام وتی سەلاح دەزانیت تۆ دیبلۆماسیەتت تێکداوەە ؟ وتم: رێگـەم بـدە وەلامت بدەمەوە . وتی : فەرموو. وتم: لە راستی دا قسەکەت راستە, هەستم بە گرنگـی ئەوە نەکردبوو کە نیشتمانی بم تادوای ئەوەی عیراقم بەجێ هێشت و سەرقالێ بـووم بـە کاری دیبلۆماسیەوە , من ئەو کاتەی لە عیراق بوم کەسێکی نیشتمانی بووم بەلام زیاتر بە جۆرێکی ئاژاوەگێری, ئیتر نازانم چـۆن بـوم بـەوجۆرە نیـشتمانی یـە لـەوە دەچـێت رێکەوت بوبێ, بەلام کاتێك عێراقم بەجێ هێشت و بەشداریم لەم بوارەدا کرد و چاوم بـە خەلك کـەوت و لەگـەلێ دەسـتە دیبلۆماسـیەکان کۆبومـەوە لـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان و لەگەل نوینەری ولاتان دانیـشتم , ئـەوکات فێـر بـوم چـۆن لـەو بـستە خاکـەی نەتـەوە یەکگرتوەکاندا شەر لە سەر ولاتەکانیان دەکەن و خەمی دەخـۆن, لـەویوە زانـیم چـۆن نیشتمانی بم, چـۆن بـەرگری لـە خـاك و ولاتم بکـەم, مـن پـێم وایـە ئیـستا نیـشتمانی و هاولاتی یەکی راست و دروسـتم, کەچـی تـۆش دەلـێ ی بـواری دیبلۆماسـیم تێکـداوە , ئەوە لەسەر چ بنەمایەکە؟ سەدام وتی : دەتەویت پێت بلێم تێکت نەداوە؟ لـە کاتێکـدا بەو زمانە قسە دەکەیت؟! ئیتر لەو کاتەدا هەستم بە بێ هیوایی یەك کـرد, لـە درێـژەی قسەکانی دا سەدام پـێ ی وتم" **سەلاح دەتەوێت چ ئاشتی یـەك لەگـەلێ ئێرانـی یـەکان بکەم؟ ئەمە هەلێکە لە سەدەیەکدا لەوە ناچێت دووبارە بێتەوە, ئەوانە ئەهوازیان داگیر کرد و شەتی عەرەبیان لێ زەوت کردین, دەست دریژی دەکەنە سەرمان و هەرەشەمان**

**لێ دەکەن, شۆرشمان بۆ رەوانە دەکەن, ئێستا کاتی خۆیەتی, لەم کاتەدا هەلمان لەبەردەستدایە ئەوان لە ناوخۆیاندا دابەش و پارچە پارچەن و سوپاکەیان پەرتەوازە و پەرش و بڵاوە, ململانێ لە نێوانیاندا هەیە, خەڵکی یەکتر دەکوژن, کەواتە جارێکی تر ئەم هەلە بۆ ئێمە دەست ناداتەوە تا بە تەواوی سەرجەم مافەکانمان دەست بخەینەوە , پێت دەڵێم تۆ وەك نوینەری عیراق لە نەتەوە یەکگرتوەکان خۆت ئامادە بکە, لێ یان دە, بە جۆریك لیدانەکەت دەنگی بیستراو بێت..."** لە راستی دا بۆ مێژوو دەیلێم, لەو کۆبونەویەدا ئیبراهیم یەزدی بە تەواوی راستگۆیی و ئەمانەتەوە هەولی چارەسەر کردنی رەوشەکەی دەدا, بە دڵنیایەوە دەیویست قەیرانەکە تێ پەرێت و شەر دروست نەبێت

## رۆژئاوا و رۆژهەلات پشتگیری سەدام دەکەن

سەلاح عومەر عەلی دەلێت: شتێکی زۆر دەگمەن بوو لەو کاتەدا سەدام هاتە سەر دەسەلات لە سالی ١٩٧٩ , بە ماوەیەکی کەم پێش هەلایسانی جەنگ, پشبرکێ یەکی بەرچاو هەبوو لە نیوان رۆژهەلات و رۆژئاوا بۆ راکیشانی سەدام بە لای خۆیاندا, هەردو سەربازگەی رۆژهەلات و رۆژئاوا پشتگیری سەدامیان دەکرد لە روی سەربازی و نا سەربازییەوە, ئەمەریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی بە تەواوی پشتگیری سەدامیان دەکرد بە مال و دارایی و چەك و چۆلی سەربازی,لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤییەتیش هاوکاری بەرچاوی سەدام دەکرد, لە راستی دا سەدام حوسێن توانیبوی هەردوو سەربازگەکە لای خۆی یەك بخات و لە خۆیدا کۆیان بکاتەوە (ئەمەریکا و ئەوروپا و یەکێتی سۆڤییەت). هەرچەند ئەو ولاتانە یارمەتی ئیرانیشیان دەدا بەڵام بەو قەبارەیە نەبوو کە یارمەتی عیراقییان دەکرد, ئەوان لە کاتێکدا یارمەتی ئێرانیان دەدا زیاتر بە مەبەستی تاکتیکی بوو, ئەوان سوربون لەسەر ئەوەی هێندەی دەکرێت کە جەنگ بەردەوام بێت , ئەوان کاتێك دەیانبینی کە سەدام لە حالەتی بالادەستی دایە لە سنورێکی دیاری کراودا یارمەتی ئێرانی یەکانیان دەدا, هەروەها دەبێت لەم بوارەشدا ئەوەش لە یاد نەکەین کە سەرجەم ولاتانی عەرەبی جگە لە سوریا هەموویان بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەخۆ

یارمەتی عیراقیان دا لە جەنگەکدا, بەڵام زۆرترین وڵاتیك کە یارمەتی عێراقی دابێت میسر بوو, ئەمەش لە کاتیکدابوو سەدام پێشتر هێرشی توندی دەکردە سەر ئەنوەر سادات بە هۆی ئیمزا کردنی ریکەوتنامەی کامپ دیڤیدەوە, بەڵام بە هۆی جەنگەوە مەسەلەکە بە جۆرێکی تر کەوتەوە , لە سەردەمی ساداتدا ئەفسەرێکی میسری کە پلە سەربازییەکەی (لیوا) بو تایبەت کرا بە بواری چەکدارکردنی سوپای عیراقی و لە بالیۆزخانەی میسر لە واشنتۆن دەست بەکار بوو, چاودێری پێویستی یەکانی سوپای عیراقی دەکرد و بەو هۆیەشەوە چەك و تەقەمەنی ئەمەریکی بۆ عیراق دەست دەخست, چونکە یاساکانی ئەمەریکی ریگەیان نەدەدا بە فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی بە دوو وڵاتی شەڕکەر , ئەو ئەفسەرە بە ناوی سوپای میسرەوە چەك و تەقەمەنی یەکانی دەکڕی و دەیگەیاندە دەستی سوپای عیراقی دیارە ئەوەش بە ئاگاداری ئەمەریکی یەکان خۆیان بوو. ! !

### سەرەتایەکی نەزانراو

حامید جبوری لە گێڕانەوەکانی دا دەربارەی جەنگی عیراق ئیران دەلێت: هەرچەند پەیوەندی نێوان عیراق و ئیران تارادەیەکی بەرچاو گرژ و ئالۆزی پێوە دیاربوو, بەڵام سەدام حوسێن راستەوخۆ باسی لە دەستپێکردنی جەنگ نەدەکرد, سەدام لەو کاتانەی کە پێکەوە کۆدەبوینەوە هەندیك جار ئاماژەی دەدا, بۆ نمونە زۆر جار باسی تەوژمی ئیسلامی دەکرد لە سعودیە و ئیران و دەیوت دەبێت پێشی پێ بگیرێت, وەگەرنا ناوچەکە و عیراق و روبەروی مەترسی و هەرەشە دەبنەوە, ئەم قسەو باسانەی سەدام ماوەیەکی کەم بوو پێش هەلایسانی جەنگ بو, بە نزیکەی بیست رۆژێکیش پێش هەڵایسانی جەنگ لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ سەدام سوپا سالاری ئەوکاتەی عیراقی بانگهێشت کرد کە فەریقی یەکەم (عەبدولجەبار شەنشەل ) بوو تا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا ئامادە بێت, سەدام داوای کرد لە شەنشەل تا لەسەرئەو نەخشەیەی کە لەسەر دیواری هۆلی کۆبونەوەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵواسرابوو

ئەو شوێنانە دیاری بکات کە ململانێ لەسەر لە نێوان هەردوو لادا و وردەکاری و زانیاری تەواوی لەسەر بدات لە روی سەربازییەوە,لە کاتێکدا ئەم کارە دەکرا کە بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە هەڵایسانی جەنگ نەدەکرا ..... بەم جۆرەش جەنگ لە نێوان عیراق و ئیران دەستی پێکرد... کەسەرەتا عیراق بە چەندین کیلۆمەتر چوە نێو قوڵایی خاکی ئیرانەوە, بەڵام دواتر و پاش تێ پەربونی کات سەدام ئەوەی چاوەرێ ی دەکرد کە ئیران لە ماوەی چەند مانگیکدا بخات بەو جۆرە دەرنەچوو, تا دەهات جەنگ درێژەی دەکێشا و سەدامیش کەوتبوە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ترسناکەوە کە نەیدەتوانی چۆن جەنگ کۆتایی پێ بهێنێ , لە سەرەتاوە کە شەڕ دەستی پێکردبوو سەدام زۆریك لە هەولەکانی ناوبژیوانی رەت دەکردەوە و بڕوای بە ریکەوتن نەبوو لەگەل ئیرانی یەکان, دیارە لەو کاتەدا سەدام خۆی لە پێگەی بە هێزدا دەبینیەوە و بەڵام دواتر مەسەلەکە بە جۆریکی تر کەوتەوە.

**(بن جدید ) رەخنە لەسەدام دەگرێت**

جبوری لە یادەوەرییەکانی دەلێت : دەوڵەتی جەزائیر زۆر باش بوارەکانی ناکۆکی نیوان عیراق و ئیرانی دەزانی , هەربۆیەش پێش ئەوەی هەولی ناوبژیوانی بدات لە نیوان هەردوو لادا هەولی دا رێگە لەبەرپا بونی جەنگەکە بگرێت, دوای ئەوەی کە باڵادەستی سوپا عیراقی لە جەنگدا بەرەو لاوازی رۆشت و فشاری ئیرانی یەکان تا دەهات زیاتر دەبوو, سەدام حوسین نامەیەکی پێدا رەوانە کردم بۆ (شازلی بن جدید) ی سەرۆکی ئەو کاتە جەزائیر کە پەیوەندی بە جەنگ و پیشکەوتن و گۆرانکارییەکانی یەوە هەبوو, لەگەل ئەو هەولانەدا درابوون بەمەبەستی راوەستانی جەنگ , کاتێك گەیشتم سەرۆکی جەزائیری پێشوازی لێ کردم, و دەستم کرد بە گفتوگۆ کردن , سەرۆکی جەزائیری پێ ی وتم: ئیمە قەناعەتمان بۆ دروست بوە کە سەدام لە کەشێکدا دەژی تا زیاتر جەنگ لەگەل ئیران پەرە پێ بدا, کە هیچ کەس بەرژەوەندی لەو جەنگەدا نەبو و هەرەشەبو لەسەر سەقامگیری ناوچەکە, لەبەر ئەوە من وەك سەرۆکی جەزائیر بە ئەرکی سەرشانی

خۆم زانی هەوڵی ریگرتن بدەم لە تەشەسەندنی جەنگەکە, سەردانی عێراقم کرد و لەگەڵ سەدام قسەو باسم کرد و هەولی زۆرم دا کە سەدام رازی بکەم بە دەست هەلگرتن لە جەنگ بەلام بەداخەوە سودی نەبوو, سەدام گویٚ ی بۆ نەگرتین, قسەکانی منی پشت گوی خست,بە داخەوە دەلیٚم سەدام هەولّی جەنگی دا و دوای گەرامەوە بۆ جەزائیر جەنگ دەستی پیکرد.

## کوژرانی وەزیری دەرەوەی جەزائیر

جەنگ لە نێوان عیراق و ئیران دەستی پی کرد, هەولەکانی ناوبـژیوانی سەریان هەڵدا بەمەبەستی راوەستانی جەنگ, بەلام گرفتەکە لەوەدا بوو کە هەریەك لە سەدام و ئایەتولا خومەینی زۆر رقیان لەیەکتر بوو, سەدام واخۆی نیشان دەدا کە رێگەی لە هەنارده کردنی شۆرشی ئیرانی گرتوە و سەرکردایەتی تازەی ئیرانیش وا خۆیان نیشان دەدا کە لە پێگەی بەرگری کردندان لە خۆیان چونکە لایەنی عیراقی دەست پیشخەری جەنگ بووە.

جەزائیر هەر بە خیرایی لەم بوارەدا کەوتە جموجوڵ وهەوڵەکانی جێگەی دڵخۆشی زۆرێك بوو لە ولاتان, لە میانەی سەردانەکانی دا لە نیوان عیراق و ئیراندا, بۆ دواجار(محمد بن يحيى)ی وەزیری دەرەوی جەزائیر لەگەڵ شاندێکی گەورە سەردانی عێراقی کرد تا خاڵە هاوبەشەکان کۆبکاتەوە و لەسەر ئەو خالانەش ئاگر بەست بێتە کایەوە, پاش تەواوبونی کارەکانی بریار درا بەرەو ئیران بکەویتە ریٚ , وەزیری دەرەوەی جەزائیر دوای ئەوەی بە فرۆکە بەرەو تاران بەرێ کەوت لەسەر ناوچەی سنوری نێوان عیراق تورکیا ئێران فرۆکەکەی دیار نەما و ون بوو..

## جەزائیر سەدام تاوانبار دەکات

پاش ماویەك لە تیاچونی وەزیری دەرەوەی جەزائیر , سەرۆکی جەزائیر وەفدێکی رەوانەی عیراق کردبە سەرۆکایەتی وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی جەزائیری, لە میانەی کۆبونەوەی وەفدەکە لەگەل سەدام کەمن ئامادە بووم, وەزیرەکەی جەزائیر کە

سەرۆکایەتی شاندەکەی دەکرد دۆسیەیەکی گەورەی پێ بوو ئاکامی لیکۆلینەوەکانی تیدا بوو دەربارەی کوژرانی وەزیری درەوەی جەزائیر و خستنە خوارەوەی فرۆکەکەی , بەشێوەیەکی زارەکی ئەوەی خستە روو کە لیکۆلیەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو موشەکەی فرۆکەکەی پێ خراوەتە خوارەوە له فرۆکەکەیەکی عیراقی یەی وە هەڵدراوە و ژمارەی موشەکەکەش تۆمارکراوەچونکە پارچەی موشەکەکە کەوتبوە نێو خاکی ئێرانەوە و لە دروست کراوی سۆڤییەت بوو کە لەلایەن خۆشیانەوە روسەکان زانیارییەکانیان پشت راست کردەوە بەوەی ئەوان ئەو موشەکەیان بە عیراق فرۆشتوە.

**سەدام بێ دەنگ دەبێت**

دوای ئەوەی وەفدەکەی جەزائیر دڵنیایی خۆیان لەوە نیشان دا کە لایەنی عێراقی هەستاوە بە خستنە خوارەوەی فرۆکەکەی وەزیری دەرەوەی جەزائیر, دیارە ئەوەش بە پێ ئاکامی لیکۆلینەوەکان لە روداوەکە و هێنانی بەڵگەی یەکلا کەرەوە لەسەری, لە درێژەی وتەکانی وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی جەزائیری وتی سەرۆکی جەزائیر رێنمونی توندی دەکردوە کە دەبێت ئاگاداربون لەو دۆسیەیە تەنها تایبەت بیت بە ئەنجومەنی وەزیرانی جەزائیری و سەرکردایەتی بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی و ئەو رینمونی یانە مەبەست پێ ی ئەوەیە کە دەزگاکانی راگەیاندن ئەو هەلە نەقۆزنەوە و پەیوەندی نێوان هەردوو لا تێك نەچێت, لەبەرامبەریشدا سەدام حوسێن دۆسیەکەی وەرگرت بێ ئەوەی هیچ وەڵامیکی هەبێت بۆ وفدەکەی جەزائیر دەربارەی ئەوەی کە عێراق دەستی نەبوە لەو روداوەدا تەنانەت سەدام دەربارەی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بە یەك قسەش وەڵامی نەبوو.

**سیکۆتۆری و وەڵامێکی سەیری سەدام!**

لەسەرەتاوە سەدام نەیدەویست جەنگ کۆتایی پێ بێت, گەیشتبوە ئەو قەناعەتەی کە دەتوانێت رژیمی ئیرانی بروخێنێ, یاخود بەلایەنی کەمەوە دەتوانێت لاوازی بکات و ئیتر بە ئاسانی بکەوێت لە ناوخۆدا, لەبەر ئەوە لە قۆناغە سەرەتایی یەکانی جەنگ دا

زۆر گویٚ ی بـه هەولـەکانی ناوبـژیوانی نـەدەدا, لـە یادمـە جارێك ئەحمـەد سـیکۆتۆری سەرۆکی غینیا و سەرۆکی لیژنەی هەولەکان( لە رێکخراوی کۆنگرەی ئیـسلامی ) هـەولی دا کۆتایی بـە قەیرانەکـە بهێنـیٚ, لـە کۆبونەوەیـەکی دا لەگـەلٚ سـەدام حوسـین کـە لـە فرۆکەخانـەی بەغـداد ئـەنجام درا و مـن ئامـادەی کۆبونەوەکـە بـووم, سـیکۆتۆری وەك ناوبژیوانکی هەولی دەدا قەناعەت بە هەردولا بهێنی تا شەر رابگرن, سـەرەتا نـاوبراو بـە گەشبینی قسەکانی دەست پێکرد, تا ئەو کاتەی کە سەدام بە مەرجێکی زۆر سەیر بـیٚ هیوای کرد لە هەولٚەکانی راوەستانی شـەر, سـەدام وتـی بەمـەرجێك شـەر رادەگـرم کـە دەبێت ئێران دەست هـەلٚبگریت لـە هەرسـیٚ دورگـەی (تـونبی گـەورە و تـونبی بـچوك و ئەبوموسا) ی ئیماراتی )..!!!؟ ئەم مەرجەی سەدام بەلای سیکۆتۆری یەوە زۆر سەیر بـوو, هـەر بۆیـەش بەسـەدامی وت: جـەنابی سـەرۆك پـیم وابێـت تـۆ ئـارەزوت نیـە لـە راوەستانی جەنگ, ئەو سـیٚ دورگەیـە عیراقـی نـین و پەیوەنـدییان بەسـەروەری خـاکی عیراقەوە نیە, لەبەر ئەوە ناتوانم ئەو مەرجەت بـەرم بـۆ لای ئیرانـی یـەکان دەبێـت لـە پێـشدا شـەر رابوەسـتیٚ , هـەر بۆیـەش دواتـر سـیکۆتۆری دەسـتی لـە هەولـەکانی هەلگرت...!

شەڕ درێژەی هەبوو بەلأنسی هیز تا دەهات لە زیانی سوپای عیراقی بو, ئـابوری ولات هـەر لـە سـالی یەکەمـەوە پـەکی کـەوت , ئیرانـی یـەکان بـە لیـشاوی مرۆیـی هیرشـیان دەهینایە سەر سوپای عیراقی , ئەو ناوچانەی لـوغم ریـژ کرابـون لـە پێـشدا لـە ریگـەی لیشاوی مرۆییەوە لوغمـەکان دەتەقێنرانـەوە و بـەو جـۆرەش لێـشاو و هیرشـی مرۆیـی بەردەوام دەبوو تا دەهاتنە پیشەوە و شەری دەستەو یەخە دروست دەبو.

**کوشتنی وەزیری تەندروستی**

تا دەهات جەنگ درێژەی دەبوو, زیانی مادی و گیـانی زیـاتر لـە ریـزی سـوپای عیراقـی دەکەوتەوە, ئەوەش وای کردبـوو کـە سـەدام بکەویتـە بـیری ئـەوەی چـۆن کۆتـایی بـە جەنگ بهێنیٚ بەلأم بە جۆرێك کە مەسەلەکە دژ یەك نەکەوێتـەوە لەگـەلٚ ئـەوەی پێـشتر

کـاری لەسـەر دەکـرد, هـەر بۆیـەش جارێـك مەسـەلەی کۆتـایی هینـانی جـەنگ لـە نیوکۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەخاتە بەر باس و لێکۆلینـەوە. لـەو کۆبونەوەیـەدا وەزیری تەندروستی عیراقی بە پیّ ی گێڕانەوەکان دەبێتە قوربانی تـاوتویّ کردنـی ئـەو باسە.

دەربارەی کوشتنی وەزیـری تەندروسـتی لـە کۆبونـەوەی ئەنجومـەنی وەزیرانـدا و بـە دەسـتی سـەدام, سـەلاح عومـەر عـەلی دەلێـت: بۆیـان گێڕامـەوە کـە لـە یـەکێك لـە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا, ئەو کاتەی جەنگی نێوان عێراق و ئێران تا دەهات بلێسەی دەسەندا و عێراق زۆر شپرز بوو, سەدام داوا دەکات لە وەزیرەکانی کابینەکەی کە پێشنیاریان چی یە بۆ دەرچون لەم قەیرانە و چارەسەر کردنـی ڕەوشـەکە, تـاوتویّ ی پێشنیارەکەی سەدام دەکرێت, بـە تایبـەت دوای ئـەوەی لـە هەنـدیك لـە دەزگاکـانی ڕاگەیاندنـەوە بـاس لـە دەسـت لـە کارکێـشانەوەی سـەدام دەکـرا لـە پۆسـتەکانی یـان زەرورەتی دەرچونی سەدام لـە دەسـەلآت, لـە کۆبونەوەکـەدا (ریـاز ئیـبراهیم) وەزیـری تەندروستی عێراق دەلێت: جەنابی سەرۆك من پێشنیارێك هەیە گـەر کـشانەوەی تـۆ لـە دەسەلات با هەنگاوێکی (کاتی) و تەکتیکیش بێت, و دەتوانیت چارەسەری قەیرانەکـە بکات , ئـەوا مـن پێـشنیار دەکـەم تـۆ رازی بیـت لەسـەر دەسـت لـە کارکێـشانەوە تـا قۆناغەکە تیّ دەپەڕێن, تۆ هەر وەك سەرۆك دەولەت بمێنەرەوە, بەلآم بەشێوەی پشت پـەردە" سـەدام لـەم پێـشنیارە زۆر تـورە دەبێـت و راسـتەوخۆ وەزیـری تەندروسـتی دەکوژێت, دەلێن سەدام دەمانچەکەی خستۆتە نـاو دەمـی وەزیـری تەندروسـتی و بـەو جۆرە کوشتویەتی , ئیتر نازانم تا چەن ئەوە راستە.

**هۆکارەکانی جەنگ**

دەربارەی هۆکارەکانی جەنگی نیوان عیراق و ئیران , حامید جبـوری دەلێـت : سـەدام حوسێن سەرەتا بۆ وەسـتانەوە بـە روی بـەرفراوان بـونی تـەوژمی ئیـسلامیی دا کـە لـە ئیرانەوە سەرچاوەی گرتبوو بە نـاوی هـەناردە کردنـی شۆڕشـەوە جـەنگی دەسـت پـیّ

کرد, له هەمان کاتدا رەوشی ئـەمنی ئـیران یـەکیکی تـر بـوو لـە هۆکارەکـان بـۆ نمونـە یەکیك لەو ژەنراڵە سـەربازییانەی کـە لـە ئێـران هـەڵاتبو لـە پـاریس دادەنیـشت قـسەی لەگـەل بەرپرسـانی عێراقـی کردبـوو دەربـارەی خراپـی و بـودەڵی رەوشـی ئـەمنی و سەربازی ئیران و ئاسانی روخانی بە تاییـەت لـەم حاڵەتـەدا گـەر بیتـو هێرشـی بکرێتـە سەر, لەلایەکی دیکەوە سـەدام سـوپایەکی زەبـەلاحی سـاز و تـەیار کردبـوو کـە دەبـوا سـەرقاڵی بکردایـە بـە جەنگـەوە چـونکە لـەوە دەترسـا سـەرەنجام هەرەشـە لەسـەر دەسەڵاتەکەی دروست بکات, هەروەك ناکرێت پشتگیری وڵاتانی رۆژئـاوا و رۆژهـەلاتیش بۆ سەدام لە یاد بکەین لە سەر هەڵدان و درێژە پێدانی جەنگدا..

# سەدام و
# کۆماری ترس!

وەك لە بەشەکانی پێشەوە ئاماژەمان پێ دا هەمیشە سەدام مەسەلەی باری ئەمنی و یەکلا کردنەوەی وەلائی هاوڕییانی بەلاوە گرنگ بولەم باریەشدا کاری زۆری بۆ دەکرد, لەبەر ئەوە لە گرتنە بەری هەر شێوازێك بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دوو دڵ نەبوە, لێرەدا بە کورتی چەند شێوازێك لەو شێوازانەی کە سەدام کاری لەسەر دەکرد دەخەینە روو:

## چاندنی ترس و تۆقین

حامید جبوری لە درێژەی گێڕانەوەکانی دا دەڵێت: سەدام کاری زۆری دەکرد لەسەر چاندنی ترس لە دڵی دەوروبەری دا, بڕوام وایە هیچ بەعسی و هاولاتی یەکی عیراقی و هێزە چەکدارەکان نەبوو کە ترسی سەدامی لە دڵدا نەبوبێت, یاخود ترس لەو شێوازانەی کە سەدام پیادەی دەکرد لەبەرامبەر ئەوانەی دەکەوتە بەر رق و توڕەییەوە, ئەو کەسەی بکەوتبایەتە بەر توڕەیی سەدام ئەوا تەنها ئەو توڕە بونە خودی خۆی نەدەگرتەوە, بەڵکو خێزان و ماڵ و منالەکەشی دەگرتەوە, شەرەف و ئابڕوی دەگرتەوە , کە ئەمەش مەسەلەیەکی هەستیارە بەلای کۆمەڵگەی عیراقی یەوە, تەنانەت رق و تورەیی سەدام دەگەیشتە ئەو ئاستەی خزمی پلە چواری کەسەکەشی دەگرتەوە. سەدام هەر لە سەرەتاوە بە ترس و تۆقاندن دەستی پێکرد, لە راستی دا خەڵکی عێراق و بەعسی و ئەفسەرانی سوپا لەسەرەتاوە ترسنۆك نەبوون , بەڵام بە تێ پەربونی زەمەن و بەکارهێنانی شێوازی داپڵۆسین و ترس و تۆقاندنی سەدام, وایان لێ هات سڵ لە هەموو شتێك بکەنەوە و بترسن, چونکە ئەو ترسەی سەدام لەگەڵ خۆی هێنابوی بێ وێنە بوو لە مێژوی دەوڵەتی عیراقی دا, سەدام لە بواری ئەمنی دا ئەزمونی

دەولەتـە تۆتالیتـارو سـەرکوتکارەکانی دەگواسـتەوە بـۆ نـاو عێـراق وەك ئەزمونـەکانی ئـەڵمانیای رۆژهـەلاتی و ئـەزمونی دەزگـا داپڵۆسـینەرەکانی شاوشیـسکۆ لـە رۆمانیـا و شێوازەکانی سزادان لای دەزگای هەواڵگری (کەی جی بی) و (سی ئای ئەی).

مامەڵەی سەدام حوسێن لەم روەوە جیاوازی نەبوو لە نێوان هاولاتی یـەکی ئاسـایی و ئەفسەرێکی بـواری سـەربازی , بـەلکو زیـاتر ئەفـسەرەکە روبـەروی تـرس و تۆقانـدن و هەرەشە دەبویەوە , جارێك فەریق (عومەر هـەزاع) ــ پـێش ئـەوەی خانەنـشین بکرێـت فەرەماندەی فەیلەقێکی سوپای عیراقی بووــ لەگـەڵ ئـەوەی خـەڵکی تکریـت و خزمـی سـەدام بـوو, بـە خراپـە باسـی سـەدامی کردبـوو, ئـەم بـاس کردنـە لـە رێگـەی خزمەتگوزارەکەیـەوە گەیـشتبوە سـەدام حوسـێن, لەبەرامبـەردا سـەدام هێنـای لەگـەڵ کورەکەی پێکەوە کوشتنی تەنانەت کورە گەورەکەشی کە پیێ یان دەوت ئـەبو فـاروق ئەویشی کوشت .

**نوسینی را پۆرت**

لە هەر پۆستێکی وەزیفی بویتایە ,ئایا سەربازی یاخود مەدەنی بوایە ئەوا بۆت نـەبوو سکرتێر یـان پاسـەوانی شەخـسی یـان خزمـەتگوزار بـۆ خـۆت دابنێـت, بـەڵکو لەلایـەن دەزگای هەواڵگری یەوە بۆت دیاری دەکرا, ئەو جۆرە کەسانە ریکۆردەریان پیێ بوو کە لە نێـو کاتـژمێرەکانی دەسـتیاندا دانرابـوو,شـتەکانیان تۆمـار دەکـرد, لـەم رێگەشـەوە قسەکانی فەریق عومەر هەزاع گەیەنرابویەوە دەستی دەزگای هەواڵگری..

لە درێژەی هەوڵەکانی سەدامدا بـۆ مکـۆم کردنـی دەسـەڵاتی دا, داوایـەکی ئاراسـتەی سەرجەم کارمەندانی نێـو وەزارەت و دام و دەزگـا حکـومی یـەکان کردبـوو لـە حاڵـەتی بینینی هەر کارێکی دژ بە شۆرش یان بیستنی هەر قسەیەك یان هەست کردن بەکارێکی گومان لیێ کرا , ئەوا لە رێگەی نامەی داخراوەوە ئاراستەی نوسـینگەی تایبـەتی بکـەن لـە سـەرۆکایەتی کۆمـار, بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نوسـینگەیەکی گـەورە تـەرخان کرابـوو, نامـەکان دەگونجـا لەلایـەن کارگوزارەکەتـەوە بنوسـرایە واتـە ئـەوەی کـە چـای بـۆ

دەهێنایت, ئەو کەسە دەیتوانی راپۆرت لەسەر وەزیرەکەی یان بالیۆزەکەی یان بەرپرسەکەی بنوسێت, واتە بەم جۆرە تۆ هەموو ژیانت لە مەترسی دابوو, دەترسایت لەوەی کەسێك شتێکت لەسەر بنوسێت ئەوا بێ لێکۆلینەوە و دادگایی کردنی روبەروی ئەشکەنجە و سزا و کوشتن دەبویتەوە , جگە لەمەش وەزیر مافی ئەوەی نەبوو کە سکرتێرە شەخسیەکەی خۆی دیاری بکات, بۆ نمونە دەتتوانی چوار کەس بۆ ئەو پۆستە بپالیویت لە نیو ئەوانەدا کەسێکیان بۆ دیاری دەکردیت, هەندێك جاریش لەو چوار کەسە هیچیان دیاری نەدەکرد وکەسێکی دیکەیان بۆ دادەنایت هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەبوو کە سیخوڕی بەسەرتەوە بکات و بەردەوام راپۆرتت لەسەر بەرز بکاتەوە , من لە یادمە کارمەندێك کە ئیشی تایپێست بوو لە بالیۆزخانەی عێراقی لە رۆما راپۆرتی لەسەر بالیۆزی عێراق نوسیبوو کە ناوی (تەها ئەحمەد داود) بوو, ئەو کەسە لە راپۆرتەکەیدا نوسیبوی : ناوبراو نەشیاوە بۆ پۆستی بالیۆز و هەلناسێت بەئەرکەکانی سەرشانی و سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا ناکات و لەم بارەیەشەوە دۆسیەیەکیان بۆ ئاماد کردبو, بەمەبەستی بانگهێشت کردنی بۆ وەزارەتی دەرەوە, لە راستی دا ئەم زانیاریانە لەلایەن (عەبدولمەلیك یاسین) بەریوەبری کاروباری کارگێری و بە داودا چونی کارو بارە ئیدارییەکانەوە لە وەزارەت پێم گەیشت , ناوبراو پێ ی وتم مەسەلەیەکی لەم جۆرە لە ئارادایە , پێم وتی تایپێستێك سکالای لەسەر بالیۆز کردوە ؟ ئیتر ئایا بالیۆزەکە هەر کەس بێت , وتی سوێند بە خوا فایلەکەی لەبەردەستی من دایە و بالیۆزەکەش زۆر بێ زارە لەم کارە. کاتێك فایلەکەی هێنا هەرگیز بە خەیالّمدا نەدەهات کە تایپیستێك بەو جۆرە لە سەربالیۆزەکەی بنوسێت.. ئۆتۆمبیلی بالیۆزخانە بەکاردێنی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی و مالّ و منالی ز زۆر شتی تریش .. واتە تایپیستێك کاروباری بالیۆزێکی هەلدەسەنگاند و ئەم راپۆرتانەش دەگەیشتە سەرەوە و سەرۆك دەیبینی..

مەسەلەکە لە بواری سەربازی دا ترسناك تر بوو, بۆ نمونە ئەفسەرێك کە پلەکەی (لیوا) بوو لە سوپای عێراق و لەبەرەکانی جەنگدا لە کەرتی بەسرە لە دژی ئێران دەجەنگا گومان کرابوو لە وەلائی , بۆ ئەوەش وەلائی ساغ بکرێتەوە گروپێك لە لایەن دەزگای هەوالگرییەوە چوبونە سەر مالّ و خێزانەکەی و دەستدریژی سێکسیان کردبوە سەر هاوسەرەکە و کارەکەشیان تۆمار کردبوو بە کامێراو پاشان ئەفسەرەکە بانگ کرا بۆ بەغداد و کاسیتەکەیان بۆ لیّ دا تا بە چاوی خۆی روداوەکەی بینی , ئەفسەرەکە بە تەواوی روخا, سەرنج بدە ئەفسەریك لەبەرەکانی شەردا بەرگری لە ولات بکات و خۆی بدات بە کوشت لەسەر خاك و ئاو و نیشتمانەکەی , بەو جۆرە مامەلەی لەگەلّ بکرێت, هەر بۆیەش ئەفسەرکەیان سەرپشك کردبوو لە نیوان دوو رێگە چارەدا, یان ئەوەیە کە سیخوری بەسەر ئەفسەرەکانی هاورێیەوە بکات یان مەسەلەکە ئاشکرا دەکەن واتە کەرامەت و ئابرو شەرەفی دەروخێن و ئاشکرا دەکەن بۆ خەلّکی کە چی بە خیزانەکەی کراوە, سوێند بە خوا لە سالی ١٩٨٤ ەوە دەمانچە و کلاشینکۆفم لە پشت سەرم دادەنا بۆ ئەوەی لە حالەتێکی لەو جۆرە دا بەرگری لە خۆم بکەم..

لەبەرامبەری مالّی ئێمە مالی ئەفسەریکی عێراقی هەبوو کە پلەکەی (مقدم) بوو هاولاتی یەکی تورکمانی بوو, زۆر کەسیکی بەرەوشت و دامەزراو بوو, مال و منالی داپۆشرابوو, وەزیفەکەی لە سەربازگەی رەشید بوو کە لە بواری کیمیاویاتدا ئیشی دەکرد, دواتر لە ریگەی خێزانەکەیەوە زانیمان ماوەی حەوت سالّ زیندانی کرابوو تەنها لەبەرامبەر ئەوەی وتبوی ئێمە بۆچی خۆمان ئالآندە ئیران و شەڕمان لەگەل کرد؟!!

# ئەلبومی وێنەکان



عەبدولسەلام عارف



عەلی سالح سەعدی




حازم جەواد



عەبدولرەحمان عارف



عەبدولڕەزاق نایف



سەدام حوسێن



ئیبراهیم داود




سەعدون غێدان



ئەحمەد حەسەن بەکر




حەردان تکریتی



سەلاح عومەر عەلی




حامید ئەلجبوری



ئایەتولڵا خومەینی



موعەمەر قەزافی



سەدام حوسێن و شا حوسێن




سەدام حوسێن و ئەحمەد حەسەن بەکر



سەدام حوسێن و حامید ئەلجبوری



سەدام حوسێن ــ هۆڵی خولد.١٩٧٩/٧/٢٢



حەردان عەبدولغەفار تكریتی



محیی عەبدولحسین مەشهەدی
لە كاتی قسەكردندا لە هۆڵی خۆلد



مورتەزا عەبدولباقی حەدیسی
وەزیری دەرەوەی عیراقی ( كۆتایی حەفتاكان )



كوردی عەبدولباقی حەدیسی ( هۆڵی خولد )



سەدام حوسێن ـ پێکەنینێك لە دڵەوە ـ
( هۆڵی خولد ) ١٩٧٩/٧/٢٢



محیی مەشهەدی لە سەر مێز و کورسی یەکەی
سەدام درێژە بە قسەکانی دەدا



سەدام حوسێن لە کاتی کێشانی جگەری
کوبی دا



سەدام حوسێن لە نێوان هەریەك لە عیزەت
دوری و نەعیم حەداد

**كورتەی ژیانی چەند كەسایەتی یەكی ناو ئەم كتێبە:**

## تاریق عەزیز

لە ساڵی ١٩٣٦ لە شاری موسڵ لە دایك بوە, پاشان كۆلیژی ئادابی زانكۆی بەغداد لقی زمانی ئینگلیزی تەواو دەكات, ساڵی ١٩٥٨ وەك نوسەرێك لە رۆژنامەی (الجمهوریة) كاردەكات, پاش كودەتای شوباتی ١٩٦٣ دەكرێتە سەرنوسەری رۆژنامەی (الجماهیر), دوای هەڵگەڕانەوەكەی عەبدولسەلام عارف لە بەعسیەكان لە تشرینی دوەمی ١٩٦٣ تاریق عەزیز هەڵدێت بەرەو سوریا و لەوێش لە چاپخانەی بەعس لە دیمەشق كاردەكات تا شوباتی ١٩٦٦.

ساڵی ١٩٦٩ دەكرێتە سەرنوسەری رۆژنامەی (الثورة) كە زمانحاڵی بەعس بوە, ساڵی ١٩٧٤ دەكرێتە ئەندامی یەدەكی سەركردایەتی هەرێمایەتی بەعس, لە هەمان ئەو ساڵەدا دەكرێتە وەزیری راگەیاندن, دواتر دەبێتە ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی و ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش لە سالی ١٩٧٧. ساڵی ١٩٧٩ وەك جێگری سەرۆك وەزیر و ساڵی (١٩٨٢ تا ١٩٩١) وەك وەزیری دەرەوە كار دەكات, پاشان لە ساڵی ١٩٩١ ەوە دەبێتە جێگری سەرۆك وەزیر.

## تەها یاسین رەمەزان( تەها جەزراوی )

لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری موسڵ لە دایك بوە, وەك عەریف لە سوپای عێراقی كاری كردوە و پاشان كارمەندی بانكی (رافیدەین). دوای كودەتای ساڵی ١٩٦٨ دەكرێتە ئەندامی سەركردایەتی بەعس و ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش , دواتر دەكرێتە وەزیری پیشەسازی (١٩٧٢ –١٩٧٦) پاشان دەكرێتە جێگری سەرۆك وەزیران لە ساڵی ١٩٧٩ و دواتر لە ساڵی ١٩٩١ دەكرێتە جێگری سەرۆك كۆمار.

پاش روخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای دەستگیر كردنی لەلایەن هێزەكانی هاوپەیمانانەوە, بەتاوانی بەشداری كردن لە دۆسیەی قەتل و عامەكەی شاری

دوجەیل دادگایی کرا, پاش ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرا, دواتر حوکمەکە لەلایەن دەستەی تەمیزەوە پێداچونەوەی پیا کرا و داواکرا بکرێت بەلەسێدارەدان , کە پاشان سزای لە سێدارەدانەکە لە ساڵی ٢٠٠٧ جێ بەجێ کرا.

**حامد عەلوان جبوری**

حامید عەلوان جبوری لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٣٢ لە شاری حلە لە دایك بوە, ساڵی ١٩٤٨ خوێندنی دواناوەندی لە شاری بەغداد تەواو دەکات و دواتر پەیوەندی دەکات بە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت و زانستە سیاسیەکان دەخوێنێت , هەروەك هەمان ساڵ پەیوەندیش دەکات بە ریزەکانی حیزبی بەعسەوە, ساڵی ١٩٥١ یەکێك دەبێت لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی. ساڵی ١٩٥٢ بەشی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت تەواو دەکات و پاشان دەگەرێتەوە بۆ عێراق,بە تۆمەتی پیلانگێری دژ بە دەسەلاتی عەبدولکەریم قاسم, ساڵی ١٩٥٨ بۆ یەکەم جار دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە و هەر لە زیندانیش هەندێك لە سەرکردەبەعسیەکان دەناسێت لەوانەش ئەحمەد حەسەن بەکر, ساڵی ١٩٦١ لە زیندان ئازاد دەکرێت جارێکی تر دەخرێتەوە زیندان تا ناوەراستی ١٩٦٢, لەسەردەمی دەسەلاتی بەکر پاش کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ رۆژنامەی (الشعب) دادەمەزرێنێو لەو ریگەیەشەوە پەیوەندییەکانی زیاتر لەگەل حیزبی بەعس پتەو دەکات, ساڵی ١٩٦٧ دەبێتە بەرێوەبەری راگەیاندن لە وەزارەتی رۆژشنبیری و راگەیاندن, بەشداری ئامادەسازییەکانی کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ دەکات , پاشان لە ساڵی ١٩٦٨دەکرێتە بەرێوەبەری نوسینگەی ئەحمەد حەسەن بەکر,لە ساڵی ١٩٦٩ دەبێتە وەزیری راگەیاندن و رۆشنبیری تا ساڵی ١٩٧١ کە پۆستی وەزیری لاوان لە ئەستۆ دەگرێت تا ساڵی ١٩٧٢, لە ساڵی ١٩٧٣ جارێکی تر پۆستی وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن وەردەگرێتەوە تا ناوەراستی ساڵی ١٩٧٤, سالی ١٩٧٥ دەبێتە وەزیری

دەولەت و لە ساڵی ١٩٧٧ دەکرێتە رێکخەری کاروبارەکانی نێوان دەسەلأتی مەرکەزی و دام و دەزگاکانی حوکمی زاتی کوردستان , لە ساڵی ١٩٧٧ تەکلیف دەکرێت بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکی نوسینگەی سەدام حوسێن ی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و تاساڵی ١٩٧٨ لەو پۆستە دەمێنێتەوە کە دواتر وەك وەزیری کاروباری دەرەوە دیاری دەکرێت تا مانگی سێپتەمبەری ١٩٨٤, دواتر بە مەرسومێك لە پۆستەکەی ئیعفا دەکرێت و ساڵی ١٩٨٦ دەکرێتە بالێۆزی عیراق لە ولأتی سویسرا, و پاشان نوێنەری عیراق لە جامیعەی ولأتانی عەرەبی تا سالی ١٩٩٠ و پاشان دەکرێتە بالیۆزی عێراق لە تونس و رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی , تا ئەو کاتەی ساڵی ١٩٩٣ لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دا لە لەندەن, برِیاری جیابونەوە دەدا لە رژێمی سەدام حوسێن..

**سەعدون حەمادی ( دکتۆر)**

ساڵی ١٩٣٠ لە شاری کەربەلا لەدایك بوە, هەر لەو شارە خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکات , دواتر لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت بروانامە بەکالۆریۆس بەدەست دێنی و پاشا بروانامەی دکتۆرا لە زانکۆی (ویسکانسۆن) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا . وەك مامۆستایەکی یاردیدەدەر لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧ بۆ ١٩٥٨ لە کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی بەغداد وانە دەڵێتەوە , دوای شۆرشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ دەکرێتە سەرنوسەری رۆژنامەی (الجمهورية) , پاش سەرکەوتنی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەبێتە وەزیری کشتوکاڵ و ئەندامی سەرکردایەتی بەعس,ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کودەتاکە, دوای کودەتای ١٩٦٨ دەکرێتە سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی عێراقی, جگە لەوانەش لە دەسەلأتی دوەمی بەعسدا چەند پۆستێکی گرتۆتە ئەستۆ لەوانەوەزیری نەوت و کانزاکان, وەزیری دەرەوە, سەرۆك وەزیران, سەرۆکی پەرلەمان(ئەنجومەنی نیشتمانی)

## سەلاح عومەر ئەلعەلی

لـه سـاڵی١٩٣٧ لـه شـاری تكریـت لـه دایـك بـوه, سـاڵی ١٩٥٧ پەیوەنـدی دەكـات بـه ریزەكانی حیزبی بەعسەوە و دواتر ساڵی ١٩٥٨ به یەك جاری دەچێته شـاری بەغـداد و لەوێ دەژی, پلەكانی حیزبی له نێـو ریزەكـانی حیزبـی بەعـسدا دەبرێـت تـا ئـەوی لـه ساڵی ١٩٦٣ دەبێته یەكێك له دەركەوترین بەرپرسەكانی رێكخستنی نهێنی ئـەو حیزبـه له شاری بەغـداد, دوای روخـانی دەسـەڵاتی بـەعس لەلایـەن عەبدولـسەلام عارفـەوە لـه تشرینی دوەمـی ١٩٦٣ و دابـەش بـونی حیزبـی بـەعس لـه دوای كـۆنگرەی نەتەوایـەتی شەشـەم, سـەلاح عومـەر ئەلعـەلی دەبێتـه ئەنـدامی سـەركردایەتی هەرێمایـەتی حیزبـی بەعس له عێراق, بەشداری نەخشه دانان و ئەنجام دانی كودەتای ١٧ ی تەمموزی سالی ١٩٦٨ ی كـردوە كـه بـۆ دوەم جـار بەعـسی گەیانـدەوە دەسـەلاتی عـیراق, تـەكلیف دەكرێت به رەوانه كردنی عەبدولرەحمان عارف تـا فرۆكەخانـه بەمەبەسـتی نـاردنی بـۆ مـەنفا و پاشـان لەگـەڵ سـەدام حوسـین ئـەركی دەسـتگیر كـردن و دورخـستنەوەی عەبدولرەزاق نایف ی سەرۆك وەزیـر لـه ٣٠ تـەمووزی ١٩٦٨ ئـەنجام دەدەن, دەكرێتـه ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش و چەند پۆستێكی وەزاری دەگرێتـه ئەسـتۆ لەوانەش پۆستی وەزیری راگەیاندن, تا ئەو كاتەی ناكۆكی بۆ دروسـت دەبێـت لەگـەڵ سەركدایەتی بەعس كه بـەو هۆیەشـەوە سـاڵی ١٩٧٠دەسـت لـه كـار دەكێـشێتەوە, تـا ساڵی ١٩٧٣ له مەنفا دەمێنێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوەبۆ بەشداری كردن له دەسەڵاتی وڵات و دەكرێته باڵیۆزی عیراق له ئەسكەندەناڤیا و دواتر نوێنەری هەمیشەیی عیراق لـه نەتەوە یەكگرتوەكان, تا ئەوكاتە له سالی ١٩٨٢ به هۆی جەنگی عیراق ئیرانەوە دەست لـه كـار دەكێـشێتەوە , بـەڵام پەیوەنـدی بـه سـەدام حوسـێنەوە لـه درەوەی وڵات دەمێنێتەوە و بۆ دواین جاریش كه پەیوەندی كردوە بـه سـەدام حوسـێنەوە لـه مـانگی كانونی دوەمی ساڵی ٢٠٠٣بوە .

## عەدنان خەیروڵا

ساڵی ١٩٤٠ لە شاری تکریت لە دایك بوە, کۆلیژی سەربازی عێراقی لەساڵی ١٩٦١ بە پلەی مولازمی دوو تەواو دەکات, پاشان ساڵی ١٩٧٠ کۆلیژی ئەرکان تەواو دەکات و ساڵی ١٩٧٦ یش کۆلیژی یاسا تەواو دەکات, لە ١٠ ی کانونی دوەمی ساڵی ١٩٧٧ وەك ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەعس هەڵدەبژێررێت و هەمان ساڵ دەبێتە وەزیری دەوڵەت. هەورەك لە هەمان ساڵدا دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و پاشان وەزیری بەرگری عێراقی, ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری تا ٥ ی ئایاری ١٩٨٩ لە پۆستەکەی دەمێنێتەوە, کە لەو رۆژەدا بە کارەساتی تەقینەوەی فرۆکە تیا دەچێت, زۆرێکیش لە شارەزایان لەوکاتەدا گومانی ئەوەیان برد کە تیاچونەکەی خەیروڵا پیلانێك بوبێت لەلایەن پێشتر سەدامەوە نەخشەی بۆ کێشرابێت.

## عیزەت ئیبراهیم دوری

ساڵی ١٩٤٢ لە ناحیەی (دور ) ی شاری سامەرا لە دایك بوە, نەیتوانیوە خوێندنی سەرەتایی تەواو بکات و پەنای بردۆتە بەر ئیشی دەست, دوای کودەتای تەموزی ساڵی ١٩٦٨ بە سیفەتی ئەندامی سەرکردایەتی بەعس کۆمەلێك پۆست وەردەگرێت, لەوانە وەزیری کشتوکاڵ (١٩٦٩ –١٩٧٤) وەزیری ناوخۆ(١٩٧٤ – ١٩٧٩). لە تەموزی ساڵی ١٩٧٩ دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەلایەن سەدامەوە, دوری دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ناوبراو, ئەمەسەرەرای ئەندامێتی سەرکردایەتی هەریمایەتی و نەتەوایەتی بەعس.

دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣, عیزەت دوری خۆی حەشاردا و پاش لە سێدارەدانی سەدامیش لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ دوری وەك بەرپرسی بەعس خۆی ناساند لە عێراقدا, هەرەچەند بالێکی دیکەی نێو بەعس متمانەیان پیێ نەدا و سەرکردایەتی یەکی دیکەیان بۆ خۆیان دانا.

## ناسر ئەلحانی (دکتۆر)

ساڵی ١٩٢٠ لە دایك بوە, لە زانکۆکانی بەغداد و قاهیرە و لەندەن خوێندویەتی, چەندین پۆستی فێرکاری و دیبلۆماسی وەرگرتوە لەوانە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی بەغداد, مولحەقی رۆشنبیری لە بالیۆزخانەی عێراق لە واشنتۆن, بالیۆزی عیراق لە هەریەك لە لوبنان و واشنتۆن (١٩٦٥) . دوای وەرگرتنی دەسەلات لەلایەن بەعسەوە لە سالی ١٩٦٨ دەکرێتە وەزیری دەرەوە لە ماوەی نێوان ١٧ی تەمموز بۆ ٣٠ تەمموزی ١٩٦٨, دواتر دەکرێتە راوێژکاری ئەحمەد حەسەن بەکر, دوای تێ پەڕبونی چەند رۆژێکی لە پۆستی راوێژکارییەکەی لە ١٩٦٨/١١/١٠ لەلایەن ئەندامانی موخابەراتی عێراقی یەوە دەکوژرێت و تەرمەکەی فڕێ دەدرێتە سەر شەقامی فەلەستین لە بەغداد, کە دواتر نەلێکۆلینەوە لە کوژرانی حانی کرا و نە تاوانباران دۆزرانەوە.

## نەعیم حەداد

ساڵی ١٩٣٣ لە شاری ناسریە لە دایك بوە, لە دوای ساڵی ١٩٦٨ ەوە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوە, ساڵی ١٩٧٤ دەکرێتە وەزیری لاوان و پاشان ساڵی ١٩٧٧ دەکرێتە وەزیری دەوڵەت, ساڵی ١٩٧٧ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی نەتەواەیتی بەعس و ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە جیگری سەرۆك وەزیرانی عێراق , لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٦ لەسەرجەم پۆستەکانی ئیعفا دەکرێت.

## ئەو کەسانەی ناویان لەم کتێبەدا هاتوە:

**ئایەتولا خومەینی:**
لاپەڕە (١٩٥,١٨٧,١٨٦,٦).
**ئەحمەد حەسەن بەکر:**
( لە زۆربەی لاپەڕەکاندا ناوی هەیە , هەر بۆیە بە پێویستم نەزانی لاپەرەکان دیاری بکەم)
**ئەحمەد زەنون:** لاپەڕە (١٧٦)
**ئەحمەد سیکۆتۆری** : لاپەڕە (١٩٧,١٩٦)
**ئەحمەد عەبدولستار جەواری** : لاپەڕە (٧٩,٧٤,٢٤,١٢,١١, )
**ئەمجەد هاشم:** لاپەڕە(١٨٣)
**ئەمین حافز** لاپەڕە (١٣٤)
**ئەنوەر سادات** : لاپەڕە (١٩٣,١٥٧)
**ئیبراهیم داود** : لاپەڕە (٨٦,٩٤,٩٦,٩٧,٩٩,١١٧,١٣٢,)
**ئیبراهیم دلیمی :** لاپەڕە (٦٣)
**ئیبراهیم یەزدی** : لاپەڕە (١٨٨,١٩٨,١٩٠, ١٩٢)
**ئیسماعیل میرزا:** لاپەڕە(١٢٦)
**ئیلیزابێس جۆنز:** لاپەڕە (٧٠)
**بەدەن فازیل:** لاپەڕە (٧٨, ١٧٩,١٨٠)
**بەرزان ئبراهیم حەسەن تکریتی :** لاپەڕە (٣٧,٤١,٤٣,٤٦,٤٧,٥٠,٥١,٥٢,٥٣,١١٧,١٢٩,١٤٩)
**بەکر مەحمود رەسول** : لاپەڕە (٧٤)
**تاریق جبوری :** لاپەڕە (٩٦)
**تاریق عەبدولرەزاق قەدوری:** لاپەڕە (٣٨,٣٧ )
**تاریق عەزیز: لا پەڕە( ١٧٨,١٤٦,١١٧,٧٤ )**
**تالیب سویلح: لا پەڕە ( ١٨١,١٨٠,١٧٩ )**
**تالیب شبیب: لا پەڕە ( ٥٣,٥٢ )**

**تاهیر ئەحمەد ئەمین: لاپەڕە** ( ١٨٢,١١٤,١٠٧٥٦ )

**تاهیر تۆفیق ئەلعانی: لاپەڕە** ( ٧٤,٥٠,٤٧,٤٦,١٩,١٨ )

**تایە عەبدولکەریم: لاپەڕە** ( ٧٧,٥ )

**تەها ئەحمەد داود: لاپەڕە** ( ٢٠٢ )

**تەها یاسین رەمەزان ( تەها جەزراوی ) : لاپەڕە** ( ١٠٢,١٠١,٩٤,٧٧,٧٤,٦٧,٢٦ )

**توعمە بەندەر عانی: لاپەڕە** ( ١٨ )

**جەمال عەبدولناسر: لاپەڕە** ( ١٥٥ )

**جەنرال دیگۆل: لاپەڕە** ( ٢٨,٢٧ )

**جەواد هاشم : لاپەڕە** ( ١٥٣,١٥٢,١٣٩,١٢٥,٨٦,٥٧,٢٧,٢١,٢٠,٨,٦,٥ )

**حاجی سەعدون تکریتی: لاپەڕە** ( ١٣٧,٩١ )

**حازم جەواد: لاپەڕە**( ١٣٤,٩٣,٩٢,٩١,٨٩,٨٨,٨٧,٨٦)

**حازم یونس:** لاپەڕە(١٧٦)

**حافز ئەسەد:** لاپەڕە (١٨١,١٧٥,١٥٧,١٥٦,٧٦)

**حامید عەلوان ئەلجبوری :** لاپەڕە (٨٦,٧٤,٧٠,٦٩
٢٠٠,١٩٨,١٩٤,١٩٣,١٨٦,١٦٥,١٦٢,١٦٤,١٥٧,١٥٤,١٤٩,١٤٨,١٤٦,١٤٤,١٤٣,١٤٢,١٣٦,١٣٥
,١١٢,١١١,١٠٧,١٠٣,٩٦)

**حامید حەمادی:** لاپەڕە (٤٤)

**حەبیب بورقیبە :** لاپەڕە (٨٠)

**حەردان عەبدولغەفار تکریتی:** لاپەڕە(٦٦,٥٨,٥٧,
١٣٦,١٣٥,١٣٤,١٣١,١٢١,١١٠,٩٦,٩٥,٩٤,٩٢)

**حەسەن خەفاف :** لاپەڕە (٢٥,٢٤,٢٣,٢٢)

**حەسەن عەبدولرەزا:** لاپەڕە (٤٥)

**حەسەن عەلی عامری:** لاپەڕە (٧٧)

**حەسەن نەجەفی:** لاپەڕە (٤٣)

**حەمادە شهاب تکریتی :** لاپەڕە (١١٣,١١٠,١٠٩,١٣,١٢,١١)

**حوسنی موبارەك:** لاپەڕە (١٦٢)

**حوسێن کامل:** لاپەڕە (١٥٩)

**حیکمەت عەزاوی:** لاپەڕە(٧٧)

**خالد عەبد عوسمان:** لاپەڕە(٧٩,٧٨,٧٤)

**خالد مەککی هاشمی:** لاپەڕە(٣٢,٣١,٣٠,٢٩,٢٨,٢٧)

**خالد ئەحمەد :** لاپەڕە(١٢٣)

**خەلیل ئیبراهیم عەزاوی:** لاپەڕە (١١٤٠)

**خەیرولا تولفاح:** لاپەڕە (١٥١,١٤٠,١٣٩,١٣٨,١٣٧,١٣٥,٩١,٧٢,٧١)

**ریاز ئیبراهیم حسێن:** لاپەڕە (١٩٨,٧٤)

**زیاد عەلکاوی:** لاپەڕە (٦٣)

**ساجیدە خەیرولا :** لاپەڕە (١٥٩)

**ساحب زەهەب:** لاپەڕە (٤٦)

**سالح جەبر:** لاپەڕە (٢٢)

**سالح مەهدی عەمماش:** لاپەڕە (١٢٩,١٠٣,١٠٢,١٠١,١٠٠,٩٩,٩٦,٩٥,٩٤,٦٦,٥٩,٥٨)

**سامر رەزوقی:** لاپەڕە (٧٤,٤٣)

**سەباح کەچەچی:** لاپەڕە (٢٧)

**سەباح میرزا:** لاپەڕە(١٧٦,١٧٥,١٧٤,١١٣)

**سەدام حوسێن تکریتی :**

(لەبەر ئەوەی ناوی لە زۆربەری لاپەرەکاندا هاتوە, بە پێویستم نەزانی لاپەڕەکان دیاری بکەم)

**سەعد عەلوش:** لاپەڕە(١٢٦)

**سەعدون حەمادی:** لاپەڕە (١٨٩,١٨٨,٧٤,٣٥,٥)

**سەعدون شاکر:** لاپەڕە (١٧٨,١٢٩,١١٣,١٠٧,٧٧,٧٥,٣٧,٢٣)

**سەعدون غێدان :** لاپەڕە (١١٣,١٠٩,٩٧,٩٤,٧٧,٦٢,٥)

**سەعدیە سالح جەبر :** لاپەڕە (٢٢)

**سەفا محمد عەلی:** لاپەڕە(١١١)

**سەلاح عومەر عەلی:** لاپەڕە (١٩٨,١٩٢,
١٩١,١٩٠,١٨٨,١٨٥,١٦٨,١٦٧,١٦١,١٦٠,١٥٩,١٥١,١٣٩,١١٧,١٠٥,١٠٤,١٠٢,٩٩,٩٧,٩٦,٩٤,
٨٦,٦٠)

**سەلمان داود:** لاپەڕە (١٨٢,١٨١)

**سەلوان بابان:** لاپەڕە (٥٤)

**شا فەهد:** لاپەڕە (١٦٠)

**شاحەسەنی دوەم:** لاپەڕە (١٥٨,١٥٧)

**شا حسین :** لاپەڕە (١٥٨,٦٠)

**شازلی بن جدید:** لاپەڕە (١٩٤)

**شەفیق دەڕاجی:** لاپەڕە (١٤٩,١٤٨,١٤٥,٣٥,٣٤,٣٣,٣٠,٢٩,٢٨,٢٤,٢٠,١٨)

**شەفیق کەمال:** لاپەڕە (٢١)

**شیخ جابر ئەلئەحمەد:** لاپەڕە (١٥٥)

**شیخ خەلیفە بن زاید:** لاپەڕە (٣٨)

**شیخ زاید بن سولتان :** لاپەڕە (٨٠)

**شێخ صوباح ئەلئەحمەد:** لاپەڕە (١٥٥)

**شێخ عەبدولعەزیز بەدری:** لاپەڕە(١٤٤,١٤٣)

**چیکۆڤ:** لاپەڕە (١١٢)

**عامر مەهدی:** لاپەڕە(٧٤)

**عەباس حەسەن خەفاف:** لاپەڕە (٢٥)

**عەباس مودەریسی :** لاپەڕە (٨١)

**عەبدورەحمان عارف:** لاپەڕە (٩٦,٩٥)

**عەبدورلرزاق نایف :**
لاپەڕە(١٣٢,١٢٣,١٢٢,١٢١,١٢٠,١١٩,١١٨,١١٧,١١٦,٩٩,٩٥,٩٧,٩٦,٩٥,٩٤,٨٦,٦٣)

**عەبدولا ئیسماعیل ئەحمەد:** لاپەڕە(٧٤)

**عەبدوڵا ركابی:** لاپەڕە(٨٩,٨٨)

**عەبدوڵا فازل:** لاپەڕە (٧٧)

**عەبدوڵا قەوێز:** لاپەڕە (٥١)

**عەبدوڵا نوعەیمی:** لاپەڕە (١٥٩)

**عەبدولفەتاح یاسین تكریتی:** لاپەڕە(٧٩)

**عەبدولجەبار شەنشەل:** لاپەڕە (١٩٣)

**عەبدولجەبار عەبدولمەجید:** لاپەڕە(٧٨)

**عەبدولحەمید خەربیت:** لاپەڕە(١٢٢)

**عەبدولخالق سامەرائی:** لاپەڕە (١٦٥,١٦٤,١١٤,١١٣,١٠٥,١٠٤,٧٨,٦٠,١٦)

**عەبدولسەلام عارف:** لاپەڕە(٨٩, ١٣٤,٩٦,٩٢,٩١)

**عەبدولسەمەد عەبدولحەمید:** لاپەڕە (١١٤)

**عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە :** لاپەڕە (٦)

**عەبدولغەنی راوی:** لاپەڕە (٢٤,٢٢)

**عەبدولفەتاح زەلەت:** لاپەڕە(١٢٦)

**عەبدولفەتاح محمد ئەمین:** لاپەڕە(٧٤)

**عەبدولكەریم شێخلی:** لاپەڕە(١٣٦,٨٩,٦٠,٥٩,٥٨,٣٧,٣٥,٢٠)

**عەبدولكەریم قاسم:** لاپەڕە(٣١, ١٤٥,١٩٦,٩٦,٨٩,٨٧)

**عەبدولمەلیك یاسین:** لاپەڕە (٢٠٢)

**عەبدولواحید حاجی مەهدی:** لاپەڕە (١٦٧)

**عەبدولوەها باباجان:** لاپەڕە(٢٧)

**عەبدولوەهاب كەیالی:** لاپەڕە(١١٤)

**عەبدولوەهاب مەحمود:** لاپەڕە(٧٤)

**عەدنان حوسێن حەمدانی:** لاپەڕە (٥, ١٨١,١٨٠,١٧٨,١٢٩,٧٨,٧٦,٧٤,٦٢,٤٩,٤٢)

**عەدنان حوسێن عەونی :** لاپەڕە (١٨,١٧)

**عەدنان خەیروڵا :** لاپەڕە(١٣٤,٧٤,٧١)

**عەدنان شەریف شەهاب:** لاپەڕە (١١٠)

**عەدنان فەیلی:** لاپەڕە (١٤٩)

**عەزیز رەشید:** لاپەڕە(٧٤)

**عەقید حوسین:** لاپەڕە(١٧٨,١٧٧)

**عەلی حەسەن مەجید( عەلی کیمیاوی)** : لاپەڕە (١٦٥)

**عەلی رەزا:** لاپەڕە (١٠٧)

**عەلی سالح سەعدی:** لاپەڕە (١٨٢,١٨١٩٢,٩١,٨٩,٨٨

**عەلی عەبدولرەزاق نایف:** لاپەڕە(١٢٢)

**عوبید موستەفا بارزانی:** لاپەڕە(٧٤)

**عودەی سەدام حوسێن:** لاپەڕە (١٥٠)

**عومەر هەزاع:** لاپەڕە (٢٠١)

**عیزەت ئیبراهیم دوری :** لاپەڕە (١٨٤,١١٤,١٠٢,١٠١,٧٤)

**عیزەت مستەفا:** لاپەڕە (٦٧)

**عیسا سەلمان:** لاپەڕە (١٣٩)

**عیسام عەبد عەلی:** لاپەڕە(٧٤)

**غانم عەبدولجەلیل:** لاپەڕە(٤٩, ١٨٠,١٧٩,١٧٨,٧٨,٧٦)

**غەسان شربل:** لاپەڕە(١١٩)

**فاتك سافی:** لاپەڕە (٨٧)

**فازل بەراك:** لاپەڕە (٢٥,٢٢)

**فازڵ ناهی:** لاپەڕە (٢٥,٢٢)

**فەخری قەدوری :** لاپەڕە (٥,١٤,١٥,١٦,٢٠,٢١,

**فەوزی قەیسی:** لاپەڕە (٤٢,٤٠))

**فوئاد رکابی:** لاپەڕە(٩٠,٨٩,٨٨,٨٧,٦١

**کازم خەلەف** : لاپەڕە (٣٢,٣٠)

**کازم موسلیم:** لاپەڕە (١١٣)

**کوردی سەعید عەبدولباقی:** لاپەڕە(١٨٣)
**کەریم مەحمودحوسێن:** لاپەڕە(٧٤)
**لەتیف نسەیف جاسم:** لاپەڕە(٧٤)
**مایکل ستیوارت:** لاپەڕە (٣٠)
**مەدلول ناجی میحنە:** لاپەڕە (٦٠,٥٩)
**مەسعود بارزانی:** لاپەڕە (١١٧)
**مەولود موخلیس:** لاپەڕە (٩٦,٩٤)
**محمد ئەحمەد حەسەن:** لاپەڕە (١٤٢)
**محمد بن یحیی:** لاپەڕە (١٩٥)
**محمد بوستە:** لاپەڕە (١٥٧)
**محمد رەزا پەهلەوی( شای ئیران)**: لاپەڕە (١٨٧,١٨٦,٦,٥)
**محمد سالَح:** لاپەڕە (٨١)
**محمد سەبری حەدیسی:** لاپەڕە (١٦٦)
**محمد سەعید سەحاف:** لاپەڕە (٧٠,٦٩)
**محمد عایش:** لاپەڕە(٤٩, ٧٣,
١٨٣,١٨٢,١٨١,١٨٠,١٧٩,١٧٨,١٧٧,١٧٦,١٧٥,١٧٤,١٦٥,٧٨,٧٦)
**محمد عەلی کلای:** لاپەڕەی (١٩)
**محمد فازل حەبوبی:** لاپەڕە(١١٠,١٠٧,٧٤)
**محمد مەحجوب:** لاپەڕە (١٨٤,١٨١,١٧٨,٧٨,٧٤,٧٣)
**محمد مەشاتی:** لاپەڕە (٢٤)
**مەهدی تکریتی:** لاپەڕە (٩١)
**موئەید عەبدولا:** لاپەڕە (١٨٢,١٨١'١٨٠,١٧٩,)
**موحیی حوسین ئەلمەشهەدی**: لاپەڕە
(١٨٤,١٨٣,١٨٢,١٨١,١٨٠,١٧٩,١٧٨,١٧٧,١٧٦,١٧٥,١٧٤,١٧٣,١٧٢,٧٨,٧٦,٧٥)
**مورتەزا سەعید عەبدولباقی:** لاپەڕە(١٦٦,٦١,٣٥)

**موستەفا بارزانی:** لاپەڕە (١٦٣,١٦٢,١١٧,٣١)

**موعەمەر قەزافی:** لاپەڕە (١٥٦,١٥٥,٥٤)

**مونزیر ئیبراهیم شاوی:** لاپەڕە(٧٤)

**میدحەت ئیبراهیم جومعە:** لاپەڕە(٥٨, ١٣٦,٨٨)

**میٚشیٚل عەفلەق:** لاپەڕە(١٣٤)

**نازم گوزار:** لاپەڕە (١٦٤,١١٤,١١٣,١١١,١١٠,١٠٩,١٠٨,١٠٧,١٠٥,٦١,)

**ناسر ئەلحانی:** لاپەڕە (١٠٧,١٠٦)

**نەعیم حەداد:** لاپەڕە (٧٤, ١٨٤,١٦٧,٧٧)

**نزار حەمدون:** لاپەڕە (١٦١)

**هاروت:** لاپەڕە (١٥٢)

**هاشم حەسەن:** لاپەڕە(٧٤)

**هەواری بومدین:** لاپەڕە (٥,

**هەیسەم ئەحمەد حەسەن:** لاپەڕە(١٣٩,٧١)

**ولید محمود سیرت:** لاپەڕە(٧٨)

**یاسر عەرەفات:** لاپەڕە (١٥٨)

**یاسین سامەرائی:** لاپەڕە(٨٨)

**یەحیا یاسین :** لاپەڕە (٣٤,١٧)

# سەرچاوەکان


- مذكرات وزير عراقي مع بكر وصدام, دكتور جواد هاشم .دار الساقي, بيروت , لبنان, الطبعة الاولى ٢٠٠٣.
- برنامج (شاهد على العصر) مع صلاح عمر العلي , اعداد وتقديم: دكتور احمد منصور,قناة الجزيرة, سنة ٢٠٠٣
- برنامج(شاهد على العصر) مع حامد علوان الجبوري , اعداد وتقديم: دكتور احمد منصور, قناة الجزيرة, سنة ٢٠٠٨.
- جريدة الحياة, مقابلة غسان شربل, مع حازم جواد , الاعداد(٢٠٠٤/٢/٨ الى ٢٠٠٤/٢/١٨)
- جريدة الحياة, مقابلة غسان شربل, على عبدارزاق نايف, الاعداد(٢٠٠٣/١١/٣ الى٢٠٠٣/١١/٥)
- جريدة الحياة, مقابلة غسان شربل, مع ابراهيم داود, الاعداد(٢٠٠٣/٦/٩ الى ٢٠٠٣/٦٢/١٣)
- موقع منتدى التأريخ الالكتروني.

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ١ | وتەیەکی پێویست |
| ٣ | **بەشی یەکەم/ لە یاداشتەکانی جەواد هاشمەوە** |
| ٤ | ڕێکەوتنامەی جەزائیر |
| ٨ | چۆن بڕیاری موقاتەعە کردنی کەرەستە و شمەکی ئەمەریکیمان چارەسەکرد |
| ١١ | حەماد کەرە ! |
| ١٤ | جەزراوی وەزیرێکی نەفام ! |
| ١٧ | جەزراوی گرێ ی خاوەن بڕوانامەکان |
| ٢٢ | سزای ئێشکچی! |
| ٢٧ | خوێنی فەرەنسی |
| ٣٠ | بارزانی و ئینسکلۆپیدیای بەریتانی |
| ٣٣ | وەزیری دەرەوە , لەگەڵ وەستانی جێ بەجێ کردن |
| ٣٦ | وڵاتانی کەنداو و ئەرکە حیزبی و موخابەرایەتی یەکان! |
| ٤٠ | بانگهێشتی مەرگ |
| ٥٢ | تالیب شبیب و کردنەوەی بالیۆزخانەی عێراق لە مەکسیک |
| ٥٤ | سەردانی لیبیا و ریسواییەکەی موخابەرات |
| ٥٧ | دروێنەی هاوڕێیان و پێشبینی یەکەی عەمماش |
| ٦٣ | سەدام , سەرکەوتن بەسەر تەرمی (هاوڕێیان) دا |
| ٨٠ | سەدام و کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە تونس |
| ٨٥ | **بەشی دووەم / سەدام و حیکایەتەکانی زەمەنێك لە ترس** |
| ٨٧ | لە قاسمەوە بۆ رکابی یەکگرتنەوەی لۆژیکی خوێن |

| | |
|---|---|
| سەدام خزمەتگوزارییەکانی دەخاتە روو! | ٩١ |
| ١٧ی تەمموز ئەو گورزەی لە کۆشکەوە هات | ٩٤ |
| سەدام و بەکر و خەنجەرێك لە پشتی عەماش | ١٠٠ |
| سەدام دەزگای ئەمنی بنیات دەنێت و پرۆسەی پاکتاو کردن ..... | ١٠٤ |
| نازم گوزار , ئەو پیاوەی پێش زەمەن کەوت | ١٠٨ |
| عەبدولرەزاق نایف, نێچیرێك لە نێو قەرەوڵی سەدامدا | ١١٦ |
| سەدام حوسێن و پێکهێنانی دەسەڵاتێك لە سێبەردا | ١٢٤ |
| حەردان تکریتی ,گەمەیەکی بێ ئاکام | ١٣١ |
| خەیروڵا تولفاح, تاپۆی پشت پەردە! | ١٣٧ |
| بەکر, بەندییەك لە نێو کۆشکی کۆماری دا ! | ١٤١ |
| سەدام ,کەسایەتی یەك گەورەتر لە خۆی! | ١٤٨ |
| کۆبونەوەی هۆڵی (خولد) و ئاهەنگی لە سێدارەدانی هاورێیان | ١٦٤ |
| چەند لایەنێك لە ماجەرای روداوەکانی کۆبونەوەی هۆڵی خولد.. | ١٧٠ |
| سەدام حوسێن و جەنگی عێراق ئێران | ١٨٥ |
| سەدام و کۆماری ترس! | ٢٠٠ |
| ئەلبومی وێنەکان | ٢٠٤ |
| کورتەی ژیانی چەند کەسایەتی یەکی ناو ئەم کتێبە: | ٢١٠ |
| ئەو کەسانەی ناویان لەم کتێبەدا هاتوە: | ٢١٦ |

# CONSPIRACY

*Restore Ing partes of  Ba´ath´s history and secret stories of Saddam´s life*

*During* 1968 *to*1980

By

***Abdulqadir Salih***

مافی لەبەر گرتنەوەی وچاپ کردنی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نوسەر

ژمارەی سپاردنی ( ١١٢٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ ی بەرێوەبەریتی گشتی کتێبخانە گشتی

یەکانی پێ دراوە

***لەم کتێبەدا دەربارەی ( سەدام حوسێن ) وتـراوە:***

- گەر بێتوو سەدام بـە تـەنها خـۆی فەرمانڕەوایـەتی عێـراق بکـات ئـەوا جۆگەلـەی خـوێن هەڵدەستێت..

( سالح مەهدی عەمماش جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ١٩٧٠)

- من کۆت و دیل کراوی دەستی (سەدام حوسێن)م و موچەی سەرۆکایەتی بۆ مـن حەرامـە چونکە سەدام خۆی هەموو کارەکان دەکات!!..

(ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك کۆماری عێراق ١٩٧٧)

- باوکم ڕێگە نادات کە گیرفانی لای ڕاستی بزانێت چی لە گیرفانی لای چەپی دا هەیە.!

(عودەی کوڕە گەورەی سەدام حوسێن)

- سەدام حوسێن وەك ئەوە وابوو خاوەنی دوو کەسایەتی بێت لە یەك جەسـتەدا, هەنـدێك جار وەك دیپلۆماتێکی شارەزا و خاوەن خوڕەوشتی بەرز و بە ئەدەب و شایستە دەهاتە پێش چاو, بەڵام لەهەندێك کاتی دیکەدا, دەگۆڕا بۆ دڕندەیەکی کەڵبە تیژو ..

(سەلاح عومەر عەلی ئەندامی ئەنجومەنی سەکردایەتی شۆڕش ١٩٦٨)

- بە ڕاشکاوی دەڵێم کاتێك سەدام لە گەڵماندا بەشداری هەر کۆنگرەیەك بکـات, وا هەسـت دەکەین کە باڵندەیەکە و بەسەر سەرمانەوەیە..

(شا حەسەنی دوەم شای کۆچکردوی مەغریب)

- هەمیشە سەدام حساباتی خۆی لەسەر بنەمای گومان دادەڕشت, کەسێك بوو گومانی لـە دەوروبەری دەکرد, لەسـەر ئـەو گومانانـەش حـوکمی لـە سـێدارەدان و زینـدانی کردنـی نەیارانی دەردەکرد..

(حامید جبوری وەزیری ڕاگەیاندن و دەرەوە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو)